# دیالێکتیک لە پەراوێزەکاندا

## دەربارەی نەفی، ئایدیا و سیاسەتی ڕزگاری

هاوڕێ یوسفی

# دیالێکتیک لە پەراوێزەکاندا

## دەربارەی نەفی، ئایدیا و سیاسەتی ڕزگاری

هاوڕێ یوسفی

ناوی کتێب: دیالێکتیک لە پەراوێزەکاندا

نووسەر: هاوڕێ یوسفی

دیزاین: سەعیدە سائێب

تایپ: نڤار

تیراژ: 1000 دانە

چاپی یەکەم، سلێمانی، 2016

ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران

بۆ باوکم

لەبەر ڕەنج و ئازارەکانی

## پێڕست


لەبری پێشەکی: یادداشتێک دەربارەی یادداشت ..................7..............

ئەگەری کۆمەڵگای ئایندە ............19..................................................

دەربارەی ماتریالیزم ..............33......................................................

ئۆستوورەی پێریۆدی مانگانە .....................45.........................................

لە فرمێسکەکانی ئۆباماوە بۆ پێکەنینەکانی حاج بابایی ...........................49.

سیاسەت مرد، بژی سیاسەت .....................57.........................................

مەرگ، خۆڕاگری و جیهانی هاوچەرخ .....................65...........................

سیاسەتی قووڵنەکردنەوە ............75...............................................


هەواڵنامەی کتێب

جەستە، مانیفێستی خەبات و خۆڕاگری ........85........................

تیۆلۆژیای نان ........95........................................................................

پەتاتە خۆرەکان، کەرتی تایبەت و سیاسەتی چەنەبازان ..............103.

دەربارەی سێدارە، مانا و دەرکەوتەکانی ..........115..................

دەرباەی سیاسەت، شۆناس و سینەمای نەتەوەیی ....................129...

دەلالەتە ئایدیۆلۆژیکەکانی سوێندخواردن ........135..................

ئابووری ڕەش و دەوڵەتی پۆست تەحریم ........141.................

ئابووریی سیاسی کۆمۆنیکەیشێن ....................149...............................

سیاسەتی ڕزگارییبەخش، کەبوودوەند و هاواری فەلاقەکراوەکان ..173.

عەقڵی سینیک، مەعیشەت و کەوتنی ئەخلاق ..........187............


هەواڵنامەی کتێب

# لە بری پێشەکی: یادداشتێک دەربارەی یادداشت

**ئەخلاقی دیالێکتیک، پراتیکی شۆڕشگێڕانەیە.**

**کارڵ کوسیک**

هەواڵنامەی کتێب

هەموو یادداشتەکان هەوڵ دەدەن لە زووترین کاتدا شتێک بڵێن و لە زووترین کاتیشدا بخوێندرێنەوە. یادداشتەکان هیچکات هەوڵ نادەن ببن بە وتار و لە ژیانی وتارەکاندا بژین و سەربووردەی ئەوان ببنە داهاتوویان؛ یادداشتەکان، تەنانەت ئەگەر پاڵەکیش بێت، گاڵتەیان بە چارەنووسی وتارەکان و کتێبەکان دێت، جا ئەمە لە بێبەختی وتارەکان یان کتێبەکاندایە یان نا، ئەبێ لە لۆژیکی ناوەکی و ستراتیژی یادداشتەکاندا بۆ هۆکارەکانی ئەم دیدە بگەڕێین یان کەشفی بکەین. چونکوو، بەپێی لۆژیکی ناوەکی، یادداشتەکان پێویستە زووبەزوو لەگەڵ ئۆبژەدا بەریەکبکەون و زووبەزووش دەرەنجامی ئەم بەریەککەوتن و جۆشخواردنەش حەک بکرێت و بنووسرێتەوە. یادداشتەکان هیچکات حەزیان لەوە نیە ببن بە خۆراک و مەتێری وتار و کتێبەکان و لە جیهانی ئەواندا بتوێنەوە و قووت بچن، یادداشتەکان هەمیشە لۆژیکی خۆیان بە کاراتر و چابوکتر و تیژتر لە لۆژیکی وتارەکان و کتێبەکان دەزانن. خاڵی جێ سەرنج ئەوەیە تەنانەت

ئەگەر یادداشتەکانیش لە سەرەتای هەموو کتێبێکیشدا بگونجێنرێن، ئۆتۆمی و سەربەستی خۆیان دەپارێزن و خۆیان نادەن بەدەم لۆژیکی قەبەی کتێبەکانەوە و خۆیان بەو کەشە قورسەی کە بەسەر کتێبەکانەوە زاڵ و باڵادەستن ئالوودە ناکەن و لەهەموو کتێبەکانیشدا ژیانێکی دوورەپەرێز دەژین و دوورگەیەکن لە جوگرافیای کتێبەکاندا. یادداشتەکان هەمیشە خۆیان بە ناوکۆیی و تیشکۆی واقعەکان و ئۆبژەکان دەزانن؛ چرکەیەکن لە بەریەککەوتنی ئۆبژەکان و تینێکن لە دڵی واقیعدا، نە ڕێگە دەدەن ببنە ئەرشیڤی هیچ دۆسیەیەک و نە حەزیان لە قەتیسبوونی خۆیانە وەک کتێبی ناو کتێبخانەکان. یادداشتەکان، خۆیان بە سووزە/ویژدانی کەشە ئوورژانسیەکان و دۆخە نائاساییەکان دەزانن، لە کاتێکدا دیار دەکەون کە بابەتێکی ناوەخت و ناکاو ڕوویداوە و کاتیش کەمە بۆ وتارەکان و کتێبەکان واتە، ئەو دۆخەی هەموو چرکەکان پێویستە حەک بکرێن و تێیان ڕامێنێت. کەواتە، دەرفەتی چێژبردن لە یادداشتەکان بە خێرایی و یەک چرکەیی خودی یادداشتەکانیشە.

بەشی هەرە زۆری نووسینی ئەم یادداشتانە لەو کەلێن و درزەوە سەریان هەڵداوە کە کۆمەڵگای کوردستان ڕۆژانە لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو دەبوەوە و بەردەوام دەرگیر بوو لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە لەلایەن حاکمیەت و دەسەڵاتداریتیەوە ڕوویاندەدا و دبوو کۆمەڵگا بەگشتی و خەڵک بەتایبەتی باجی هەڵە و بێکیفایەتیەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی بدابایەتەوە. یاداشتەکانی نێو دووتوێی ئەم کتێبە یەکێک لە گەورەترین داڵغە / ئامانجەکانی پرسی ژیان، قووت و گوزەران و پاشان حەیاتی سیاسی و گشتێتی درۆیین و چەپەێنەری باڵادەست و زاڵ بووە بەسەر

کۆمەڵگا و خەڵک و بژێویان و کۆی ڕەهەندە شاراوەکانی کاریگەریی دەسەڵات و ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک بەرامبەر یان لەگەڵیدا. واتە، چەشنێک لە دەستێوەردان/خۆڕاگری و بەریەککەوتنی ناڕاستەوخۆ و نێوەنجیدار لەگەڵ ئەم پرس و واقیعانەی کە بۆ ژیان و پرۆسەی بیرکردنەوە و پاشان خەبات ڕوودەدەن. ڕەنگە هەمووان لەوە بەئاگابن و ووشیاربن سەبارەت بەو خاڵە بنچینەییەی کە هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێنێوەنجی لەگەڵ واقیع، چشتەکان و جیهان، هیچ نیە جگە دەستتێکرلکردنی ووشیارانە یان ناووشیارانە لەگەڵ ئەو عەقڵانیەت، واقیع و دۆخە هەبووەی کە ئایدیا باڵادەستەکان_کە ئایدیا و ئەندیشەکانی چینی باڵادەستی کۆمەڵگا و سیستمن_ پێشوەخت ئەم چەشنە بۆچوونانەی پەرەداوە و چرکە بە چرکە ڕۆیان دەنێتەوە و هەر بیرکردنەوەیەکی ڕاستەوەخۆ و بێنێوەنج یان بێمێدیۆم لەگەڵ واقیع، ئۆبژە، چشتەکان و جیهان، هیچ نیە جگە هەمانی و ئەمئەویێتی بیرکردنەوە لەگەڵ هەمان ئەو سیستم و چینەدا کە دژی خەبات دەکەن و بەرەنگاری دەبنەوە و جارێکی دیکە ئالوودە دەبنەوە بە واقیعی زەق و بەرچاوی دەرەکی و ڕۆنراوی ئایدیۆلۆژیکی درۆیین، پێچەوانە و بەراوەژووی سازدراو. بەگوتەیەکی دیکە، سیستمێکە لە کۆمەڵێک واتا و بەها کە تێیدا ووشیاری دەردەبڕدرێت و دێتە زمان کە نوێنەر و دەربڕی بەرژەوەندیگەلی چینێکی تایبەتن. هەر وەک ڕایمۆند ڤیلیامز دەڵێت: ئایدیۆلۆژیا، ***ڕاڤە و تەفسیرێکی [ناڕاست و] هەڵەیە لە چۆنیەتی جیهان.*** کاری نووسەری ئەم یادداشتانە سەبارەت بە بیرکردنەوە و دەستێوەردان لەو واقیع و پرسانەی کە دەهاتنە پێشەوە و ڕووبەڕووی دەبووینەوە لەڕێگە و بە نێوەنجێتی بیرکردنەوە وەک

چەشنێک لە پراکسیسی سیاسی، جۆشدان و نزیککردنەوەی دووئاست بوو کە بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر لێکدی جویێبوونەوە، واتە، دوو ئاستی ***بیرکردنەوە*** و ***خەبات*** و دیالێکتیکی نێوان ئەم دوو ئاستە بە شێوەیەکی بەردەوام و ناونشین. ڕۆڵ و کاریگەری خاوەن ئەم خامەیە، نە داهێنانی تیۆرێکی قەبە و زەبەلاح بووە و نە بەجێهێنانی ئەرکێکی پیرۆزی مێژوویی و گواستنەوەی ڕاسپاردەیەکی عەجایەب بۆ کۆمەڵگا و خەڵکێکی عەجایەب، بەڵکوو ***نێوەنجیەکی بزربوو*** بووە کە بەردەوام دالغە و کەڵکەڵەی جۆشدانەوەی دوو ئاستی بیرکردنەوە و خەبات بووە لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک چەمک و کۆنسێپتەوە بۆ خوێندنەوە و دەربڕینی گرفت و پرسەکانی سووژە و مەترسیەکانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا. نێوەنجی بزربوو، کە چەمکێکی جیمسۆنیە، بەمانای نوێنەرایەتی و نێوەنجێتی دوو چەمکی پێکناکۆک دەکات و پاشان ون دەبێت. بەگشتی، نێوەنجی بزربوو بازنەی ونبووی دووسنوور یان دوو ئاستە و نووسەری ئەم یادداشتانەش لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم دەستوورەوە نیە و بەپانی کەوتۆتە ناو ئەم چوارچێوەوە. لە ڕووی فیکریشەوە، وەک پێشتر بەکورتی ئاماژەم پێدا، ئایدیای نووسینی ئەم یادداشتانەش دەگەڕێتەوە بۆ چەشنێک لە دەستێوەردان لە پەراوێز و خوارەوەی کۆمەڵگا، واتە، ئەو پەراوێز و خوارەوەی کە کەمترین کاریگەری هەیە لە فۆرم و شکڵپێدانی ووشیاری گشتی و سیاسەت و بیرکردنەوەی باو، باڵادەست و ڕەسمیدا. لێرەوە، کاری فیکری و بیرکردنەوە لە وەها دۆخێکدا، واتە ئەو دۆخەی کە کۆماری ئیسلامی و سیستمی باڵادەست بە دەیان و سەدان ڕێگە و شیواز و دیزاینی فرەچەشن و فرەجۆر، ژیانی ئازادی فیکری و عەقڵی ڕەخنەگرانە و

هەواڵنامەی کتێب

**ڕامان لە خۆ و پێداچوونەوەی ڕاستەقینەی نەفس بە خۆیدا** دەخاتە پەراوێزەوە و تا دوورترین سنوورەکان_ دەسبەسەرکردن، ڕاوەدوونان، زیندان، ئەشکەنجە، دوورخستنەوە و لە کۆتاییدا دەرپەڕاندن و ڕاونان _ ڕاوی دەنێت و بەم پێیە بەربە پرۆسەی سرووشتیی بیرکردنەوە و ئەندێشە و دەستێوەردانی ووشیارانە دەگرێت و ڕێگە نادات بڕسکێن و بالآبکەن. لەوەها دۆخێکدایە کە بیرکردنەوە ناچارە کەشێکی ئازاد یان کەلێن و درزێک درووست بکات و دۆخێک بەرهەم بهێنێت کە بتوانێت تیایدا بیربکاتەوە و لە جیهان و کۆمەڵگاکەی ڕامێنێت ڕێک بەو جۆرەی کە ئادۆرنۆ دەڵێت: **هەموو مرۆڤ یان سووژەیەک دەتوانێت لە نێوان خۆی و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی یان پێگە هێماییەکەی، لە نێوان خۆی و کارکردە ئامرازیەکەی، و لە نێوان خۆی و شوێنگەی لە زنجیرە پلەی دەسەڵات و مەعریفەدا، درز یان مەودایەک درووست بکات؛ تاقە ناو، واتە ناوی ئەم درز و بۆشاییە، ئازادیە.** لێرەوە، نووسینی ئەم یادداشتانە لە وەها کەش و بۆ وەها دۆخێک نووسراون و زادەی خەیاڵدانێکی لەم چەشنەن. وەکووتر، ئەم یادداشتانە لەلایەکەوە کردنەوەی کەشێکی ئازاد بووە بۆ بیرکردنەوەی نارەسمی یان تەنانەت دژەڕەسمی لەڕێگەی توانست و زەبری ڕادیکاڵی بیرکردنەوەی پەراوێز و تەراکەوتوو و لەلایەکی دیکەشەوە، هەوڵ بۆ خۆشکردن و بەکارهێنانی ***کارکردی مەنفی مەفهووم*** و هەر وەها هەوڵدان لەپێناو پاشەکشێکردن بە گەمژەیی عەقڵی مەعیشەتتەوەر و سیاسەتی ڕەسمی و بەدواهاتەکانی. بەگوتەیەکی دی، هەموو ئەو ئایدیا و بابەتانەی کە بە هەڵکەوت یان ئەنقەست کەوتوونەتە نێو دووتوێ ئەم کتێب و یادداشتانەوە، بەرهەمی چەشنێک ئەزموونی گشتی و ڕووبەڕووبوونەوەی

شەخسین و هیچکات هەوڵیان نەداوە بچنە ناو ئەو چوارچێوە ڕەسمی و ئادێمیکە نەزۆک و کەمخوێنەوە کە بەردەوام کاری بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی دۆخ و زانستی هەبوو بووە. بەواتایەکی دیکە، مەعریفەی پشت ئەم یادداشتانە هەوڵ نادات بچێتە بازنەی ئەو ووشیاریە فیکس و لەقاڵبدراوەی کە زۆر جار بیرکردنەوە، زانست و ووشیاری ڕەسمی تیایدا قەتیس دمێنێت و توانای دوان و ئاخافتنی ڕاستەقینەی لەسەر کێشە و گرفتە بنچینەیەکانی کۆمەڵگای نامێنێت و سەبارەت بە ڕووداو و ئۆبژەکانی بەرامبەری پەسیڤ و کەمچووست و بێهێز دەردەکەوێت. وەکیتر، لە ئاستێکی تەکنیکیتریشدا، هیچ جۆرە حیسابێک بۆ ئەو چەشنە بیرکردنەوە و ئەندیشەی سەدەی نۆزدەهەمیەی کە پێشگریمانە و پێشمەرجی هەرجۆرە بیرکردنەوەک بوو و هەنووکەش بەجۆرێک لە جۆرەکان گوتار و دیسکۆرسی زاڵ و باڵادەستە و بە فەرزێکی موتڵەق و ڕەهایان دادەنا و دایدەنێن ناکات؛ واتە، هەمان ***مەنعی کانتی دژی سەرگەردانی و سەرلێشێواوی و ونبوون لە جیهانە مەعقوولەکاندا***، یان وەک هێگل بە تووڕەیی و نەفرەتەوە دەڵێت: ***پیاسەکردن لە ماڵە بەدناوەکاندا***. ئەم یادداشتانە نەک لە باری تاکتیکیەوە بەڵکوو لە باری ستراتیژیکیەوە، ***پاکیان مشتری بەردوامی ماڵە بەدناوەکانن***؛ ئەو ماڵە بەدناوانەی کە بیرکردنەوە و سیاسەتی ڕەسمی حەزەریان لێدەکات و خۆی لەم بابەتانە دەبوێرێت. لێرەوە، بەپێچەوانەی ئەم چەشنە لە مەعریفە و ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە، بۆ نووسەری ئەم دێڕانە و جیهانی دەرەکی ئەم یادداشتانە، ئەو ماڵانە بە ***شانە سەرەکیە نووستووەکان*** و بڕبڕەی پشتی گۆڕانی سەرتاسەری کۆمەڵگای هەنووکەیی دادەنێت و دەزانێت. هەوڵی نووسەری ئەم دێڕانە،

لەڕێگەی وەلانانی مەرز و سنووری ڕەسمی بیرکردنەوە و ئایدیای چینە باڵادەستەکانەوە، بەرپاکردنی سنووریک بوو کە هێگل گوتەنی بەردەوام بە ئاگاش بوو لەوەی کە ***ئەم بەرپاکردنی سنوورە بەمانای هەڵکشان، بەزاندن و تێپەڕاندنی بەردەوامیشیەتی.*** زێدەباری ئەمە و بۆ بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی ئەم کار/ئەرکە، چەشنێک وریایی و زیرەکی پێویستە بۆ ناسین و دوان لەسەر ئەو گرفت و کێشانەی کە سووژەی مێژوویی و بیرکردنەوەی ڕادیکاڵ و دیالێکتیکی ئەندیشەی پەراوێزخراو، کە سیاسەت و بیرکردنەوەی ڕەسمی و باو لێی بێبەریە؛ کەواتە، لەم پەیوەندەدا هەموو زیرەکیەک لە دڵی ***یەکێتیەکی والا، لە ووشیاری فەلسەفیدا، لە دۆخی نەفیی نەفی و هەڵکشان و واوە چووندا*** خۆی حەشارداوە و شاردۆتەوە. بەڵام، چیەتی ئەم یەکێتیە بریتیە لە بزووتن و ڕۆشتنی ***بەرەو دەرەوە*** و ***ئەوەی دەرەکیە***، و ***دۆزینەوەی خۆ*** لەڕێگەی ڕزگارکردن و دەربازکردنی ***خودی خۆت*** بەرەو ئەو کەش/دۆخ یان درزەی کە ئازادیەک بۆ سووژە ڕۆدەنێت کە تیایدا بیربکاتەوە و لە کۆمەڵگا، مێژوو و جیهانی خۆی ڕامێنێت و بیخوێنێتەوە و هەڵکشێت بەرەو قۆناغێکی بانتر؛ واتە، جیهانی **فرە چەشنیی** و ***ئەوەی پلۆڕاڵە.*** لێرەوە، بەکورتی، دەتوانم بڵێم دوورنمای سیاسی ئەم یادداشتانە، بێنیامین گوتەنی بریتیە لە: فەرامۆش نەکردنی باشترین شت؛ واتە، ***دیالێکتیکی نێوان دوو چەمکی بیرکردنەوە و خەبات.***

بەم پێیە، ستراتیژی نووسینی ئەم یادداشتانە، ئەو دەسەڵاتەیە کە پێیوایە لە بری پەرەدان و تاوتو کردنی پەراوێز لە چەق و سەنتەر و گشتێتی ڕەسمیدا، پەلکێشکردن و ڕاکێشانی مەرکەز و ناوەندە بەرەو پەراوێز و گرفتە بەردەوام و دانەبڕاوەکانی؛ موبتەلاکردنی بیرکردنەوەی پاستۆریزە

و بێهداشتیە لە بەدناوی کێشەکانی پەراوێز و ماڵ و ژوورەکانیدا، ئالوودەکردنی مەعیشەتی عەقڵ و عەقڵی مەعیشەتی و سازشکارە بە برینە مێژوویەکانی عەقڵی پەراوێزخراو و بیرکردنەوەی حاشیەیی و سیاسەتی ڕاستەقینە و ڕادیکاڵی زەحمەتکێشان و ستەم لێکراوان. بۆ نووسەری ئەم یادداشتانە، خەیاڵکردن و فانتاسی فەلسەفی بەلایەوە ڕێک قابلیەت و توانستی سەبت، نووسین، کەشف، دۆزینەوە و تێگەیشتنە لە ناوەوە (interpolation) واتە، لە پاژ، گچکە و بچووکترین شتەکاندا و ئەم چەشنە خوێندنەوەش بایەخی لەو دەقانە زۆرترە کە بەردەوام ئامێزانن لەگەڵ شتە قەبە و زەبەلاحەکاندا؛ واتە، هەر ئەوەندە بێزارە لە لووتبەرزی ئەندیشەی سیستماتیک، بەهەمان ڕادەش بێزارە لە وەلانان و خۆ بواردن لەهەموو ئەو شتانەی کە سنووردار و خاوەن کۆتایین.

بەشێکی زۆری ئەو یادداشتانەی کە لەم کتێبەدا گردکراونەتەوە و ئامادەن، وەفادارن بەو خەسلەت و تایبەتمەندیە چرکەیی و تێپەڕەی کە بەردەوام تێنشێن و گرژیە دیاریکەر و چارەنووسسازە هەبووەکانی ناو فۆرمی بیرکردنەوە ڕۆدەنێن، واتە، بردنەدەرەوەی فەلسەفە لە بەرەهووت و قاقڕستانی وشکەڵاتو و بەستووی ئەبستراکت و تواندنەوە/گونجاندنی ئایدیاکان لە وێنە مێژوویەکان و ڕووداوەکانی بەرامبەریدا. هەرلەم پەیوەندیەدا، بێنیامینیش بەشێوەیەکی لە ڕادەبەر بێزاربوو لەوەی لەژێر سێبەری گوزارە کۆنکرێتەکاندا، چەمکە نامەشرووع و ناڕەواکان وەک کۆمەڵێک چەمکی بنەڕەتی و ئەزمووندار، بەشێوەیەکی قاچاخی بهێنینە ناو بیرکردنەوەوە، ئەویش لەم ڕێگەیەوە کە کۆنکرێت بەشێوەیەکی شاراوە و

نهێنی وەک نموونە یان ڕاستی ڕووت، کە پێشوەخت بیری لێکراوەتەوە، بەسەریدا بسەپێنین.

بەوپەڕی بێباکیەوە دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری کەڵکەڵە و دەرگیریەکانی نووسەری ئەم یادداشتانە ***پرسی ووشیاری*** یان چەمکی ووشیاریە. ئەو چەمکە کە نەبوونی بزووتنی بیرکردنەوەی دیالێکتیکی پەک دەخات و ئەندیشە تووشی گرفتی ترسناک دەکات. جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بەوە بکەین کە: چەمکی ووشیاری بۆ یەکەمجار لە فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵماندا سەریهەڵدا و هەر لەوێشدا [باڵایکرد و] روونکرایەوە. ووشیاری بەمانای ئەو قۆناغە تایبەتەیە لە ناسین کە تیایدا، سووژە و ئۆبژەی ناسراو لە جەوهەری خۆیاندا هاوتەک و چونیەکن، شوێنێک کە بەم پێیە، ناسین لە دەرەوە نەک لە ناوەوە، ڕوودەدات. (سادەترین نموونە بۆ ئەم[بابەتە] ناسینی نەفسی ئەخلاقی مرۆڤە.بۆنموونە، هەستی بەرپرسیارێتی و ویژدان بەرامبەر بە مێتۆد و مەنهەجی ناسین لە زانستە سرووشتیەکاندا، شوێنێک کە ئۆبژەی ناسراو بەپێچەوانەی ناسراوی و ناسینیشەوە تا ئەبەد و تاهەتایە نامۆ دەمێنێتەوە). گرینگایەتی و دەلالەتی سەرەکی ئەم مێتۆدە لە ناسین، بریتیە لەمەی کە فەکت یان واقیعی ڕووتی ناسین، بۆتە هۆی گوڕانێکی بنەڕەتی لە ئۆبژەی ناسراودا؛ ئەو ئاراستەی پێشتر تیایدا/لەوێدا ئامادە بوو_ لەڕێگەی بەئاگاهێنانەوە و بەخشینی ووشیاریەوە چالاکبۆتەوە_ هەنووکە [ئەم بابەتە] بە هۆی ناسینەوە، گومان هەڵنەگرتر و بەهێزترە لەوەی پێشتر بوو و بەبێ ئەمە دەیتوانی ببێت. بەم پێیە، ئەم مێتۆدە لە ناسین هەروەها بەم مانایە کە لەم ڕێگەوە، لێکجیایی نێوان سووژە و ئۆبژە و لەکۆتاییدا لێکجیایی نێوان تیۆر و پراکسیس

بزردەبێت. تیۆر، بەبێ ئەوەی کە شتێک لە ڕووتی و بێگەردی، بەبێ بوونی پێشداوەری و حەقیقەتەکەی خۆی فیدا بکات، دەبێتە کردار یان پراکسیس. تا ئەو شوێنەی کە ناسین، وەک ووشیاری لە ئۆبژەی ناسراو، بەرەو گەشەی یاسامەندی ئۆبژە، هێز و بنەبڕێتیەک ببەخشێت، زۆرتر لەوەی کە بەبێ ئەوە ئەگەردار بووبێت، بەڕاستەوخۆترین شێوە، لە کرداری ڕاستەوخۆ، لە گۆڕینی ژیان لەڕێگەی کردارەوە،[هاوبەشەو]بەشداری تێدا کردووە***(لووکاچ، تاکتیک و ئەخلاق).***

لێرەوە، کردنی ووشیاری بەپرسی خۆی، دەرەنجامەکەی چ لە ئاستی بیرکردنەوە و چ لە ئاستی پراکسیسدا، ناسینی هێزە کوێرەکان، گشتێتی ڕەسمی، سیاسەتی جەعلی، ووشیاری ڕووکەشی، مێژووی ساختە و... لەڕێگەی ناسینەوە بۆ ووشیارکردنەوە، گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگا. کەواتە، ناسینی شتە گرینگەکانی کۆمەڵگا و مێژوو لە بەرامبەر فۆرموول و درووشمە لێڵ و خەوشدارەکان و ئایدیۆلۆژیای باڵادەستدا، ئەرکی سەرەکی دیالێکتیکی شۆڕشگێڕانەیە؛واتە ئەمەی کە، ئەم "ناسینە" کە یاسامەندیەکانی گەشەی کۆمەڵگا، سەربەستیی خۆیان لە ووشیاری مرۆیی و گشتی، جووتبوون و هاوتەکیان لەگەڵ یاریی هێزە کوێرەکانی سرووشتدا، تەنیا دیارکەوتنێکی ڕووتە و تەنیا تا ئەو کاتە دەژی و دەمێنێتەوە و درێژە دەکێشێت کە ئەم هێزە کوێرانە لە ڕێگەی ناسین و بە دەستی ناسینەوە ووشیار نەبووبێتنەوە و وەخەبەر نەهاتبێتن. بەم پێیە: ***یەکەم مانا و گرینگی دەورانسازی تیۆری مارکس لەمەڕ کۆمەڵگا ئەمەیە کە ووشیاربوونەوەی کۆمەڵگا[یاخود گەشەی ووشیاری کۆمەڵگا] تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا مسۆگەربووە و هاتۆتەدی.***

لەکۆتاییدا بە پێویستی دەزانم خاڵێک ڕوونبکەمەوە کە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە یادداشتە پابەندە بەم ڕوونکردنەوە؛ نووسەری ئەم دێرانە، بە پلەی یەکەم، نەگرێی ئەوەی هەبووە یەکەم کەس بێت باسی ئەم تێرم و زاراوە و ئایدیایانە بکات و نە خەمباربووە لەوەی کە دواین کەسە ئەم پرسیارانەی لەلا درووستبووە. لەلایەکەوە، هەوڵمداوە کۆمەڵێک تێرم و زاراوە بەکاربهێنم و باسی چەشنێک لە سیاسەت لە پانتای نووسیندا بکەم کە نە سواو و ئێستیهلاکی بێت و نە هەڵپەی ئەوەی هەبێت ناو و ناوداربوون بۆی ببێت بە ئامانج، مەرام و خەتی سیاسی، کە زۆرتر و بەر لە هەمووان، شتێک باس بکات و لە شتێکی نوێ ڕامێنێت و لەلایەکی دیکەشەوە، هەوڵمداوە ببم بە بەشێک لە ڕێبواری ئەو ڕێگایەی کە_ بۆ ئێمە مانان_ لە کۆتایی و ئەو پەڕیدا ***ناچارەکی و حەتمیە***؛ ڕێگایەک کە مانادار بوونەوەی ژیان و خەبات لەپێناو مانا و گۆڕانی ڕیشەیی کۆمەڵگا و دامەزراندنی ***کۆمەڵگای ئایندە*** پێشگریمانەی بنەڕەتیەتی؛ ئەو ڕێگایەی کە هەزاران کەس پیایدا تێپەڕان، یان هەنووکە تیایدان و لە داهاتووشدا ڕێبوارانێکی دیکە لەئامێزدەگرێت و سەختی و دژواری قوتابخانەی سیاسی ئەم ڕێگایە فێریان دەکات هێگل گوتەنی ***ئەوەی هەیە*** بەرهەمی عەقڵی سەلیمە و ***ئەوەی دەبێ ببێت*** بەرهەمی ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە. کەواتە، نووسینی ئەم یادداشتانە و دەسپێکردنی ئەم سەفەرە، هەر لەسەرەتاوە بۆ خاوەنی ئەم خامەیە بریتیبووە لە ***خۆ دیاری کردن*** (سێڵف دیتێرمینەیشێن) یان هەڵبژاردن و بوونبە و بیکۆمینگ بووە لەپێناو و لەپانتای تاقیکردنەوەی ***ڕێگا جۆراوجۆرەکانی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ***.

هەواڵنامەی کتێب

## ئەگەری کۆمەڵگای ئاینده

### سێ تێز دەبارەی فەلسەفەی دەنگنەدان

**کۆمەڵگای سیاسی هاوچەرخ**

**بۆتە دەزگایەک کە مرۆڤەکان بێ هیوا و دڵ سارد دەکاتەوە و**

**من ناتوانم ئەم دۆخە قبووڵ بکەم.**

**کامۆ، بۆ سپانیا؟**

نووسین بۆ ئیمەی کورد، سەبارەت بە دونیا و کێشەکانی ناو ئەم دونیایە و دەوروبەرمان، بەردەوام، بۆتە بابەتێکی ئوورژانسی و هەموو کاتێک لەڕووی زەروور و لە دوایین چرکەکاندا لەسەر بابەت و کێشە و پرس و ئوبژکانی بەردەممان ڕادەمێنین و بیریان لێدەکەینەوە، یاخود دەتوانین بەدیوێکی دیکەدا بڵێین ئاخۆ ئەم ئوورژانسی بوون و ئێزترارە، تایبەتمەندی و خەسلەتی جیانەکراوەی سەردەمی ئێستامان نییە؟ بۆیە ئەگەر لەم یادداشتەدا هەستتان بەجۆرێک لە پارچەپارچەیی و

کەرتکەرتبوون کرد، دەکەوێتە سەر حیسابی ئەو دونیا ئوورڕژانسییە. ئەوەی من، لەم یادداشتەدا بەرمەبەستمە سەبارەت بە ڕەهەندە تازەکانی هەڵبژاردنە – نەک هەڵبژاردن وەک بابەتێکی فیکری، فەلسەفی، گشتی و جیهانگیر– لەدوای ڕووداوەکانی پاش خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری لە ئێران و واتا و ڕەنگدانەوەکانی هەرجۆرە هەڵبژاردنێک لەدوای ئەم ڕووداوە گرینگ و مێژووییەی چەند ساڵەی دوایی. پێشمانوایە ئەو ڕووداوانە کاریگەرییەکی قووڵیان کردۆتەسەر گۆڕین و ڕماندنی کومەڵێک پایە و کۆڵەکەی فیکری ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژیەکانی سیستم.

کۆماری ئیسلامی و لەسەرووی هەموویانەوە (حاکم1) لە درێژەی ئەم چەند ساڵەی حکوومەتکردندا لەلایەکەوە، توانیویەتی ژێستەکانی خۆی بەڕووی وڵاتانی دەوروبەر و دراوسێیدا بپارێزێت و لەناوخۆی وڵات و سنوورەکانی خۆیشیدا، بەزەبر، گورز، پارە، پێگە، لووت و گوێ بڕین، قەڵتوبڕ توانیویەتی هێورایەتییەکی درۆیین و ڕووکەشیانە بپارێزێت و سەرجەمی ناکۆکی و ئانتاگۆنیزمەکان لەڕێگەی سەرکوتکردنەوە کۆنترۆڵ بکات و لەڕێگەی دامودەزگا ترسناکەکانیەوە بنچینەکانی خۆی سواخ بدات و پتەویان بکات. لەلایەکی دیکەشەوە توانیویەتی لە ئاستی فیکری و ئایدیۆلۆژیکیشەوە کۆی هێز و توانا و ئاپاراتووسەکانی بخاتە گەڕ بۆ پەرەدانی مۆدێلی خۆی، وەک تاقە مۆدێلی بەڕێوەبەریی وڵات و تاقە ئایدیۆلۆژیاش بۆ ڕێکخستنی خەڵک و کۆکردنەوەیان لە جوغزێکی تەنگەبەری چەمکیانەی وەک تێۆکراسی شێعی لە وڵاتانی شێعەنشیندا و ڕێکەوتنی سەربازی/ستراتیژیکی لەگەڵ هەموو هێزێکی

دژەئەمریکی/ئیسرایلیدا، لە چەپەوە بۆ ڕاست و لە نەوە و نەتیجەکانی گیڤارا و کاستڕۆوە بۆ قاعیدە و ئێمەن زەواهیری و تاڵەبان و مەلا کرێکار.

بەبێ هیچ چەشنە دوودڵی و گومانێکەوە، لەدوای خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری لە ئێران و ئەو ڕووداوانەی وەک شەپۆلێک بەدوایداهاتن، ئەم ژێستەی بەئاشکرا و بەبەرچاوی ڕاست و چەپەوە، درۆزن و ڕاستگۆوە، ئەخلاقی و نائەخلاقیەوە و... کۆی جیهانەوە خاپووربوو و داڕما و ڕووخا و تەپ و تۆزی ئەم عیمارەتە گڵییە تا هەنووکەش ڕێگەی لە هەناسە کێشان و بینینی سەرلەنوێی جیهانی لێگرتوون و پێشمانوایە بەم زوانە لەسەر و سنگیان نەبێتەوە و وەک تاعوونێک تێیانەوە هاڵابێت.

ئەوەی لەم یادداشتەدا جەختی لێدەکەین ئەوەیە کە، سیستم بەهەرجۆرە و لەڕێگەی هەموو شێوازێکەوە دەیەوێت حورمەت و ڕێزی دۆڕاویی ڕابردووی خۆی، وەک پێشتر ئاماژەم بۆکرد، واتە ژێستەکانی بگەڕێنێتەوە. داڕووخانی ئەم ژێیستە، ژێستی خۆبەسەنتەر زانین لە فیکری ئیسلامی و بەتایبەتی تیۆکراسی شیعەویەوە بگرە بۆ پەرەدانی ئەم تیۆرە و بڵاوکردنەوەی بەناو هەموو وڵاتانی دۆست و دەورووبەری خۆی و کۆی وڵاتەکانی دیکەدا، زەرەرێکی زۆری داوە لە پرێستیژی سیاسی ئێران.
ئەوەی هەنووکە لەم وڵاتەدا و لە پەیوەندیدا بە کاروباری سیاسییەوە گرینگە، سەرەتا، دیاریکردنی مانا و کاریگەرییەکانی سیاسەتە بۆخۆی، توانا و ئەگەرەکانی ناو سیاسەتە بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک داواکاری سیاسی بە مەبەستی باشترکردنی کێشەی هابەش و کۆیی خەڵک بەگشتی، یان بەواتایەکی دیکە پرسیارکردنە لەوەی ئایا شتێک لەم وڵاتەدا ماوە

پێیبلێین سیاسەت یان داواکاری سیاسی، یان توانا و ئەگەری جێبەجێکردنی داواکارییە سیاسییەکان. دەمەوێت زۆر بە ڕاشکاوی پێ لەسەر ئەو خاڵە جەوهەریە دابگرم کە هەرجۆرە داواکارییەکی کۆمەڵایەتی، مافەکی، ئابووری و بەتایبەت سیاسی لە ناوخۆی ئێراندا، بەتاڵبوونەتەوە لەهەر چەشنە ئەگەرێکی دڵخۆشکەر و کارا کە بتوانرێت کاریان لەسەر/بۆ بکرێت. بەواتایەکی دیکە، لەناوخۆی ئێراندا هیچ جۆرە کەشێک یان چاکتر وایە بڵێین ئەو دەنگە سیاسیانەی پێشوو (لە ریفۆرم خوازانەوە بگرە بۆ...هتد) بوونیان نەماوە کە خەڵک بتوانێت لە گەرووی ئەوانەوە داواکارییەکانیان ڕاگەیێنن. لەئەنجامدا، دەتوانین بڵێین قسەکردنی هەر هێز، گرووپ و کۆمەڵێک لەناوخۆی ئێراندا وەک هیگل دەڵێت **لەخۆیدا و بۆخۆی** پەنجەکردنە بە چاوی سیستمی شەیتانی و ئەهریمەنی حاکمدا.

بەپێی ئەو چەند خاڵە سەرەتاییەی لە دۆخی سیاسی ئەم دواییانەی ئێران و ڕادەی هەناسەکێشان لەم سیستمەدا وێنامانکرد، لەوانەیە، بتوانین کۆی باس و ئایدیاکانمان لە چوارچێوەی **سێ** تێزدا دەرببڕین. پێش نووسینی ئەم بابەتە هەوڵماندا سەرجەم باسەکەمان دەربارەی هەموو هەڵبژاردنێک لە ئێران لە 13 تێزدا کۆکەینەوە بەڵام لەبەر ئەو دۆخە ئۆرژانسیەی کە پێشتر ئاماژەمان دایە نەمانتوانی و دەرەنجام لە سێ تێزدا کۆمانکردوە.

I

***هەڵبژاردن، دزینی چەکدارانەی دەنگی خەڵک یان ناکرێت ژیانی درۆزنانە ڕاستگۆیانە بژین***

لانیکەم سی ساڵ و هەندێک بەسەر تەمەنی سیستمدا تێدەپەڕێت و ئەو خاڵە بە ئاشکرا بۆ جەماوەری خەڵک لە ئێران و بەتایبەت کوردستان دەرکەوتووە کە هەر چەشنە هەڵبژاردنێک جۆرێک ژێستی گەوجانەی دیمۆکراتیکی ئاپاراتووسە پەیوەندیارەکانی سیستمە لەدڵی واقیعێکی تۆتالیتاریستی و دۆزەخیدا کە وەک ماشینێک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرهەمی دەهێنێتەوە و بە ناو ڕەهەندەکانی ژیاندا بڵاویان دەکاتەوە. ئەوانەی لەناوخۆی ئێراندا دەژین، گەر ئاگاداری میدیاکانی دەرەوەی ئێران نەبن لە پارادۆکسێکی هەمیشەییدا دەژین، کەسێک، گەر بیەوێت بۆنموونە، ئاگای لە هەواڵی سبەینێی کەش و هەوا لە ئێراندا بێت تێدەگات ئەو وڵاتەی تیایدا دەژی چەندە بەهەشتە و چەندە بێکێشەیە، چەندە پڕە لە دارستان و چەندەش خەڵکانی ئەم وڵاتە لە دۆخێکی جوان و ڕازاوە و خەملاو و پەپوولەئاسای ئاشقانەدا لەگەڵ یەک و دەست لەناو دەست و گەردنی یەک بە کوێرایی ئیمپێریالیزم و ئیستێکباری جیهانییەوە دەژین، کە بەیانیش لە ماڵ دێتە دەرەوە و دەچنە ناو ژیانی واقیعیەوە، تێناگەن باوەڕ بەو دۆزەخ و جەهەننەمەی بەردەمی بکات یا بە بەهەشت و دارستانی شەوانی تێلێڤیزیۆنی ڕسمی دەوڵەت.

گەر دەنگدان بەشێوەیەکی یۆنیڤێرساڵ و گشتی فۆرمێک بێت لە بەشداریکردنی شارۆمەندان و ڕۆشتنیان بێت بۆ دیاریکردن و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بە مەبەستی گۆڕین یان چاک سازی لە سیستمی سیاسیدا و لە کاتێکی دیاریکراوی هەر چوار ساڵ جارێک بۆسەر سنووقەکانی دەنگدان، بەو جۆرەی لە سیستمە دیمۆکراتیکە گەورەکانی جیهاندا بەڕێوە دەچێت، گرینگییەکی حاشاهەڵنەگرە لە پتەوکردنی بنەماکانی دیمۆکراسی و

ڕاهێنانی خۆمان وەک تاک و کۆمەڵگاش بەگشتی، کەواتە دەتوانین بڵێین: دەنگدان یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی جیهانی سیاسیی هاوچەرخ و زانستی سیاسەت. ئەم فۆرمە لە بەشداریکردنی خەڵک لە سیاسەتدا، لانیکەم لە ڕووی فۆرماڵەوە، هەڵگری گرینگیەکی چارەنووسسازە لە سیستمە سیاسیەکانی هەوچەرخدا و دەتوانێت کۆی جومگە سەرەکییەکانی ناو دەسەلات/ سیستم، یاخود کۆی ئەو جەمسەرانەی دەستیان هەیە لە دروستکردنی دۆخی هەبووی کۆمەڵگادا. بەلام وەک پێشتر ئاماژەم دایە، هەر چەشنە هەڵبژادنێکی درۆزنانە ئەنجامی ڕاستگۆیانەی نابێت بۆیە خەڵک لە مێژە پێیوایە هەڵبژاردن لە ئێراندا، نەک گۆڕانکاری ناخاتەوە بەڵکوو گاڵتەکردنە بە مانا و ڕەهەندە پۆزێتیڤەکانی دیمۆکراسی، لەکەدارکردنی دیمۆکراسی وەک یەکێک لە بەرهەمە گرینگەکانی عەقڵی مرۆیی. لێرەوە، دەنگنەدانی خەڵک لە ئێران بیرکردنەوەیە لە درووستکردن و سازدانی کۆمەڵگای ئەخلاقی ئایندە.

II

## ***دەنگنەدان، خەباتی لۆژیکی حەقیقەتی پتەوی خەڵک یان شڵەقاندنی خەونی هێورایەتی حاکم***

حاکم کەسێکە خۆی گرێداوە بە چشتێک(چەمکێک) لە دەرەوەی خۆییەوە، حاکم وەحشەتی هەیە لەوەی کار لە خۆی بکێشێتەوە و عەقڵی خۆی بخاتەگەڕ لەپێناو گۆڕین و تەختکردنی جیهاندا. گەر بتەوێت لە چییەتی حاکم بپرسیتەوە، هۆکارەکان و ماناکانی لێکبدەیتەوە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بابەتی دەرەکی دەبیتەوە. گەر بمانەوێت ناوێکی هێگێلی/ لاکانی

بۆ ئەم بابەتە دەرەکییە بدۆزینەوە، دەکرێت پێی بڵێین **جەستەی مەزن** (ئیسلام، تیۆکراسی شیعە، شارستانییەتی ئیسلامی و..... هتد). لێرەدا دەتوانین بڵێین حاکم بەو هەوایە ناژی کە کوڕ، نۆکەر، داردەست و ئاپاراتووسەکانی بۆی بەرهەمدەهێنن، بەڵکوو بەو خوێنە دەژی کە جەستەی کەونیینەی مەزن، دەیرژێنێتە دەمارەکانییەوە. کەواتە، هەستکردن بەوەی حاکم پێیوایە بەم جەستە مەزنەوە پەرچ کراوە، دووری دەخاتەوە لە فۆرم، چەشن و ماناکانی مردن و نزیکی دەکاتەوە لە ژیان. بەواتایەکی دیکە، ئامادەگی ئەم جەستە مەزنە بەشێوەیەکی هەمیشەیی(جاودانە)، بەمانای هەمەیشەیی بوونی نەفەسی پاتریارک و هەمیشەیی بوونی ئەویشە. بەم بۆنەوە، بۆنموونە، ڕووداوێکی وەک ڕووداوەکانی وەک پاش خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری لە ئێران، حاکمی لەو پەیامە گەورەیە تێنەگەیاند کە لە دڵی مردندا دەژی. لێرەدا، بە کۆمەکیی و هاریکاری زیگمۆند فرۆید دەتوانین لۆژیکێک بۆ ئەم مانایە لە مردن بدۆزینەوە. فرۆید لە کتێبی تەعبیری خولیادا چیرۆکێک سەبارەت بە خۆلیا دەگێڕێتەوە، چیرۆکی باوکێک کە نازانێت مردووە، یان ئاگای لە مردنی خۆی نییە. ئەو خاڵەی جێ سەرنجە، ئەم باوکە چونکوو ئاگاداری مردنی خۆی نییە بە شێوەیەکی کۆمیک و مەسخەرە درێژە بە ژیان دەدات، یاخۆد، مردنەکەی بیر چۆتەوە. بەم پێیە، وەک سلاڤۆی ژیژێک فیلسووف و پاسیکۆ ئانالیزۆری چەپی سلۆڤێنیایی دەڵێت: نابێت ئەم دەستە واژەیەمان بیرچێتەوە [مردنت لە بیر بێت] گەر ئەم دەستە واژەیەش لاکانی بینووسینەوە دەکرێت بڵێین : مردنتان فەرامۆش نەکەن. لێرەوە، دوو جۆر لە مردن2 ئامادەیە کە فۆرم و ماناکانیان لێکدی ناچن و لەگەڵ یەک

جیاوازن، باوکی خولیاکەی فرۆید بەهۆی کەوتن و دارمانی زانینەوە هەنووکە بەشێوەیەکی کۆمیک درێژە بەژیانی خۆی دەدات، لەکاتێکدا پێشتر مردووە، هەر ئەمەش خۆی_ ڕووداوەکانی پاش هەڵبژرادنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری_دەکرێت بنچینەی تیۆری هێگلی دووپاتبوونەوەی مێژوو بێت. کاتێک ناپلیۆن بۆناپارت بۆ یەکەمجار لە جەنگدا شکستی هێنا و دوورخرایەوە بۆ دوورگەی ئالبا، نەیزانی چیتر لە شکستی یەکەمدا مردووە و ڕۆڵی مێژوویی کۆتایهاتووە و پێویست بوو لە جەنگی واتێرلۆ، واتە لە شکستی دووهەمدا هەواڵی مردنەکەیان وەبیر هێنابایەتەوە و سەرەنجام لە دووهەم کاتی مردندا، بەڕاستی مرد.

دەکرێت لە دوورەدیمەن و ئاسۆگەیەکی دیکەوە بڕوانینە حاکم؛حاکم جەستەیەکی گشتی و پێگەیەکی دەستکرد و بێ ناوەرۆکە و بەردەوام لە هەوڵی تەیارکردنی خۆیدایە بۆ پاکتاوکردنی پاژەکان یاخود تواندنەوەی خەڵک لە جەستەی خۆیدا. بەواتایەکی دیکە، ئارەزووییەکی لیڤیاتانی/ بێهێمووتیە بۆئەوەی خەڵک بە گشتی و پاژەکانی ناو ئەو جوگرافیا دیاریکراوەی لە چوارچێوە و سنووری حۆکمڕانیکردنی ئەودان، بتوێنەوە و ببنە تەواوکەری جەستەی؛ تەکانێکی گشتییە بۆ لەناوبردنی پاژ/کەمینەکان(سووژەی خۆڕاگر) وەک تاقە ڤایرۆسی تێکدەری ئەمنی نیشتمانی، فیکری و ڕۆحی حاکم یان شڵەقاندنی خەونی هێورایەتی حاکم3.

دەنگنەدان لەخۆیدا دەتوانێت ئەو سەرەتا ڕۆشنگەرانە بێت کە هەموو شۆڕش، بزووتنەوە، ڕاپەڕین و نافەرمانییە گەورەکانیان بەرهەمهێناوە و زەمینەیان بۆ هەڵچوون و تەقینەوەی هێگلی/ مارکسی کۆیلە و بەندەکان

ڕەخساندوە. بایکۆتکردن و بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئێران، لەلایەکەوە، بیرهێنانەوەی دووبارەی مردنی هێماینی حاکمە و شلەقاندنی ئەو ئاواتە پەستەیە کە ئەنجامی هیچ جۆرە هەڵبژاردنێک، گرنگی نییە و تەنیا بەڕێوەچوونی ئارام و بێقرە و تێپەڕاندنیەتی و لەلایەکی دیکەشەوە، دەکرێت ئەرێ وتنێکی پاڵەکی خەڵک بێت بەو ڕاپەڕین و بزووتنەوە جەماوەرییەی وڵاتانی عەرەبی(بەهاری عەرەبی) کە ناوێکی ناهێگلییە بۆ پراکسیسێکی هێگلی، واتە، توانست/ئارەزوویەکی بێقەرار و هەراسان بوو بۆ دەربازبوون و ڕزگاری کۆیلە و بەندەکان لە دەستی ئەرباب و ئاغا درندەکانیان لە ڕێگەی خەباتێکی سەختی دیالێکتیکی بۆ نەفیکردنی پێگەکانیان، واتە نەفیکردنی خۆیان وەک کۆیلە و بندەست و نەفیکردنی حاکمان وەک ئاغا و سەرەوەر و حاکمی باندەست.

III

## دژی عەقڵی مەهجوور، یان حیزب دەنگی چەکدار و پێشمەرگانەی بێدەنگی خەڵک

زۆرن ئەو ڕۆشنبیر و پسپۆڕ و مامۆستا و عالمانەی سیاسەت کە پێیان وایە حیزبەکانی کوردستان توانایی جێبەجێکردن و بەرهەمهێنانی ژیان بۆ خەڵک و گۆڕینی سیستمی سیاسی لە ئێرانیان تێدا نییە و ناتوانن پاژێک لە کێشەکانی خەڵک کەمکەنەوە و سەرباری کەمنەکردنەوەی کێشەکانی خەڵک، بەڵکوو بە کێشەکانی خەڵکیان زیاد کردووە. بەڕای ئێمە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە و دونیا بینی ناشێت دەست بدەینە کۆمەڵێک بەڵگاندنی هەمەجۆر و هەمەچەشن و

ڕیزکردنی سەدان  خاڵی بەڵگەنەویست لە پەیوەندیدا بە ڕۆڵی حیزب و کاریگەرییەکانی لە پانتا و کانتێکستی سیاسی، کۆمەڵایەتی کوردستان و پاشان ئێراندا. تەنیا دەبێت، وەک ژیژێک دەڵێت لەڕێگەی وەرگرتنی هەڵوێستێکی ڕوون و شەفافەوە پێ لەسەر ئەم تێزە دابگرین کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریدەر، تاکە هەڵوێستی حەقیقی و شەرافەتمەندانە، ئەم گۆتەیەی والتێر بێنیامینە: لەم کاتەدا تەنیا ئەوە مێژوونووسە خاوەنی بەشکۆی ڕۆشنکردنی تیشکی هیوایە و بە قووڵی و لە دڵەوە لەو باوەڕەدا بێت، کاتی سەرکەوتنی دوژمن، تەنانەت دەست لە مردووەکانیشمان ناپارێزن و لە بەردەم هەڕەشەی دەستدرێژی کردندان.

ئەوەی دەکرێت لەم تێزەی بێنیامین وەریگرین ئەوەیە کە بە ڕاستی و ڕاشکاوانە لە دۆخی ئوورژانسی و ئیزتراری و نائاسایی بەردەممان تێبگەین چونکوو ئەو واقیعەی لە کوردستاندا ئامادەیە واقعێکی تاسەر ئێسقان نائاسایی و نالەبارە و گەر پێناسەمان بۆ پراکسیسی سیاسی و سیاسەت، ئامادەیی زەین بێت لە مێژوودا ( والتێر بێنیامین ) دەکرێت ریالیتەی ئەخلاقی/ سیاسی سووژە و خۆزگە و تەمەننای پچڕان/ گۆڕانی دۆخی هەبوو و دامەزراندنی زەمەنێکی کایرۆلۆژیکی تازە بێت. بەم پێیە، سیاسەت و پراکسیسی سیاسی لە ناو حیزب و لە دەرەوەی حیزب لە کۆمەڵگای ئێمەدا، جیا لەوەی کۆتایی نەهاتووە، بەڵکوو دەبێت لەوە تێبگەین لەو برگە مێژووییەدا دەژین کە حیزب و لە تەنیشتییەوە پراکسیسی سیاسییە دەتوانێت کۆی ئاراستە و واقیعەکانی دونیای ئێمە بگۆڕێ بۆ دۆخێکی تازە و دابڕان و پچڕان لە دونیای پێشوو. بۆیە، حیزبایەتیکردن و سیاسەتکردن و لە سەرووی هەموویانەوە پراکسیسی سیاسی، ئەوندەی

دەستی هەیە لە بەرهەمهێنانی سووژەی سیاسیدا بە هەمان ڕادەش بەکارە لە ئەخلاقی کردنەوەی هەمان سووژەدا.

ئەو گرووپ و دەستە و تاقمانەی پێیان وایە حیزبەکانی کوردستان هیچ بیرۆکە و ئاراستەیەکی فیکری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ... هتدیان پێشکەش نەکردووە و بە درێژایی ئەم چەند ساڵە بەردەوام لە کوردستانی باشووردا دایان کوتاوە و بۆی دەخۆن و بۆی دەخەون و لە کات و بۆنە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، جگە لە بایکۆتکردنی هەر چەشنە هەڵبژاردنێک لە ناوەوەی ئێراندا هیچ کارێکی دیکەیان پێناکرێت، بۆیە بایکوتکردن تاقە لۆجیکی سیاسی ئەم حیزبانەیە، پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە هیچ بونیاد و پرەنسیپێکی سیاسی، ئەخلاقی، مێژوویی و کولتووری بەبێ ئامادەیی پەیگیرانە و پەرگیرانەی حیزبەکان، ئەستەمە بپارێزرێت و کۆمەڵگا لەسەر لاق و بەپێوە ڕابگرێت.

بەڕای ئێمە، مەخابن ئەم دونیابینییە لە سەرەوە باسمان کرد زۆربەی ڕۆشنبیران و ئاکادیمیسیەنە پسپۆڕەکانی بواری سیاسەت، کۆمەڵناسی و... هتد باوەڕیان پێیەتی، نابێت بە وتارێکی دووروو درێژی فیکری/ فەلسەفی وڵام بدرێتەوە. ئەو تەمسیلەی لە پەیوەندیدا بە لۆژیک و هەڵوێستی حیزبەکانی کوردستان سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی هاریکاریمان دەکات، وڵامەکەی جۆکێکی سلاڤۆی ژیژێکە. ئەم جۆکە لەدوای کوودتای سەربازی لە لەهێستان لە دەورەی یارۆزلێسکیدا کەوتە سەر زارەکان. لەو کاتەدا کە سەبازە گەشتییەکان و پاسەوانەکان ئەو ئیزنەیان پێدرابوو بەبێ هیچ چەشنە ئاگادارکرنەوەیەکی پێشوەخت، لە دوای ڕاگەیاندنی ماوە و کاتی

حکوومەتی نیزامییەوە( 10 خولەک) ئەو کەسەی لە شەقام و سەر جادەکاندا ببینرێ، تەقەی لێدەکرێت. دوو سەرباز لەگەڵ یەک و پێکەوە گەشت لێدەدەن ڕێک دەخولەک پێش دەسپێکردنی حکوومەتی نیزامی کەسێک دەبینن کە بە پەلە خەریکی ڕۆشتنە، یەکێک لە سەربازەکان بەبێ دوودڵی و گۆمانەوە تەقە لەو کەسە دەکات. کاتێک سەربازەکەی دیکە بەسەر سووڕمانەوە لێیدەپرسێت، بۆ تەقەت لەو کابرایە کرد؟ خۆ هێشتا دەخولەکی ماوە بۆ دەستپێکردنی حکوومەتی نیزامی؟ لە وڵامی سەربازەکەی دیکەدا دەڵێت: من ئەم پیاوە دەناسم،ماڵەکەیان زۆر لێرەوە دوورە و لێرەوە تاکوو ماڵەکەیان لە دەخولەک زیاترە بۆیە لە هەر حاڵێکدا بە دە خولەک نەدەگەیشتە ماڵەوە، لەبەر ئەوەی بێهوودە ئەو ڕێگەیە نەبڕێت و بۆ سادەکردنەوەی کارەکەی، کوشتم.

چیرۆکی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە پەیوەندیدا بە کۆماری ئیسلامییەوە لەگەڵ ئەو تەمسیلەی ژێژەکدا پڕاوپڕ دێتەوە. کەواتە، هیچ چەشنە هەڵبژاردنێک لەئێرانی ئیسلامیدا، جگە لەوەی ناگاتە ماڵەوە، لانیکەم، تاقە ئامانجێکیش ناپێکێت. بۆیە بایکوتکردنی هەڵبژاردن و...لە بێتوانایی، کەمتەرخەمی و بێفیکری حیزبەکانەوە نیە، بەڵکوو لەو ڕۆحە ڕاسیۆناڵیست/ڕیالیستییەی حیزبەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەرامبەرەکەیان لە کات و زەمەن و جێگەی خۆیدا ناسیوە؛ دەنگی حیزبەکان هەڵوێستێکی دەرەکی و ساختە نییە و ناکەوێتە دەرەوەی خەڵکەوە. حیزبی شۆڕشگێڕ، بوونی جیا ناکرێتەوە لە بوونی کۆمەڵگا. بەواتایەکی دیکە، حیزب هەمان خەڵکە لە فۆرمێکی ڕادیکاڵدا، حیزب خەڵکە

لە چاپێکی ڕێکخراودا؛ بەکورتی حیزب دەنگی بێتەعارفی خەڵکە. واتە، دەنگی پێشمەرگانەی بێدەنگی خەڵک.

ئەنجامگیری: بایکۆتکردن ڕێگرتنە لەوەی حاکم و دەستوپەیوەندەکانی بە ناوی بێدەنگی خەڵکەوە نەدوێن یان دەنگنەدانی خەڵک پەیامێکی بێدەنگانەیە بۆ وتنی ئەوەی کە بڵێت : **نامەوێت کەس بە ناوی بێدەنگی منەوە قسە بکات و شەرعییەت وەبگرێت.**

**ژێدەرەکان:**

1-پێمانوایە هیچ ناوێک ئەوندەی حاکم نەتوانێت پڕ بە پێستی لیدری ئێران بێت.

2-جۆری دووهەمی مردن لە دیدی ژیژێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمەکانی مارکی دۆساد، کە پەیوەندی بەم باسەی ئێمەوە نییە.

3-ئەوەی ڕاستی بێت، لەو دۆخە سیاسییەی لەم یادداشتەدا وێنامان کرد، دەنگدان بۆخۆی دەکرێت کۆمەڵێک واتا و ڕەهەندی فیکری و ڕۆحی جۆربەجۆر بگرێتەخۆی. بۆنموونە، دەشێت قبوولکردن و توانەوە بێت لە جەستەی حاکمدا و تەمەنای حاکمبوون و خولیای ئەوەی خوێنی حاکم میوانیی هەمیشەیی جەستەی ئەو تاکە بێت کە لە چرکە و ساتێکی ئێگزیستانسی و وجوودیانەوە ئەرێ دەکات و سەر بۆ حاکم دەلەقێنێت یان جەستەی مەزنی دەرەکی یان جۆرێک لە هەڵبژاردن و بەسووژەبوونە لە ناوکۆییەکی ئەهریمەنیدا.

# دەربارەی ماتریالیزم

## دەربارەی دووچەمکی کار و بەرهەمهێنان لەبۆچوونەکانی کارل مارکسدا

**بەرهەمی هونەری تەنیا دەسکەوتی کاری مرۆڤە و لەسەر ڕوانینی مرۆڤ ڕاوەستاو و پەروەردەی دەستی ئەوە. (هێگل)**

**لەهەوڵی بێوچاندا، ئەوە هەنگە پێش تۆ دەکەوێت، لەکارامەییدا، کرمێک دەبێتە مامۆستات، لە بوێری و زانستدا، لەگەڵیاندا بەرابەری، بەڵام، هۆ مرۆڤ، ئەمە تەنیا تۆیت، کە هونەرمەندی. (شیللێر)**

کارل مارکس لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەڵێت: **یەکەم کرداری مێژوویی[ئێمە] بەرهەمهێنان و کەرەستە پێویستەکانە بۆ بەدیهێنانی پێویستییە مادییەکانمان. تەنیا پاش ئەمە دتوانین فێربین بانجۆ لێبدەین[ جۆرێک ئامێری مۆسیقایی ئەفریقییە]، شیعر بڵێین و بەسەر دیواردا**

**شێوەکاری بکەین.[کەواتە] ژێرخانی کولتوور کارە. بەبێ بەرهەمهێنانی مادی هیچ شارستانییەتێک بوونی نییە.** ئەم گوتەیەی مارکس، لەخۆیدا، دەتوانێت کۆمەڵێک شت/بابەتی جۆراوجۆرمان بۆڕوونبکاتەوە و سەرنجمان بەرەو گەلەک لایەنی دیکەی کۆمەڵگا و مێژوو و... ڕابکێشێت و لەهەمانکاتیشدا ڕنگە بەڕواڵەت لە بابەتە کولتووری و ئەدەبی و هونەرییەکان دوورمانبخاتەوە و ئەوان بکاتە پاشکۆی بەرهەمهێنان و کەرەستە پێویستەکانی بەرهەمهێنان و پاشان بگاتە ئەو ئەنجامەی بڵێت بەبێ بەرهەمهێنانی مادی هیچ شارستانییەتێک بوونی نابێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە و دەبێت لەسەری ڕامێنین ئەوەیە بەتەنیا مارکس نییە لەو باوەڕەدایە. بۆنموونە، زیگمۆند فرۆید بەتوندی باوەڕی بەم خاڵە هەیە. بەڕای فرۆید، گەر پێویستییەک بۆکارکردن نەبووبایە ئەوا مرۆڤ بە درێژایی ڕۆژ بە شەرمەزاری و ویقاحەتێکی تەواوەوە بە بەتاڵییەوە ڕۆژی دەبردەسەر و تێدەپەڕاند و هیچ نەبوو بیکات جگە لە جێبەجێکردنی غەریزەی ژیان و ئارەزووە شەهوانی و نەفسییەکانی. کەواتە، ئەوە کار و پێویستی ئابوورییە ئێمە لە تەمەڵی و بێکاری سرووشتیمان جیادەکاتەوە و ناچارمان دەکات دەست بدەینە چالاکییە فرەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

بەڵام بەلای مارکسیزمەوە ئەم بابەتە جۆرێکی دیکە تەماشای دەکرێت و ئەوان بەرزتر و بانتر لەمە، واتە لە مارکس، چاو لەم بابەتە دەکەن. بانگەشەی مارکسیزم شتێکە زیاد لە بۆچوونەکانی مارکس. مارکسیزم دەیەوێت ئەو خاڵە دەربخات کە بەرهەمهێنانی مادی تەنیا بەم مانایە بنچینەیی نییە کە بەبێ بەرهەمهێنان هیچ شارستانییەتێک بوونی نابێت، چونکوو لەکۆتایدا ئەوە بەرهەمهێنانی مادییە سرووشتی ئەو شارستانییەتە

دیاریدەکات. هەڵبەت زۆرێک لە ڕەخنەگرانی مارکس لەو باوەڕەدان ئەم بۆچوونەی مارکس بەجۆرێک لە دابەزاندن و پەلوپۆکردن دەزانن و لایان وایە چۆن دەکرێت هەموو شتێک بۆ هۆکار و بکەرێکی یەکە بگەڕێنینەوە. مارکس دیسان لەهەمان کتێبدا دەڵێت:"بەرهەمهێنانی ئایدیاکان، بەرهەمهێنانی وێناکردنەکان و بەرهەمهێنانی ووشیاری، بەپلەی یەکەم، ڕاستەخۆ بە چالاکییە مادی و دانوستاندنی مادی مرۆڤەکانەوە، واتە زمانی ژیانی ڕۆژانەوە، گرێدراوە". کەواتە، سەرتا و بەپلەی یەکەم، جێبەجێکردنی پێداویستییە فیزیکی و جەستەییەکانمان فۆرم دەبەخشنە شێوازی بیرکردنەوەمان و دونیابینیمان لە پەیوەندیدا بە جیهانەوە بێچمدەدەن و لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئەوی لەپێشدا و پێشوەخت پێویستە، نەک بیرکردنەوە، بەڵکوو فەراهەمکردنی پێویستییە فیزیکییەکانە بۆ بەرهەمهێنانی ژیان. هەڵبەت لێرەدا نابێت ئەوە لەیاد بکەین ئەو کاتەی مارکس قسە لە ووشیاری دەکات بەردەوام مەبەستی ئەو بەها و ئایدیایانە نییە کە لە چالاکییە ڕۆژانەکانی ئێمەدا ئامادەن. لای مارکس چەمکی ووشیاری گەلەک جار بەمانای ئاماژەدانە بەو سیستەمانەی کە لە هەندێک چەمکی وەک یاسا، زانست، سیاسەت و لەم نموونانەدا کۆدەبنەوە و چۆنییەتی ئەم چوارچێوە فیزیکیانەیە لەکۆتاییدا دیاریکەری واقیعی کۆمەڵایەتین. ئەوەی ڕاستیبێت، ئەمە هەمان دۆکترین و ئامۆژە گرینگەکەی ژێرخان و سەرخانی مارکسە، واتە: ***مرۆڤە کان لە بەرهەمهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیاندا دەچنە نێو هەندێک پەیوەندی دیاریکراوەوە کە ناچارەکییە و لە دەرەوەی ئیرادەی ئەوانەوەیە، و ئەمە هەمان پەیوەندی بەرهەمەێنانە کە لەگەڵ قۆناغێکی دیاریکراو لە پێشکەوتنی هێزە بەرهەمەێنەرە ماددییەکەیاندا***

***دێتەوە. کۆی ئەم پەیوەندییە بەرهەمهێنەرانە پێکهاتی ئابووری کۆمەڵگا، واتە بنچینەیەکی واقیعی پێکدەهێنێت کە لەسەر ئەو بنەمایە سەرخانێکی سیاسی و مافەکی دەوەستێت و ئەم سەرخانە لەگەڵ فۆرمە دیاریکراوەکانی ووشیاری کۆمەڵایەتیدا هاوتەکن. بەگشتی شێوەی بەرهەمهێنانی ژیانی مادی، ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فیکری مەرجداردەکاتەوە. ووشیاری مرۆڤەکان نییە کە هەستی[بوونی]ئەوان دیاریدەکات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، هەستی [بوونی]کۆمەڵایەتی ئەوانە ووشیارییان دیاریدەکات.***

بەلای مارکسەوە "ژێرخان" یان "بونیادی ئابووری" هێزەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە و مەبەستیشی لەسەرخان کۆمەڵێک دامودەزگای وەک دەوڵەت، یاسا، سیاسەت، ئایین و کولتوورە و هەروەها کارکردی ئەم دامودەزگایانە پشتیوانیکردنە لە ژێرخان، واتە سیستەمی چینایەتی باڵادەست. هەندێک لەم دامودەزگایانە، بۆنموونە کولتوور و ئایین پتر ئەرکیان بەرهەمهێنانی ئایدیاگەلێکن کە ڕەوایەتی و شەرعیەت دەبەخشنە سیستەمی حاکم و سەردەست. لێرەوەیە مارکس لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دیسان پێمان دەڵێت: ***ئایدیاکانی چینی باڵادەست لە هەرسەردەمێکدا ئایدیا باڵادەستەکانن: واتە چینێک کە هێزی مادی کۆمەڵگایە، لە هەمان کاتدا، هێزی مینۆکی باڵادەستیشە.***

بەم پێیە، مارکس پێیوایە ئەو هێز و چینە کە دەسەڵاتدار و باڵادەستە، کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی مادی بەدەستەوەیە و بەرەو ئەوە دەچن کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی زەینیش بکەن و جڵەوی بگرن. بەباوەڕی زۆرێک لە

ماتریالیستەکان، ئایدیاکان تەنیا لەکاتێکدا دەتوانن هێزێکی مێژوویی بۆخۆیان دەستەبەربکەن کە لەگەڵ هۆگری و بەرژەوەندی بەهێزی مادیدا یەکبگرن. بەڵام، لەڕاستیدا، ئایا دەتوانین کۆی بوون/هەستی و ژیانی مرۆڤایەتی بە وردی لە نێوان دوو پانتای ژێرخان و سەرخاندا دابەشبکەین؟ وەک تێری ئیگلتۆن دەڵێت نا.

دەگێڕنەوە کەلە ژووری هەواڵی ڕۆژنامەی دیلی وێرکێردا، ڕۆژنامەی کۆنی حیزبی کۆمۆنیستی بریتانیا، کاتێک هەواڵی پێکدادانی دووماشین لەسەر جادە گەیشتە دەست ڕۆژنامەکە ئەم فەرمانە لەلایەن هەیئەتی سەرپەرشتیارییەوە بۆ ڕۆژنامەکە هاتبوو:" **هاوڕێیان، لە گۆشە نیگای چینایەتییەوە**". بەم پێیە، ڕاگەیاندنی ئەمەی کە قوتابخانەکان، کلێسەکان، یان کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان سەربە سەرخانن، زۆرجاران سەرمان لێدەشێوێنێت. سەرخان زیاد لەوەی شوێنێک بێت کۆمەڵێک ڕەوتی کردەکی و پڕاکتیکاڵە. بۆنموونە، ئیگلتۆن دەڵێت: دەوڵەت لەلایەکەوە پۆلیسە تایبەتەکان بۆ سەرکوتی مانگرتنی ناڕازیان دەنێرێت بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەمان ئەو هێزە بۆ ئەو منداڵانەش دەگەڕێن کە لە شەقام و خیابان و کوچە و کۆڵانەکاندا وونبوونە. ڕەنگە مارکس بۆخۆی بەم جۆرە لە سەرخانی نەدەڕوانی بەڵام دەشێت ئەمە ڕێگەیەکی کەڵکدار بێت بۆ چاکترکردن و قایمکردنی بنەڕەتی بەڵگاندنەکەی. بۆئەوەی گۆمانمان لانەمێنێت با بگەڕینەوە بۆ نامەیەکی ئێنگێلس کە لە 1890 دا بۆ ژۆزێف بلۆخ، سۆسیال دێمکراتی ئەڵمانی، نووسیبوو: ***بەپێی تێگەیشتنی ماتریالیستی مێژوو توخمی دیاریکەر لە مێژوودا، لە کۆتاییدا، بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی واقیعیە. نە من و نە مارکس هیچکات زیاد لەمەمان نەگوتووە. بەم پێیە،***

*ئەگەر کەسێک ئەم قسەیە بەم شێوەیە چەواشە بکات کە توخمێکی ئابووری یەکە و تاقانە هۆکاری دیاریکەرە، ئەم ڕستەیە دەکاتە[شتێکی] بێمانا، دەرهەست و بەتاڵ. باری ئابووری بنەمایە بەڵام توخمە جۆربەجۆرەکانی سەرخان_فۆرمە سیاسیەکانی خەباتی چینایەتی و بەدواهاتەکانی، ڕێکخراوێک کە چینی سەرکوتوو پاش خەباتێکی سەرکەوتوانە دایدەمەزرێنێت و لەم نموونانە-[بۆنموونە]فۆرمە مافەکییەکان-و پاشان تەنانەت ڕەنگدانەوەکانی ئەم خەباتە واقیعیانە لە زەینی خەباتکارەکاندا: تێورە سیاسی، مافەکی و فەلسەفییەکان، ئایدیا ئاینییەکان و گۆڕینیان بۆ سیستمی دۆگماکانیش، کاریگەرییان دەبێت لەسەر ڕەوتی خەباتە مێژووییەکان و لە زۆربەی بابەتەکان و دیاری کردنی فۆرمەکانیاندا گرینگیەکی بنەڕەتیان هەیە.*

ئەم پاراگرافە بۆ خۆی یەکێک لە بنەڕتە گرینگەکانی ماتریالیزم و هەر جۆرە ڕەخنەیەکی ماتریالیستییە. بەپێچەوانەی سەرجەمی ئەو ڕەخنەگرانەی پێیانوایە ماتریالیستەکان کۆمەڵێک مرۆڤی بێڕۆح و گیانن و خاوەن هیچ جۆرە هەست و سۆزدارییەک نین، مارکس بۆخۆی، پیاوێکی لێزان و شارەزا بوو کە لەڕووی فیکرییەوە سەربە نەریتی گەورەی ئەورووپای ناوەندی بوو و لەناو ئەو نەریتەدا باڵایکرد و حەزی لەوە بوو هەرچی زووتر ئەوەی خۆی بە زمانێکی تیژ و زبرەوە ناوی نابوو "زبڵە ئابوورییەکان"ی سەرمایە کۆتاییان پێبهێنێت و کتێبێکی گەورە دەربارەی باڵزاک و هەر وەها کتێبێک دەربارەی ئەخلاق بنووسێت. مارکس لە شوێنێکدا دەڵێت: تەندورستی و خۆشبەختی و بنەماڵەکەی کردە قوربانی نووسینی **سەرمایە** و نەیدەتوانی لە هەمبەر کێشەکانی مرۆڤ سەر

دانەوێنێت و بێدەنگی هەڵبژێرێت و لە ئاست ڕەنجەکانی مرۆڤ ملی کەچکات. وەک ئیگلتۆن دەڵێت: ئەستەمە بتوانین پیاوێکی وا بە ئەخلاقبێز و بێڕۆح بزانین کە دەنووسێت کۆمەڵگای سەرمایەداری ***"سەرجەمی پەیوەندییە ڕەسەنەکانی نێوان مرۆڤەکانی پارچە پارچە کردووە و لە جیات ئەوانە خۆپەرستی و پێداویستییە لووتبەرزانەکانی لە شوێنیاندا داناوە و جیهانی مرۆڤەکانی کردۆتە جیهانی کەسانێک کە وەک ئەتۆمەکان لێکدی جیا و دوژمنی یەکدین".***

بە هەرحاڵ، ئەوەی ویستمان تیشکی بهاوینەسەر وتەزا یاخود چەمکی بەرهەمهێنانە و مانا و دەرکەوتە مانایییەکانی ئەم چەمکەیە لەلای مارکس. بەڵام بەگشتی مەبەستی ئێمە لە نووسینی ئەم بابەتە ئەوە بوو کە بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی لە جیهانی ئێمەدا (بۆنموونە لەسەر چەمکی بەرهەمهێنان) و کۆی چەمک و قوتابخانەکانی دیکە ئامادەن و بوونیان هەیە، ویستمان خۆمان لە بەرفراوانی و فرەمانایی چەمکی بەرهەمهێنان ئاگاداربکەینەوە و ئەم چەمکە وەک زۆربەی ئەو چەپ و مارکسیستانەی کوردستان، کە پێیانوایە بەرهەمهێنان بەتەنها چەمکێکی ئابوورییە و پتر پەیوەندی بە بازاڕ و کارگە و کارخانەکانەوە هەیە، نییە بەڵکوو، چەمکێکی ئانترۆپۆلۆژیکە و دەبێت لە گشتێتییە مانایی و چەمکییەکەیدا ڕەچاویبکەین نەک وەک چەمکێکی ئابووری و بازاڕی ڕووت. کار[و بەرهەمهێنان]بۆ مارکس شتێکە زیاد لە چالاکییەکی مرۆیی، تێگەیشتن لە کار پابەندە بەتێگەیشتنێکی ئانترۆپۆلۆژیکی تەواو و کامڵ لە کار؛ واتە، تیۆرێک دەربارەی سوبژێکتیڤیتەی مرۆیی و سرووشتی، جستە و پێداویستییەکانی، هەستەکان، کۆمەڵێک ئایدیای وەک هاوکاری و هاریکاری کۆمەڵایەتی و

گەشەپێدان و ئافراندنی بەهرەکانی تاک. کار، بۆ نموونە، کۆمەڵێک مانای جۆراوجۆر و فرە ڕەهەندی دیکەشی لەخۆ گرتووە، هەر لە پرسە ڕەگەزی و جنسییەکانەوە تا دەگاتە خزمایەتی و دانوستاندن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لەپەیوەندیدا بە بەرهەمهێنانیشەوە دەشێت ئاماژە بەوە بدەین کە بەرهەمهێنان لە ناو فۆرم گەلێکی تایبەت لە ژیاندا ئەنجامدەدرێن و بەردەوام دەبن کەواتە تەژی و سەر پڕن لە مانا و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان. چەمکی بەرهەمهێنان لای مارکس و ئێنگێڵس، وەک لەسەروە ئاماژەمان پێدا، چەمکێکی تاک ڕەهەند نییە و تەنیا پەیوەندی بەژیانی جەستەیی و پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە نییە بەڵکوو مەبەستیان لەبەرهەمهێنانی ژیان، بەرهەمهێنانی ڕۆحی و مینۆکی و بەرهەمهێنانی ماکی و مادیشە. ئەوەی مارکس لەسەری دەدوێت و هەوڵدەدات شیبکاتەوە، شێوازکانی بەرهەمهێنانە؛ پێویستبوون و ناپێویستبوونی بەرهەمهێنانە لە جیهانی سەرمایەداریدا. ئەو پێیوایە ژنان و پیاوان لەیەک کاتدا دەتوانن لە مانا واقعی و ڕاستەقینەکەیدا[بەرهەم دەهێنن] یان دەکەونە ناو پرۆژەی بەرهەمهێنانەوە کە بە ڕەزامەندی خۆیان دەست بدەنە بەرهەمهێنان، واتە، بەرهەمهێنان لەپێناو بەرهەمهێناندا.

لێرەوە، ئەوەی پەیوەندی بەم یاددشتەوە هەیە ئەم خاڵە گرینگەیە کە تاقە چرکەساتێک ئێمە دەتوانین چێژ لە وا خەلاقییەت و داهێنانێک ببەین، لەپانتای فۆرمێکی تایبەت یان شێوازێکی نایابە لە بەرهەمهێناندا کە ئەویش پانتای هونەرە. مارکس دەڵێت: "***جان میلتۆن بەهەشتی ونبووی لەبەر هەمان هۆکار بەرهەمهێنا کە کرمی ئاوریشم، ئاوریشم بەرهەمدەهێنێت***". هونەر وێنەی کاری بەخۆنامۆ نییە. ئەوەی ڕاستی بێت، مارکسیش، بۆ

خۆی، پێیخۆشبوو نووسینەکانی بچنە هەمان خانەوە. مارکس دەڵێت نووسینەکانی من ***گشتیەتیێکی هونەری***"پێکدەهێنن. مارکس گەلەک بە وەسواس و هەستیارییەوە (بەپێچەوانەی قوتابییەکانی) لەپەیوەندیدا بە ستایلی نووسینەوە هەستیار بوو، چ بۆخۆی و چ بۆ خوێندنەوەی بەرهەم و کاری خەڵکی دیکەش. هەروەها ئەو بۆخۆی غەزەڵ و شیعر و پەخشانی دەهۆنیەوە، ڕۆمانێکی کۆمیکی ناتەواوی هەیە، پارچە درامایەکی شیعری و دنیایەک دەستنووسی بڵاونەکراوەی لەمەڕ هونەر و ئاینی لێبەجێماوە. وەک ئیگلتۆن ئاماژەی بۆ دەکات بەنیاز بوو گۆڤارێک لەبورای ڕەخنەی شانۆ و نامیلکەیەک دەربارەی جوانیناسی بڵاوبکاتەوە و بەگشتی بەربەرینی و بەرفراوانی زانیارییەکانی مارکس لە بواری ئەدەبیاتی جیهانیدا بەڕاستی سەرسوورهێنەرە.

بەم پێیە، بەڕای مارکس بەرهەمهێنان(ماکی و مادی، مینۆکی و ڕۆحی) بەمانای خولقاندن و بەواقعکردنی هێزە جەوهەرییەکانی مرۆڤە لە ڕەوتی گۆڕانی پراکتیکاڵیی و واقعدا. هەر وەها لە گرۆندریسێدا دەڵێت کە: ***سامان و سروەتی ڕاستەقینە و حەقیقی شتێک نییە جگە لە "بەکارهێنانی ڕەهای کۆی بەهرەکانی خەلاقییەت و داهێنانی مرۆڤایەتی" واتە " دەرخستن و وەگەڕخستنی کۆی هێزە مرۆییەکان وەک ئامانجێک لە خۆیدا، بەبێ ئەوەی بە پێوەرێکی پێشوەخت و پێشتر دیاریکراو هەڵ بسەنگێندرێت***" هەروەها لەکتێبی ***داس کاپیتاڵ*** یان هەمان سەرمایەدا دەڵێت: "***پاش کۆتایی هاتنی مێژووی کۆمەڵگا چینایەتییەکان، ئەو جۆرە لە پێشکەوتن و پێگەیشتنی هێزە مرۆییەکان دەتوانێت دەستپێبکات کە ئەنجامێکی [هەبێت] لەخۆیدا، یان[بەواتایەکی دیکە] هەمان پانتای ڕاستەقینەی ئازادی دەبێت".***

وشەی بەرهەمهێنان لە بەرهەمەکانی مارکسدا بە هەموو ئەو چالاکییە گەشەدەرانە دەگوترێت کە مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دەیکەن و بەڕێوەیدەبەن بۆنموونە: لێدانی فلووت و نەی، چێژبردن لە تامی هەرمێیەک، چەلەحانێ و دەمەتەقێکردن لەسەر ئەفلاتوون، سەماکردن وەک سکاتلەندییەکان، ئاخافتن و وتاردان، چالاکی سیاسی، شیعر، ڕۆمان، چیرۆک نووسین و کێشانی تابلۆیەکی شێوەکاری.

بەرهەمهێنان لای مارکس، ئیگلتۆن گۆتەنی، بیرهێنەرەوەی هەیکەلە ماسۆلکەییەکان و پیاوانی شەڕاشۆ و شەڕکەر نییە. کاتێک مارکس لەبەرهەمهێنان وەک جەوهەری مرۆڤ دەدوێت بە تەنها مەبەستی لە قاڵبدانی گوشت و بەستەبەندیکردنی نان بەدەستی کرێکارێک نییە. بۆنموونە، ئەوەی ئەوڕۆکە ئێمە وەک کار دەیناسین فۆرمێکی بەخۆنامۆیە لەو شتەی مارکس ناوی نابوو "پراکسیس" (پراکسیس لە مانا کۆن و گریکییەکەیدا بەمانای ئەو جۆرە چالاکییە ئازاد و گەشەدەر و گەشەکەرەی بەهرەکانە کە لەڕێگەیەوە جیهان دەگۆڕین). ڕاستیەکەی تاقە هۆکارێک وایکرد، هەرچەند کەمیش، تیشک بهاوینە سەرئەم بابەتە، گرینگی دوو چەمکی کار و بەرهەمهێنانە لە بیرکردنەوەکانی مارکس و ئێنگێڵسدا و هەر وەها کاریگەری قووڵی ئەم چەمکانەیە لە ڕخنەی ئەدەبی مارکسیستی و ئەدەبیاتی مارکسیتیدا.

**سەرچاوەکان:**

1_ لودویگ فوئرباخ و ایدئولوژی آلمانی، مترجم پرویز بابایی،چشمە.

2_ اهمیت نظریه، تری ایگلتون، امیر احمدی آریان و... ، حرفه هنرمند.

3_ پرسش هایی از مارکس، تری ایگلتون، صالح نجفی و... ، مینوی خرد.

## ئۆستوورەی پێریۆدی مانگانە

### کورتەیەک دەربارەی یارانەکان

قەیران چییە؟ ئۆستوورە و پاڵەوانی سەرەکی سیاسەت و جیهانی هاوچەرخ؛ تاقە تێرمی قەبەی سیاسییەکان و بەرجەستەترین چەمکی ناو هەموو ڕاگەیاندن و بڵاڤۆگەکان، گەورەترین ڕێکخەری پەیوەندی و لێکنزیکبوونەوە و لێک دوورکەوتنەوەی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان، باڵادەستترین ستراتیژی دەوڵەتانی زل هێز بۆ پەلاماردانی یەکدی لەپێناو قازانج و بەرژەوەندییە(بەناو)نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان. گەورەترین تێرم و پاڵەکیترین ستراتێژی بۆ گەوجاندن و فریودانی خەڵک و عەقڵی دەستە جەمعی. باشترین و لەبارترین نموونە بۆ ئێمە(کوردی ئێران) و خودی ئێران و ئەو سیستمە تیۆکراتە دیسپۆتیستییەیە کە حۆکمداری سەرتاسەری و ڕەهای سەرجەم پنت و خانە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی، کولتوورییەکانە؛ واتە، تاقە بەڕێوەبەری بێباکی سیاسەت و ئابووری لە غیابی ڕەهای خەڵکدا.

بۆ بابەتیکردنەوەی ئەو پێناسانەی پێشتر کردمان، با نموونەیەکی فیزیۆلۆژیکی بهێنینەوە کە پەیوەندیدارە بە قەیرانی ئێران و سیستمی

مرکاندننەوە و مۆخەدری قەیران لەو وڵاتەدا. دووگیانی ژنان، بە پێچەوانەی ئەخلاق و دروشمە نۆرماتیڤ و باڵادەستەکانی ئێستای ئێرانەوە، کە منداڵ دەکاتە سەرمایەی کۆمەڵایەتی داهاتووی وڵات، ڕەنگە ترسناکترین و مۆتەکە ئاساترین هەواڵ(لە ئێستای ئێراندا) بۆ زۆربەی بنەماڵەکان پێریۆدنەبوونی ژنان بێت. واتە، پێریۆدنەبوونی ژنان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەوەندە کابووسێکی تۆقێنەرە گەر ژنەکە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لهسەری مانگدا پێریۆد نەبێت ئەوا کارەساتێکی گەورەی ئابووری بەڕێوەیە. سیستمی فیزیۆلۆژیکی ژنان بەجۆرێکە کە لەڕووی سرووشتییەوە هەموو مانگێک پێریۆد دەبن و پێریۆدبوونیش دەلالەت لەوە دەکات کە ژنەکە بە(خۆشحاڵیەوە؟) دووگیان نییە. پێریۆدیزێیشێن یان یاسامەندی فیزیۆلۆژیکی ژنان، ڕەنگە کۆنکرێتیترین نموونە بێت بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا و ئاراستەکردنی قەیرانەکانی. ئەوەی ئێمە پێشتر ناومان نا مۆخەدری قەیرانەکان دەکرێت چەندان ناوی دیکەشی هەبێت کە بریتییە، لە سووپێرمەنی گەورە، شاهی شاهان، پزیشکی مێژوویی؛ واتە، **یارانەکان**. شیرینترین و شکۆدارترین ڕۆژ، (تەنانەت زیاتر لە ڕۆژە دەوڵەتییەکان)لە درێژەی سی ساڵی ڕابردوودا، ڕۆژی وەرگرتنی یارانەکانە. وەرگرتنی یارانەکان لە 15 و 16ی مانگدا بەقەدەر پێریۆدبوونی ئەو ژنانەی کە هاوسەرەکانیان و خۆیان شادمان دەکات، بەهەمان ڕادە خۆش و چێژ بەخشە. بیرمە جارێکیان کەسێک پێیوتم، ڕۆژی وەرگرتنی یارانەکان ڕۆژی لەدایک بوونمە.

وەک ئەوەی هەمووومان ئاگادارین، بەپێی ئەو گەمارۆ ترسناکەی خراوەتە سەر ئێران، ئاشکرایە خەڵک لە چ قەیرانێکدا دەژین و دەوڵەتیش لە چ

بێباکییەکدا. با بەجۆکێکەوە درێژە بەم باسە بدەین :"پیاوێک لە ژێر گڵۆپی خیابانێکدا بۆ کلیلەکانی دەگەڕا، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە کلیلەکانی لە کوێدا ونکردووە، گوتی لە کونجێکی تاریکدا کلیلەکانم ونکردووە، دەی بۆ لەژێر ڕووناکی گڵۆپی خیابانەکەدا بۆی دەگەڕا؟ چونکوو لەوێدا باشتر دەیتوانی ببینێت".

ڕەنگە ئەم جۆکە باشترین نموونە بێت بۆ پرۆژەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی تاقە ڕێگەی نەمری و هەمیشەیی خۆی و گرینگترین ڕێگا بۆ بەختەوەری _لانیکەم لە نەستی شاراوەیان و لە تاریکستانە ئایدیۆلۆژیکەکەیاندا_ بە درووستکردنی بۆمبی ئەتۆمی دەزانێت بۆیە لەپێناو ئەم پێشگریمانەدا، بێباکترین دەوڵەتە لە پانتای سیاسەتی هاوچەرخدا. بەڵگەی سەرەکیش بۆ ئەم بێباکییە ئەوەیە کە ئایا لەپێناو درووستکردنی بۆمبی ئەتۆمدا، ئەژی خەڵک بەهەمووداروبەردێکدا بدرێت؟ با ئەو خاڵە لەیادنەکەین، لە کۆمەڵگایەکدا کە ***گشتی و پاژەکی، عەقڵی و هەستەکی، کۆمەڵایەتی و تاکی*** لەژێر کاریگەی ئەم سیستمە تۆتالیتێرە سەرمایەدارە هارە ئاینییە گەندەڵەدا، کە سەرجەم بنەما سەرەکییەکانی ئەخلاق، دادپەروەری، یاسا، ئازادی، بەختەوەری باریان پێکراوە، بەخۆنامۆیی مرۆڤەکان ناگاتە ئەوپەڕی خۆی و خەڵک ملکەچناکات ببنە مووچەخۆر و جیرەخۆری دەوڵەت؟

ئەم دۆخە مێژوویەی کە وەک هەورێکی ڕەش باڵی بەسەر ئێراندا کێشاوە، حقیقەتی یەکێکی دیکە لە قسەکانی کارل مارکس دەردەخات کە دەڵێت، هەمیشە ڕووی تاریک و بەدی مێژووە پاڵی پێوەدەنێت. لە ڕاستیدا،

ئەوەی دەوڵەت ونیکردووە (بەپێی ئەو جۆکەی سەرەوە) بۆمبی ئەتۆمی نییە کە گەمژانە لەبەر گڵۆپەکەدا بۆی دەگەڕێت، بەڵکوو خەڵک و بەها گەردوونییەکانە کە ونیکردووە و لام وا نییە هیچ کات بۆی بدۆزرێتەوە.

## له فرمێسکەکانی ئۆباماوە بۆ پێکەنینەکانی حاج بابایی

### تێڕامانێک دەربارەی کارەساتەکەی شیناوێ

**له فازی یەکەمی شۆڕشی فەرانسیدا، شۆڕشگێڕان هیچ دەبوون ئەگەر خەڵک نەهاتبایەنە مەیدانەکەوە.**

**لەفازی دووهەمدا، شۆڕشگێڕان هیچ دەبوون ئەگەر خەڵک لە مەیدانەکەدا بوونایە.**

**کۆرنێلیووس کاستۆریادیس**

لۆدڤیک فۆیێرباخ، گەشە و پێشکەوتنی فەلسەفی خۆی لە سەرەتاوە، تا ئەو کاتەی خوێندکاری تیۆلۆژیا بوو هەروەها تا خوله هێگلیەکەی و نووسینی نامیلکەی **جەوهەری مەسیحییەت**، بەمجۆرە کۆ و پۆلێنبەندی دەکات: ئەندێشەی یەکەمینم خۆدا، دووهەمیان هزر و، دوا هەمینیشان مرۆڤ بوو. فۆئێرباخ لە نامیلکەی جەوهەری مەسیحییەتدا دەڵێت: هیچ جەوهەرێکی دیکە نییە کە فیکر، خەیاڵ، هەست، وێنا، هیوا، عەشق، ستایش و باوەڕی

مرۆڤ وەک موتڵەق و ڕەها بەرەو لای خۆی ڕاکێشێت جگە لە جەوهەر و چییەتی مرۆڤ. ئێمەش لەم یادداشەدا بە نیاز نین ئەو کارەساتەی لە گوندێکی پیرانشاردا_شیناوێ-بەسەر قوتابییەکانی ئەو خوێندنگەیەدا قەوما، بە ژێشتێکی ئۆمانیستی پەسیڤی ناسیاسی و تەنانەت دژەسیاسیەوە بەڕووداوێکی سرووشتی، هەڵەیەکی نەخوازراو، کەمتەرخەمی چەند بەرپرس، ناووشیاری چەند بنەماڵەی هەژار و دەسکورت و دەستەنگ، ناودێر بکەین. پاشان لەڕێگەی کۆمەڵێک وێنە و دێکۆمێنت و فیلمێک کە لەو کارەساتە گیراون، بەپێی ژمارەی گڕگرتن و سووتانی ئەو قوتابیانە و ژمارەی مردن و پەککەوتن و کەم ئەندامبوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژیان لە نەخۆشخانەدا، لە قووڵایی ئەو کارەساتە تێبگەین. ئەوەی لەم چەن ڕۆژەی دواییدا، چ لە میدیاکان و ماڵپەڕ و هەندێک لە تیڤییە کوردییەکاندا دەبینران، تەنیا هەوڵی ئەوەیان دەدا بەشێوەیەکی مرۆڤدۆستانە وێنە و فیلمی سووتان و مردنی یەکەبەیەکەی ئەو منداڵانە بڵاوبکەنەوە کە نەک سووتان و مردنیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاد دەکات بەڵکوو بەشێوەیەکی ترۆماتیک ببوون بە ماشین حەسابێک تەنیا نیگەرانی خۆیان لەو کارەساتە و قووڵاییە دەڵتەزێنەکەی بەبردنە سەرەوەی ژمارەی مردووەکانەوە گرێبدەن؛ چما گەر وێنە و دێکۆمێنت و فیلم و دووپاتکردنەوەی ژمارەکانی مردنی ئەوان نەبووبا ئەوا شتێکی ترسناک و دڵتەزێن ڕووی نەدابوو و باڵی بەسەر کۆی واقع و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمەدا نەدەکێشا.

ئەوەی بۆ ئەم یادداشتە گرینگە ئەوەیە کە، ئاخۆ ئەم کارەساتە ڕووداوێکی سرووشتییە؟ لافاوێکی گڕە و هاتووە یاخۆد هەڵچوونی شاخێکی پڕ لە گڕکانە؟ یان تەنیا هەڵەی تەکنیکی کوورەیەک لە قوتابخانەی شیناوێ لە

پیرانشاردا؟ گەر بەخێرایی چاوێک بەسەر ڕووداوەکانی جیهانی دەورووبەرماندا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت سیاسەت ئەوەندەش درۆزن نییە و چیتر سیاسەت ئەو جیهانە لێڵ و تەماوییە نییە کەس نەتوانێت پەیبە بنەڕەت و کانگای ڕووداوەکانی ببات. هەموو کەس دەزانێت لە سووریا_ سەرباری ئەو هەموو لێڵی و تەماویبوونەی _ چی ڕوودەدات و چۆن لەگەڵ مرۆڤ مامەڵە دەکرێت و بە چ شێوەیەک سەیری دەکرێت و چەندە دەتوانێت لەم جیهانەی ئێمەدا ببێتە پارچە گۆشتێکی ڕووت و بێبایەخ لە بەردەم ئەو عەقڵیەتەی لەم ناوچانەدا باڵادەستن و حوکم و بڕیار لەسەر چارەنووسی جیهان و مرۆڤی ناو ئەم جیهانە دەدات. گەر وەهمێکیشمان سەبارەت بە دەسەڵات و زل هێزە کۆشندە و باڵادەستەکانی ئەم وڵاتانە مابێت، لەمە بەولاوە زۆر بەئاشکرا بۆمان دەرکەوت ڕێژەی ناوەندی کوشتن و لووتوگوێ بڕین لەم وڵاتانەی ئێمە و دەورووبەرماندا دەشێت چەند هاسان بێت. ئەوەی بۆنموونە لە سووریا و لەسەر دەستی ئەفعیەکی وەک بەشار ئەسەد و هاوپەیمانە نگریسەکانی ڕوودەدات، هەموو ڕۆژێک کەمتر نییە لە 150 مرۆڤ. ئەمە بۆخۆی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە مرۆڤ و جیهانەکەی، دەبێت چەندە پابەند بێت بە بڕیار و فەرمانەکانی حاکمەوە. چونکوو لەوها جیهانێکدا ئەوە مرۆڤ نییە بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات بەڵکوو ئەوە حاکمە ڕادەی ئازادی، خۆشگوزەرانی، جلوبەرگ پۆشین، کتێبکڕین و ستایلی ژیان دیاریدەکات نەک هیچ هێز و کەس و لایەنێکی دیکە، ئەوە حاکمە پێمان دەڵێت چ کات پێبکەنین، چی بخۆین، بۆ کوێ بچین و سەرەنجام تا چ ماوەیەکیش بژین.

هەندێک جار وا هەڵ دەکەوێت لەم سەری جیهانەوە بۆ ئەو سەری جیهان، لە یەک کات و ماوەدا چەند ڕووداوی وێکچوو ڕوودەن کە سۆز و هاوخەمی خەڵک بەرەو لای یەکتر ڕادەکێشێت. بۆنموونە، لە پەیوەند بەو کارەساتەی کە لە شیناوێ و لە ئامریکادا ڕوویدا ئاماژە و هەڵوێستەیەکی کورت بکەین. لەوانەیە لە ڕووی هەندێک فاکتۆری سادەوە بتوانین چەند خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو دوو ڕووداوەدا بدۆزینەوە، هەر چەندە دەتوانێت لەزۆر ڕوویشەوە ئەم دوو کارەساتە لەیەکتر جیاواز بن. بەڵام ئەوەی لە شیناوێ ڕوویدا دەشێت لە زمانی گەمژەیەکی وەک وەزیری پەروەردە و ڕاهێنانی کۆماری ئیسلامی ئێران(حاج بابایی) بە ڕووداوێکی نەخوازراو و سرووشتی ناو ببرێت. ئەوەیشی کە لە ئەمریکا ڕوویدا ناوزەدبکەین بە کوشتارێکی ووشیارانە لەلایەن کەسێکەوە. ئەم بەراوەردەی ئێستا کردمان لەوانەیە زۆر گشتی بێت بەڵام ئەوەی بۆ ئەم یادداشتە پێویستە ئەوە نییە ئاخۆ ئەمە چ سیحرێکە لە ئێران و لە ئامریکا وەها ڕووداوێک ڕوودەدات، بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن دەسەڵاتدارانی ئەم دوو وڵاتە، یەکێکیان لەوسەری جیهانەوە و ئەوی دیکەشیان لەمسەری جیهانەوە بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوانە دەکەن یاخۆد بە چ شێوەیەک ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە دەبنەوە. چەند میدیا و چەند دەزگای ڕاگەیاندن بەئەرکی سەرشانیان دەزانن هەواڵەکانی ڕووماڵ بکەن و چەند دامودەزگا لەهەمبەریدا خۆیان بە بەرپرس دەزانی بۆ ئەوەی لەباری ڕاگەیاندنەوە کاری لەسەر بکەن.

ئەوەی لە ئامریکادا ڕوویدا، بەلای ئێمەوە، گرینگییەکەی لەوەدا نییە کە بۆچی و بە چ شێوەیەک تاکێک دەتوانێت بەجارێک27 کەس و

لەئەنجامیشدا خۆی بکوژێت. بەڵکوو ئەوەیە کە لەمسەری کۆمەڵگای ئامریکاوە بۆ ئەوسەری، لە سەرکردە و دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەوە، لە تێلێڤیزیۆن و میدیا و تۆڕەکان و ماڵپەڕەکان، دامودەزگا فەرمی و تایبەتەکانەوە ڕووبەڕووی ئەم ڕووداوە بوونەوە. بۆنموونە، ئەو کاتەی کە باراک ئۆباما لە کاتی شەرمەزارکردنی ئەو ڕووداوە_گەر درۆش بێت یان ڕاست_هاوخەمی خۆی بە شێوەیەکی فەرمی ڕوو لە خەڵکی ئەمریکا بەگشتی و بنەماڵەی کوژراوەکان بەتایبەتی ڕاگەیاند و گریا. لە کاتێکدا لەمسەری جیهانەوە دەسەڵاتدارێکی وەک وەزیری پەروەردە لەپەیوەندیدا بەڕووداوەکەی شیناوێی پیرانشارەوە، بە ڕووداوێکی سرووشتی ناوزەدیکرد و لەو پەڕی بێشەرمی و ویقاحەت و بێئەخلاقی و نا پەرپرسیارێتیدا، زەردەخەنەیەکیشی پێشکەشکردین. ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە لێرەدا نامانەوێت باس لە کەماڵی ڕەها و فەزیلەتی ڕەهای دەسەڵاتدارانی ئامریکا و خەڵکی ئەمریکا بکەین، بەڵکوو ئەوەمان بەلاوە گرینگە ئەوان چۆن و بە چ شێوەیەک لە مرۆڤ و خەڵکی خۆیان و جیهانیان تێگەیشتوون و دەیبینن.

جارێکیان لە کەناڵی یەکی کۆماری ئیسلامی ڕاپرسیەکییان سەبارەت بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی کرد، بەرلە بڵاوکردنەوەی ڕاپرسییەکە لە ئێران، ڕای چەند کەسێکیان لە ئاڵمانیا بڵاوکردەوە کە پەیوەندیداربوو بە بۆچوونی خەڵکی ئاڵمانیاوە سەبارەت بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی. زۆربەی خەڵکی وڵاتی ئاڵمانیا سەرمایەی کۆمەڵایەتییان بە مرۆڤ دەزانی. واتە، ئەو هەموو پرسیارە کە لە خەڵکی ئاڵمانیا کرا، بەشی هەرە زۆری لەو باوەڕەدابوون سەرمایەی کۆمەڵایەتی شتێک نییە جگە لە خەڵکی ئەڵمانیا.

ئەو ڕاپرسییەی کە لە ئێران و بەکامێرای فەرمی کۆماری ئیسلامییەوە گیرابوو و بڵاوکرایەوە زۆربەی خەڵک سەرماییەی کۆمەڵایەتییان بە کانگا و سەرچاوە ژێرزەمینییەکان، بۆمبی ئەتۆمی و نەوت دەزانی. ئەوەی لەم ڕاپرسیەشدا_ تەنانەت بە هەڵکەوتیش _ئاماژەی پێنەدرا مرۆڤ بوو.

ئەگەر ئەم ڕاپرسییە بکەین بە سەرەتا و بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندنی واقیعی ترسناک و کۆشندەی دونیابینی مرۆڤ لە جیهانی ئێمەدا، ئەوە زۆر بەئاسانی بۆمان دەردەکەوێت ئەو چەمکەی دەکەوێتە پشت هەموو چەمکەکانەوە، مرۆڤە. ئەو چەمکەی لە بەرامبەر هەندێ چەمکی وەک پارە، زەوی، دەسەڵات، پێگە و پلە، سەرچاوە ژێرزەمینییەکان، نەوت و بۆمب و هتد دەبێتە دوایین چەمک و ئاخرین چەمک، مرۆڤە. واتە، بە بەراوەرد بەو چەمکانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا مرۆڤ لە نەویترین، پەسترین و نزمترین پێگە و حاڵەتی خۆیدایە. بۆنموونە گەر بۆریەکی ئیدارەی گاز بتەقێتەوە، تەقینی ئەو لوولەیە وەک ڕووداوێک دەشێت گرینگتر بێت لە مردن و سووتانی منداڵە قوتابییەکان شیناوێ.

فۆئێرباخی پیر لە دەیەی 1860 دا پاش ئەو ماوە زۆرەی کە مارکس چیتر نووسینەکانی نەدەخوێندەوە، نووسی: **"لەوێدا کە پێویستییەکانی ژیان ئامادە نین، ووشیاری لە پێویستی ئەخلاقی و پێملبوون و ئەرکیش بوونی نییە"**. لەم پەیوەندیدا بەم پێملنەبوون و بێئەخلاقییە ترسناکەوە دەتوانین پرسیار لە خۆمان بکەین کە داخۆ چ سیحرێکە کە ڕووداوی کوشتنی ئەو 27 منداڵە لە ئەمریکا توانی ببێتە وێردی سەرزمانی هەموو تۆڕ وماڵپەڕ و میدیاکان؟ بۆنموونە، کەناڵی بی بی سی فارسی و کەناڵی دەنگی ئەمریکا1

چیمابوو نەیکەن بۆئەوەی چاوی خەڵکی ئێران پڕکەن لە فرمێسک سەبارەت بەو کۆشتارە لە ئەمریکا. ئەم جۆرە کردارانە ئەوە دەسەلمێنێت کە دامودەزگا و میدیا و کەناڵی ڕاگەیاندنی فارسی زمان، چ سەربە دەوڵەتی ئێران و چ سەربە ئۆپۆزیسیۆن و تەنانەت سەربەخۆش، چەندە دەتوانن گێلبن_لەوانەشە بە ئەنقەست_ لەهەمبەر ئەو کارەساتە ترسناک و کۆشەندەیە لە شێناوێدا ڕوویدا.

لەم سۆنگەیەوە، دەبێت بۆ جارێکی دیکە لەو نابەرپرسیارێتی و بێئەخلاقییە ڕامێنین کە کۆمەڵگای ئێرانی بەرامبەر ئێمەی خەڵک دەیکەن و بگەڕێینەوە بۆ بۆشایی و داڕمان و ئەو درزە گەورە مێژووییەی کەتۆتە ئەخلاقی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری... کۆمەڵگا و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، کە بەدواهات و درکەوتە نگریسەکانی ئەم داڕمانە ئەخلاقی/سیاسییە، بۆ جارێکی دیکە، نەمانکاتەوە مەبەستنیشانی خۆیان. ڕەنگە یەکێک لەسەرچاوە گرینگەکانی ئەم بێئەخلاقی و نابەپرسیارێتیە، بگەڕێتەوە بۆ سەیرکردنی مرۆڤ و بینینی وەک ئاژەڵێکی بێزمان بێکەلام. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرینگە ئەوەیە تەنیا بەرپرسی ئەو قوتابخانەیە لە شیناوێ و کۆی قوتابخانەکانی دیکەی کوردستان نییە بە تەنها، بەڵکوو بەرپرسی ئەو کارەساتە گەورە و ترساناکە، ئەوانەن دەتوانن بەربەو کارەساتانە بگرن و نایگرن. ئەوانەن دەتوانن ببنە ڕێگر لەبەردەم ڕوودانی کارەساتی لەم چەشنە و نابن. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، پێویستە لەسەرمان لەم پرۆژە گەورە و مێژوویەی بێئەخلاقی ڕامێنین و لە دەرکەوتەکانی قووڵببینەوە و بەمانا و ڕەهەندە سیاسییەکانیدا بچینەوە. بۆیە بەکورتی لەسەر ڕەهەندی مێژووی ئەم بێئەخلاقییە دواین، لەبەرئەوەی ئایا

ئەم ڕووداوەی شیناوێ هەمان دووپاتبوونەوەی قاڕنێ و قەڵاتان نییە لە فۆرمێکی مەدەنیتر و شارستانیتردا؟ ئایا هەمان ئە دەستدرێژییە نییە لەڕێگەی بێئەخلاقی و نابەرپرسیارێتیە مێژووییەوە بۆسەر مرۆڤ و جیهانی ئێمە؟ ئایا هەمان دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیا و دەموچاوە ترسناکانەی ئەو کاتە نین ئەمڕۆ بەبێ چەک و تەقەمەنی و جبەخانە لەڕێگەی جۆراجۆری مەدەنی و سرووشتییەوە پەلامارمان دەدەن؟ ئایا ئێمە لەژێر هەمان کەش و هەوا و ئاسمانی سەردەمی قاڕنێ و قەڵاتاندا نین؟ با ئەوەش لەیادنەکەین ئەو خاڵە تراژیکەی ئەوڕۆ تووڕەی کردووین_سووتان و مردنی ئەو قوتابیانە لە شیناوێ_ لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا چۆن دەبێتە بابەتێکی کۆمیک. بەواتایەکی دیکە، ئەو ڕستەی سەرەوە بەم جۆرە شێوەبەندی بکەینەوە: مناڵەکان هیچ کێشەیەک نییە کە ئەمڕۆ پیاوانی دەوڵەت و کاربەدەستان و دەست و پێوەندەکانی لە مەرگ و سووتان و هەژاریمان ناپرسنەوە، ئەوان بۆ هەڵبژاردنی خۆلی یازدەی سەرۆک کۆماری دەگەڕێنەوە لامان. کەواتە، بێتاقەت مەبن لە مەرگی یەکتر، هەمووتان لەو کاتەدا بە خۆشی و کامەرانییەوە دەچنەوە پۆلەکانتان. بە هیوای ئەو ڕۆژە ...

## سیاسەت مرد، بژی سیاسەت

### کورتەیەک دەربارەی جەعلکردنی سیاسەت

**بیرت بێت گەورەترینی گوناهەکان ئەوەیە ژیان پێش شەرەف بەخەیت و، لە بەر ژیان هەموو ئەو شتانە بدۆڕێنی کە وا دەکەن ژیان بە ژیان بشێ.**

**د. جەی. جۆونال**

ڕوانینی ئێمە بۆ سیاسەت ڕوانینێکی کوشندە و ترسناکە، ڕوانینێکە ئەوندەی بیر لە بەدواهات و ڕووداوە نێگاتیڤەکانی پاش سیاسەت دەکاتەوە ئەوەندە بیر لە ڕووداو و بەدواهاتە پۆزێتیڤەکانی ناکاتەوە. ڕوانینێکە ئەوندە دەیەوێت دەستبە دۆخی هەبووەوە بگرێت کە ئەو ژیانە ڕێژەیی و نەوەستاوە نەجوولێنێت و هیچ هێز و دەسەڵات و... ئەو دۆخەی بۆ نەشوێنێت و وازی لێبێنن و ڕێگەی پێبدەن تاکوو ئێستا چۆن ژیاوە لەمە بەدواش هەر بەو شێوەیە بژی. وێناکردنی خەڵک بەگشتی بۆ سیاسەت وێناکردنێکی سەرسوڕهێنەر و ترساناکە کە لەدیدی کۆمەڵانی خەڵکەوە

لەڕووی ڕۆحی، ویژدانی، سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەخلاقیشەوە مرۆڤ تا دواڕادە دەهاڕێت. وێناکردنێکی ئەوەندە سەرنجڕاکێش و ترسناکە، ئەگەر چیرۆکێکی شەڕ و جەنگ و گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و... بۆ بگێڕینەوە ئەوا بە سانایی بۆمان دەردەکەوێت کە سیاسەت نەک ناتوانێت ژیان بگۆڕێت بەڵکوو تێکیشی دەدات؛ سیاسەت نەک ناتوانێت کیانێکی تازە درووسبکات بەڵکوو ئەو کیانە نەزۆک و خەمۆکەشیان لێدەسێنێت. قسەکردن لەسەر سیاسەت قسەکردنە لەسەر ترسناکی، قسەکردن لەسەر سیاسەت قسەکردنە لەناو جوگرافیایەکی ئەهریمەنی و شەیتانی کە هەموو هێزێکی کوشندە و قێزەون لەهەناویدا ئامادەیە. هەموو هێزێک، چ دامودەزگا توندوتیژەکانی دەوڵەت و چ دەست و پەیوەندەکانیان لەدەرەوە و ناوەوەی بازنەی قسەکردن یان تەنانەت ناخی بازنەکەش، بارگاوییە بە ترس و وەحشەتەوە. جوگرافیای بەرتەسکی قسەکردن لەسەر سیاسەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بارگاوییە بەگۆمانکردن لە قسەکردن و قسەنەکردن. بەڕای نووسەری ئەم دێڕانە، سیاسەت یان قسەکردن لەسەر سیاسەت ناگەڕێتەوە بۆئەوەی کە خەڵک سووژەی سیاسەتن بەڵکوو لەو دۆخەدا کە گشتێتی پانتای سیاسەت تا دواڕادە لەڕێگەی دەست و پێوەندەکانەوە چاودێری و کۆنترۆڵدەکرێت و توندوتیژی دەوڵەت و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی گەیشتوەتە ئەو پەڕی خۆی، ئەوا خەڵک هیچ نین جگە لە ئۆبژەیێکی ڕووت لەبەردەم وەها دۆخێکدا. بەواتایەکی دیکە، خەڵک چیتر لەم دۆخەدا پاژ یان بەشێکی پێکهێنەری کۆی کەش و گشتێتی سیاسەت نییە بەڵکوو بەردەوام خۆی لەپێگەی ژیانێکی ڕووت و بایۆلۆژیکیدا دەبینێتەوە کە هەردەم چاوڕێی ئەوەیە دەستێکی شاراوە،

هێزێکی نەرێنی، بڕیار لە مان و نەمانی بدات و بوون و نەبوونی بخاتە غەرغەرەوە. کەواتە، لەم دۆخەدا مرۆڤ بەگشتی هیچ نییە جگە لە ئۆبژە یان سرووشتێکی ڕووت و پەسیڤی بەردەم سیاسەت. وەک تیۆدۆر ئادۆرنۆ دەڵێت: ***ئەمە دۆخێکە کە نازانیت ئەو کەسەی لە دەرگای ماڵەکەت دەدات پۆستچییە یان هێزەکانی گەشتاپۆ.***

لێرەدا سیاسەت یان قسەکردن لەسەر سیاسەت ئەوندە زادەی ترس و دڵەڕاوکێیە ئەوندە زادەی سرووشتیبوون و نۆرماتیڤبوونی قسەکردن لەسەر سیاسەت نیە. واتە، سیاسەت لێرەدا ئەکت و کردار نییە یان شوێنێک نییە بۆ چاککردن و چەکدارکردنی ووشیاری و ئامادەبوون و خۆتەرخانکردن بۆ گۆڕانی خود یان کۆمەڵگا. بەڵکوو قسەکردنە لە بۆشاییدا بەمەبەستی بۆشکردنەوەی هەرچی زیاتری جۆگرافیای سیاسەت و قسەکردن. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم پێناسە و کاریگەریانەی سیاسەت، ئەوندەی پێناسەن بۆ دەوڵەت و کاروباری دەوڵەتی، ئەوندە فڕیان بەسەر سیاسەت خۆیەوە نییە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی سیاسەت و ئەو شتانەی سیاسین کە ڕاستەوخۆ دەستیان لە بەرهەمهێنان و ئافراندنی سیاسەتدایە؛ سیاسەت بیرکردنەوە و پانتای ئافراندنە، پشتیوانیکردنێکی هاوبەش نییە بۆ بەشداربوون لە پارلیمان و دەنگدان و بەشداربوون بۆ درووسکردنی سامانەیەکی هاوبەش بەمەبەستی بونیاتنانی ژیانێکی هاوبەش، بەڵکوو بچڕان و دابڕانە لە دۆخی هەبوو.

سیاسەت لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا وشەیەکی ناپاک و درۆزن و بێبنە کە بەهیچ شێوەیەک ناکرێت و نابێت مرۆڤ بەدڵنیاییەوە پاڵ بەم چەمکەوە

بدات و ژیان و داهاتووی ژیانەکەی بداتە دەست ئەم چەمکە. کەواتە، کۆی ئەم بابەتانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەتوانین بەم شێوەیە کۆبکەینەوە کە: سیاسەت ئەو پانتایەیە کە خەڵک بیروباوەڕی جیاوازیان بۆ ژیان/سیاسەت هەیە. بۆنموونە، دەبێت چۆن و بەچ شێوەیەک بژین؟ دەبێت کێ چی بە دەستبهێنێت؟ دەسەڵات و سەرچاوەکانی دەبێت چۆن دابەشبکرێت؟ ئایا کۆمەڵگا دەبێت لەسەر بونیادی هاوکاری و هاوگرۆیی دابمەزرێت یان ململانێی؟ کێ مافی بڕیاردانی هەیە و چۆن ئەم مافەی دراوەتێ و لەلایەن چ هێزێکەوە ئەم مافەی پێبەخشراوە؟ چۆن بڕیاری هاوبەش و گشتی لەسەر چارەنووسی کۆی کۆمەڵگا بدرێت؟ و لەم نموونانە. ئەم پرسیارانە و سەدان پرسیاری دیکە لەم پەیوەندییەدا دەتوانین ڕیز بکەین و لە مانا و ڕەهەندەکانیان بکۆڵینەوە. کەواتە، ئەم پرسیارانە و پرسیاری لەم جۆرە وامان لێدەکات وەک ئاریستۆ دەڵێت: ***سیاسەت بە ئەرباب و سەروەری زانستەکان*** بزانین.

بەم پێیە، سیاسەت لەبەر بڵاوترین دەرکەوتە مانایی و تێرمینۆلۆژیکییەکانیدا بریتیە لە چالاکییەک کە لەڕێگەیەوە خەڵک دەتوانن یاسای گشتی ژیانی خۆیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و...خۆیان باشتربکەن و بیپارێزن. لێرەدا، سیاسەت پەیوەندیدارە بەدوو چەمکی ململانێ و هاوکارییەوە. لەسەرێکەوە، ئامادەیی بیروباوەڕە ڕەکابەرەکان، خواستە جیاوازەکان، پێویستییە ناکۆک و بەرژەوەندییە ناکۆکەکان لە پەیوەندیدا بەو بیروباوەڕە لێکدژانەی کە خەڵک لەڕێگەیانەوە دەژین و بیردەکەنەوە و جیاوازی بیروڕایان لێدەکەوێتەوە. لەسەرێکی دیکەشەوە، خەڵک پێیان وایە بۆ کاریگەریدانان لەسەر ئەم نۆرم و

چوارچێوانە، یاخود گەرەنتی کردنیان دەبێت پێکەوە هاوکاری بکەن، وەک ئەوەی کە هانا ئارێنت ناوی دەنێت "***پراتیکی هاوئاهەنگ***". هەر لەبەر ئەم هۆیەشە زۆرجار سیاسەتیان بە چارەسەرکردنی ململانێکان زانیوە کە تێیدا جیهانبینییە لێکدژەکان یان بەرژەوەندییە ناکۆکەکان لەگەڵ یەکتر کۆک و تەبادەبن.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەمانە، وەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆکرد، هێشتا سیاسەت چەمکێکی ناپاک، درۆزن، کوشندە و ترسناکە. بۆنموونە، لەساڵی 1775 دا، سامۆێل جانسۆن بەمشێوە سەرسووڕهێنەرە سیاسەت پێناسەدەکات: سیاسەت هیچ نییە جگە لە کەرەستەیەک بۆ درووستکردنی شۆڕش لە جیهاندا " و، هەروها لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا مێژوونووسی ئەمریکی، هێنری ئادامز، سیاسەت بە "***ڕێکخراوی سیستماتیکی دوژمنییەکان***" دەزانێت. بەم پێیە، ڕزگارکردنی سیاسەت و چەمکی سیاسەت، پێشوەخت، پێویست بە ڕزگارکردنییەتی لەم دەرکەوت و لێکدانەوە ترسانکە مانایی و چەمکییانە؛ ئەم هەوڵی سڕینەوە و پاککردنەوەی سیاسەت لە بەدناوی و ناپاکی، بەپلەی یەکەم، لەخۆیدا، هەوڵدانێکیشە بۆئەوەی سیاسەت وەک کردارێکی بەهادار و تەنانەت هەڵگری ستایشکردن دەرکەوێت و بەرجەستە بکرێتەوە.

کەواتە، چیتر سیاسەت ئەو پانتا کوشندەیە نابێت کە بۆنموونە، بەلای جەماوەری خەڵکەوە هیچ چەمکێک نادۆزینەوە کە بەقەدەر چەمکی سیاسەت ترسناک و بێسەرەوبەرە نەبێت کە وامان لێبکات، لەلایەکەوە، بیر لە ژیانی تاکی و شەخسی بکەینەوە و خۆمانی پێوە سەرقاڵبکەین و

لەلایەکی دیکەشەوە، سەرکۆنەی هەرجۆرە گۆڕینی کۆمەڵگا و دۆخی هەبووی بەردەممان یان ئایدیای گۆڕینی ژیانمان بۆ سیستمێکی تازە و کۆمەڵگای ئایندە بکەینەوە. لەدەرئەنجامدا، گۆڕان لەم وێناکردنە نامێژوویی و ساختەدا بۆ سیاسەت لە کوردستان و چین و توێژە بەربەرینەکانی هەناوی ئەم وڵاتە، وادەکات جارێکی دیکە لەدەوری بابەتێکی هاوبەش کۆببینەوە و هێزێکی گەورە و جەماوەرێکی کۆمەڵایەتی سیاسی پڕخوێن فەراهەمبکەین. وەک جۆرجییۆ ئاگامبێن دەڵێت:***گەر ئەورۆ دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێت، ئەم دەسەڵاتە، بەشێوەیەکی پێویست دەبێت بە قووڵاییەکانی بێهێزی و لاوازی خۆیدا بچێتەوە و بیبینێت، دەبێت لەهەرجۆرە ئیرادەیەک بۆ داڕشتن و دانان و پاراستنی یاسا خۆی ببوێرێت، دەبێت لەهەموو شوێنێکدا پەیوەندی نێوان توندوتیژی و یاسا[کە ئەم وێناکردنە ترسناکەی بۆ سیاسەت لای کۆمەڵانی بەربەرینی خەڵک دروستکردووە*** (ئەم ڕستەیە زیادەی نووسەری ئەم یادداشتەیە )، ***لەنێوان بوونەوەری زیندوو و زماندا کە درووستکەر و پێکهێنەری حاکمییەتە، تێکبشکێنێت***.

ئەگەر بۆنموونە، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی وەک درووستکەری ئەم جۆرە وێناکردنە بۆ سیاسەت لەسەر خەیاڵگەی جەماوەری خەڵک لەبەرچاوبگرین، ئەوا ئەم ڕژێمە, کە لە لێوارەکانی کەوتن و ڕمانی سەرتاسەریدایە، چ لەڕووی سیاسی، ئابووری و چ لەڕووی ئەخلاقی و هێماینیشەوە. ئەوەی بەلای هەموو دنیاوە ئاشکرایە، ئەم ڕژێمە دەیەوێت بەشێوەیەکی ئایدیۆلۆژیک پۆستاڵی پووک و پووچی لەژێر ناوی جۆرێک پێکهاتی ڕووتی حاکمییەت (ئاگامبێن)و پەرەدان و بڵاوکردنەوەی کۆی

جەمسەر و جۆمگەکانی کۆمەڵگادا، درێژە بەماننەوە و ژیانی نەزۆکی خۆیبدات. لەم ڕووەوە، وەک چۆن واڵتێر بێنیامین لە پارچەی ئێلاهیاتی/سیاسیەکەیدا بەبێ هیچ گۆمانێک پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرێت کە "***سیستمی جیهانی دەبێت لە سەر بنەمای ئایدیای بەختەوەری یان خۆشبەختی دابمەزرێت***". کەواتە، لەڕێگەی ئەم ئاسۆگە بێنیامینییەوە دەتوانین وێناکردنێکی مێژوویی و ڕاستەقینە بکەین بەگژ ئەو وێناکردنە ساختە و جەعلییە بۆ سیاسەت کە لە خەیاڵگەی خەڵکی کوردستاندا ئامادەیە. لەدەرئەنجامدا، ئەو کاریگەری و ترسانکییەی سیاسەت لە یادەوەری و دونیابینی خەڵکی ئێمەدا بۆ سیاسەت، کە سەرلەبەری کۆی خەیاڵگەی سیاسی ئینسانی ئێمەی داگیرکردووە و ماوەتەوە سیمای سەرکەوتوانە و سەرفەرازانەی ئەو ڕژێمە هار و هەوسارپچڕاوانەی دەسەڵاتە سەرکوتگەر و ستەمکار و ئایدیۆلۆژیکەکانی ناو ئێران و وڵاتانی دەورووبەریەتی کە هەموویان دەستەخوشکی یەکن و هەموویان دەتوانین لەدوو چەمکی ستراتێژیک و مەفهوومیدا کۆبکەینەوە واتە: ***هاری و ستەمکاری***.

ئەوەی بڕیارە بیزانین و کاری بۆ بکەین، ئاشکراکردنی ئەم دیدە ترسناک و کوشندە و جەعلییە نییە بۆ سیاسەت، بەڵکوو هەڵدانەوە و پاککردنەوەی گەرد و تۆزی بان ئەو مێژووە حەقیقی و ناونشینەی کوردستانە. بەواتایەکی دیکە، دۆزینەوە و پاککردنەوەی ئەو مرواریيە داپۆشرا و تەم گرتوانەیە کە لەڕێگەی ئایدیا ڕزگارینەخشەکانییەوە ئێمەی گرێداوە بە ڕۆحی شۆڕشگێڕ و هیوابەخشی بزوتنەوەی مێژوویی ئەم گەلەوە، کە ڕاپەڕینی ناپیرۆز و نگریسی ئیسلامی(1357) لەخشتەیبردوو و

لەڕووداوێکی گەورەی مێژوویی کۆمەڵایەتی سیاسییەوە چەواشەیکرد بۆ تیۆکراسیەکی دڕەندە و هار. لەدەرئەنجامدا، ئەوە تەنیا سیاسەتە کە یارمەتیمان دەدات هەوڵبدەین بۆ مسۆگەرکردنی ئایدیا ڕزگاریبەخشەکانی خەباتی زەحمەتکێشان و هەژاران و بەشمەینەتان؛ ئەوە تەنیا سیاسەتە دەتوانێت ماناکانی ژیان و بەختەوەری و خۆشبەختیمان بۆ بگێڕێتەوە و ئینسانیشمان بۆ ئینسان. وەک بیرمەندی گەورەی سەدەی نۆزدەهەم، کارل مارکس دەڵێت: **با هەرچی زووترە ڕاپەڕینی جوان ببێتە جێگرەوە و جێنشینی ڕاپەڕینی ناشرین.**

# مەرگ، خۆڕاگری و جیهانی هاوچەرخ

## ڕامانێک دەربارەی ڕەهەندەکانی سەرمایەداری

**ستراگۆن: ئێمە هەمیشە شتێک دەدۆزینەوە تاکوو بوونمان بیر بهێنینەوە، نەتبینی؟ ڤلادیمیر: ئەرێ، ئەرێ، ئێمە جادووگەرین، بەڵام ڕێگە بە لەسەر ئەو بڕیارەی داومانە بمێنینەوە بەر لەوەی بیرمان بچێتەوە.**

**سامۆئێل بێکێت**

**مەرگ، ئەو وڵاتە کەشفنەکراوەی هیچ موسافیرێکی لێی نەگەڕاوەتەوە.**

**هاملێت**

ڕەنگە چرکەی ڕزگاربوون یان ئازادی ڕەها، یاخود هەمان واقیعی حاشاهەڵنەگری جیهان و ژیان لەهەناوی ئەم جیهانەدا، چرکەساتی مەرگ بێت. لەڕاستیدا ئەوەی بۆ هەر ماتریالیستێک سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی ئەم چەمکە پێویستە ئەوەیە نابێت مەرگ وەک ڕزگاربوون یان ئازادی بەرەو

جیهانی دیکە و جیاواز لەم جیهانە و واقیعێک جگە لەم واقیعە وێنابکرێت بەڵکوو دەبێت چرکەساتی ڕزگاربوون و ڕزگاری یەکجارەکی لەپەیوەندیدا بە مەرگەوە گرێبدەین بە ئازادبوون و ڕزگاربوونی یەکجارەکی و سەرتاسەری لەو سوڵتە و جیهانە کۆنترۆڵ کراو و ئایدیۆلۆژیکەی دەستی خستۆتە ناو ژیانی تاکبەتاکی مرۆڤەکانەوە و کۆی واقیع و هەڵسووکەوت و جومگەکانی ژیان دەسکاریدەکات و لەباری دڵخوازی خۆی دەیجوولێنێت. لەم سۆنگەوە، بۆهەر ماتریالیستێک ئەو خاڵە ئاشکرایە کە مەرگ وەک واقیعێکی ترسناک/ناشیرین بەشێک لە ژیان و بەشێک لەم جیهانە ئایدیۆلۆژیک و کۆنترۆڵکراوەیە. بەواتایەکی دیکە، دەشێت مەرگیش بەقەدەر کۆی ماناکان و چەمکەکانی ناو جیهان و واقیعی ژیانمان دەستی هەبێت لە درووسکردن و پێکهاتن و تێگەیشتن و وێناکردنمان بۆ جیهان؛ واتە دەکرێت وێناکردنی کەسێکی ئاینی، سۆسیالیست، ناسیونالیست، کرێکار، بازرگان یاخود هەر کەسێکی ئاسایی و سەربە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی جیاواز بێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا گومانی لێناکرێت ئەوەیە کە مەرگ چەندە دەتوانێت یەکێک لەڕێکخەرە شاراوە و نهێنیەکانی دونیابینی، تێگەیشتن و ڕوانینمان بێت بۆ واقع و ژیان. بەم پێیە، دەشێت مەرگ و ویناکردن بۆ مەرگ، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، پەیوەندیدار بێت بە ژیان و هەڵسوکەوتمانەوە لە کۆمەڵگا و گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەکرێت دیاریکەری چۆنیەتی ژیان و هەڵبژاردنی ستایلی ژیانمان بێت. بۆیە، لەدواجاردا پێمان وایە، مەرگ ئەوندە چەمک و دۆخێکی کۆمەڵایەتییە ئەوەندە چەمکێکی مێتافیزیکی نییە. هەڵبەت دەکرێت ڕوانگەی و دیدی جیاواز جیاواز و فرەجۆر بۆ پرسی مەرگ لە تاکە کۆمەڵایەتییەکان و

گرووپە جۆراوجۆرەکاندا ئامادە بێت. چونکوو مەرگ وەک مەرگ بۆ هەموو مرۆڤەکان یەکسانە بەڵام بێگومان جۆرەکانی مەرگ نایەکسانە و هەموو مرۆڤێک جیاواز لە مرۆڤەکانی دیکە دەمرێت. زێدەباری ئەمە، بەهەمان ڕادەش میتۆد و دونیابینی جیاوازیش بۆ بینی مەرگ و خوێندنەوەی پرسی مەرگ و پەیوەندی بە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەکان لەدوای مەرگەوە هەیە و بەردەوام ئەم کەڵکەڵەیە بۆ مرۆڤ لە ئارادایە. بۆنموونە، لەوانەیە هەندێک کەس وەک ئێپیکۆر بۆ چەمک و مانای مەرگ بڕوانن کە پێیوایە: ***تا ئەو کاتەی ئێمە هەین مەرگ نیە و کاتێک مەرگ هەیە ئێمە نین***، یاخود هەندێ کەسی دیکە ووشیارانە یان ناووشیارانە، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیڕەوی لەم پێناسەی سۆرن کییرکێگۆر بکەن کە لەو باوەڕەدایە: ***حەقیقەتی مەرگ سەختره لە مەرگ*** و سەرەنجامی واقعی و ڕاستەقینەی مەرگ، وەک نموونەی بینین و تماشاکردنی مەرگ هێنامانەوە (دەکرێت لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواییدا زۆر نموونەی ڕوانین بۆ مەرگ هەبێت بەڵام لەبەر پێکهاتی یاداشتەکە قەناعەتمان بەم دوو نموونەیەکرد) ڕەنگ بێت بەلای هەندێ کەسی ئێپیکۆرییەوە چیروکی مەرگ ببێتە بابەتێکی بەتاڵ و بێمانا و ئازاردەر و لای ئەوانەشی کە وەک کییرکێگۆر بیردەکەنەوە مەرگ ببێتە هۆکار و ڕایەڵێکی ئەخلاقی/دینی بۆ جیهان و ئینسان و ڕەێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و پەروەردگار لە فۆرمێکی تازەدا.

بۆنموونە، دەتوانین ئاماژە بدەین بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی مرۆڤ لە بۆنە و مەراسمی پرسە و سەرەخۆشی و ئەسپەردەکاندا، بەتایبەت ئەو کاتەی جەستە/تەرمی کەسی مردوو دەنێژرێت زۆربەی ئامادەبووان دەچنە

ژێست/هەڵوێستێکی دینی/ئەخلاقییەوە کە: خۆ ژیانی ئێمە(زیندووان) بەبەڕێوەماوە با خۆمان لە گوناهە ئەنجام دراو یاخۆد ئەنجام نەدراوەکانی خۆمان بپارێزین و پاکبکەینەوە. ئایا ئەم هەستە یەکێک لەو دوکتورینە تیۆلۆژیکە ترسانکە کۆشەندانەی دین نیە بۆ ڕێکخستنی پێوەندیەکانی مرۆڤ بەجیهانەوە یان ئەخلاقیکردنەوەی ئینسان لە دڵی مردندا (دۆخی ناشتنی تەرم) و گەڕانەوەی بۆ جیهان؟ بەڵام، ئەوەی لێرە و لەم چرکە ساتە وجوودیەدا بیری لێناکرێتەوە چۆنیەتی مەرگی کەسی مردووە (مەبەست ڕووداى هاتوچۆ، شێرپەنجەکان و هەر ڕووداوێکی پزیشکی یان سرووشتی) ئەوی بیری لێناکرێتەوە کە کەسی مردوو لەبەر چ هۆکارێک بەپێی کام ڕووداو گیانی لەدەستداوە. واتە، لەم جۆرە مەراسم و بۆنەی ئەسپەردە کردنانەدا جۆرێک تێگەیشتن بۆ مەرگ ئامادە دەبێت بەتەواوەتی جیاوازە لە تێگەیشتنی پێش ئەسپەردە کردندا. تێگەیشتنی باڵادەست و زاڵ لەم جۆرە تێڕوانین و بۆنانەدا بۆ مەرگ ئەوەیە، دەشێت مەرگ بۆخۆی (لەخۆیدا) جۆرێک بێت لە سەرکونەکردنی ژیان و سەرکوتکردنی بۆ ئەو کەسانەی بینەر و شاهیدی مەرگن و ئەوانیش بەشێکن لەم پرۆسە گەورەیە.

ئەوەی بۆ ئەم یادداشتە گرینگە ئەوەیە کە، ئاخۆ دەکرێت لەناو جیهانی سەرمایەسالار و سەرمایەداری هاری هاوچەرخدا هەندێک مەرگ هەبن پێوەندیان بەهیچ جیهانێکەوە نەبێت؟ دەتوانرێت مەرگێک هەبێت مەرگێکی ڕووت بێت و فڕی بەسەر هیچ مانایکی دیکەوە نەبێت و خۆی جەوهەرەی خۆی بێت؟ دەشێت مەرگێک هەبێت تاقە سەرچاوەکەی مەرگ بێت و مەرگێک بێت لەپێناو مەرگدا؟

دەتوانین ڕەستێکی دیکە لەم پرسیارانە و سەدان جۆر پرسیاری دیکە لەم پەیوەندییەدا بهێنینە ئاراوە بەڵام خاڵی گرینگ و پەیوەندیدار بە ژیانی هەمووانەوە ئەوەیە لە جیهانی ئەمڕۆدا کە لەم سەرەیەوە بۆ ئەو سەری سەرمایەداری سەرجەمی کون و کەلەبەرەکانی بە پڕۆژەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریەوە خنیوە، دەکرێت مەرگێک هەبێت بەرئەم شەپۆلە ترسناک و کوشندە نەکەوێت؟ دەکرێت مەرگێک هەبێت بە تەنها مەرگی سرووشتی بێت؟

بێگومان پێویست بەوە ناکات بەڵگە بۆ ئەم بابەتە ئاشکرایە بهێنینەوە کە مرۆڤ، گەر تەنیا بیەوێت بژی، بەس بێت بۆ بەردەوامی سەرمایەداری. کەواتە، لە جیهانی ئەمڕۆدا، لاموایە، کەم مەرگ هەبێت بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕۆحی سەرمایەداری تەنیا ئامادە نەبێت و ڕۆڵێکی گەورەی تێدا نەبینیت. وەک ماکس هوورکهایمێر لە پەیوەندیدا بە مەرگ لە جیهانی ئەمڕۆی سەرمایەدەریدا دەڵێت: ***بێگومان هەموو کەسێک دەبێت بمرێت بەڵام نەک بەشێوەیەکی یەکسان... لەوەی کە لەدوای مردنەوە ڕوودەدات هیچ نازانم بەڵام ئەوەی پێش مەرگ(دەیزانم و) ئامادەیە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداریدایە (هەموو شتێک) ڕوودەدات.***

ئێمە لێرەدا و لەو پەیوەندەدا بەبابەتی بەرباسمانەوە دەتوانین لە درێژەی تێبینیەکەی هوورکهایمێردا چەند خاڵ زیادبکەین. لەوانەیە مەرگێک هەبێت بکەوێتە دەرەوەی بازنەی سەرمایە داریەوە؛ لەوانەیە مەرگێک هەبێت لە پێگەی نەفی ڕەهای دۆخی هەبوو یاخود وەک پراکسیسێکی مێژوویی لەپێناو نەفیی خۆی و نەفی جیهانی سەرمایەداریدا، خۆی وەک

سووژەیەکی مێژوویی مسۆگەر بکات و لەناخەوە خۆی بەتاڵبکاتەوە و بەرەو دۆخێکی بەرزەجێ(ترانسێندێنتاڵ) هەڵکشێ. واتە، مەیسەرکردنی و پڕئەگەرکردنی بارودۆخێک بۆ بەرەنگاری و بەرپەرچدانەوەی ئەو تاڵانچییێتی و چەوسانەوەی کە پڕۆژە فرەجۆر و فرەچەشنەکانی سەرمایەداری بەسەر کۆمەڵگاکاندا فەرزی دەکات. واتە، مودێلی ڕۆژئاوایی ژیان و مانەوە لەژێر درووشمی دیمۆکراسی لیبڕاڵ و چ لە سەرمایەداری لە مودێلی ڕۆژهەلاتی و لەژێر درووشمی چەپێنەری دینی دیسپۆتیستییەکەدا. (هەڵبەت ئێمە لێرەدا هەوڵی کاڵاییکردنەوە و فێتیشیستیکردنەوەی مەرگ یان ئێستاتیکی کردنەوەی مەرگ و خەملاندنی بەکۆمەڵێک دەستەواژەوە نادەین، یان بەگشتی وەک گیۆرگ لووکاچ دەڵێت هەوڵ نادەین **دژایەتیەکی ڕۆمانتیکی سەرمایەداری** بکەین بەڵکوو هەوڵی ئەوە دەدەین چۆن دۆخێک فەراهەم دەبێت کە ئایدیا وەک ڕەنگدانەوەی خواستە مێژوویەکان لەهەناوی پرۆسەیەکی دیالێکتیکی و لەڕێگەی سووژە مێژوویەکانەوە دەبێتە پڕۆژەیکی سەرتاسەری گەوەری سیاسەتی ڕزگارییبەخش و چۆن سووژە لە مەرگێکی پەسیڤەوە (ژیان لەهەناوی سەرمایەداریدا) دەگۆڕێت بۆ سووژەیەکی مێژوویی و ویژدانێکی ووشیار و پراکسیسی (کردار) هاڕین و هەڵتەکاندی دۆخی هەبوو لەپێناو دامەزراندەوەی جیهانێکی تازە و ئافراندنی بڕگە و کەرتێکی نوێ و مێژوویی دیکەی جیاواز لەم مێژوو/جیهانەی کە تێدا دەژین.

لەدەرەنجامدا، دەکرێت مەرگێک هەبێت پەیوەندیداربێت بە ژیانێکی ئانتی کاپیتالیستەوە، بەرهەمهێنانی فۆرمێک لە ژیان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیستمێکی ستمکار و چەوسێنەری ژیان یان هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی

کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵگا و ئەخلاق بۆ ئەخلاق و ئینسان بۆ ئینسان (ئایا ئەمە هەمان پڕۆژەی مێژوویی و ئاشنای هەمیشەیی و بیرمەندی گەورەی چەوساوەکان، دوژمنی سەرسەخت و عەقلانی سەرمایەداری سەدەی نۆزدەهەم، کارل مارکس نیە؟).

با نموونەیەک لە مارکس بهێنینەوە. مارکس لە **داس کاپیتاڵ**دا دەنووسێت: ***بۆ پیاوان و ژنان(چەوساوەکان) جیاوازە کە زۆرتر لەکاتی خۆیان بمرن، ژیانیان لەژێر کاریگەی و بێگار و کارکردندا کورتتردەبێتەوە، لەوەی بیریان لێدەکردەوە یان لەڕووداوێکدا ژیانیان بەربکەوێت، برینداربن یان نەخۆشبکەون.***

سەرەڕای ئەم نموونەیە لە مارکس هێنامانەوە، ئایا خەبات دژی ئەم سیستمە کوشندەیە لە دڵی خەباتێکی سۆسیالیستدا لەیەک کاتدا نەفی چەوساندەنەوە، نەفی سرمایەداری نیە لەجیهانی مسۆگەری بەرمەبەستماندا؟ مسوەگەربوونی خواستی مێژوویی زەحمەتکێشان و بندەستان و بەشمەینەتان نیە؟ بۆیە، پێمان وایە دەبێت و دەکرێت مەرگێکیش هەبێت بکەوێتە دەرەوەی بازنە نگریسەکانی سەرمایەداریەوە، هەرچەندە وەک تیۆدۆر ئادۆرنۆ دەڵێت: ***مەرگ لە بنەڕەتدا شتێکی ناشرینە*** بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە مەرگەوە مەرگ نیە لەم مانا ئابستراکت و دەرهەستەکەیدا، بەڵکوو جۆرێک درێژەدانە بە ژیان لەڕێگەی مەرگەوە، ڕەخساندن و کردنەوەی دەرفەتێکە بۆ ژیان لەدڵی مەرگدا، کردنی مەرگە بە کردار و گرێدانیەتی بەسووژەیەکی مێژوویەوە و وەبەرهێنانەوەی

دیالێکتیکی ئایدیا و هەڵبژاردنی مەرگ لەپێناو پرۆژەیەکی گەورەی سەرتاسەریدا بۆ نەفی ڕادیکاڵی خۆی و دۆخی هەبوو.

لۆژیکی حەقیقی و پێوەری عەقڵانی بۆ هەموو پراکسیسێکی ڕاستەقینەی مرۆیی، لەڕاستیدا دەبێت بکەوێتە ڕووبەڕێکی ئەگەردارەوە، ئەمەش(لەخۆیدا) بەهیچ جۆرێک بەو مانایە نیە کە ئەم پراکسیسە بەشێوەیەکی پێویست دەبێت لەڕووی ئەخلاقیەوە نوقسان و خەساری تیا ئامادە نەبێت؛ ئەرکی هیچ ئەخلاقێک ناتوانێت ئەمەبێت کە هەندێ نۆسخە بۆ پراکسیس بچێتەوە و ململانێ سەرنەکوتوو و تراژیکەکانی چارەنووسی مرۆڤایەتی چارەسەربکات و وەلاییبنێت. بەپێچەوانەوە، تێڕامان لەخۆدی ئەخلاقی، بەوردی ئەوە نیشاندەدات کە هەندێک شوێنکات و دۆخی تراژیک هەن کە تێیاندا ئەنجامدانی پراکسیسی بەبێ هەڵگرتنی ڕەنجی باری گوناه نامومکین و بێئەگەرە، بەڵام هاوکات فێرمان دەکات کە تەنانەت گەر ناچاربین لەنێوان دوو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گوناەدا یەکێکیان هەڵبژێرین، دیسان پێوەرێک بۆ پراکسیسی درووست و نادرووست و هەڵە بوونی هەیە. با ناوی ئەم پێوەرە بنێین ***گیانبازی*** یان قوربانی (گیۆرک لووکاچ)، کەواتە لێرەدا ئایدیای مەرگ وەک پراکسیس بۆ درێژەدان بە ژیان لەڕێگەی خەباتێکی پەڕگیری سۆسیالیستییەوە دژی سەرمایەداری، دەبێتە قوربانیکردن یان خۆبەخشی منی کەمبەها لەپێناو ئایدیایەکی واڵاتر و بەرزتردا. ئەمە لەخۆیدا، ئەگەرێکی گەورە و کۆنکرێتی، نەک ئایدیالیستی، بەڵکوو ئەگەرێکی گونجاو بۆ پراکسیس دەکاتەوە؛ ئەگەرێکی مێژوویی و ئەخلاقی، ئەگەرێک کە وەک وزەیەکی پاڵنەر و بەتین لە قووڵاییەکانی ڕەنج و مەینەتی هەژاران و زەحمەتکێشانەوە دێتە دەرێ و ئاراستەی ئەو جیهانە

نامێژووییەی کە تیدا دەژین دەگۆڕێت و ورە و وزەی خەباتمان پێدەبەخشێت بۆ دامەزراندی جیهانێکی سوسیالیستی یان لانیکەم هەڵبژرادنی مەرگێکی سۆسیالیستی.

**ژێدەر:** ئێمە لەم یادداشتەدا لە چەمکی مەرگ، پتر وەک چەمکێکی ئابستراکت  و دەرهەست، کە لە فەلسەفە و لای فەیلەسووفان کەڵکی لێوەرگیراوە بۆ تیۆریزەکردنەوەی ماناکان و ڕەهەندەکانی مردن و مەرگ، کەڵکمان لێوەرنەگرتووە و بەکارماننەهێناوە بەڵکوو لەبەر سیاقی ئێستاتیکی تێکستەکە وشەی مەرگمان بەکار هێناوە، ئەگینا وشەی مردن زیاتر لە وشەی مەرگ لە ژیان کۆمەڵایەتیدا بەکار دەهێنرێت و گونجاوترە.

## سیاسەتی قووڵنەکردنەوە

### دەربارەی بەردەوامی دۆخی هەبوو

**گەر فەنلاند، لەهێستان یان ئۆکراین لە ڕووسیا جیاببنەوە، هیچ کێشەیەک نییە، هەر کەسێک دژایەتی ئەمە بکات شوڤێنیستە. شێتییە درێژە بە سیاسەتی تێزار نیکۆلای بدەین...گەر نەتەوەیەک نەتەوەکانی دیکە سەرکوت بکات، ناتوانێت[نەتەوەیەکی] ئازاد بێت.**

**لینین، ئاخافتن دەربارەی پرسی نەتەوەیی، حەوتەمین کۆنفرانسی سەراسەری حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی ڕووسیا (بۆلشیڤیک)**

بیرکردنەوە لە چ کات و ساتێکدا ئەنجام دەدرێت و لە چ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و هتددا ڕوودەدات؟ ئایا پابەندە بە هەندێک ڕووداو و کارەساتی نەخوازراوەوە یاخود پەیوەندیدارە بە مرۆڤ و

پرسەکانییەوە لە جیهاندا، یان ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ مانا شاراوە و نهێنی و داپۆشراوەکانی ئەو جیهانەدا؟ ئایا کارێکی ئەستەمە و کەس بۆی نییە و ناتوانێت بیکات یاخود پیشەیەکە وەک پیشەکانی دیکە و هەندێک کەس دەبێت ئەو پیشەیە بەڕێوەبەرن؟ ئایا ڕۆیشتنە بەناو تاریکییەکانی جیهاندا و تاقیکردنەوەیانە لە کلینیکی ووشیاریدا؟ یاخۆد ناسینی مرۆڤ خۆیەتی لەڕێگەی دیاردەکانی دونیا و خوێندنەوەیانە لە دەرکپێکردن و تاقیکردنەوە و پرسیارکردندا یاخۆد گۆڕینی جیهانە لەڕێگەی گۆڕینی خودەوە؟

لەپەیوەندیدا بەم پرسیارانەی سەرەوە دەتوانین ڕای چەندەها نووسەر و بیرمەند و فەیلەسوف بهێنینەوە، کە لەگەڵ هەندێک لەم پرسیارانەدا کۆکن، و بە هەمان شێوەش دەتوانین ڕای چەندان بیرمەندی دیکە بهێنینەوە کە لەگەڵ هەندێک لەم پرسیارانەدا ناکۆکن و خەتی سوور بەسەر ئەم پرسیار یان ئەو پرسیاری دیکەدا دەهێنن. بەڵام، ئەوەی لەنێوان ئەم بیرمەندانەدا هاوبەشە ئەوەیە کە ژیان لەناو جیهان و هەناسەکێشان تیایدا بەبێ ئەم پرسیارانە و پرسیارگەلێکی لەم شێوەیە چەندە دەتوانێت نەکردەبێت. چونکوو ئەوەی بۆهەموو کەسێک دەشێت دەرفەت بێت لەپێناو ناسینی دونیا و خۆڕێکخستنی مرۆڤ لەگەڵیدا، لەوانەیە بۆ هەندێک کەسی دیکە دەرفەتێکی مەترسیدار و هەڕەشەیەکی گەورە بێت بۆسەر ژیان و قازانج و ڕادەی خۆشگوزەرانی و... لە کۆمەڵگا و لە جیهانە ئایدیۆلۆژیک و بەرتەسکەکەیدا. بۆیە، پێمان وایە، بەقەدەر کۆی پرسیارەکانی سەرەوە و سەدان پرسیاری لەو شێوە، خەڵکانێک هەبن بەهیچ جۆرێک حەز لە گۆڕینی جیهان و دەسکەوتە مرۆیی و یۆنیڤێرساڵەکانی عەقڵ بەگشتی

نەکەن و تەنانەت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ووشیارانە یان ناووشیارانە دژیایەتی ئەم دەسکەوتە بەشەری و جیهانی و مرۆییانە بکەن (بۆنموونە، ئازادی، بەرابەری، دیمۆکراسی، سۆسیالیزم). بەدیویێکی دیکەشدا، خەڵکانێک هەن لەدرێژەی سەدەکاندا چەندە گیان فیدایانە و خۆبەخش و لەخۆبردوانە و بەو پەڕی گیانبازیەوە کۆی وزەی جەستە و هێزی مادی و مینۆکی خۆیان بۆ مسۆگەرکردنی تەنانەت یەکێک لەم ئایدیانە خستۆتەگەڕ و گیانی خۆیان بەختکردووە و بە مردن و بیرکردنەوە و دەسوەردانیان لە جیهان و کۆمەڵگادا، ویژدانی گشتی و ڕۆحێکی هاوبەشیان لەپێناو پاراستن و پێداگرتن لەسەر ژیانی باش و شەرافەتمەندانەدا بەرهەمهێناوە و ڕاوەستاون و درێغیان نەکردووە لە هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی ئەم جیهانە و گەڕاننەوەی ڕێزی مرۆڤ بۆ مرۆڤ.

کەواتە، ئێمە لەم وتارەدا نامانەوێت ڕای ئەم فەیلەسووف بۆ ئەو فەیلەسووفی دیکە ڕاڤەبکەین یاخۆد بۆچوونی ئەم بیرمەندەلە دژی ئەوی دیکە بخەینەڕوو و ڕاستی و درووستی، حەقیقەتی ئەم و درۆی ئەو ئاشکرابکەین، بەڵکوو هەوڵ دەدەین لەڕێگەی ئەو پرسیارانەی پێشتر هێنامانە ئاراوە لەهەندێک کێشەی ناو جیهانی خۆمان بدوێین و لەو دەستەواژە و تێرمانەی کە ڕۆژانە ئینسانی ئێمە و خەڵکی کۆمەڵگای ئێمە هەمیشە و بەردەوام و وەک بابەتی بەڵگەنەویست و حاشاهەڵنەگر بۆی دەڕوانن چیین و چۆن کاردەکەن ڕامێنین و لەوە تێبگەین کە دەرکەوتەکان و بەدواهاتەکانی چین و چ پەیوەندییەکیان بەدارشتنەوەی سەرجەم خانە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە و چۆن لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی دیکە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە

دەگۆڕێت بەبێ ئەوەی ناوەرۆکی ئەم تێرم و دەستەواژە و چەمکانە لە ڕووی زانستییەوە شیکرابێتنەوە و گومان لە سەرچاوە مەعریفی و مێژوویی و وجوودییەکانیان کرابێت. ئەوەی سەرنجی ئێمەی بۆ ڕامان دەربارەی ئەم چەمکانە ڕاکێشا، ئەوەبوو کە ئەم تێرم و چەمکانە کە لەوپەڕی کلێشەبوونیاندا هێشتا دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەرجەم پنت و جۆمگەکانی کۆمەڵگادا بهبێ ئەوەی کەوتبێتنەبەر تەوژمی بیرکردنەوە و تێڕامان و لێپرسینەوە و قووڵبوونەوە، بەبێ ئەوەی کەوتبێتینە بەر پرسیار و گومان و لێپێچینەوە لە ئامادەیی مێژوویی و ئایدیۆلۆژیکیان لەپەیوەندیدا بەدرێژبوونەوە و ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤیان بۆناو کایە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مافەکی، حیزبی و کولتووری و مەعریفییەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە.

ئەو تێرمە سەرسووڕهێنەرانەی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام کەڵکیلێوەردەگرێت و کاری پێدەکرێت و کاریگەرییەکی زۆری لەڕووی سایکۆلۆژی، ڕۆحی، کۆمەڵایەتی و مافەکییەوە هەیە چەمکی قووڵنەکردنەوەیە. (لەم وتارەدا ئێمە تەنیا ئاماژە بەم تێرمە دەکەین ئەگینا سەدان تێرمی لەمشێوە هەن کە شانبەشانی یەکدی سەرقاڵی کارکردنی ئازادانە و ڕەهای خۆیانن). لەزۆر شوێن و جێگەدا ئەم ڕەستانەمان بیستووە کە دەڵێن: با ئەم باسە قووڵنەبێتەوە، شەڕەکە قووڵبۆتەوە، دادگا لێیان قووڵدەکاتەوە، ڕۆژنامەکان قووڵیانکردۆتەوە، باسێکی قووڵە، لەسەری مەڕۆ لەوە قووڵترە و... ئایا ئەم ئامادەییە زیندو و هێژێمۆنیکەی چەمکی قووڵنەکردنەوە_کە هەندێکجار مرۆڤ وسوەسە دەکات ناوی بنێین دیسکۆرسی قووڵنەکردنەوە_تەعبیر نییە لە کۆمەڵگایەک کە چەندە لەبەکارهێنانی عەقڵدا ترسنۆکە و لەپاشەکشێکردندا

بەهێزی پێشکەوتوو بەچ شێوەیەک خۆدەبوێرێت؟ چەندە بەکارە بۆ لە کارخستنی عەقڵ و لە قاڵبدانی لە قەبارەیەکی بەرتەسکی کەمخوێندا.

بێگومان، ئامادەنەبوونی عەقڵ وەک تاکە هۆکارێک کە دەتوانێت لە نائامادەیی خۆیدا درووستکەر و ڕێگەخۆشکەربێت بۆ سازداندن و ڕەخساندنی دەرفەت و مەیدانێکی گەورە بۆ خۆڕادانی هێزە دواکەوتوو و وەهماوییەکانی ناو کۆمەڵگا و باڵادەستی ئەم هێزە کۆنەپەرست و پڕگیرانە لەغیابی هەرجۆرە دەرکەوتنێکی عەقڵدا. ئایا سیاسەتی پشت ئەم ڕستە و چەمکانە لەپێناو چ دۆخێکدا کاردەکەن و بەکارن لە دواخستنی چ هێزێکدا؟

ئەوەی ڕاستی بێت ئامادەبوونی ئەم چەمکانە لە کۆمەڵگای کوردستاندا، توانیویەتی سووژەی سواو و مرۆڤی بەرمەبەستی خۆشی بەرهەمبهێنێت و وابکات تەنانەت بەرگری لە سیاسەتی پشتەوەی گۆتاری قووڵنەکردنەوە بکات. سیاسەتێک کە توانیویەتی بەشێوەیەکی مەخمەڵی و نەرم هەندێک واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا دەسکارییکات و ئاراستەی پێبدات. لێرەدا، مەبەستی ئێمە لە دەستکاریکردنی واقع ئاماژەدانە بەو دۆخە بەردەوام/هەبووەی کە شەرعییەت و ڕەوایەتی خۆی لە پەرەدان و بڵاوکردنەوەی ئەم سیاسەتەدایە بۆ ناو پانتاکانی ئایین، کولتوور، سیاسەت و... لەهەمان کاتیشدا دەرکەوتە نێگەتیڤەکانیشی بەردەوامەتی و قەتیسمان و نەگۆڕی کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی ناخەکی، ڕیشەیی و ڕادیکاڵ و هێشتنەوە و ڕاگرتنییەتی لە هەمان دۆخی هێمایین و نەگۆڕدا و ڕێگرێکی گەورەی دەرەکییە کە بەنیازە تەگەریەکی گەورە بێت لە هەمبەر ئەوەی

کۆمەڵگا بیر لە خۆیبکاتەوە و سەرلەنوێ خۆی فۆرمڕێژبکات و بەخۆیدابچێتەوە.

بەڕای ئێمە، یەکێک لە کاریگەییە ترسناکەکانی سیاسەتی قووڵنەکردنەوە لە قاڵبدانی عەقڵ و یەخسیرکردن و قەتیسکردنیەتی لەئاستی بیرکردنەوەیەکی ڕووکەشی و دیفۆرمەدا کە هیچی لێناوەشێتەوە جگە لە شاردنەوە و داپۆشینی ئانتاگۆنیزمە دەروونی و ناونشینە کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی و ڕادیکاڵەکان. بەگوتەیەکی دیکە، سیاسەتی قووڵنەکردنەوە وڵامدانەوەیەکی ئەزەلییە بە پرسیارەکان و کێشەکان و مارەکردنی بێدەنگییە لە ناکۆکییە چارەسەر نەکراوەکان و بەگشتی دیارکەوتنی جۆرێک ئەخلاقی ڕێژەییە لە کۆمەڵگایەکدا کە تا سەرئێسقان ناکۆک و لێکدژە. کەواتە، تاقە هێزێک کە دەتوانێت بەرپەرچی ئەمجۆرە سیاسەتە[سیاسەتی قووڵنەکردنەوە] بداتەوە ئەو دیوی دیکەی چەمکی قووڵنەکردنەوەیە، واتە، قووڵکردنەوە.

لەڕاستیدا، هێنانەئارای چەمکی قووڵکردنەوە لەدژی چەمکی قووڵنەکردنەوە، دەتوانێت بەمانای نەفی ڕووکەشیکردنەوە و قووڵنەکردنەوە بێت و ئەم حەزە ئایدیۆلۆژیکەی سیاسەتی قووڵنەکردنەوە بخاتە مەترسییەوە کە لە جیهانی دەروونی و تەریکی خۆیدا بەردەوام خەون بەوەوە دەبینێت بەشکوو جیهان هەر ئەوە بێت کە دوێنێ هەبوو.

ئەوەی ڕاستیبێت، تایبەتمەندی هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی دیالێکتیکی بەشێوەیەکی هێگلی/ئادۆرنۆیی ئەوەیە کە بتوانین چەمکەکان دژی خۆیان بەکاربهێنین و بتوانین لەڕێگەی پاڵنانی ئەم چەمکانەوە بەرەو ئەوەی

هەریەکەیان ئەویدی نەفیبکاتەوە. باشترین نموونە بۆ بابەتیکردنەوەی ئەم دوو چەمکە هێنانەوەی دوونموونەی سیاسی گونجاوە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم دوو چەمکە لە ژیان و کۆمەڵگای کوردستاندا. ئەم دوو جۆرە لە سیاسەت بریتین لە:

**سیاسەتی قووڵکردنەوە و دەرکەوتەکانی**

لە کۆتاییەکانی دەیەی 50ی هەتاوییەوە تا دوا ساڵەکانی دەیەی 60 ، واتە بەجۆرێک لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانەوە تاکوو ساڵەکانی کۆتایی 60 (هەڵبەت ئێستاشی لەسەر بێت) خەڵکی کوردستان بە درێژایی ئەم ساڵانە پێیان لەسەر داواکارییە ڕاستەقینە و چارەسەرکردنی پرس و کێشە مێژووییەکانیان داگرت و چرکەساتێکیش بیریان لەوە نەکردووە دەستبەرداری مافە ڕەواکانیان بن کە بریتیبوون لە ئازادی، لابردنی ستەمی نەتەوایەتی، چارەسەرکردنی و وەلانانی ستەمی جنسی، بەرابەری، مافی یەکسان، پشتیوانی لە زەحمەتکێشان و کرێکاران و چەوساوەکان و... بەگشتی کۆمەڵگایەکی یەکسان، نەک تەنیا بۆ کوردستان بەڵکوو بۆ ئێرانیش؛ واتە، قووڵکردنەوەی سەرجەم کێشە مرۆیی و ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و پێداگرتن لەسەر ڕەوایەتی نیشتمانی و نەتەویی ئەم داواکاریانە تا دواڕادە و خەباتکردن لەپێناویدا تا دواهەناسە و تۆمارکردنی بەرگێکی زێڕینی دیکە لەخەباتی بەرحەقی خەڵکی کوردستان و سەلماندنی ڕاستی و درووستی سیاسەتی قووڵکردنەوە لەپێناو دەرخستنی مەودای دووری نێوان داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دوژمندا و پارێزگاری لە ویژدان و ڕۆحی نەتەوەیی و درێژبوونەوە/قووڵبوونەوەی

کێشەکە تەنانەت بۆ ئاستی جەنگێکی درێژخایەنی 10 ساڵەی پڕاوپڕی سەرسەختانەی چەکدارانە.

## سیاسەتی قووڵنەکردنەوەو درکەوتەکانی

نموونەی سیاسەتی قووڵنەکردنەوە ئامادەیی ریفۆرمخوازانی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە لەپانتای گشتی سیاسەت لە ئێراندا. گەر دەیەی 60 دەیەی تۆمارکردنی حەماسە گەورەکانی هێزی پێشمەرگە و ئامادەیی زیندووی خەڵکی کوردستان لەپانتای سیاسەت، کولتوور، کۆمەڵگا و... ئەوا دەیەی 70 دەیەی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ساختە و جەعلی هێزێک بوو لە کوردستان کە بەناو ریفۆرمکردن لەپێکهاتەی سیاسی ئێران و گۆڕینی ڕوانینی دەسەڵاتدارانی ئێران و ڕاکێشانی سەرنجی هێزە خودی/دەوڵەتییەکانی ئێران و ڕیفۆرمیستانی نادەوڵەتی بۆ خەڵکی کوردستان و بەقەناعەت گەیاندنیان لەپێناو جێبەجێکردن و هەموارکردنی هەندێ مادەی بێمانا و نابەجێی وەک 15ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵێک قەول و بەڵێنی بەتاڵ و پووچ کە جگە لەوەی هیچ دەسکەوتێکی بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان تێدا نەبوو لانیکەم بووبە دووکان و بازاڕێکی لەبار بۆ ڕیفۆرم خوازانی کورد کە توانیان لەڕێگەی فرۆشتنی مێژووی شکۆدار و پڕشانازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەدەیەی 60دا هەندێک عەرز و زەمینی تجاری لە شارەکانی کوردستان لەژێر ناوی ئایدیۆلۆژیکی وەک دامەزراندنی هەندێک ڕێکخراوی کولتووری NGOدا وەربگرن کە بەهاتنەسەرکاری دەوڵەتی 9 و 10 ئەحمەدی نژاد

خەونە ئایدیۆلۆژیکە جەعلییەکانیان بەتاڵبووەوە و مەجەوزی ئەو عرز و زەمینە تجاریانەیان گۆڕی بۆ زەوی مەسکوونی و خۆشیان لە ڕیفۆرمیستەوە گۆڕان بۆ مێعمار...

# جەستە، مانیفێستی خەبات و خۆڕاگری

## کەبوودوەند و ئەگەرەکانی شۆڕش

***بۆ ئەنوەر حوسێن پەناهی***

***کوڕێک بە جەستە پۆڵا و بە ڕۆح دەریا***

کافکا، چوار ڕەوایەتی هەیە دەربارەی ئەفسانەی پڕومتێ ـ ئەفسانەی یەکەم دەڵێت: چونکوو پڕومتێ، ڕاز و نهێنییەکانی یەزدان و خوداوەندەکانی دەرخست و(ڕیسوایکردن) «خوداوەندەکان بەستیانەوە بەتاشەبەردێکی قەفقازە و چەند هەڵۆیەکیان نارد جەرگی بخۆن، ئەم جەرگەش بەردەوام دەڕوایەوە. ئەفسانەی دووهەم دەڵێت: پڕومتێ لەعەزرەتی ئێشوژان و بەهۆی کاریگەریی ئەو دەنووکانەی لێیدرابوو، هەرچی زۆرتر بەناو تاشەبەردەکەدا ڕۆدەچوو تائەوەی لەگەڵ تاشە بەردەکە دەبێتە یەکێک و تێکەڵ تاشەبەردەکە دەبێت. ئەفسانەی سێهەم دەڵێت: خەیانەتەکەی(پڕومتێ) لەدرێژەی ئەو هەزاران ساڵەدا فەرامۆشکرا، خوداکان و هەڵۆکان و خۆی فەرامۆشیان کرد. ئەفسانەی چوارم دەڵێت: هەموان لەو ئەشکنجە بێمانایە ماندووبوون، خواوەندەکان ماندووبوون، هەڵۆکان ماندووبوون، برینەکەش

هەر بەماندوویی سارێژبۆوە. ئەوەی مایەوە کومەڵە شاخێکی شەرحنەدراوە، لەوێوە کە ئەم ئەفسانەیە لە حەقیقەتەوە ڕاسا، کەواتە، دەبێت لەشەرحنەگری و تەفسیرنەراوەییدا کۆتایی پێبێت.

پڕومتێ ئەو کەسەیە بوێرانە بەرانبەر خواوەندەکان بەرگری لە مرۆڤ دەکرد، خواوەندەکان بە بێهیچ هۆکارێک ستەمکاربوون و ستەمکاری ببوو بەپیشەی هەمیشەییان. پڕومتێ ئەوندەی تەمسیلێکە بۆ نواندن و دەرخستنی ئاکار و ڕەفتاری ستەمکاران، بەهەمان ئەندازەش هێمایەکە بۆ ئاشکراکردنی نێهێنیەکانی ئاسمانی درۆیین و خواوەندە ستەمکارەکانیشی. ئەوەی بوئیمە جێگەی پرسیارە، ئەوە کامکرداری پڕومتێیە ئەوەندە ئاسمانی تووڕەکردووە بەم چەشنە سزای بدەن؟ پڕومتەی ئەفسانە و پڕومتە واقعییەکانی دونیای ئێمە جگە لەوەی تەنیا و تەنیا ئاگر یان چاوگی خوداوەندەکانیان دزیبوو، ئەو ئاگرەیان بەخشی بە مرۆڤ، چ تاوانێکی دیکەیان کردبوو؟

ئەوەی لەم ئەفسانەیەدا گرینگە ئەوە نییە کە ئایا پڕومتێ لەم خەباتەدا سەرکەوت یان دۆڕا، یاخود، پڕومتێ چی بەسەرهات. ئەو پەیامە گەورەی ئەم ئەفسانەیە دەبەخشێتە هەموو جیهان ئەوەیە کە زاڵمان و داگیرکەران هێشتا ماون و لەگەڵمان دەژین، ڕۆژانە یەک دەبینین و لەیەکدی هەڵدەکەوین و ململانێکە لە جیهانی ئاسماندا کۆتایی نەهاتوو لەوێدا چارەسەر نەبوو، بەڵکوو زەمینی بووەوە و ئەم ململانێیە درێژەی کێشیا بۆ سەرزەمین. کەواتە، ناوی خواوەندەکان و ئەفسانەکان و کەسەکان،

دامۆدەزگا و ڕێکخراوەکان، تاوان و سزاکان لە ئاسمانەوە بۆ زەمین گۆران و زەمینیبوونەوە.

کوردستان، لە مێژە مۆڵگەی هەموو هێزە داگیرکەر و ستەمکارەکانە، لە مێژە بۆتە پانتا و پیدەشتی هەموو ئاژەلێکی بیانی، لە مێژە بۆتە بووکەڵەی دەستی ئەم وڵات و ئەو وڵات، لە مێژە خەڵکی ئەم وڵاتە بە هەموو هێزە ڕزگاری خوازەکانیەوە–چ وەک تاک و کەسایەتی سەر بەخۆ، چ وەک خێڵ و حیزب و دەسەڵات– بە ناو ئاگر و ئاسنی ئەم وڵات و ئەو وڵاتەوە تێپەڕیوە تاکوو بگاتە ئەم سەردەمەی ئێستامان (هیوادارم لە کات و ساتێکی دیکەدا بتوانین سەفەری کورد بە ناو ئەم ئاگر و ئاسنەدا باس بکەین). ئەوەی لە ناو ئەم سەفەرە ترسناکەی خەڵکی ئێمەدا، زۆر ئاشکرایە ئەم خاڵەیە کە لە هەر شوێنێک زەبر و زەنگێک لە لایەن داگیرکەران و ستەمکارانەوە هەبوو بێت، خۆراگریش هەبووە. دەسەڵاتی ستەمکار و توندوتیژی لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانەدا پەلی هاویشتبێت بۆ سەر ئینسانی ئێمە، هەر لەو شوێنەشدا وڵامی پەلهاویشتنەکەی دراوەتەوە. وەک فوکۆ دەڵێت : **لەوشوێنەدا کە دەسەڵات ئامادەیە، خۆڕاگریش سەر هەڵدەدات، چونکوو بوون و ئامادەگی دەسەڵات گرێدراوە بە ئامادەیی کۆمەڵێک لە خاڵەکانی (سەنگەرەکانی)خۆڕاگری.**

ئەم وتارە بەنیازە چەند خاڵێک،1 سەبارەت بە مانگرتن و پێگەی کەبوودوەند وەک سووژە/مانگر بخاتەڕوو. مەبەست لەخستنەڕووی ڕەهەند و ماناکانی مانگرتنی کەبوودوەند ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە لایەکەوە، چونکوو ئەو ویستویەتی لەم سەری کوردستانەوە بو ئەو سەری

کوردستان و لە هەوڵێکی چڕ و پڕ و بەردەوام بۆ ڕۆشنگەری کردن سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە هەموو ئاستەکانی ژیان، کەواتە دەبێت لە سەر گرینگیەکەی بدوێین. لەلایەکی دیکەیشەوە، چونکوو کەبووەند دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی کوردستانە، بۆیە ویستوومانە ڕەهەند و گرینگییەکانی و کاریگەری وچالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە پەیوەندیدا بە مانگرتنەکەیەوە باس بکەین.2 ئێمە باسی چالاکی و هەوڵ و کاریگەرییەکانی ناکەین، بەڵکوو باسی گرینگی ئەو مانگرتنە دەکەین کە ئایا ئەو دۆخەی کەبوودوەند و سەرجەم ئەو زیندانیانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبنە هاوسەنگەری یەکدی بۆ جەنگ دژی دۆژمنێکی یەکە، تێیکەوتوون، چییە؟ ئەگەر و توانای ئەوان و کەبوودوەند لە چیدایە؟ چۆن زیندانی دەتوانێت لە ڕێگەی مانگرتنەوە ململانێیەکی سەریح و شەفاف و سەرتاسەری ڕاگەیەنێت دژی قانوون و ژوورە جەهەننەمی و شەیتانییەکانی؟ لەوانەیە ئەو پرسیارانەی لە سەرەوە هێنامانە ئاراوە، بۆ خوێنەر هەندێک سەرسووڕ هێنەر بێت، لەوەدا کە، چۆن زیندانییەک کە لە زیندانەکانی دووژمندا یەخسیرە، بتوانێت ئەو خەباتە بەڕێوە ببات، یاخود توانای ئەوەی هەبێت بەم چەشنە ڕووبەڕووی دووژمن ببێتەوە، مەگەر زیندانی بەتەواوەتی لەدەستی دووژمندا نییە؟

ئەو کردارەی دەتوانێت قانوون و دام و دەزگاکانی بە شێوەیەکی ناوەکی و دیالێکتیکی نەفی بکاتەوە و یان هەڵی پەسێرێت، کرداری مانگرتنە لە خواردن. وەک بنیامین دەڵێت: "**درووستکردنی جۆرێک دۆخی نائاسایی واقێعییە کە چیتر لەخزمەت ئەو دەسەڵاتدارێتییەی کە توندووتیژی پارێزگاری لێدەکات، نییە**". کەواتە، مانگرتن لە خواردن ئەو هێزە ڕەها و

ئازادەیە کە هەر سووژەیەک بەشێوەیەکی هێزەکی و لەهەموو زیندانەکاندا بۆی هەیە بەرانبەر بە دوژمن، خوداوەند و ستەمکارەکان بەکاری بهێنێت. بەواتایەکی دیکە، دەتوانین بڵێین مانگرتن (گەر هێگلی قسەبکەین) ***لەخۆیدا و بۆ خۆی*** دەتوانێت کۆمەڵێک ئەگەری گەورە گەورە و پۆتانسێلی ڕزگاری دەرانە لەخۆ بگرێت. ئێستا، ئەوەی کە سووژەیەک لەبەر هەر هۆکارێک– چ فەردی، چ جەمعی– بۆ هەر مەبەستێکی دیار و نادیار لە کات و ساتی جۆراوجۆردا بەکاری دەهێنێت، جیاوازە.

لە مێژووی فەلسەفەدا، زۆرن ئەو بیرمەندانەی دەتوانن بۆ تیۆریزە کردنەوەی ئەم بابەتە کەڵکیان لێ وەربگیردرێت. لە لایەکەوە، لە نەفی نەفی هێگلەوە بۆ توانا بەرفراوان و نهێنیەکانی مرۆڤ لای سپینۆزا و مانا و ڕەهەندەکانی خۆڕاگری لای دۆلۆز و گێتاری و بەن سایەق و، لە لایەکی دیکەشەوە، لە بێنیامین و ئاگامبێنەوە بۆ فوکۆ و نێگری و هارت و لاکلاو. بۆیە، لەم یادداشتە بەپەلەدا ناتوانین ئاوڕ لەم تیۆرانە بدەینەوە و ڕێک دەچینە سەر قسە کردن و دوان لە سەر جەستەی چەمکیانەی مانگرتن و سنوورە ماناییەکانی.

**جەستە وەک چەک / ئالا:**

سووژەی مانگر، بەرلەوەی مانگرتنی خۆی ڕاگەێنێت، پێشوەخت، ئاگادارە لەوەی لە مەیدانی ململانێی نێوان خۆی و دوژمندا، براوەیە. بەڵام، ئەم سەرکەوتنە لەخۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک بەها و تێچوونی ترسناکە. تێچوونێک، ڕەنگە چیدی هەموو ئەگەرەکانی ژیانی داهاتوی لەڕووی تەندروستیەوە، لێبستێنێتەوە. ئەو چەکەی سووژەی مانگر دژی دوژمن بە

کاری دەهێنێت جەستەیە، جەستە ئەو تاقە چەکە پڕ ئەگەرەیە کە زۆرجاران دوژمنانی بە چۆکدا هێناوە و بەرپەرچی داونەتەوە، جەستە ئەو ئۆریجین و سەرچاوەیە کە هەموو تواناکانی شۆڕشگێڕ بوون وەک سپینۆزا دەڵێت: لە قووڵاییەکانی جەستە دەهێنێتە دەرەوە و دەبێتە ئەو شوێنەی هەموو ڕەگ، دەمار و پارچەکانی خۆی دەکاتە سووتەمەنی ئەم جەنگە. وەک ئەنتۆنیۆ نێگری، کە بە ڕوونی ئەم دۆخەی بە نیگار کێشاوە، دەڵێت: ***کاتێک لە خواردن مان دەگریت کە هێچ ئەگەرێکی دیکە جگە لەجەستە بۆخەباتکردن نەماوەتەوە، کاتێک مان لە خواردن دەگریت، جەستەی (خۆت) دەخۆیت*** (ئەنتۆنیۆ نێگری، یادەوەرییەکانی هەڵاتنێک).

کەواتە، ئەو کاتەی سووژە مانگرتنی خۆی ڕاگەیاند، هاوکات جەستە ئەگەرە هێزەکیەکانی خۆی وەک بوومە لەرزە بە ڕووی دوژمندا دەتەقێنێتەوە؛ ئەو کاتە مێژووییەی جەستە بەهەموو پارچەکانییەوە، بەهەموو ڕەگەکان و دەمارەکانیەوە دەبێتە مانیفێستی سووژە، دەبێتە مەرامنامەی بابەتیانەی خۆڕاگری دژی زاڵمان، داگیرکەران، شەیتانەکان و خواوەندەکان. کاتی مانگرتن، ئەو کاتەیە کە جەستە لەجەستەیەکی ڕووتەوە دەگۆڕێ بۆ ئاڵایەکی ئابستراکت و دەرهەستی سیاسی، دەبێتە ژووری فیکری ئەو خەباتەی دەستی پێکردووە، دەبێتە ئەرێنی بەرزی ژیان، دەبێتە بەرەنگارییەکی ستراتیژیکی دژی دامودەزگاکانی مەرگ و لەکۆتایشدا دەبێتە خواردنی خۆی.

گاندی لەڕەستەیەکی سەیردا دەڵێت: «***لە نێوان هاوکاریکردن و چەکدا دەبێت چەک هەڵبژێرین***». ئەوەی دەبێت لە مانگرتنی کەبوودوەند و هەموو

زیندانییەکانی دیکەدا لێی تێبگەین ئەوەیە کە، ئەزموونکردنی ڕەنجی مرۆیی لە هەموو جەستەیەکدا بە شێوەیەکی هێزەکی نووستووە و هەموو شۆڕشگێڕێک بۆی هەیە لە هەر دۆخ و حاڵەتێکدا کردەکیان بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەوەی هەموو زیندانییەکی خەباتکار وەک گای دوبۆر ئاماژەی بۆ کردووە چەکی شۆڕشەکەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. کەواتە، شۆڕشگێڕ لە هەموو حاڵێکدا چەکدارە و ئەم چەکەش لە هەموو مرۆڤەکاندا بەرابەرە.

ئەنتۆنیۆ گرامشی لەدوای محاکمە و دادگا فەرمایشییەکەی لە 1928دا کە بە 20 ساڵ زیندان سزادرا، لە نامیلکەی **پیشە** کە لە زینداندا نووسی، بەمشێوە دەدوێت: ***تەنیا یۆنانییەکان پرۆمتێ دەناسن، بەڵام عیبرییەکان لەبەراورد بەواندا بە ڕیالیتەیەکی بەهێزترەوە گرێدراون، مرۆڤ لەپەیوەندیدا بەهەموو ئەو ڕەنجەی ئەوان کێشاویانە زیاتر هەست بە هاودڵی و هاوخەمی دەکات. قارەمانەکانیان نزیکترن لە ژیان.*** پرۆمتێی ئەفسانە و پرۆمتێ واقیعییەکانی کوردستانیش، بەئاگان لە کارەکانی خۆیان، دەزانن سەرچاوەی ئازار و ڕەنجەکانیان دەگەڕێتەوە بۆچی و بۆ کوێ. گرامشیش پەیامێکمان پێشکەش دەکات و ڕوو لە خەڵک دەڵێت: ***ئاگایان لە چارەنووسی خۆیان بێت و گەر زەجریش دەچێژن و ئازاردەبینن دەبێت بزانن بۆ چییە.***

ئەوەی وەک دوا وتە یان تێبینیەک پێویستە ئاماژەی پێبدەم، بیستن و بینینی چەند دیمەنێکە لە هاوخەمی و سۆزداری کە بۆ پشتیوانیکردن لە مانگرتنەکەی کەبوودوەند کە لەیەک دوو تیڤی و چەند پرۆگرام و

ڕاگەیاندنەوە پێشکەشکرا؛ ئەوەی کە لەم ڕاگەیاندن و هاوخەمیانەدا دەرکەوت نەک هاوخەمیەکی بێلایەن و دڵسۆزانە و ڕووت و پشتیوانی کردنێکی ڕۆحی و بەشەری نەبوو، بەڵکوو، جۆرێک لە فتیشیستیکردن و بەکاڵاکردنێکی ئایدیۆلۆژیکی مانگرتنی کەبوودوەند بوو. ئەم چەشنە هەڵسوکەوتە نەک پشتیوانیکردن نییە لەو مانگرتنە بەڵکوو گرێدانی هەموو ڕووداوێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و... هتد بەبۆنە حیزبیەکان و هەرشتێکی دیکەی لەم جۆرەوە. ئەم مۆدێلە لە هاوخەمی و پشتیوانی، شتێکی سەیر و سەمەرە نییە و ئەوەندەش دیاردەیەکی تازە نییە خەڵکی کۆردستان پێی سەرسامبن، بەڵکوو ئەمە بەشێکە لەو عەقڵییەتە سیاسییەی کە سیاسیەکانی ئێمە لەمێژووی خەباتی خۆیاندا بەردەوام پێیان وابووە بەزۆر و بەزەبر دەبێت هەموو شتێک بە حیزب و لایەنە دڵخواز و مەبەستەکەیانەوە جۆش بکرێت. چما ئەو مانگرتنە ئەوندە گرینگی و دەنگدانەوەی نەدەبوو گەر بەشتێکی گەورەتر لەخۆی گرێ نەدرابایە، یاخود، ئەم مانگرتنە گەر نەخرێتە پاڵ تیرۆری کەسایەتیەکی سیاسیەوە، چیتر مانا سیاسیەکانی ئەم کردارە دیارنەدەکەوت و خەڵکیش بە گرینگی هەردوو ڕووداوەکەی نەدەزانی. کەواتە، ئەمجۆرە کردارە کە دەکرێت ناوی بنێین سانتیمانتالێزمی دژەشۆڕشگێڕانە و ئایدیۆلۆژیک، نەک دەلالەت لەویژدانێکی نەتەویی موعەزەب ناکات، بەڵکوو ویژدانی موعەزەبی نەتەوەیەک دەخاتە عەزابێکی دیکەوە، یان بەواتایەکی دیکە، نایەوێت ویژدانی موعەزەبی نەتەوەیی ببێتە عەزابی ویژدانی خۆی.

**ژێدەرەکان:**

1-کۆمەڵێک بابەت لەم وتارەدا باس نەکراون، بۆنموونە، هۆکارەکانی مانگرتنەکەی کەبوودوەند، چۆنیەتی زیندانیکردن و دادگاییکردنی، چۆنیەتی دامەزراندنی ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان، گرینگی کەبوودوەند وەک کەسایەتییەکی بەناوبانگ و بەگشتی هەڵسەنگاندنی ئەو پێشێلکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییانەی کە لەئێستای ئێراندا لەڕێگەی دامودەزگا دڕندەکانەوە باڵادەستن. هۆکاری ئەم باسنەکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی کات و درێژبوونەوەی بابەتەکە. گەر ئەو دوو هۆکارەمان لەبەرچاو نەگرتبایە وتارەکەش لە ئۆرژانسیبوونی دۆخەکەی کەمدەکردەوە.

2-هەوڵی ئێمە لەم وتارەدا هەوڵێکی چەمکیانە و تیۆریکە دەربارەی ئەگەرەکانی جەستە و مانگرتن و دیالێکتیکی نێوان ئەم دوو چەمکە.

## تیۆلۆژیای نان

### دەربارەی ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیکەکانی هەڵبژاردن

**پڕۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن، تەڵەیەکە بۆ گەمژە و کاڵفامەکان**

**یەکێک لە درووشمەکانی مای 68**

**مرۆڤ مردووە، بەڵام هێشتا ڕۆحەکەی زیندووە**

**دروشمی مانگرتنی ڕەش پێستەکانی ئەفریقای باشوور لە ژانڤیەی 1973دا**

گرینگترین تێرم کە لەهەنووکە و ئێستا و پانتای سیاسی، میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا برەوی هەیە و تەنانەت پێگە و کەش و هەوایەکی گەورەتر لە خۆشی داگیرکردووە تێرمی هەڵبژاردنە. کام سایت و ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و وێبلاگ و... هتد هەیە لەمەڕ هەڵبژاردن، لێدوان، وتووێژ، ئاخافتنی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ پێشکەش نەکات یان بابەت، یادداشت و وتار تیایدا بڵاونەبێتەوە. هەوڵێکی سەیر هەیە بۆ دۆزینەوە و کەشفی جیاوازی ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ باقی هەڵبژاردنەکانی دیکە لە ئێراندا. چما

گەر ئەم کەشفە بکرێت ئەوا کۆماری ئیسلامی باشترین پێوەرمان دەداتێ، کات و زەمانی تەپین و دارمانی بەم پێوەرە بپێوین و ئەندازەی بگرین. هەڵبەت ئەم هەوڵە، واتە هەوڵی دۆزینەوەی جیاوازی نێوان ئەم هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لە خۆیدا، کارێکی خراپ نییە و بگرە زۆریش باشە بەڵام کێشە و گرفتی سەرەکی لەوەدایە پێمان وابێت دەبێت بە شێوەیەکی هیستریک هیچ نەبێت جیاوازییەک بدۆزینەوە و ئەم جیاوازییە تا دوا ڕادە و تا دوا لۆژیکی خۆی بیخەینە کار و شەفافسازی پێبکەین و لەڕێگەی دۆزینەوەی ئەم جیاوازییەوە ڕۆشنگەری بکەین و خەڵک لەم جیاوازییانە بەئاگابکەینەوە مەبادا خەڵک جارێکی دیکە بکەونە داوی چەپەڵی کۆماری ئیسلامییەوە.

ئامادەیی و هەڵای گەورە گەورە لەسەر ئەم تێرمە وایکردووە نەتوانین جگە لەم تێرمە چاومان بە ڕووی هەندێک واقعی دیکە و ڕاستی دیکەدا بکرێتەوە. ئامادەیی و باڵادەستی ئەم تێرمە وایکردووە زۆربەی چاودێرانی سیاسی، ئابووری، مافەکی و تەنانەت زۆرێک لە سۆسیۆلۆژیکەکانیش لە ئاست واقع و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک کەمتەر خەم و نابەرپرسیار دەرکەون لە هەمبەر ژیانی ڕۆژانە و گوزەرانی خەڵک لەم دۆخە سیاسیەدا کە هەنووکە خەڵکی تێ کەوتووە؛ چما قسەکردن و دوان لەسەر کۆماری ئیسلامی و هەڵبژاردن زۆرشتمان بۆ ڕووندەکاتەوە و کاری گەورە گەورەمان بۆ دەسازێنێ. ئەوەی ڕاستی بێت، هەم ئێمە و هەم زۆربەی خەڵک، (باشتروایە لە دوای ڕووداوی ساڵی 1388 بڵێین کۆمەڵانی خەڵک)، ئەوەندە نائاشنا و غەریب نین بەم سیستەمە و کەم ڕۆژ هەیە لە هۆڵ و ژوورە بوروکراتیک و ئیدارییەکانیدا لە هاتوو چوودا نەبن. بەڕای

نووسەری ئەم دێڕانە، ئەوەی دەبێت بدۆزرێتەوە و قسەی لەسەر بکرێت نە هەڵبژاردنە و نە بەتاڵ کردنەوەی داوەکانی کۆماری ئیسلامییە، بەڵکوو کێشەیەکی گەورەی دیکەیە، کێشەیەک کە بەداخەوە کەوتۆتە پشتەوەی تێرمی هەڵبژاردنەوە و سێبەری شوومی هەڵبژاردن ڕێگەی لێ گرتووە دەرکەوێت و بە ئاشکرا بیبینین، کێشەیەک کە هەڵبژاردن و گوتاری هەڵبژاردن دایشاردووە و ڕێگرە لەوەی سیما و ڕوخسارە مێژوویی و ڕزگارییبەخشەکەی دەرکەوێت، ئەو سیما و ڕۆخسارەی کەم وڵات هەیە بە درێژایی مێژوو جەنگی بۆ نەکردبێت و بۆی ڕانەسابێت، کەم وڵات هەیە لەسەر ئەو سیمایە لەبەریەک هەڵنەوەشابێتەوە و پەراش نەبووبێتەوە، کەم هێز هەیە نەیان کردبێتە ئاڵای خۆیان و نەیان کردبێتە دروشمی سەرەکی و بڕبڕەی پشتی بزوتنەوە و داواکارییە ڕەواکانیان. ئەو سیمایە، ئاشنایە بە سفرەی هەژاران و بەشمەینەتان و بێبەشان، ئەو سیمایە ی غەریبە بە سفرەی ستەمکاران و ڕەنجدزان، ئەو سیمایەی دەشێت کۆی داواکارییە مرۆییی و وجوودی و بەشەرییەکانی لێبهێنینە دەرەوە، هەر لە ئازادی، دادپەروەری و ڕزگارییەوە بگرە تا فراوانی و ئاوەدانی و بە پیتی و پڕ بەر و بوومی. کەم نین لە مێژوودا ئەو وڵاتانەی لەڕێگەی ئەم ڕوخسار و سیمایەوە دەیانجار تووشی کەوتن و داتەپین بوونەتەوە. ئەو سیما و ڕوخسارەی باسمانکرد و ئەو هەموو سیفەت و ئاوەڵناوانەمان دایەپاڵی، هیچ نییە جگە لە نان.

لە ژیانی ڕۆژانەی کەم کەسدا پێش هاتووە، نەیتوانیبێت بچێتە نانەواخانە و نان بگرێت یان تەنانەت زۆر ئەستەمە حاڵەتێکی وا ڕووی دابێت کەسێک لەبەر هەر هۆکارێک نەیتوانیبێت بچێتە بەر نانەواخانە و نان بگرێت. ڕەنگە

زۆر جار هەموومان ئەوەمان ئەزموون کردبێت یا خود بینیبێتمان لە کووچە و کۆڵان و... لەتێک نان کەوتبێت لەسەر ڕێمان هەڵمان گرتبێتەوە و لە گۆشە دیوارێک یان لە شوێنێکدا کە خەڵکی دیکە پای پێدانەنین داینەنێین. هەروەها لەزۆر نانەواخانەدا بینیومانە خەڵک لە کاتی گرتنی نانەکەیاندا بە چ هەستیاریەکی سەیرەوە ژێرمێزی نان و قەراخ تەنوورەکە گەسک دەدەن و زۆرجار لە منداڵان لەسەر ئەوەی پایان بەسەر وردەنانەکاندا ناوە، تووڕەبوونە و بە گژیاندا چوونەتەوە. لێرەوە، دەتوانین تێبگەین لەوەی نان بەتەنیا بەشێک نییە لە خواردن وەک دیکەی خواردنەکانیتر، شتێک نییە گەر نەشبێت گرینگ نییە. بەڵکوو بڕبڕەی پشتی سفرە و خوانی هەموو ماڵێکی ئەم ناوچانە و بگرە وڵاتەکانی دیکەشە. کەواتە نان و ئامادەیی نان ئارامی و ئارامشێکی سەیر ئەبەخشێتە سفرە و خوانی خەڵکی ئەم ناوچەیە؛ تەنانەت گەلەک جار ڕەنگە نەبوونی نان یا خود نەگرتنی نان لەلایەن ئەندامەکانی ماڵەوە کێشەیەکی گەورەی لێبکەوێتەوە، بۆیە گرتنی نان و ئامادەیی نان لە فەرزە سەرەکییەکانی ژیانی ئێمە و خوانمانە. واتە، نان جگە لە لایەنە کاڵایی و بازارییەکەی خاوەنی چەندان لایەنی دیکەی مەعریفی و تیۆلۆژیک و تەنانەت سیاسی و ڕزگاری دەرانەشە. بۆیە نان لەڕووی بازرگانی و بازاڕییەوە کاڵایەکی گەلەک پڕبەها و لەڕووی سیاسییەوە چەمکێکی بنەڕەتی و جەوهەرییە و تەنانەت لەڕووی تیۆلۆژیکەوە گەلەک پیرۆزە.

ئەزموونی ڕۆژانەی هەموومان لەپەیوەندیدا بە نانەوە پڕن لەم دەستەواژانە: حەیفە ئەو نانە وا لێمەکە، پا لەسەر نانەکە دامەنێ، بۆ وا لەو ڕسقە دەکەیت، نانیان گۆڕیوەتەوە بە قورئان، ئەوە ڕسقی خودایە و نابێ

ناشوکر بین، هەروەها لە سیستمی سوێندخواردنیشدا پێگە و شوێنێکی مەزنی هەیە. بەم پێیە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تەنانەت لە پادشاهێتی ئاسمان و مەلەکووتدا، نان خواردن و ئامادەیی نان چەند گرینگ و چەند توانایە لە شکاندنی بۆنە بەرتەسکە ئاینییەکانیشدا و مرۆڤ چەند بە نان و گەنم و دەغڵ و دانەوە پابەند و پابەستە. لەم ڕووەوە، دەکرێت ئاماژە بە چەندان دەقی هونەری، شانۆیی، ڕۆمان و شیعر بە زمانی کوردی و فارسی و دەیان و سەدان بابەتی هونەری، ئەدەبی، کولتووری و سیاسی بکەین کە نان بەشێک بووە لە پاژە سەرەکی و پێکهێنەرەکانی. بۆنموونە، شێرکۆ بێکەس لە کتێبی ***ئێستا کچێک نیشتمانمە*** دەڵێت:"***بیرم نایە نانێکی من لە دڵەوە پێکەنیبێ و کەوچکێکم وتبێتی وا تێرم خوارد!***" دیسان هەر لەو بەرهەمە شیعرییەدا دەڵێت:"***ئەمەی ئەینووسم شیعر نییە... خۆڵەمێشە. چیرۆک نییە زووخاو ڕێژە. شانۆ نییە... دیالۆگی نێوان زامەکانە. تابلۆ نییە... جەستەی منداڵی نەخۆشە لە باوەشی برسێتیدا***".

مەبەست لە هێنانەوەی ئەم نموونانە ئەوەیە کە ئایا ئەوە نان نییە کانگای کێشەکان و زامەکانە؟ ئایا ئەوە نان نییە چەقی شێواوی و دڕدۆنگی ناوەندی قەیرانەکانە؟ کەوابوو، نەبوونی ئارد و بەدوای ئەودا نەبوونی نان، ئاماژەیە بە چ گرفتێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی یا خود سیاسی؟ ئەوەی پێی وابێت نەبوونی ئارد و نان بەتەنها گرفت و خەفەتێکی ئابوورییە و هەڵقوڵاوی تەحریمە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامییە، لە هەڵەیەکی گەورەدایە، لەبەرئەوەی داواکاری و خواستی ڕەها و نەگۆڕی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و جەماوەرییەکان هیچکات وبە هیچ شێوەیەک دابڕاو نەبووە لە نان و کۆی دروشم و خواستەکانی دەشێت لە

ژێر تیشکی  ئەم تێرمەشدا بخوێندرێتەوە. لە ڕاستیدا، کەم هەڵبژاردن لە ئێراندا هەبووە پێشوەخت خەڵک و هێزە سیاسییەکان پێشبینی ئەنجامەکەیان نەکردبێت و نەیان زانیبێت دەرنجامەکەی دەبێت بەچی. بێگومان ئێستا چیتر هەمووان بەباشی دەزانن هەڵبژاردن بۆتە چ ئایدیۆلۆژیایەکی ترسناک و چ میکانیزمێک بۆ فریودان و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و چەواشەکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی.

پییێر ماشێری، لە کتێبی ***تیۆری بەرهەم هێنانی ئەدەبی*** 1966دا پێیوایە لە نێوان ئەوەی کە خۆی ناوی دەنێت "***وەهم***"(ئەم وەهمە لای ماشێری بە مانای ئایدیۆلۆژیایە)و"***چیرۆکدا***"جیاوازی هەیە. لای ماشێری وەهم- ***واتە ئەزموونی ئایدیۆلۆژیکی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان***- ماتریالێکی سەرەتاییە نووسەر کەڵکی لێ وەردەگرێت و ئەو کاتەی کار لە سەر ئەم ماتریالە دەکات لە شتێکەوە دەیکات بە شتێکی دیکە و لە فۆرمێکەوە دەیگۆڕێ بۆ فۆرمێکی دیکە و لە پێکهاتێکەوە دەیگۆڕێ بۆ پێکهاتێکی دیکە. بە پێی بۆچوونی ماشێری، بەرهەمی ئەدەبی لەوێدا بە ئایدیۆلۆژیاوە گرێدراوە کە کۆمەڵێک شت/ بابەت دەشارێتەوە، واتە ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەیڵێت گرینگ نییە بەڵکوو گرینگ ئەوەیە بەرهەمی ئەدەبی بە گوتنی ئەم شتانە دەیەوێت چیمان لێبشارێتەوە. بەواتایەکی دیکە، ئەوە لە بێدەنگییە مانادار و وەستان و نائامادەییەکانی دەقدایە ئایدیۆلۆژیاش ئامادەیە. لێرەوە، ئەرکی ڕەخنەگر ئەوەیە ئەم بێدەنگییە مانادارانە ناچار بکات بدوێن. بۆیە، پرسیاری سەرەکی لە ڕێگەی ئەم تێزەی ماشێرییەوە لە پەیوەندیدا بە باسەکەی ئێمەوە دەبێت چی بێت؟من پێموایە باشترین پرسیارێک ئەم تێزە

بۆ ئێمەی درووست بکات ئەمەیە: ئایا هەڵبژاردن وەک تێکستێک دەیەوێت چیمان لێبشارێتەوە؟ بێدەنگییە مانادارەکانی پشتەوەی هەڵبژاردن چین؟ ئایا کێشەکانی ناو ئێران و سیستیمی دەسەڵاتدار بەتەنها ڕاپەڕاندنی هەڵبژاردنێکی بێ قرە و هێور و هێمنە؟من پێموایە  یەکێک لەو گرفتە قایمانەی ئایدیۆلۆژیای هەڵبژادن ئەم جارەیان بە توندی و شێلگیرانە دەیشارێتەوە، نەبوونی نان و ئاردە. لەوانەیە، لای زۆر کەس قسەکردن لە سەر نەبوونی نان لە ئێران و لە کوردستاندا بەم چەشنە، جۆرێک بێت لە گاڵتەجاڕی و هیچ نەبێت جگە لە شۆخیەکی بێ مانا بەڵام بیرمان نەچێت لە کولتوور و تێرمینۆلۆژیای سیاسی خەڵکی ئێمەدا(کوردستان و تەنانەت ئێرانیش) قسەکردن و هاتنە ئارای کولێرەی جۆ و نانی جۆ و بوونی ئەمانە بەSMS  لەناو خەڵکدا، دەلالەتە لە هاتنەوە و گەڕانەوەی سەردەمی گرانی.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەڵبژاردن و سیستمی باڵادەستکردنی هەڵبژاردن، لانیکەم تاکوو ئێستا نەیتوانیوە ئەم قەیرانە بە دەمی هەڵبژاردن قووت بدات و وەک هەمیشە هەڵی لووشێت. چونکوو ئەم قەیرانە، بە ڕای ئێمە لەوە زلترە وا بە هاسانی بۆیان قووت بچێت و بە سەریدا باز بدەن. دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت نان بە تەنها کاڵایەکی سادە و ساکار نییە بەڵکوو جگەلەوە چوارچێوەیەکی ئۆنتۆلۆژیک و تێرمێکی سیاسی/مێژوویی ڕزگاریدەریشە بۆیە چیتر دەبێت خۆشحاڵ بین ئەکتەرێکی تیۆلۆژیک و شۆڕشگێڕ هەمدیسان هاتۆتە ڕیزی خەباتی مێژوویی و لە مێژینەی هەژاران و بەشمەینەتان و زەحمەتکێشانەوە.

## پەتاتە خۆرەکان، کەرتی تایبەت و سیاسەتی چەنەبازان

### ڕەخنە لە چەند بۆچوونی دۆکتۆر سەلاح خەدیو

**"ئەو شتەی هەنووکە دەمەوێت حەقیقەتە. جگە لە حەقیقەت هیچ شتێک فێری ئەم کوڕ و کچانە مەکەن. حەقیقەت تاقە پێویستی مرۆڤە. جگە حەقیقەت هیچ مەچێنن و جگە حەقیقەت هەر چییەک هەیە لە ڕیشە و ڕەگەوە هەڵیکەنن. بیرکردنەوەی ئاژەڵانی ئاوەزمەند تەنیا دەبێت لە ڕێگەی ڕاستی و حەقیقەتەکانەوە شکڵ و بێچم وەرگرن، هەر شتێکی دی جگە حەقیقەت بۆیان بێ کەڵکە. هەمیشە تەنیا حەقیقەتتان لەبەر چاو بێت بەڕێز!..."**

**(ڕۆژگاری سەخت، چارلز دیکێنز)**

چەند ڕۆژ پێش ئێستا سایتی خەبەری تەحلیلیی ڕوانگە لە پەیوەندیدا بە ڕووداوەکەی مهابادەوە وتارێکی لەژێر ناوی( آقای رادفر، متاسفم! ) نووسینی سەلاح خەدیودا بڵاو کردەوە کە وەکوو خۆم پێم وتارێکی سەرنجڕاکێش بوو. نەک لەو ڕووەوە کە توانیویەتی کۆمەڵێک بابەتی

بنچینەیی بهێنێتە ئاراوە و بەشێوەیەکی شیکارانە، بەپێی بانگەشەی سایتەکەیان، ڕەهەندە جۆرا و جۆرەکانی ئەم ڕووداوە دەربخات و شیانبکاتەوە. بۆیە، بە باشم زانی ئەو کارەی کە نووسەری ئەو وتارە نەیتوانیوە سەبارەت بە ڕووداوەکە بیکات ئێمە بە نیسبەت وتارەکەی بەڕێز خەدیوەوە بیکەین و لەگەڵ پارادۆکس و ناکۆکییەکانی ڕووبەڕوو بکەینەوە و بەدواهاتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، پێشنیار، گلەیی و گازندەکانی ڕوون بکەینەوە. هەرچەندە لە چەند ڕۆژی پێشوودا گەلێک کەسیش لەسەر ئەم ڕووداوە دواون، فیلسووفانی ئانیی ناو میدیاکان، نووسەرانی دوو پەڕەگرافی و لەشکری لایکچیە ڕەشۆکییەکانیان، پسپۆڕانی کۆمەڵگای مەدەنی، کۆمەڵناسان و شرۆڤەکارانی پلەبەرز، شۆڕشگێڕانی بێلایەن، چالاکڤانانی سەربەخۆ، لایەنگرانی مافی مرۆڤ و شۆڕشگێڕانی کوتوولەی جەسوور و بوێر. هەموو ئەمانە، پاکیان لە شارە جیهانییە ڕەنگینکەمانییە گەورە دیمۆکراتیکەکەی فەیسبۆکدا بە توندی و قووڵ سەریان بە گفتوگۆ و دەمەتەقێوە قاڵە.

لێرەوە، پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بدەم کە نووسەری ئەم دێڕانە ئەم وتارەی بەڕێز خەدیو لە ئاستێکی تیۆریک و شیکارانەی ئەوتۆدا نابینێت کە بە شێوەیەکی تیۆریکیش لەسەری بدوێت و هەڵیبسەنگێنێت. هەرچەندە بە پێویستی دەزانم لە کات و دەرفەتێکی لەبارتردا بەشێک لە نووسینە پێشووەکانی خەدیو بخەینە بەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ڕادیکاڵ و ڕیشەییەوە و لە هێڵەکی بدەین بۆ ئەوەی بزانین چی لە چەنتەی ئەم ڕووناکبیر و پسپۆڕە سیاسییەدا بوونی هەیە، کە ئەمە لەخۆیدا دەتوانێت هەنگاوێکی سەرەتایی بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و، هەروەها ڕۆشتن بۆ ناو ئەو ژوورەی کە وەک هاروی بە باشی ناوی ناوەژوورە فیکرییەکان(Tink–Tanks)یان. هەر چەندە سەرەتا خوێنەر دەبێت لەوە بە ئاگا بێت کە بەبێ خوێندنەوەی وتارەکەی بەڕێز خەدیو ئەستەمە لەم وتارەش تێبگات. بۆیە باشتر وایە سەرەتا ئەو وتارە بخوێندرێتەوە.

هەرچەندە بە پێویستی نازانم بە شێوەیەکی تیۆریک وڵامی ئەم ئەدەبیاتە قەلەندەرانە بدەمەوە کە خەدیو هەوڵ دەدات تەنانەت لەڕووی تێرمینۆلۆکیشەوە خۆی هەمان و ***ئایدێنتی فای*** بکات لەگەڵ ئەدەبیات و زمانی فەرمیدا. چونکوو لە سەرەتا و لەکاتی خوێندنەوەی وتارەکەی بەڕێز خەدیودا، ڕەنگە وا دەربکەوێت کە چەندە ئازا و دلێرانە نووسراوە و چۆن بێ باکانە و بێ پەروا یەخەی خۆی بەرامبەر بەردەنگەکەی دادەدڕێت. بۆیە، ئێمەش هەوڵ دەدەین بزانین ئەمە دادڕینی یەخەیە یان دەرکەوتن و داماڵینی دەمامکی ڕاستەقینەی جەستەی ڕاستەقینەی سیاسیی ئەم چالاکە سیاسییە. تایبەتمەندیی ئەم جۆرە وتارانەش لەوەدایە کە نووسەر ئەوەندە هەوڵ نادات مەبەستی حەقیقی و داواکارییەکانی لە پشت هەندێک تیۆردا بشارێتەوە، بەڵکوو دەیەوێت کۆی ناوەڕۆک و کاکڵی مەبەست و ویستەکانی بەپەلە و زووبەزوو بەرامبەر بەردەنگەکەی دەرببڕێت.
ڤێنسان ڤەنگۆگ هونەرمەندی گەورەی هۆڵەندی تابلۆیەکی شێوەکاریی هەیە لە ژێر ناوی پەتاتەخۆرەکاندا. یەکێک لە تایبەتمەندییە داهێنەرانەکانی ڤەنگۆگ ئەمەیە هیچکات نەیتوانیوە خۆی لە کایگەری و ڕەنگدانەوەی ڕەنجەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و دۆخی ژیان و بژیویان ببوێرێت و خۆی لە میحنەت و بێبەشی خەڵکی کۆمەڵگاکەی دوور و نادیدەیان بگرێت و هەر ئەمەش، بۆتە بەشێکی جەوهەری و دانەبڕاو لە بەرهەمە هونەرییەکانیدا. ڤەنگۆگ، لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیەکی شێوەکاری هۆلەندی خۆی دەنووسێت:
"**من و ئێوە تایبەتمەندییەکی هاوبەشمان هەیە ئەوەش ئەمەیە کە بۆ[توخمە] هاندەرەکانم لە ناو دڵی خەڵکدا دەگەڕێم، شتێکی هاوبەشی دیکەش لە نێوان من و ئێوەدا هەیە ئەوەش دووپاتکردنەوە و تەمرینە لە ڕووی ئەو تیپە زیندوانەوە(واتە لە ڕووی ژیان و) واقعەوە.** تابلۆی پەتاتە خۆرەکان شایەت و یەکێکە لەو بەڵگانەی کە سەلمێنەری ئەم پێشگریمانەی ڤەنگۆگە. ئەم تابلۆیە بریتییە لە ئامادەیی پێنج کەس و هەموویان تێکڕا خەریکی خواردنی

پەتاتەن. وەک بە تابلۆکەدا دیارە، ئەم ژوورە ژوورێکی شێدار و بێ ڕۆح و بێ ڕۆشنایی و تا ڕادەیەک تاریکە و ژوورەکە لەوە بچووکترە بە شێوەیەکی سرووشتی ئەم پێنج کەسە بتوانن تیایدا لە دەوری یەکدی کۆ ببنەوە. هەموویان بە جۆرێک پەیوەندییەکی ناجۆر و نالەباریان هەیە بەم کورسییەی بەردەمیان و خۆرادنی سەر کورسییەکەوە. خاڵێکی دیکە و بەرجەستەی ناو ئەم تابلۆیە ئەوەیە کە چوار کورسی ناو ئەم تابلۆیە کە ڕوویان لە بینەرە، لە یەکەم نیگادا وەک پێنج کەس کە خەریکی خواردنی شەوانەن دەردەکەون بەڵام کاتێک بمانەوێت وردتر لێیان بڕوانین بە سانایی بۆمان دەردەکەوێت کە سیمای ئەم مرۆڤانە وردە وردە لە حاڵەتی سرووشتیی مرۆڤبوون تێدەپەڕن و بەرەو کۆمەڵێک مرۆڤی لە خشتەبراو و تێکڕماو دەڕۆن. بە تەعبیرێکی دیکە، دەتوانین بڵێین خوانی شەویان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سیمایانەوە هەیە و ڕووخانی فۆرمی سرویشتیی و فیزیکی سیما و جەستەی ئەم کەسانەش پەیوەندییەکی بەرامبەریان بە خوانی شەوانیانەوە هەیە.

ئەو کات ڤەنگۆگ ئەم تابلۆیەی لەگەڵ نامەیەک سەبارەت بەم تابلۆیەدا بۆ براکەی (تیئۆ) نارد. ڤەنگۆگ لەو نامەیەدا دەڵێت:**"هەوڵم داوە پێ لەسەر ئەوە دابگرم، ئەم مرۆڤانەی لەژێر ڕووناکیی گڵۆپەکەدا خەریکی خواردنی پەتاتەن، هەر بەو دەستانەی کە لەناو کاسەکەدان زەمینیان هەڵ کەندووە و بەم پێیە، ئەم تابلۆیە حیکایەتی کاری دژوار و خواردنەکەیانە".**

بۆ ڤەنگۆگ پەتاتەخۆرەکان ناوی ڕەمزیی هەژارانە، یان بەتەعبیرێکی دیکە پەتاتەخۆرەکان ناوی هونەریی هەژاران و زەحمەتکێشانە. پەتاتەخۆرەکان لەم وتارەدا و بۆ ئێمەش کۆی قوربانیان و ئەو ژن و پیاو و کوڕ و کچانەن ڕۆژانە لەبەردەم پەلاماری کەرتی تایبەت و بازاڕی ئازادان و ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕێژەیان ڕووی لە زیادبوونە.

لام وایە دوای ئەم پێشەکییە، کاتی ئەوە هاتووە بپەرژێینە سەر هەندێک لە بۆچوونەکانی بەڕێز خەدیو سەبارەت بە ڕووداو یان کارەساتەکەی مهاباد و پەتاتەخۆرەکانی سەر جادە. چونکوو وتارەکەی بەڕێز خەدیو لە چوار بەش پێکهاتووە باشتر وایە لە جیات ئەوەی بە یەک بەیەکی ڕستەکانی ئەم بەرێزەدا بچینەوە، باشتر وایە هەندێک گشتیتر لەسەر نیگەرانییەکانی هەڵوەستە بکەین و لەسەری ڕامێنین. بە باوەڕی ئێمە 3 خاڵی سەرەکی لە بۆچوونەکانی خەدیودا هەن کە بریتین لە: 1- پرسی سەرمایەگوزاری و کەرتی تایبەت 2 -چارەسەرکردنی ڕووداوەکەی مهاباد لە ڕێگەی پیاو ماقووڵان(معتمدین)3-پرسی تاراندنی باڵندە(باڵندە لای بەڕێز خەدیو هێمای سەرمایەیە).

بە پێی ئەم سێ خاڵەی ئاماژەمان پێدا، یەکەم گرفتی سەرەکی بەڕێز خەدیو پرسی کەرتی تایبەت و سەرمایەگوزارییە و لە کۆتایدا تاراندنی سەرمایەگوزاری. ڕەنگە لە یەک ڕوانیندا وا دەرکەوێت کە دانەنانی سەرمایە گورزێکی کوشندە بێت لە پەیکەری گەشە و پەرەسەندندا، بەڵام ئەگەر توزێک وردتر و قووڵتر لە لۆژیکی سەرمایە و سەرمایەگوزاری بڕوانین زۆر بە سانایی بۆمان دەردەکەوێت سەرمایە و سەرمایەگوزاری بەردەوام لە شوێنێکدا ئامادەن کە قازانج و قازانجی زێدەتر ئامادەبن. واتە، لە هەر شوێنێکدا قازانجی زۆرتر هەبێت سەرمایە و سەرمایەگوزاریش لەوێدا زۆرتر و زیاترن. ڕەنگە لێرەدا بەڕێز خەدیو ئەم پرسیارە ئاراستەی نووسەری ئەم دێڕانە بکات، ئایا سەرمایە و سەرمایەگوزاری لە شوێنێکدا پەنگ دەخواتەوە کە خاوەن هیچ جۆرە ئەمنییەتێک نەبێت؟ ئەم پرسیارە ناچارمان دەکات ئاماژە بەوە بکەین ئایا سووتانی هۆتێلێک و مەرگی (ف.خ) بیانوویەکی ژیرانەیە بۆ هەڵاتنی سەرمایەداران و سەرمایەگوزاران؟

وەکیتر، ڕەنگە بەڕێز خەدیو نایەوێت لەم خاڵە سەرەتاییە تێبگات کە تێگەیشتن لە مێکانیزمەکانی نئۆلیبراڵیزمی ئابووری و ئابووریی سیاسی

بازاڕی ئازاد، سەرمایەداران و سەرمایەگوزاران و کەرتی تایبەت، پابەندە بە تێگەیشتن لە دەرکەوتە، ڕۆڵ و بەدواهاتەکانی ئەم سیستمە لە سەرتاسەری جیهان و چەندەش دەستیان هەبووە لە ڕێخستن و دامەزراندنەوەی جیهانی هاوچەرخدا. کەواتە، نەک مهابادی پێش و پاش ڕووداوەکە، نەک ئێران بەڵکوو بەشی هەرە زۆری کێشەکانی ئەم جیهانەی تیایدا دەژین، بەرهەمی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم سیستمە دڕندەیەن و ڕووداوەکەی مهابادیش یەکەم گرفت و دوا گرفتیش نابێت بەڵکوو وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەم ڕووداوە و بەدواهاتەکانی، بەرهەمی دەرکەوتنی کەرتی تایبەت و ئابووریی سیاسی بازاڕی ئازادن و دەیان و سەدان و هەزاران ڕووداوی گەورە و بچووکی دڵتەزێنی لێ کەوتۆتەوە و لێشی دەکەوێتەوە. کەواتە، ڕێگای گەشە و پەرەسەندنی مهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان بە ناو بازاڕی ئازاد و کەرتی تایبەت و سەرمایەگوزاریی وەهادا تێ ناپەڕێت و مەیلی هاری فرە ڕەهەندی ئابوریی سیاسی بازاڕی ئازاد و کەرتی تایبەت کە، لە باری ستراتیژیکەوە ئەم وتارەی بەڕێز خەدیو لەسەری بەندە، بە هاسانی مهاباد بەجێ ناهێڵێت و وەک بە وتارەکەی ئەو بەڕێزەشدا دیارە، یەکێکی دیکە لە دەرکەوتە و کاریگەرییەکانی سیاسەتی بازاری ئازاد و کەرتە تایبەتەکان، وای لێکردووە کە پێیوابێت پێویستە کێشەکانی ئەم ڕووداوە و کەرتی تایبەتیش بەشیوەیەکی تایبەت و خوسووسی و لە غیابی خەڵکدا چارەسەر بکات(لە دێڕەکانی خوارەوەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە) و لفی ئەم جۆرە بۆچوونەش هەڵهێنجاندن و وێرژێنێکی کۆنکەوتەی دیکەی کردنی سیاسەتی بازاڕی ئازادە بە بازاڕی ئازادی سیاسەت و بەدواهاتی ئەمیشیان سڕینەوەی سیاسەتە لە سەرجەمی جومگە، پنت و لایەنە فرەجۆرەکانی کۆمەڵگا و ئەمانە پاکیان هیچ نین جگە مودیرییەتی زیاتر و سڕینەوەی بەر بەرینی سیاسەت لە سیاسەت.

بە ڕای ئێمە، خاڵی دووهەم کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا دەتوانێت کاکڵ و حەقیقەتی بیرکردنەوەکەی بەڕێز خەدیومان لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگا، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بەرپرسانی دەوڵەتییەوە دەربخات کە لە نەوعی خۆیدا سەرنجڕاکێش و تاقانەیە. بەڕێز خەدیو لە بەشی دووهەمی وتارەکەیدا، ڕوو لە جێگری سیاسی و ئەمنی پارێزگای ورمێ دەڵێت: بەڕێز ڕادفەر، ڕووداوەکەی مهاباد و مەرگی ف.خ ڕۆژی یەکشەممە ڕوویدا و سووتانی هۆتێلەکە ڕۆژی پێنشەممە، لەم چوار ڕۆژەدا ئێوە لە کوێ بوون؟ بەڕێز خەدیو لای وایە دەبوو بەڕێز ڕادفەر کەڵکی لە توانستی تەلەفزیونی پارێزگا و تەلەفزیونی/مهاباد و باوەڕپێکراوان(ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا زۆرتر بۆ(پیاو ماقووڵان) بەکار دەهێندرێت) و چالاکانی مەدەنی وەرنەگرتووە و جگە لە هەندێک کەسی کورسی خواز چەند کەس لە پیاو ماقووڵان و ڕیفۆرمیست و نوخبەکانی کوردستان دەناسن؟

لەم دێڕانەی سەرەوەدا بەڕێز خەدیو، لای وایە کە خۆکوژی ف.خ و بەدواهاتەکان و ڕووداوەکانی مهاباد بەری پێدەگیرا ئەگەر پیاو ماقووڵان و چالاکانی مدەنی و ڕیفۆرمیست و نوخبەکانی کوردستان، بەرایی ڕووداوەکەیان بگرتبا. سیاسەتی بەکارهێنانی پیاو ماقووڵان و ئەم جۆرە بەراییگرتنە، ئەوەندە لە کولتووری خێڵەکی و عەشیرەیی و دیو و دیوەخانەوە نزیکە ئەوەندە لە لیبراڵ و ریفۆرمیستێکی چابوکەوە نزیک نییە کە دەبێت باوەڕێکی قایمی بە یاسا و سەروەری یاساوە هەبێت نەک پشتبەستن بە چارەسەری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژوویی لە ڕێگەی بەراییکردن و دەسپێشخەری پیاوماقووڵانەوە. بۆیە ئەمە خۆی یەکێک لەو هەڵە ترسناکانەیە کە بەڕێز خەدیو خۆی دەیکات و لە هەوڵێکی بێوچان و لە بەشی یەکەمی وتارەکەیدا ڕوو لە بەڕێز رادفەر دەیڵێت و لای وایە ئەم جۆرە هەڵانەن کۆتایی بە تەمەنی سیاسەتڤانان دەهێنێت.

وەک پێشتر بەکورتی ئاماژەمان دایە، یەکێکی دیکە لە بەدواهاتەکانی سیاسەتی بەکارهێنانی پیاوماقووڵان و کەڵکەڵە و گوشاری لۆژیکی خسووسی سازی وای لە بەڕێز خەدیو کردووە ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی خسووسیش چارەسەر بکات. هەمووان دەزانن لە جیهانی هاوچەرخدا لۆژیکی چارەسەر کردنی کێشەکان لە ڕێگەی پیاوماقووڵانەوە، بازنەکەی لەوە دەڵپتر و هەراوترە بە کەژی کەرتی تایبەت و پیاوماقووڵان و نوخبەکان و لە جوغزێکدا کۆبکرێتەوە. لام وا نییە دۆکترینە عەشیرەیەکەی بەڕێز خەدیو بتوانێت لە ناوەوە (واتە لە هەناوی کۆمەڵگاوە) کێشەکە چارەسەر بکات. تەنانەت هەندێکجار هەڕەشەی نەمانی کەرتی تایبەت وا لە بەڕێز خەدیو دەکات لۆژیکی پیاوماقووڵان و چارەسەرکردنی ڕووداوەکەش تێپەڕێنێت و پەنا بۆ جۆرێک لابیگەری ئابووری و جێبەجێکردنی کێشەکان و کەسەکان ببات بەبێ هیچ جۆرە پشتیوانییەک لە ئامادەیی خەڵک و چارەسەر کردنی کێشەکە لە خوارەوە. ئەگەر ڕاشکاوانەتر بدوێین کۆی هەوڵی بەڕێز خەدیو لە پەیوەندیدا بەم ڕووداوەوە کەڵک وەرگرتنە لە تێزی" گوشار لە خوارەوە"(واتە ئامادەیی خەڵکی سەر شەقام وەک دەرفەت و ئەگەرێکی لەبار) بۆ چەنەلێدان و "چەنەبازی لە سەرەوە" کە ئەمە خۆی لە ڕووی ستراتیژیکەوە یەکێک لە وانە و دۆکترینە جەوهەرییەکانی ڕیفۆرمیستی گەورە، کارل پۆپێرە. بۆ ئەوەی بەڕێز خەدیو لەم نیگەرانییە بهێنینی دەرەوە ڕەنگە ئەم پێشنیارە پێشنیارێکی خراپ نەبێت: ئێوە لە کاتێکدا کە دەستێوەردان و بەرایی پیاوماقووڵان بۆ پێشگرتن و چارەسەری نەمانی کەرتی تایبەت بەکاریگەر دەزانن تۆ بڵێی هەر ئەم پیاوماقووڵانەش نەتوانن دڵی خاوەندارانی سەرمایە و سەرمایەگوزاران وەڕەحم نەهێنن و نەیان گەڕێننەوە سەر مەنزڵگەی ڕاستەقینە و حەقیقی خۆیان؟

بەڕێز خەدیو لەکۆتایی پەرەگرافی یەکەم لەژمارەی چوارەمی (4) وتارەکەیدا شتێکی سەیر و سەرنجڕاکێش دەڵێت (لاموایە لەمجۆرە

دۆخانه‌دايه‌ كه‌ ناوه‌ڕۆک، هه‌ناسه‌ و زانستی حه‌قيقی و ڕاسته‌قينه‌ی كه‌سه‌كان ده‌رده‌كه‌وێت): ئه‌مه‌ شايسته‌ و تواناييه‌كانی مهاباده‌ كه‌ به‌ شێوه‌يه‌كی سرووشتی بۆته‌ جێی سه‌رنجی سه‌رمايه‌كانی كه‌رتی تايبه‌ته‌وه‌... هه‌ڵبه‌ت ده‌زانم كه‌ ده‌بێت سپاسگوزارتان بم كه‌ ڕێگه‌تان داوه‌ له‌ غيابی كه‌رتی ده‌وڵه‌تيدا، لانيكه‌م كه‌رتی تايبه‌تی له‌(مناطق كوردنشين)دا سه‌رمايه‌گوزاری بكات...[ئێوه‌](مه‌به‌ستی به‌ڕێز خه‌ديو به‌ڕێز ڕادفه‌ره‌) ئاماژه‌تان به‌ هه‌مايشی ده‌رفه‌ته‌كانی سه‌رمايه‌گوزاری و بازرگانی [نێوان] ئێران و عێراق داوه‌ كه‌ بڕيارە له‌ داهاتوويه‌كی نزيک له‌ مهابادا به‌ڕێوه‌ بچێت[به‌ڵام] بێ مه‌به‌ست يان به‌ ئانقه‌ست ناوی[ئه‌م] هۆتێله‌ سووتێندراوه‌تان وه‌ک شوێنی نيشته‌جێ بوونی ميوانه‌كان ڕاگه‌ياندووه‌... هيچ مرۆڤێكی ژير ئه‌م كاره‌ ناكات. مه‌گه‌ر ئه‌مه‌ی كه‌ مه‌به‌ستی(هه‌ڵفڕاندن و)تاراندنی باڵنده‌كان بێت. سه‌رمايه‌ وه‌ک باڵنده‌ وايه‌، يان ده‌بێت بكه‌وێته‌ داوه‌وه‌ يان به‌ هه‌ستكردن به‌ مه‌ترسی هه‌ڵده‌فڕێت.

ئه‌وه‌ی لێره‌دا بۆ ئێمه‌ گرينگ نييه‌ ئه‌وه‌يه‌ كه‌ سه‌رمايه‌گوزاری، ئه‌ويش كه‌رتی تايبه‌ت كه‌ سركترين و چابوكترين و هارترين جۆری سه‌رمايه‌ و هه‌ر وه‌ها ئه‌و هه‌مايشه‌ی كه‌ بڕيارە له‌ داهاتوويه‌كی نزيک (؟)دا له‌به‌ر نه‌مانی ئه‌منييه‌ت و بزر بوونی دڵنيايی بكه‌وێته‌ مه‌ترسييه‌وه‌ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هۆتێله‌كه‌ ئاگری تێبه‌ردراوه‌ له‌ زۆر ڕووه‌وه‌ بيانوويه‌كی مه‌عقوول و گونجاو نييه‌. به‌ڕێز ڕادفه‌ر له‌ من و به‌ڕێز خه‌ديو باشتر هۆكاره‌ ئابووری و سياسی و مێژووييه‌كانی سه‌رمايه‌ دانه‌نان له‌ مهابادا ده‌زانن، بۆيه‌ لێره‌وه‌ به‌ پێويستی ده‌زانم ئاماژه‌ به‌وه‌ بكه‌م كه‌ ژيرانه‌ترين كار بۆ به‌ڕێز خه‌ديو و هه‌وڵه‌ سيزێفييه‌كانی سه‌باره‌ت به‌م ڕووداوه‌ بخاته‌ گه‌ڕ بۆ داكۆكيكردن و پشتيوانی له‌ ئاماده‌يی كه‌رتی ده‌وڵه‌تی نه‌ک ڕازيبوون و پاڕانه‌وه‌ بۆ گه‌ڕاننه‌وه‌ی باڵنده‌ چابوک و سركه‌كه‌. گومان له‌وه‌دا نييه‌ ئه‌م

نیگەرانییەی بەڕێز خەدیو بۆ ڕاگرتنی کەرتی تایبەت، ئەویش بە چنگ و ددان، وێرژێن و هەوڵێکی دیکەیە بۆ درووست کردنی کڵاوێکی تازە و شیک لە کاموای کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی بیکاتە سەر پێگەی چینایەتی خۆی و هاوسەنگەرانی. سەرباری کۆی ئەمانە، لە کۆتایی بەشی سێهەمی وتارەکەی بەڕێز خەدیودا ڕستەیەکی سەیر هەیە کە پێیوایە سەرمایە وەک باڵندە وایە یان دەبێت بکەوێتە داوەکەوە یان هەرکە هەستی بە مەترسی کرد ئەدا لە شەقەی باڵ. ڕاستییەکەی نووسەری ئەم دێڕانە نازانێت لە کوێی زانستی سیاسی و ئابووری و مرۆییدا سەرمایە باڵندەیە. من وەک خۆم هیچکات چاوم بەم جۆرە پێناسە لە سەرمایە نەکەوتووە و لە هیچ شوێنێکدا نەمبیستووە مەگەر لە قامووس و ئەدەبیاتی بەڕێز خەدیو و لە ژوور و دیوەخانی پیاوماقوولان و هاو قەتارانی ئەم دوکتۆرە بەڕێزەدا. تا ئەو شوێنەی ئاگادار بم باڵندەی ئازاد، لانیکەم لای مارکس، ئەو کرێکارانەن کە بە زەمینەوە گرێ نەدراون و خاوەن هێزی کاری خۆیانن.

بەگشتی، ووشەی سەرمایە لە زمانی ڕۆژانەدا بریتییە لەو داراییانەی کە وەک سەروەت تاکێک خاوەنییەتی. لێرەوە سەرمایە بەو بەشە لە پووڵ دەگوترێت کە دەبیت سەرمایەگوزاری پێ بکرێت بۆ ئەوەی لەم ڕێگەوە ئاستێک لە داهات بەرهەم بهێنیت یان بەتەعبیرێکی دیکە سەرمایە دەتوانێت خودی سەرمایەگوزاری بێت. واتە ئامرازێکی ماڵی، پشک یا خود هەندێک وەرەقی بەهادار بن کە مافی خاوەندارێتی بەسەر کەرەستەکانی بەرهەم هێناندا هەیە یان بە ڕوویەکی دیکەدا بریتیە لە ئامرازە مادییەکانی بەرهەم هێنان.

بەم پێیە و جیا لەم پێناسە گشتییە لە سەرمایە پێمان باشە پێناسەیەکی دیکە لە چەمکی سەرمایە بە دەستەوە بدەین بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی بەڕێز خەدیوەوە قووڵتر لە چەمکی سەرمایە بڕوانین کەڵک لە پێناسەی مارکس بۆ چەمکی سەرمایە وەردەگرین: **سەرمایە چشت نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی بەرهەم هێنەرانەی کۆمەڵایەتییە کە سەر بە کۆمەڵگایەکە**

**خاوەن فۆرماسیۆنێکی مێژوویی دیاریکراو بێت و لە چشتێکدا دیار دەکەوێت و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی دەبەخشێتە ئەم چشتە. ئەوەی لە ڕێگەی ئەم ئانتی تێزەوە لە سەرمایەدا وێنا دەکرێت کەرەستەکانی بەرهەم هێنانە کە لە مۆنۆپۆل و پاوانی دیاریکراوی بەشێکی کۆمەڵگادایە و لەگەڵ هێزی کاری زیندوو وەک بەرهەمدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە و بە سەربەخۆیی دۆخی کار لە هێزی کار جیا دەکاتەوە و...**

بە ڕێز خەدیو، لە دواخاڵی وتارەکەیدا ئاماژە بە پەرەسەندن و ژیانی(**خوب**)دەکات و بە حەق و مافی خۆی دەزانێت، ئێمەیش نازانین ئەم ژیانە (**خوب**)ەی کە بەڕێز خەدیو داوای دەکات (کە مافی هەموو کەس و لایەنێکە و ئارمانێکی بەشەرییە) ئایا پەتاتەخۆرەکانی سەر جادەش دەگرێتەوە؟. بۆیە وەک جێرمی کرۆنین دەڵێت:**"ئێمە لەبەر ئەم هۆکارە مرۆڤین کە لە کۆمەڵگاکان و کولتوورەکاندا باڵا و گەشەمان کردووە" ئەو کاتەی کە فەیلەسووفانی یوونانی کەونینە مرۆڤیان بە ئاژەڵێکی سیاسی دەزانی، دید و ڕوویان لەم لایەنە تیۆریکە بوو کە ئاژەڵەکان لە کۆمەڵگایەکی سیاسیدا بوونەتە مرۆڤ. تاکگەرایی لیبڕالیستی _ بە جەغد کردنەوە لەسەر ئاراستە مێژووییەکەی _ ڕەنگە بۆ پاساوی ئەم بەڵگاندنە مافی ئەوە بە خۆی بدات کە هیچ جیاوازییەکی جەوهەری و سرووشتی بوونی نییە ببێتە هۆی جیاوازییەکی نوێ لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەڵام لە شیکاری هێزە مرۆییە بەرهەمهێنەرەکان سەبارەت بە نەبوونی نابەرابەری _ لە نێوان چینەکان، قاڕەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان _ سەرکەوتوو نابێت. لیبڕالیستەکان لە باشترین حاڵەتدا نایانەوێت _ یا خود ناتوانن _ لەوە تێبگەن کە" ئێمە بە شێوەیەکی بەرابەر لە دایک نەبووین". کۆمەڵەیەکی کەم لە دانیشتوانی سەر زەوی لە ناز و نیعمەتدا لە دایک بوون و ئەوانی دیکەش لە کۆمەڵگا هەژار، نەخۆش، دواکەوتوو و داماوەکاندا لە دایک بوون کە لە ڕێگەی کەڵەکەکردنی سەرەتایی ( primitive**

**accumulation) سەرمایە لە ڕێگەی سەرمایە خۆیەوە لە کۆی نێعمەتەکان و خۆشگوزەرانی و رفاهی ژیان بێبەشە.**

باشتر وایە بەڕێز خەدیو دەستی نەمان و ڕۆیشتنی باڵندەی کەرتی تایبەت و پیاوماقووڵان و هاوسەنگەرانی (سەنگەری هایێکی) لە سەرانسەری کوردستان بە چۆکی مهابادا نەدات و بیر لەو پەتاتەخۆرانە بکاتەوە کە یەکەم قوربانی بەردەم کەرتی هاری تایبەتن و هەر ئەوانیش دەکەونە بەر هەرجۆرە پەلاماریکی ئەم کەرتەوە. هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، باشتر وایە بەڕێز خەدیو بەرامبەر کەرتی تایبەتی بەرگری لە کەرتی دەوڵەتی بکات و ئێمەش بەرامبەر کەرتی تایبەتی و ئابووری نیۆلیبیڕاڵی و بازاڕی ئازاد، بەرگری لە کۆمەڵگا بکەین. بەم پێیە، ئەگەر ئێمە لەسەر پەتاتەخۆرەکان نەدوێین ئەبێت سەبارەت بە بۆچوونەکانی ئێوە بێدەنگ بین، کەواتە ئەگەر ئێوەش ناتوانن لەسەر پەتاتەخۆرەکان بدوێن بەرانبەر سەرمایەگوزاری نەکردن و هەڵاتنی کەرتی تایبەتیش بێدەنگ بن.

**سەرچاوە؛**

http://www.ruwange.net/NewsDetail.aspx?itemid=3262

## دەربارەی سێدارە، مانا و دەرکەوتەکانی

**هەموو شەوێ ئەستێرەیەک لە ئاسمان**

**دەخەنە خوارەوە،**

**بەڵام ئەم ئاسمانە غەمگینە**

**لەئەستێرەکاندا نوقم ئەبێت.**

**پارچە شیعرێکی چریکەکان**

**هەڵوێستی ناوەکی**

پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات هەمیشە پەیوەندییەکی باش نییە و بگرە زۆر جاران پەیوەندییەکی گرژ، توندوتیژ و تەنانەت پێکدادانێکی کاولکارانەیە لەپەیوەندیدا بە هەر دوو لای پرس یا خود بابەتێکەوە. دەوڵەت، بەتایبەت لەم ناوچانەی ئێمەدا لە هەندێک شوێنکاتی تایبەتدا پێویستیان بە خەڵکە و تەنیا لەم کاتانەدا خەڵک و دەوڵەت و خەڵک و دەسەڵات بەریەکدەکەون  و بەگشتی خەڵک و کۆی دەسەڵاتدارێتی وڵات

پێکدی دەگەن و دیدار تازەدەکەنەوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەڕووی سیاسییەوە بۆنموونە ڕۆژی دەنگدانەکان، شەڕ لەگەڵ وڵاتانی دەوروو‌بەر، پارێزگاری لە سنوورەکان، ڕاپرسی لە بارەی درووستکردن یان نەکردنی بۆمبی ئەتۆمی و پرسینی ڕای خەڵک لە مەڕ بۆچوونیان دەربارەی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئیمپێریالیزمەوە؛ لەمە بترازێت خەڵک بە ئاراستەی خۆیدا دەڕوات و ئاپاراتووسە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات و دام و دەزگاکانیان بە ڕێگایەکی دیکەدا. واتە، لەم ناوچانەدا جگە لەم بۆنانە نەبێت چما خەڵکێک لە وڵاتدا بوونی نییە کە گوێ لە دواکارییەکانیان بگیردرێت، دەوڵەتێک نییە گوێی هەبێت بۆ بیستنی کێشەکانی وڵات، خۆشگوزەرانی، ئازادی، دادپەروەری، ڕۆشنگەری و کار بۆ بێکاران و کێشە کەڵەکە بووەکانی ژنان و... هەوڵێک نییە بۆ تێگەیشتن لە کێشە ناوەکی و دەروونییەکان وڵات، ئەو کێشانەی کە تەنانەت جگە زەبری سەرکوت هیچ جۆرە دەرمانێکی دیکەیان پێشکنایەت چارەسەری بکەن. هەر لەکێشەی پەروەردەی منداڵان و باغچەی ساوایانەوە بگرە تا جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە زانکۆکان و فرۆشتنەوەی ئەم کارانە بە خەڵک لە ژێر ناوی پاکدامەنی و فەزیلەتدا، تا دەگاتە کێشە قووڵ و جەوهەرییەکانی نەتەوە بندەستەکانی ناو جوگرافیای گشتی سیاسەت و مێژوو لەو وڵاتانەدا: بۆنموونە توورکیا، سووریا، عێراق و ئێران. لە وڵاتانی ناوبراودا جگە لەوەی دراوەسێی یەکترن، لە زۆر ڕووەوە سیما و دەموچاویان لەیەک دەچێت و ڕەنگە زۆرجاران بەپێی جووڵانەوەیان لەگەڵ خەڵکەکەیاندا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبێت. بۆ سەلماندنی ئەم پێشگریمانەیە بە کورتی دەتوانین قەناعەت بەیەک بەراوەردی گونجاو لەپەیوەندیدا بە جووڵانەوە دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی

سووریا لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بکەین و دید و دونیابینی ئەوان بە نیسبەت خەڵکی کوردستانەوە دەربخەین. بۆنموونە، ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانەوە تا ساڵی 1367 و تەنانەت 1370 و ڕووبەڕووبوونەوەی حافز ئەسەد و بەشار ئەسەد وەک میراتگری ڕاستەقینە و حەقیقی باوکی، لەگەڵ خەڵکی کوردستان و بەگشتی خەڵکی سووریەدا. وتەزا ناوخۆیی و سەرەکییەکانی ناو ئەم وڵاتانە نەک ئازادی، دادپەروەری، ڕۆشنگەری، بەرابەری، لەناو بردنی ستەمی جنسی، ستەمی نەتەوایەتی و هەڵاواردنی ڕەگەزی بەڵکوو زیندان، ئەشکەنجە و جۆرەکانی سەرکوت، میلیتاریزەکردن، دژە شۆڕش، کولتووری هەندەکی، ڕاونان، دەرکردن و دەرپەڕان و لەناو بردنیان لە پێناو پاراستنی ئەمنی گشتی و ئەرزی گشتیدا.

ئەو خەڵکەی لە هەناوی ئەم وڵاتەدا دەژین بە زۆری لەگەڵ ئەم چەمک و وتەزایانەی دوایدا ئاشنان و ڕۆژانە دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن و خۆیان و پشتاوپشتیان بەم وتەزایانە ئاشنان، هەریەکە و لە شوێنی خۆیەوە یان کوڕی گیراوە یان کچی ئێعدام کراوە یان تیرباران کراون، تەنانەت گەلێک جار دەوڵەت ئەوەندە دەستی لەم خەڵکە نەپاراستووە پەنای بردۆتە بەر کۆمەڵێک لە ئیدارەکانی و هەوڵی داوە بۆ نموونە ئیدارەی دووخانیات بکاتە زیندان لەبەر ئەوەی زیندانەکان چیدی جێگەی بەند کردنی خەڵکی تێدا نەماوە و بە ناچاری و لەبەر بێ شوێنی ڕوو لە دام و دەزگاکانی دیکەی خۆیان دەکەن. بەتایبەت ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بەنیسبەت کوردەوە گەلێک زیاترە و زۆر جاران کێشەی کورد و داواکارییەکانی بۆتە کابووسی ڕۆژانە و شەوانەی چەپ و ڕاست و

ئۆرتۆدۆکس و پلۆرال  لەو وڵاتەدا. بۆیە، هەمووان [ئەوەی کوردە] لەوە ئاگادرین کە ئەگەر کوردێک بە هەر تاوانێک لە ئێراندا لە سێدارە بدرێت، ئەستەمە هەڵوێستێکیان هەبێت و بەگژ ئەم کردارانەدا بچنەوە. هەڵبەت من لێرەدا قسە لە فەزای گشتی و ڕۆحی باڵادەستی مێژوویی خەڵکی ئێران دەکەم، ئەگینا ڕەنگە لێرە و لەوێ هەندێک کەسی شەرافەتمەند و شۆڕشگێڕی فارس زمان  بدۆزینەوە، کە هەڵبەت نموونەیان هێجگار کەمە.

تێرمی لەسێدارەدان هێندە تێرمێکی نامۆ نییە بە کولتووری سیاسی خەڵکی کوردستان، تەنانەت بە بێ دوو دڵی و ڕاڕاییەوە دەتوانین بڵێین ئەم دۆخە بە نیسبەت پارچەکانی دیکەی کوردستانیشەوە ڕاستە و هەر پارچەیەک بەپێی خەباتی خۆی کەوتۆتە بەردەم پەلاماری دەوڵەتی باڵادەستی هەرکام لەم وڵاتانەدا. جا ئێستا بەتاوانی سیاسی یا کۆمەڵایەتی بێت ئەوا بۆ ئەو دەوڵەتە باڵادەستانە لەسێدارەدانی خەڵکی کورد بە لایانەوە لە کارە ئاسانەکانە وەک ئەوەی بتڵێک ئاو قڵم بدرێتەوە. لەسێدارەدان هەرچەندە بەتەنیا کورت ناکرێتەوە بۆ ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڵکوو ئەم فۆرمە لە سزادان بە زۆری لە هەموو ناوچەکان و لە خەڵکی هەموو گەلانی ناو ئێرانی تێدەکەوێت هەر لە فارس، تورکمەن، ئازەری، کورد، لۆر و عەرەبەوە تا بەلووچەکان و خەڵکی باکووری ئێران. بەڵام مەترسی لەسێدارەدان بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە پێی هەر تاوانێک بێت گەلێک لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران زیاترە چونکوو کوردستان و کولتووری ئەم ناوچەیە بەردەوام هەڕەشەیەکی ڕیشەیی و ڕادیکاڵ بووە بۆ سەر هەموو دام و دەزگا داسەپێندراوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆیە ڕادەی هەستیاری و ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا، بۆتە

جێگەی  پرسیاری هەموو عەقڵێکی سەلیم و خەڵکی ئاسایی ناو ئێران. پرسی سەرەکی بۆ ئێمە لەم یادداشتەدا، پرسی ئێعدام یان لەسێدارەدانە لە ناو پانتا و جوگرافیای سیاسی ئێران و سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتەدا؛ بەتایبەت ئێمە لەناو ئەم یادداشتەدا پتر جەغد لە سیاسەتی لەسێدارەدانی خەڵکی کورد بە دەستی کۆماری ئیسلامی دەکەین و پاشان لە دەرکەوتە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی پشت ئەم کارەوە دەدوێن.

بەپێی بنەڕەتێکی دەروونشیکاری کە دەڵێت: ***"ئەوەی سەرکوت کراوە دەگەڕێتەوە"*** ئەم سەرکوتکراوە بەهەرجۆرێک بێت نیشانە و سیمپتۆمەکانی، شوێن پێ، بۆشاییەکان، درزەکان و ئەو ئیفرات و تەفریتانەی ژیانی ڕۆژانە کە لە قسەوباسی ژیانی ڕۆژانەی هەمووواندا ڕەنگ دەدەنەوە و دیاردەکەون، خۆی دەردەخات. بۆنموونە، پەیوەندی لەسێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر یان شەهید هەڵۆ، بە پرسی نەتەوەیی و خەباتی زەحمەتکێشانەوە دەردەخات نەک تین و تاوێکی گوزەرا و تێپەڕ بووی گەنجانە.

ڕەنگە زۆرجار ئەم پرسیارە بۆ زۆربەمان هاتبێتە پێشەوە، ئەوە چۆنە بۆ نموونە لە ساڵانی 60 و ساڵەکانی دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا ئەو هەموو کوڕ و کچ و ژن و پیاوە بوێر و گەنجانە لە جەنگی خەڵکی کوردستان دژی کۆماری ئیسلامیدا بجەنگن و ڕووبەڕوو ترسناکترین شێوە و فۆرمەکانی توند و تیژی ببنەوە و لەمەرگ نەترسن؟ چۆن هەموو ئەو هەموو کوڕ و کچانە لە زیندانەکاندا چرکەیەک دوو دڵ نەبوون و لە پێناو بیر و باوەڕیاندا خەتێک لە هەڵوێستەکانیان دانەبەزین و توانیان تەنانەت بە مەرگی خۆیان بەرپەرچی زیندان و لەسێدارەدان و ئێعدام

بدەنەوە و ئەو گەمارۆ ترسناکەی سزا گەورەکە واتە، ئێعدام تێکبشکێنن بۆیە لە مردن و سێدارە و ئێعدام نەدەترسان چونکوو تا دوا ڕادە مەرگیان لە هەناوی خۆیاندا سەرکوت کردبوو.

گەر بەپێی ئەو گوتە و ڕستە بنەڕەتیە دەروونشیکاری بچینە پێشەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتی بەرباسمان کە دەڵێت ئەوەی سەرکوتکراوە دەگەڕێتەوە، دەتوانین بە زۆری لە مێژووی خەباتی خەڵکی کوردستاندا و لە هەموو خولە هەستیارە مێژووییەکاندا هەم سەرکوتەکە و هەم سەر هەڵدانەوەکە ببینین. ئەوەی گرینگە ئەمەیە کە هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە ئەوەی سەرکوت کراوە سەر لەنوێ بگەڕێتەوە و سەرهەڵبداتەوە. ئەوەی پێویستە بە نیسبەت ئەم تێزە دەروونشیکارانەوە ڕەچاوی بکەین ئەوەیە کە سەرکوت تەنها لەبەر ئەوە نییە سەرکوت بکرێت لەپێناو سەرکوت کردن خۆیدا، بەڵکوو پێشگریمانەی سەرکوت کردنی ئۆبژە/بابەتی بەردەم سەرکوت ئەوەیە کە لە ڕێگەی سەرکوت کردن و چەپاندنییەوە ئەم مەنفی، ناجۆر، سەر ئێشە و ملۆزمە سەر لە نوێ هەڵ نەداتەوە و هەم دیسان نەگەڕێتەوە. سەرکوت کراو لەبەر ئەوە دەگەڕێتەوە ئارەزو و خواستێکی مێژوویی لە دڵدایە و بە ئاسانی دەستبەرداری ئۆبژەی بەرمەبەستی نابێت و بە هیچ جۆرێک تا گەیشتن بە جێبەجێ کردن و هێنانەدی ئارەزووەکەی هەدا نادات. بۆ ئەوەی بتوانین نموونەیەکی مێژوویی لە پەیوەندیدا بەم باسەوە پێشکەش بکەین دەتوانین دەست بخەینە سەر سەدان و دەیان ڕووداوی گەورە و بچووکی سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، ئەمەش بەو مانایە نییە بە تەنها هەر لەم پارچەیەی کوردستاندا لەم نموونانە زۆرن و هەر لێرە دەتوانین ئەم نموونانە هەڵهێنجێنین. بەڵکوو پارچەکانی دیکەی

کوردستانیش پڕن لەم نموونانە: ئەو نموونانەی بە خێراییەوە دەتوانین ئاماژەیان پێبدەین بریتین لە: سەرهەڵدانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی 8-1347، کۆمەڵەی ژێکاف، دامەزراندنی کۆماری مهاباد، دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و سەرهەڵدانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، شۆڕشی ئەیلوول، بزووتنەوەی کورد لە توورکیا و هەر وەها سەرهەڵدان و خەبات لە ئێستای کوردستانی سووریا. گەر بمانەوێت باسی ئەو هەموو ئاگر و ئاسنەی، کە ئەم چوار دەوڵەتە بەسەرماندا باراندوویانە، بکەین ئەوا نە لە قەبارەی ئەم یادداشتەتەدایە و نە لەقەبارەی ئەم کاتەماندا. بۆیە، بەکورتی، ناچارین بۆ سەلماندنی پێشگریمانەکەمان تەنیا کەڵک لەناو وساڵی ئەو ڕووداوانە وەربگرین.

مەبەستی ئێمە لە هێنانەوەی ئم نموونانە تەنیا بەدەستەوە دانی وێنەیەکی گشتی خەڵک و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانە لە بەرابەر دوژمنان و بەدکاران و ستەمکاراندا؛ دەرخستنی جەمسەرێکە بۆ ئەوەی بتوانین ئاسانتر لە چەمکی ئێعدام و سێدارە تێبگەین بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، چ لە ئێستا و چ لە ڕەوتی مێژووی خەباتی خەڵکی کوردستاندا. هەر وەها دەتوانین لێرەوە چەند خاڵێک بەنیسبەت چەمکی ئێعدام/سێدارە بە شێوەیەکی گشتی لە پانتای واقعی سیاسی ئێراندا بخەینەڕوو. هەڵبەت لەکاتێکدا کە ئەم یادداشتە دەنووسرا ماوەیەکی ئەوەندە زۆر بەسەر ساڵیادی ئێعدام و کوشتوبڕ و ڕەشەکوژییەکانی ساڵی 1367 لە ئێراندا تێنپەڕیوە و هەموو ساڵێک خەڵکی ئێران یادی ئەم ساڵە دەکەنەوە و بەرزی ڕادەگرن و لە یادی ناکەن.

## هەڵوێستی دەرەکی

ئێمە لەسەرەوە هەوڵماندا وێنەیەک لە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی کوردستان لە هەمبەر ئەو دەوڵەتانەی کە بەداموو دەزگا، ئەرتەش و هێزی سەربازی، ئاگر و ئاسن و هەموو جۆرە یاسا و ئایدیۆلۆژیایەکی ستەمکارانە و بێبەزەیانە دەورەیان داوین بە دەستەوە بدەین و بە پێی هەولوێستێکی ناوەکی، واتە لەچوارچێوەی دیسکۆرس و گوتاری خۆڕاگرانە/شۆڕشگێڕانەی سیاسەتی هاوچەرخی کوردستاندا ئەو دۆخە ڕوون بکەینەوە کە خەڵکی کوردستانی تێدا یەخسیر و بەندن و ڕۆژانە چنگ نانە چنگی دوژمنن و لە هەمبەری ڕادەوەستن و بەرەنگاری دەبنەوە. لێرە بەملاوە، پێویستە بەکورتی ئاوڕێک لە دەرەوەی دیسکورس و گوتاری باڵادەستی کوردستان/ئێران بدەینەوە و بە پێی هەڵوێستێکی دەرەکی، سەرەتا ڕامانێک لە پەیوەندیدا بەچەمک و دەرکەوتە ماناییەکانی ئێعدام/سێدارە بدەینەوە و پاشان لە ڕێگەی هەندێک تیۆرەوە ـ ئەگەر بتوانین ـ دەرکەوتە ئایدیۆلۆژیک و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی ئەم ئامراز/سزایە بۆ سەرکوت و چاوترسێن کردنی سەرتاسەری خەڵک لەپانتا و جوگرافیای سیاسی ئێراندا ڕوونبکەینەوە.

هەندێک کەس لایان وایە کە کەسێکی وەک بێنیامین ڕاش ـ یەکەم دامەزرنەری بزووتنەوەی دژە سزای سێدارە/ئێعدامە و بە بناغە دانەری ئەم بزووتنەوەی دایدەنێن و دەیناسێنن ـ کە لەدوا ساڵەکانی سەدەی هەژدەهەمدا نووسی کە سزای لە سێدارەدان ڕەنگە ببێتە هۆی زیادبوون و تەنانەت زیاد کردنی ڕێژەی تاوان، واتە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەشێت لە

سێدارەدانی کەسی تاوانبار ـ سەرەڕای ئەوەی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە کەسی تاوانبار بە شیاوی لە سێدارەدان دەزانێت، خاوەن هەر جۆرە ڕەهەندێکی ئاینی، سیاسی و ئایدیۆلۆژیک بێت ـ لە خۆیدا دەتوانێت دەستی هەبێت لە هەڵخراندنی بیرو ڕای گشتی و زەینی خەڵک بە نیسبەت تاوانی ناوبراوەوە چڕبکاتەوە و سەرنجیان بەرەو لای تاوانەکە ڕابکێشێت.

هەڵبەت هەندێک کەسی دیکە بۆنموونە، کارل مارکس، پێیوایە کە سزادان شتێک نییە جگە لە ئامرازی کۆمەڵگا بۆ بەرگری کردن خۆی لە بەرامبەر هەر چەشنە خەسار و زیان گەیاندنێک بە دۆخی ژیانە سەرەکییەکەی خۆیەوە بە بێ هەر جۆرە پرسیار و پاساوێک بە نیسبەت خودی ئەو دۆخەوە. گەر بمانەوێت کەڵک لە گشتێتی ڕا و بۆچوونەکانی مارکس خۆی وەربگرین و ئەو کۆمەڵگایەی کە تاوان تێیدا ڕوودەدات لەدیدی ئەوەوە بخەینە ڕوو، با سەرەتا بزانین ڕای ئەو سەبارەت بەم باسە چۆنە. مارکس، پێیوایە سیستەمی سەرمایەداری جۆری تاوان و ڕادەی تاوانێک کە سزای دەدات بۆخۆی بەرهەمی دەهێنێت و کاپیتالیزمی خۆیەتی کە هەموو تاوانانە دەخاتە داوێنی تاک بە تاکی کۆمەڵگاوە و تووشی ئەم تاوانانەیەیان دەکات. یەکێک لە ڕۆڵە سەرەکییەکانی حکوومەت/ دەسەڵاتداریێتی ئەوەیە کە دیاردەی تاوان و تاوانبارێتی کۆنترۆڵ بکات و سزای بۆ دابنێت و لە ڕێگەی ئەم سزادانەوە بەر بەهەموو تاوانێکی ڕووداوەکی و نەخوازراو لە ناو کۆمەڵگا و چینە جۆراوجۆرەکاندا بگرێت. سزای لە سێدارەدان، دوایین ئامراز/چەکی توندوتیژ و دەمارگرژی دەوڵەتە و گەلەک جار بۆ بەدترین جۆری تاوان بەکار دەهێنرێت. هەڵبەت ئەویش بەپێی پێناسەی خودی

دەوڵەت لەم بابەتە نەک بەپێی ڕادەی ڕاستەقینە و واقعی زیان گەیاندنی تاوانەکان.

بەپێی بۆچوونی فرێدریش ئێنگێلس، بۆ هۆکاری تاوان لە کتێبە بەناوبانگ و ناسراوەکەیدا، ***دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلیز***دا، تاوانناسە مارکسیستەکان زۆر لەسەر ئەوە دواون کە تاوانی زۆر توند و تیژکارانە و خاڵی و بەتاڵ لە هەر جۆرە هەستێکی مرۆیی[واتە تاوانی دڵ ڕەقانە و بێ بەزیانە]ـ وەک مودێلێک لە تاوان کە پتر شایانی مەرگە ـ دەرنجامی دۆخی بێ ئەخلاقی و بڵاو بوونەوەی وەحشەتە لە ژێر کاریگەری و دەسەڵاتی دۆخێکدا کە زۆربەی خەڵک بە ژیان بردنە سەر لە ناو کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا پێمل و ناچار کراون.مارکس بە باشترین شێوە ئاماژە بەم ڕەوشە دەکات و دەڵێت: **ئایا پێویستییەک بوونی نییە بۆ سەرهەڵدانی پەرچە کردارێکی قووڵ بە نیسبەت دۆزینەوەی ئاڵتێرناتیڤ بۆ سیستەمێک کە خۆی بەرهەم هێنەر و پەروەردەچی ئەم تاوانانەیە، لە جیات ئەوەی ڕێز بۆ جەلاد دابنێین و بەرزی ڕابگرین کە تاوانبارێکی زۆر لە سێدارە دەدات تاکوو تاقە ژوورێک فەراهەم بکات بۆ هاتنی تاوانبارانی نوێ؟**

بەم پێیە، مارکس هەر وەک ژان ژاک ڕووسۆ پێیوایە: ***مرۆڤەکان وەک خۆیان یان لە خۆیاندا باش/ چاکن و ئەمە کۆمەڵگایە کە تاکەکان تاوانبار، ئاڵوودە و گەندەڵ دەکات.*** تەنانەت گەر ئەمە قەبووڵ بکەین کە مرۆڤەکان بە ئاسانی و سانایی هەر وەک جۆن لۆک دەڵێت:" ***بەرەنجامی ئەزموونەکانی خۆیانن و کۆمەڵگایەکی گەندەڵ و ئالوودە دەتوانێت بەردەوام زۆربە و زۆرینەی خەڵک ئالوودە و گەندەڵ بکات***". پرسیاری سەرنجڕاکێش ئەمەیە

کە چ شتێک لە مەڕ ئەم"***بوونەوەرە زیندووە***"لە ئارادایە و بوونی هەیە کە سزای مەرگ بە ناپێویست دەزانێت؟ مارکس چەمکی "***بوونەوەری زیندوو***"ی پەروەردە کرد و سەرچاوەی ئەم چەمکەش بۆ لۆدڤیگ فۆیرباخ، فەیلەسووفی گەورە و لە هێگلییە چەپە ناودار و ناسراوەکانی ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەهەمی وەرگرتووە. لۆدڤیک فۆیرباخ، لەکتێبی ***جەوهەری مەسیحییەت***دا، پێیوایە کە: ***ئەو شتەی کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە بەتەنیا ووشیاری ئەو نییە بەڵکوو جۆرێکی تایبەتە لە ووشیاری.*** ئەم جۆرە تایبەتە لە ووشیاری، واتە"***ووشیاری مرۆیی***"تەنیا ووشیاری تاکێک نییە وەک تاکێک، بەڵکوو هەر وەها ووشیاری تاکێکە وەک ئەندامێک لە گرووپ و کۆمەڵی مرۆیی کە خاوەن ڕۆحی مرۆییە و ئەم ڕۆحە مرۆییە لە هەموو مرۆڤەکاندا بە شێوەیەکی وێکچوو و یەکسان بوونی هەیە و لە هەناوی هەموو مرۆڤێکدایە. مارکس، خاڵ یاخود بۆچوونێک بەم فۆرموولبەندییە سەرەتاییەی فۆیرباخ زیاد دەکات کە مرۆڤەکان کۆمەڵێک بوونەوەری زیندوون کە تەنیا لەکاتێکدا بەپێی واقع، ڕاستی و حەقیقەتەکان دەجووڵێنەوە کە بەپێی سرووشتیان بتوانن بە ئانقەست و لەڕووی ووشیارییەوە وەک بوونەوەرێکی زیندوو یان"***حەشیمەتی زیندوو***"بژین. مارکس، هەر وەها لە وتارە بەناوبانگەکەیدا لەژێر ناوی"***پرسی جوو***"دا دەڵێت، لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا ***خەڵکانێک دوورن لە جیهانی بوونەوەرە زیندووەکان.*** لە کۆمەڵگا کاپیتالیستییەکاندا مرۆڤەکان خۆبەست و جودا لە کۆمەڵگا و لە پانتای بەرین و هەناوی دەروونی خۆیاندا بەڕەڵا و بەتەواوەتی لە دەریای بێبنی بەرژەوەندییە شەخسییەکانیاندا نووقمبوونە و تەنیا بەپێی ئارەزووە شەخسییەکانی خۆیان دەجووڵێنەوە و هەڵسووکەوت

دەکەن؛ تاقە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگا کاپیتالیستییەکاندا تەنیا لە سەر پێداویستی سرووشتی و بەرژەوەندییە شەخسییەکان، پیشاندانی دارایی و خاوەندارێتییەکانیان بە یەکتر و هەر وەها چاولێکەری و خۆویستییەکان ڕاوەستاوە.

بەپێی بووچوونەکانی مارکس، دەتوانین بڵێین ئەوە جیهانی کاپیتالیستی و پەیوەندییە بەرژەوەند خوازانە و تەنانەت نامرۆڤانەکانە کە ڕێکخەری سەرەکی و پاڵنەری بنەڕەتی هەموو ویست و ئارەزووی مرۆڤەکانە. ئەو پەیوەندی دراوی و داراییانەیە کە دەستیان هەیە لە داڕشتن و ئاراستە کردنی سەرجەم جومگە و خانە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگادا و ئەم پەیوەندیانەن کە دەبنە بنەڕەتی هەر جۆرە کارلێک و تەعامۆلێکی تاک بە تاکی ناو کۆمەڵگا و، کاپیتالیزم خۆیەتی کە بەپێی داڕشتنی هەموو ئەم ستراتیژیانەیە کە ئامانجیان هیچ نییە جگە کۆ کردنەوەی هەرچی زیاتری دراو لە هەموو ڕێگەیەکەوە. بۆ نموونە، لە سیستەمێکی کاپیتالیستی/ئاینی وەک کۆماری ئیسلامیدایە کە هەر جۆرە مادەیەکی سڕکەر بە ئاسانی دەستاودەست دەگەڕێن و دەستدەکەون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بازاڕەکانی ئەم مادەیە گەرمتر، خۆشتر و پڕ فرۆشتر دەبێت و بەشێکی هەرە زۆری خەڵکی ئەم وڵاتە سەریان کردۆتە ئەم پیشەیە و یەکێکە لە گەورەترین بازاڕەکانی ئەم وڵاتەیە. ڕەنگە لێرەوە، بتوانین زۆر بە ئاسانی لەوە تێبگەین بۆچی لە لایەکەوە، هۆکاری سەرەکی لە سێدارەدانی هەموو ئەو مرۆڤانەی کە لە بەر بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان پەنا دەبەنە بەر فرۆشتنی ئەم مادانەوە و لەلایەکی دیکەوە، هەموو ئەو مرۆڤانەی لە بەر هەر هۆکارێک پەنادەبەنە بەر بەکارهێنان و بەرخۆری ئەم مادانە بۆ چ کانگا و

سەرچاوەیەکی ئایدیۆلۆژیک، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و کولتووری دەگەڕێتەوە؟

کاپیتالیزم، چ لەهەموو جیهان و چ لە ئێراندا، هیچ کات نەیتوانیوە بەبێ قەیران ژیانی بباتە سەر و هیچکات کاپیتالیزم بەبێ قەیران شەوی نەگەیاندۆتە ڕۆژ، واتە قەیران بەشێکی جەوهەری و دانەبڕاوی کاپیتالیزمە و بەبێ قەیران ژیان و بەردەوامەتی کاپیتالیزم لە خۆیدا نەکردە بووە. لەلایەکی دیکەوە، کاپیتالیزمی ئایینی یان باشتر وایە لە چاپێکی نێنیامینیدا بڵێین ***کاپیتالیزم لە بەرگی ئاییندا*** ـ بۆ نموونە ئێرانـ جگە لە قەیرانە قووڵە نێو نەتەوەییەکانی، ڕاستییەکەی، تەحەموولی هیچ جۆرە قەیرانێکی ناوخۆیی پێناکرێت و بەرگەی هیچ جۆرە ئانتاگۆنیزم و پارادۆکسێک ناگرێت و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت ئەو کەس، لایەن، گرووپ، ئۆپۆزسیۆنی ناوەکی و دەرەکی تەحەمول بکات کە بست بە بستی کۆمەڵگای ئێرانی بۆ ئانتاگۆنیزە دەکەنەوە و سکی پڕ دەکەن لە هەموو جۆرە پارادۆکسە ترسناک و کوشندەکان؛ ئەو پارادۆکس و ئانتاگۆنیزمانەی کە بریتین لە داواکاری دابینکردنی کۆمەڵگایەکی تەندرووست، هەبوونی کار، دادپەروەری، ئازادی، بەرابەری، خۆشگزەرانی، دەرفەتی بەرابەری کار، ڕۆشنگەری، لە ناو بردنی ستەمی جنسی، ڕاونانی هەر جۆرە هەڵاوێردێکی ڕەگەزی و لە ناو بردن و چارەسەر کردنی کێشە و ستەمی نەتەوایەتی. بۆیە، لێرەوە دەتوانین بڵێین چارەسەر کردنی بنچینەیی و ڕیشەیی و ڕادیکاڵی ئەم پارادۆکسە گەورانە، نە ڕۆشتنی ئەحمەدی نەژاد و نە هاتنی ڕۆحانی، چارەسەری ئەم پارادۆکسە جەوهەریانە ناکات. ڕۆشتنی پیاوێکی ناشرین و ناسیاسی و هاتنی پیاوێکی خوێن شیرین و سیاسی ئەم

پارادۆکسانە چارەسەر ناکات. ئەوەی لە دەستووری کارو لەسەر مێژی مێژوودایە، چارەسەرکردنی ئەم پارادۆکسانەیە نەک ئێعدامی فەلەیەیی، نەک پیتاندن یۆرانیۆم و درووستکردنی بۆمبی ئەتۆم.

# دەربارەی سیاسەت، شۆناس و سینەمای نەتەوەیی

**خەونی دژبەرانە بئافرێنە، فێربە چۆن کەمینەبوون بئافرێنیت.**

**ئانتی ئۆدیپ، ژیل دۆلۆز و فلیکس گێتاری**

**ئەمریکا سەگێکی گەورە و میهرەبانە لە ژوورێکی زۆر بچووکدا،**

**هەرکە کلکی دەسوورێنێت لە کورسییەک دەکەوێت.**

**ئارنۆلد toوین بی**

مەبەستی ئێمە لەم یادداشتەدا، لەسەر دەستەواژەی سیاسەتی سینەمای نەتەوەیی بەو مانایە نییە کە لە درووستکردن و دەرهێنانی فیلمدا سیاسەتێکی لەم شێوەیە لە ئارادایە یاخود بوونی هەیە و وەک مێتۆد یان شێوازێکی تایبەت لە بواری دەرهێناندا دەکرێت فیلمی پێدرووست بکرێت و کەڵکی لێوەربگیردرێت. مەبەستی ئێمە لەم دەستەواژەیە جۆرێکە لە ئامادەیی فیلم و دەرهێنان لە چوارچێوەی دەوڵەت_نەتەوەدا. واتە، ئەو چوارچێوەی کە فیلم لەپانتاییدا هەوڵ دەدات کێشە ناوخۆیی/مێژووییەکانی

لە ئاوێنەی کامێراوە بنوێنێتەوە و دەربیجە و دەلاقەیەک بێت بۆ نواندنەوەی کێشە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، مێژوویی، مافی و هتدەکانی چوارچێوە یان کیانی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەو پانتا جوگرافییەی سووژە/کامێرا تیایدا کار دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات بەشی هەرە زۆری کێشە ناوخۆیی/دەرەکییەکان بگوازێتەوە و لە کردنی ئەم کێشە هەمە جۆرانە بە فیلم هەوڵ دەدات چی سەرکوت دەکرێت، چی وەلا دەنرێت و کۆی ئەو بابەتانەی لە بەردەم پەلاماردەران، لەناو چوون، سەر هەڵدەدەنەوە و سەر لە نوێ لە چوارچێوەی فیلمدا بخاتە بەر دیدی بینەرانی ناو چوارچێوەی دەوڵەت –نەتەوەوە. بەجۆرێک لەجۆرەکان، سیاسەتی سینەمای نەتەوەیی دەشێت بەرهەم هێنانەوەی سەر لە بەری کێشە و گرفتە چارەسەر نەکراوەکان و نواندنەوەی پارادۆکسە مێژووییە چارەسەر نەکراوەکان و پرسە گرینگە نەتەوەییەکان بێت و دەرخستنی سەرجەمی کەڵکەڵەکانی ناو ئەو چوارچێوەیەکی دیاریکراو، واتە دەوڵەت–نەتەوە بێت. هەڵبەت لێرەدا مەبەستی ئێمە ئەوە نییە پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە کار و ئەرکی نەگۆڕی سینەمای نەتەوەیی ـ هیچ نییە جگە لە نواندنەوەی کێشە ناوخۆیی و مێژووییەکانی دەوڵەت/نەتەوەیەکی دیاریکراو. یان بە بەرێکی دیکەدا، سینەمای نەتەوەیی هیچ کارێکی نییە جگە لەوەی کە بە شێوەیەکی پۆزێتیڤ سەرجەمی کێشە چارەسەر نەکراوەکان بنوێنێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ناو جوگرافیای دەوڵەت/نەتەوە بیبینن و لە ڕووی فیکری، فەلسەفی، کولتووری، دەروونی و تەنانەت نیشتمانییەوە کاریان تێبکات و لە ڕێگەی ئەم کارتێکەرییەوە هەوڵ بدات بیری سەرجەمی

کێشەکانیان بکەونەوە کە ڕەنگە لە ژیانی ڕۆژانە و ئاساییاندا ئەوەندەیان سەرنج پێنەدابێت یان بۆیان نەبووبێتە کەڵکەڵە و پرسێکی فیکری.

ڕەنگە کەسێک بە نیسبەت ئەم باسەوە پرسیاری ئەوە بکات کە ئایا ئەو فیلمانەی دەچنە خانەی فیلمی نەتەوەییەوە کامیان فیلمی باشن و لە ڕووی مێژوویی و ئۆمانیستییەوە بێ کێشەن؟ ئایا ئەو فیلمانەی کە باسی کێشەکانی نەتەوە و کردنی ئەم کێشانە بە فیلم و گواستنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا دەکەن، سەر لە بەریان شایانی ئەوەن ببینرێن و بە تامەزرۆیی و چێژەوە سەیر بکرێن؟ ئایا ئەو فیلمە نەتەوەییانەی کە بۆ نموونە لە سەردەمی دەسەڵاتداری هیتلێر و نازیسم لە ئەڵمانیادا بەرهەم دەهاتن پاکیان فیلمی باش و بۆ ئەوە دەبن بیانبینین؟ ئایا ئەو فیلمە نەتەوەییانەی کە باسی گەورەیی و شکۆمەندی وڵاتی تورکیا دەکەن، دەشێت فیلمی باش بن؟ ڕەنگە ئەگەر بمانەوێت لەمجۆرە پرسیارانە لانیکەم لە خۆمان بکەینەوە، دەکرێت بەدیوێکی دیکەدا بپرسین سینەمای نەتەوەیی دەستێکی کاراشی لە ڕێکخستنەوەی شۆناسی نەتەوەیی، کولتووری، مێژووییدا هەیە و دەیان و سەدان فیلمیش لە ئارادان کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لە سەر بە خۆدا چوونەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی کولتوور، مێژوو و شۆناسی گشتی و دەستەجەمعی نەتەوەیی و نەتەوەکەیەوە.

بەم پێیە، بۆنموونە دەتوانین لێرەوە بچینە سەر قسەکردن و دوان لەسەر پەیوەندی گشتی نێوان شۆناسی نەتەوەیی لە پانتای فیلم و سینەمای نەتەوەییدا. بۆ ڕوون کردنەوە و دوان لەسەر شۆناسی نەتەوەیی، کە سینەمای نەتەوەیی هەوڵدەدات بیبووژێنێتەوە و پتەوی بکات، زۆرجار

زۆربەی توێژەرانی فیلم سەرنجیان بەرەو لای چەمکی ***دەوڵەت وەک کۆمەڵگای خەیاڵی*** بێندیک ئاندێرسۆن ڕا دەکێشرێت. ئاندێرسۆن پێیوایە نەتەوە کۆمەڵگایەکی خەیاڵییە کە هەستی شوناس و گرێدراوی و پابەندی دەبەخشێتە تاک بە تاکی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە. وەها شوناسێک، وەک ئاندێرسۆن دەڵێت لەڕێگەی بەرخۆریکردنی بەرهەمەکانی کولتووری چاپیی مۆدێرن، بۆ نموونە ڕۆژنامەکان و ڕۆمانەکان، دەستەبەر دەبێت و مسۆگەرە. کاتێک یا خود ئەو کاتەی کە مێژووی نەتەوەیی لە ڕۆژنامەکان، ئەدەبیات و میدیاکان و ڕاگەیاندنەکاندا لە ناوکۆیی وێنە و نمای کەش و شوێن و جێگەکاندا دەبینێتەوە، بینەرەکە لە مانا، چەمک و واتای کۆمەڵگا و لەگەڵ سنوورە نەتەوەییەکەی و مانا و چەمکێک لە چارەنووس و مێژووی هاوبەشی خۆی تێدەگات و لە پێش چاوی خۆیدا دیاری دەکرێت. ئەگەرچی تیۆرەکەی ئاندێرسۆن فیلم وەک کەرەستەیەکی بینادنەر و بونیاد بەخشی نەتەوە دانانێت، بەڵام سەرنجمان بەرە و ئەو ڕاستییە ڕادەکێشێت کە گێڕانەوەی فیلم وەک گێڕانەوەی ڕۆمان و قاڵب و چوارچێوە ئەدەبییەکانی دیکە، لە کەش و کاتدا بە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانەوە دەردەکەون و دێنە پێش چاو؛ هەر وەها وا دیارە فیلم بۆی هەیە و دەتوانێت چەمک و شوناسی نەتەوەیی لە ناخ و هەناوی بینەردا بورووژێنێت و زیندووی بکاتەوە.

زۆرجار ئایدیای نەتەوەی ئاندێرسۆنی لە ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زۆرینەی توێژەرانی فیلمدا هاتۆتە ئاراوە، بۆ نموونە سووزان هیوارد بە توندی پشتی بەستووە بە دەربڕینی چەمکی نەتەوە و دوان و دەرخستنی پەیوەندی نێوان شوناسی نەتەوەیی و سینەمای نەتەوەیی. هەر وەها

هیوارد بە پەیڕەویی کردن و دوا کەوتنی فیکری ئاندێرسۆنەوە، نەتەوە وەک بوونێک ڕەچاو دەکات کە بەردەوامەتی خەیاڵی و بەشداری و هاوبەشێتی، وا لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگا و نەتەوەیە دەکات فۆرم ببەخشنە شۆناسی نەتەوەیی خۆیان و لە هەوڵێکی بەردەوامدابن بۆ سەر لە نوێ گەڕاننەوەی ئەم شۆناسە نەتەوەییە بۆخۆیان. بۆ هیوارد، سینەمای فەرەنسی بە شێوەیەکی پاڵەکی یاخ ود ئاشکرا لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیای زاڵەوە، کاریان پتەو کردنی دەوڵەتە و بەردەوام دەیانەوێت لە ڕێگەی سینەماوە ئەم دەوڵەتە ببووژێننەوە و وەک خۆی لەسەر لاقی ڕابگرن. هیوارد هەوڵ دەدات تاکوو خۆی لە مەترسی گریمانکردنی شۆناسی نەتەوەیی بەشێوەیەکی یەکدەست و هاوبەست ببوێرێت لە ڕێگەی پێداگری لە سەر ئەم ڕاستییەوە کە بەرهەم هێنانی نەتەوە لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا دەکرێت و دێتە ئاراوە. بەم پێیە، سینەمای نەتەوەیی دەنگ داننەوە و ڕەنگ داننەوەی سادە و ساکار و بێگەردی مێژوو نییە، بەڵکوو پتر گۆڕانکاری مێژووە. بۆنموونە، یەکێک لە ئاسانترین و سادەترین ڕێگاکان بۆ ناسینەوە و پێناسە کردنی فیلمێکی نەتەوەیی یان تەنانەت سینەمایەکی نەتەوەیی بینینەوە و دەستنیشانکردنی سەرچاوە و ئاخێزگە نەتەوەییەکانی فیلمی بەرمەبەستە. سینەمای نەتەوەیی بێگۆمان ئاماژە کردنە بەو کۆمەڵە فیلمانەی کە لە دەڵی دەوڵەت/نەتەوەیەکی تایبەتەوە دێنە دەرێ یان لەناو دەوڵەت/نەتەوەدا بەرهەم دەهێنرێن. بەدیوێکی دیکەدا، سینەمای نەتەوەیی وەک تێرمێکی هێماییین، ئاماژەدانە بەو ڕستە فیلمەی کە لە ناخی نەتەوەیەکەوە بەرهەم دەهینرێن.

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە زۆر ڕووەوە دەشێت لۆژیکی ناوەکی سینەمای نەتەوەیی جۆرێک بێت لە گەڕاننەوە بۆ وتەزا ڕەسەنەکان و بە گشتی ڕەسەنایەتییە نەتەوەییەکانەوە؛ جۆرێک بێت لە سەر هەڵدان و بەرجەستەبوونەی هەموو جۆرە تایبەتی خوازی/پارتیکولاریزمی نەتەوەی دەمارگرژ و لووت بەرزانەی ناسیۆنالیستی بەڵام بەدیویکی دیکەشدا، بووژاننەوە و پێداچوونەوە بێت بە شۆناسی نەتەوەیی و ڕامان لە خۆ و چوارچێوە و سیما و ڕوخسارە ڕاستەقینەکانی خەڵک و کۆمەڵگا و بەگشتی دەوڵەت/نەتەوە. تەنانەت زۆرجار سینەمای نەتەوەیی لە توانایدایە کاریگەرییەکی وای هەبێت و کارێک بکات داوا لە بینەر بکات تاکوو هەمدیسان خۆی بە بەشێک لە کۆمەڵگا بزانێت و سەر لە نوێ هەست بەوە بکاتەوە کە سەر بە چ کۆمەڵگا و کولتوورێکی نەتەوەییە.

لێرەوە و بەپێی ئەو باسەی سەرەوە، دەتوانین هەنگاوێکی زیاتر بچینە پێشەوە و بڵێین کە ڕەنگە سینەمای نەتەوەیی بتوانێت سەرجەم کێشە ناو خۆییەکانی وڵات بنوێنێتەوە و لە ڕێگەی کامێراوە کەرت بە کەرت و بڕگە بە بڕگەی و خول بە خول و قۆناغ بە قۆناغی نەتەوەیی و مێژووی نەتەوەیەک بنوێنێتەوە و لە ڕێگەی کامێراوە لە سەریان بدوێت و کێشە جۆربەجۆرەکان لە هەموو ڕووبەرەکاندا بەرجەستە بکاتەوە بەڵام کامێرا۔ ئەگەر بەم جۆرە بتوانین لە سەری بدوێین ـ دەتوانێت وەک چەکێک نەک کێشە ناوخۆییەکانی سنووری دەوڵەت نەتەوەیەک بپێکێت، بەڵکوو کێشە و گرفتە پارتیکولارەکان گرێبدات بە کێشە و گرفتە یۆنیڤێرساڵ و جیهانییەکانەوە.

# دەلالەتە ئایدیۆلۆژیکەکانی سوێنخواردن

لەهەموو ئایین و دینە ئیبراهیمیەکاندا شتێت هەیە بۆ پەرەستن و پاشان بۆ سوێندخواردن. سوێندخواردن هەمیشە بەشێکی جەوهەری بووە لەژیانی ئەو کەسانەی لەژێر سوڵتە و باڵادەستی ئەم جۆرە ئاین و ئاینزایانەدا ژیاون. سایکۆلۆژی سوێندخواردن، لەخۆیدا، کاتی تەنگانە و دۆخە ئەستەم و دژوارەکان هاندەریەتی و هەمیشە لە دۆخێکدا سوێند دەخورێت کە هەموو سنوورەکانی ئەخلاق بەرتەسک دەبنەوە و توانای ڕازیکردن و بەقەناعەت گەیاندنی بەردەنگەکەیان تێدا نامێنیت. سوێندخواردن لەم ساتەوەختانەدا دەبێتە دواین دەرفەتی ئەخلاقی بۆ ئەوانەی بەڵێن یان پەیمانێک بەخۆیان یان سووژەیەکی سەرتاسەریی و مێژوویی دەدەن و سوێند دەکەن بەو زنجیرە نەپساوەی کە سنوورەکانی بەڵێن مەهار و کۆنترۆڵ دەکات و بەربە بچڕانی زنجیرەکە دەگرێت. ڕەنگە زۆر کەس ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی نووسەری ئەم دێڕانە بکەنەوە: ئایا سوێندخواردن و بەڵێندان دووشتی جیاواز و دوو بابەتی جودا نین؟ ئایا سنوورەکانی ئەخلاق چۆن دەتوانن لەڕێگەی سوێندخواردنەوە مەهار و کۆنترۆڵ بکرێن؟ ئایا سوێندخواردن هەمیشە نیازپاکانە و لەپێناوی خێری

گشتیدایە؟ ئایا ئینسانی ئەم سەردەمە پێویستە سوێند و سوێنخواردن بکات بە بڕبڕەی پشتی کار و ئەکتەکانی؟...

سەرباری ئەمە، بڕیار نیە هەموو سوێندخواردنێک لەپێناو خێری گشتی و مەبەستی نیازپاکانەی سووژەکاندا بێت، زۆر کەس سوێند دەخوات بە بێئەوەی بەپێی سوێند و بڕیارەکەی بجوولێت و هەڵسووکەوت بکات،زۆرن ئەوانەی سوێنددەخۆن و چرکەیەک پاش سوێندخوارنەکەیان بیریان چۆتەوە سوێندێکیان لەپێناو شتێکدا خواردووە و پێویستە بڕیارەکەیان ببەنەسەر. لەدەرەنجامدا و بەکورتی پێویستە ئەوە بڵێین کە بڕیار نیە هەموو سوێندخواردنێک نیاز پاکانە و لەخزمەت خێری گشتیدا بێت.

گومان لەوەدا نیە کە سوێندخواردن ناتوانێت هەمیشە ڕێزی هەبێت و نەشێت و نەکرێت ڕێزی دابەزێت و میناکەی نەشکێت، زۆر پیرۆزی و ڕێز هەن کە لەزۆر ڕێگەوە دەکرێت بشکێنرێن و کەسایەتی ئەو پیرۆزیە بخرێتە ژێر گومانەوە بێئەوەی سووژە بۆ چرکەیەکێش بیر لەوە بکاتەوە کە ئەوە سووژەی باوەڕمەند خۆیەتی ناووشیارانە و لەڕێگەی دووپاتکردنەوەی سوێند و پیرۆزیەکەیەوە خەریکە سنوورەکانی پیرۆزیەکەی دەبەزێنیت و دەیشکێنێت. بەڕای ئێمە، یەکێک لەو فاکتەرە گرینگانەی دەتوانێت گوڕزێکی کوشندە لە پەیکەری پیرۆزیەکان و ڕێزی مێژوویی کەسەکان بوەشێنێت، کردنی ئەو کەسایەتی و پیرۆزیانەیە بە سوێند. وتنەوەی بەردەوامی ئەم سوێندخواردنانە لەسەر کەسایەتیە گەورەکان و هێما و ئووستورەکان لەکەڵکخستن و بێکەڵکردنیانە بۆ کۆمەڵێک نیاز و ویستی ڕۆژانە و ڕاپەڕاندنی کارەکان. هەڵبەت گومان لەوەدا نیە کە سوێندخواردنی

بەردەوامی خەڵکانیک بەمانای گاڵتەکردن نیە بەو پیرۆزی و هێمایانەوە، بەڵکوو گریمانەکە ئەوەیە سوێندخواردنی بەردەوام- هەرچەندیش باوەڕمەندانە و لەدڵەوە بێت- دیسان پابەند و مەرجدارە بە کەسایەتی و سنوورە ئەخلاقی و سیاسیەکانی سووژەی سوێندخواردووەوە. ڕەنگە هەندێک کەس وابیربکەنەوە کە سوێنخواردن لای ئێمە زۆر ئاسایی و سرووشتیە و دوان لەسەر ئەم بابەتە دوان و قسەکردنە لەسەر شتگەلی ڕۆژانە و پەراوێزەکان و بیرکردنەوە نابێت خۆی بەشتە بچووکەکانەوە سەرقاڵبکات (هەرچەند وا دیارە بیرکردنەوە لە کەشی فیکری کوردستاندا دەبێت تەنیاوتەنیا تەرخان بکرێت بۆ بابەت و پرسە قەبە و زەبەلاحەکان)، بەڵام پێویستە بەرامبەر بەم دیدە ئاماژە بەوە بکەین کە بەبێ بیرکردنەوە لە پاژەکان و پەراوێزەکان ئەستەمە بتوانین بیر لە شتە گەورەکانیش بکەینەوە. کەواتە، وەک یەکێک لەبیرمەندە گەورەکان دەڵێت: شەیتان لە پەراوێزەکاندایە، دەبێت بیرمان بێت ئەمە حوزور و ئامادەیی شەیتان (سوێندخواردن)ە لە پەراوێز و پاژەکانی بیرکردنەوە و سیاسەتدا.

ڕەنگە هەموومان ڕۆژانە بەدەیان جار سوێندبخۆین بە بێئەوەی بیرلەوە بکەینەوە ئایا ئەو سوێندەی دەیخۆین چەندە توانی ئەوەی تێدایە بەرامبەرەکەمان ڕازی بکات و قەناعەتی پێبهێنێت، چەندە دەتوانێت ئێعتبار و باوەڕپێکاوەیی ئێمە لەپەیوەندیدا بەکەسی بەرامبەرمانەوە بسەلمێنێت و ڕازی بکات. بۆنموونە هەموومان ئەم ڕستانە دەبیستین: بەخودا، بەسەری بابم، بەمەرگی دایکم، بەقورئان، بەونمەکە، بەڕفاقەتمان و لەکۆتایدا ئەم سوێندە ترسناکە، بەگۆڕی شەهیدان.

لەهەموو بزووتنەوەکانی کوردستاندا دەستەواژەی گۆڕی شەهیدان، نەک وشەیەکی پیرۆز و جیسمانی ویژدانێکی جەمعی، بەڵکوو ڕەمز و کۆدی سووژەیەکی مێژوویە کە گۆڕی شەهیدان و پێشمەرگە پێشڕەو و نوێنەریەتی، دەستەواژەی گۆڕی شەهیدان، لەخۆیدا و بۆخۆی، کاکڵی سیاسەتی شۆڕشگێڕانە و ڕزگارییبەخشی مێژوویەکی سیاسیە کە لۆژیکە ناوەکیەکەی ڕۆشتن بووە بەناو توونێلەکانی ئاگر و ئاسندا و جەستەی ئەم مێژووە و ئەکتەکانی لێوانلێون لەبرین و پارچەپارچەیی. بەم پێیە، گۆڕیشەهیدان، نەک دەستەواژەیەک وەک باقی وشە و دەستەواژە ئاسایەکان، نەک وشەیەک وەک هەموو وشە و دەستەواژەکانی ناو قامووسەکان، بەڵکوو دڵی جەستەی سیاسەتی شۆڕشگێڕانەیە لە کوردستاندا. لێرەوە، گۆڕی شەهیدان توانیویەتی ببێتە یەکێک لەو وشە پیرۆز و موقەدەسانە لەژیان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵک و تەنانەت ژیانی پێشمەرگانە و سیاسەتی شۆڕشگێڕانەشدا.

وەک پێشتر و لەپەیوەندیدا بە سوێند و سایکۆلۆژی سوێندخواردنەوە ئاماژەمان پێدا، گۆڕی شەهیدانیش یەکێک لەو دەستەواژانەیە کە بەردەوام سوێندی پێدەخورێت و بۆ دڵنیاکردنەوەی بەرامبەرکان بەکار دەهێنرێت (هەرچەند نووسەری ئەم دێڕانە نەلە هەوڵدایە بۆ فێتیشیستی و بەبتکردنی پێشمەرگە و نە بەنیازی پێرۆز و موقەدەسکردنەوەی گۆڕی شەهیدان). قورسایی ئەم دەستەواژەیە لەئەدەبیاتی سیاسی کوردستاندا ئەوەندەیە کە هەرکات کەسەکان  ئەم دەستەواژەیە بەکاردەبەن، بەبێ دوودڵی و گومان وەردەگیرێت و تەنانەت کەس بۆی نیە گوومانی لێبکات. بەکارهێنان و مەسرەفی لەڕادەبەدەری ئەم دەستەواژەیەش لە ژیانی کۆمەڵایەتی و

پێشمەرگانەشدا، هیچ ناکات جگە خەوشدار و لەکەدارکردنی حەیسیەت و ڕێزی ئەم دەستەواژەیە. گۆڕی شەهیدان جگە لە پیرۆزی و هەیکەلە سامناکەکەی، وەسیەت و ڕاسپاردەی نەنووسراوی مێژوویەکە سینگ بە سینگ پێمان گەیشتووە. گۆڕی شەهیدان نەک نەمان و هەبابوونی کۆمەڵێک ئینسانی باش، بەڵکوو ڕێبازی ڕێبوارانێکە عەزمیان بۆ پێوانی پشوودرێژانەی جەزم کردووە. بەکارهێنان و بەرخۆری ئەم دەستەوەاژەیە بۆسوێندخواردنی بەردەوام، لەلایەکەوە سواندن و تواندنەوەیەتی لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیە ئایدیۆلۆژیکە هەبووە درۆینەکان و، لەلایەکی تریشەوە لەکارخستن و عەقیمکردنی هەموو توانستە ڕزگاریبەخشەکانی و کردنیەتی بەو کاڵایانە ڕۆژانە مەسرەفدەکرێن تەنیا لەبەر ئەوەی مەسرەف بکرێن. کەواتە دەبیت پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە نەک  پێویستە نیە سوێند بەگۆڕی شەهیدان بخۆین، بەڵکوو لەبنەڕەتدا پێویست نیە هەر سوێندبخۆین.

# ئابووری ڕەش و دەوڵەتی پۆست تەحریم

## سەرنجێکی کۆرت دەربارەی دۆخی ئابووری ئێران

بۆئەوەی بتوانین بچینە ناو باسی سەرەکیمان سەبارەت بە ئابووری ڕەش، پێویستە سەرەتا پێناسەیەکی گشتی لە ئابووری ڕەش بەدەستەوە بدەین لەبەر ئەوەی بتوانین لە درێژەی یادداشتەکەدا سنووورە چەمکی و مانایەکانی ئەم ئابووریە دیاری و پێناسە بکەین. چونکوو پێناسە کردنی ئابووری ڕەش، لە بنەڕەتدا، دەتوانێت بۆ خوێنەرانی ئەم وتارە کۆمەڵێک گرفت و کێشەی بنەڕەتی درووست بکات و ڕێگە لەوە بگرێت خوێنەران بتوانن لەگەڵ ئەم چەمکەدا پەیوەندی بگرن و هەر وەها بەر بە هەر چەشنە بەدحاڵی بوون و خراپ تێگەیشتنێک بگرێت. کەواتە، لە ڕستەکانی خوارەوەدا هەوڵ دەدەین، هەرچەند کورتیش بێت، سنوورە مانابییەکانی ئابووری ڕەش دیاری بکەین.

ئابووری ڕەش یان بە مانایەکی گونجاوتر ئابووری ناڕەسمی / نافەرمی و نایاسایی بریتیە لە: ئەو چالاکیە نافەرمی و ناڕەسمیانەی ئابووری ڕەسمی یان هاوتەریب لەگەڵ ئابووری ڕەسمیدا، یاخود ئەو ڕێگە و شوێن و

کارانەی بۆ دەرباز بوون و هەڵهاتن لە دانی باج یانماڵیات و بە گشتی کۆی ئەو جم وجۆڵانەی دەکەونە دەرەوەی پانتای یاسایی و قانوونیەوە و یاسا تیایدا خاوەن حوکم نیە و بۆی کۆنترۆڵ ناکریت. بەواتایەکی دیکە، ئابووری ڕەش بریتیە لە: ***ئەو بەشە لە ئابووری ناڕەسمی و نایاسایی کە دەتوانێت لە هەندێک خولیشدا بەشێک بێت لە ئابووری ڕەسمی و یاسایی یان هاوتەریب و هاوشانی بێت کە لە پانتای ئابووری سیاسیدا دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێ ناوی جۆراوجۆری وەک: ئابووری ژێرزەمینی، ئابووری هاوشان یان هاوتەریب، ئابووری شاراوە یان ئابووری سێبەرەوە.***

پێویستە لێرەدا ئەو خاڵ ڕوون بکەینەوە کە پێوەر و پێوانە بۆ کاریگەری و بەدوا هاتەکەنی ئابووری ڕەش، سەبت بوون و زەخیرە کردنیەتی لە ئەکاونت و حسێبە نەتەوەییەکاندا و بەگشتی کۆی ئەو چالاکییە ئابووریە نارێک و شێواوەی کە لە بنەڕەتدا یاسایین بەڵام بە شێوازێکی نایاسایی ئەنجام دەدرێن؛ بۆ نموونە (هاوردە کردنی شمەک و کەرەستەی قاچاخ) نایاسایی( وەک هاوردە کردنی چەک و تەقەمەنی و جبەخانە). بەم پێیە، ئابووری ڕەش خۆی بە سەر دووبەشدا دابەش دەکریت: یەکەم، ئابووری نارێک یان ناڕەسمی دووهەم، ئابووری نایاسایی. لە ئابووری ناڕەسمیدا هەموو بەرهەم هێنانێکی نایاسایی / کاڵایی کە بەرهەم هێنان، فرۆشتن و دابەش کردنی نایاساییە و پێی دەگوترێت بەرهەم هێنانی شاراوە و هاوکاتێش هەڵهاتن و خۆدەرباز کردنە لە دانی باج یان ماڵیات.

بۆ ئەوەی بتوانین و بەئاگابین لەوەی کە ئابووری ڕەش چەندە دەستی هەیە لە ڕێخستن و شێوەبەندی کردنی دەسەڵاتدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ

ئەو خوێندنەوە جیهانیەی کە شنایدێر دەربارەی ئابووری ڕەش کردوویەتی و کۆمەڵێک ئاماری لە بواری بەش یان پشکی ئابووری ڕەش لە سەرجەمی ئابووری نەتەوەیی بەپێیGDP ئەنجامی داوە. بە پێی ئەم خوێندنەوەیە و لەساڵی 2005، لە ئەفریقادا 42/5 لە سەد، وڵاتانیOECP دا 14/8 لە سەد، ئاسیا 29/8 لە سەد و لە ئێرانیشدا 19/7 لە سەدی ئابووریەکان، ئابووری ڕەش پێکیان دەهێنێت و ڕێکیان دەخات.

سەبارەت بە ئێرانیش، بەپێی یەکێک لە ئابووریزانانی ئەو وڵاتە، عەلی عەرەب مازار و هەندێک توێژینەوەی جۆراوجۆری دیکە، پشکی ئابووری ڕەش لە ئێران لە نێوان ساڵانی 1347 تا 1377 ڕادەی مامناوەندی ئامادەیی ئەم تیپ ئابووریە بەپێی کۆی ئابووری ڕەسمی ئێران 11 لە سەد بووە، بەڵام بەپێی خوێندنەوەیەکی دیکە هەر لەم بوارەدا و لە نێوان 1350 تا 1389، ئەم پشکە بۆ ئاستی 13/5 لە سەد هەڵ دەکشێت کە بەلای کەمەوە لە ساڵی 1375 دا ئاستەکەی 4/2 لە سەد و بەلای زۆریشەوە لە ساڵی  1389 دا بڕی 26/6 لە سەدا بووە.

لەڕێگەی ئەم ئامارەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕۆڵ و پشکی ئابووری ڕەش چەندە دەتوانێت کارا بێت لە ڕێخستن و شێوەبەندی کردنەوەی ئابووری وڵاتدا و هەر لێرەوە و بە پێی ئەو ئامارەی لە سەرەوە باسمان کرد، بۆمان ئاشکرا دەبیت ئابووری ڕەش لە ئێراندا بەردەوام ڕووله تەشەنە سەندنە و ڕێژە مامناوەندەکەشی  لە نێوان ساڵانی 1343 تا 1389، هەموو ساڵێک 3/8 لە سەد تەشەنەی سەندوە و تەشەنە دەستێنێت. بەڵام، وا پێشبینی دەکریت ئەم ئابووریە و ڕادەکەی لە ساڵی 1389 تا 1390 دا گەیشتبێتە

ئاستی 25 لە سەد، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر گەمارۆ و تەحریمەکانیش ڕەچاوبکەین ڕێژە و ژمارەکەی زۆر لەمە زیاتر و بەرزترە.

بەباوەڕی ئابووری زانانی بازاڕی ئازاد، ئابووری ڕەش، نێگەتیڤ و نەرێنی نیە چونکوو بەڕای ئەوان ئابووری ڕەش دەتوانێت بەربە دەس تێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری و کار و باری پەیوەندیدار بە ئابووریەوە بگرێت و کارامەیی و خۆشگوزەرانی پەرە بدات و زیادی بکات. هەر چەندە ئابووری زانانی ئابووری بازاڕی ئازاد، باشتر لە هەموان لەوە ئاگادارن ئەم گورزە کوشندە و تێکدەرانەی ئابووری ڕەش لە پەیکەری کۆمەڵگا و بونیادی ئەخلاقی کۆمەڵگا دەیوەشێنێت، قازانجەکەی سەرەتا دەچێتە گیرفانی ئەو دەوڵەتەی کە بۆخۆیان هەوڵ دەدەن دەستی لە ئابووری وڵاتدا کورت و سنوورەکانی تەسکتر بکەنەوە، پاشان بەرماوەی ئەم قازانجەش دەچێتە ئەکاونتی کۆمەڵێک نوخبەی لیبرالەوە کە کاریان هیچ نیە جگە ئەوەی خوێنی خەڵک بکەنە شوشەوە و ڤیترینی بەهرەکانی خۆیان بەم شووشانە بڕازێننەوە. بۆیە، ڕەخنەگرانی سیستمی بازاڕی ئازاد لەو باوەڕدان کە کاریگەریەکانی ئابووری ڕەش گەلەک نێگەتیڤن و دەبێت و پیویستە ڕێگریان لێ بکرێت.

دوان و قسەکردن لەسەر ئابووری ڕەش، هەندیک جار دەرەنجامی زۆر ناکۆکی لێ دەکەوێتەوە چونکوو بۆ نموونە دیار نیە ئایا ئابووری ڕەش دەبێتە هۆی دەستەبەر کردن و مسۆگەری هەلی کار؟ ئایا کاریگەری دەبێت لە سەر شێوازی ژیان و خۆشگوزەرانی؟ چ کاریگەریەک لە سەر گەشەی ئابووری فەرمی و یاسایی دادەنێت. بە بی دوودڵی و گومانەوە

دەتوانین بڵێین، کاریگەری ئابووری ڕەش دەتوانێت لە درێژ ماوە و تەنانەت کورت ماوەشدا لەڕووی ئەخلاقی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریەوە بە شێوەیەکی کوشندە، کار بکاتە سەر بنچینە و بنەماکانی کۆمەڵگا. بۆ نوونە، هەندێک لەو کاریگەریە ترسناکانەی ئابووری ڕەش بریتیە لە: بەرز بوونەوەی داواکاری پارە، زیاد بوونی مەسرەف و بەرخۆری، گۆڕانی بڕی ئەرز( بڕی ڕەسمی بەرامبەر بڕی ناڕەسمی)، دابەزاندنی ئاستی کاریگەری سیاسەتە ئابووریەکان، دابەزینی وەبەر هێنانەوە و بەردەوامەتی پەرە نەسەندویی، لەو کاریگەرییە نەرێنی و نێگاتیڤانەن کە لە پەیوەندی ڕاستە و خۆدان لەگەڵ ئابووری ڕەشدا.

هەر وەک داگلاس نۆرس، ئابووری زانی ئینستیتوەیشناڵ سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئابووری ڕەش دەڵێت: لە جیهانی سێهەمدا شێواوی مافەکانی خاوەنداریێتی، بەڕێوە بردنی کەمخوین و لاوازی یاسا، هەبوونی لەمپەرەکانی بەردەم پیشەسازی و کۆمەڵێک سنووورداری پاوان خوازانە و مۆنۆپۆل، دەبنە هۆی ئەوەی ئەو شەریکانەی بە دوای قازانجی زۆرەوەن بەرەو هەبوونی سەرمایەی کەم، ئاسۆی کورت ماوە و بارستاییە بچووکەکاندا بچن و ئاراستە بکرێن.

بەپێی ئەم فاکت و نموونانەی لە سەرەوە باسمانکردن و هێنامانەوە، ئەرکی هەموو دەوڵەتەکان بۆ ڕێگری لە تەشەنە سەندنی ئەم تیپ ئابووریە دەتوانرێت بریتی بێت لە: چارەسەر کردنی کێشە و وەلانانی لەمپەر و تەگەرەکانی بەردەم بەرهەم هێنان و یارمەتی دان و پشتیوانی کردن لە کەسابەت و پیشە جۆرا و جۆرەکان، زیاد کردنی تێچووەکانی رۆشتنە ناو

چالاکیە ئابووریە نارەسمیەکان، ڕوون کردنەوە و شەفاف سازی زانیاریە ئابووریەکان، ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سیاسەتی مۆنۆپۆلی و پاوانکارانە و پەرەسەندنی کێبڕکێ، کۆنترۆڵ و ڕکێف کردنی هەڵاوسان، تازە و نۆژەن کردنەوەی سترەکتۆری سیستمی ماڵیات و باج ستاندن، ڕۆشتن بەرەو سەرچەشنە هاوبەشەکان بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان و داڕشتنی سیاسەت لە خوارەوە "خەڵک" بەرەو سەرەوە، واتە، دەوڵەت و دەسەڵات.

لێرەوە، سانا و ئاسیە بەم دەرنەنجامە بگەین کە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئابووری ڕەش، سەرچاوەکەی هیچ نیە جگە لە لاوازی دەوڵەت، ئابووری ڕەش بەرهەمی ڕاستەوخۆی لاوازی دوڵەتە. هەر چەندە ئەگەر بمانەوێت ڕێژەی ورد و ڕێکی ئەو قەیران، بێکاری و بێ بژێوی و سەرلێشێواییە کۆمەڵایەتیە دەست نیشان بکەین، گۆمانی تێدا نیە کە نەبوونی کوالێتی ئامار لە ئێران ڕێگرە لە بەردەم ئەوەی بە درووستی و بە پێی ئاماری ورد کۆدەکانی ئەم دیاردەیە بکەینەوە. هەر چەند، نەبوونی کوالیتی ئامار لەم سیستمەدا، واتە سیستمی ئابووی ئێران، تایبەت نیە بە بەشی کاریگەری ئابووری ڕەش، تەنانەت لە بەشی ئاماری دوڵەتیشدا ئەم خۆگێل و نەبان کردنەش، لە بەشی ڕەسمی و فەرمیشدا دیار و بەرچاوە و هەمووان بە باشی لە شێوازی تۆمارکردنی ئامار لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بەئاگان. بۆنموونە، هەر لە پانتای ئابووری ڕەش یان نارەسمیدا، ماڵیات یان باج، بوونی نیە و ئەو کەسانەی لە بەشی نارەسمی و ئابووری ڕەشدا کاردەکەن بیمە نین و ماڵیاتیش نادەن. نموونەیەکی دیکە، ئابووری مادە سەرکەرەکانە لە ئێران کە دەتوانین بە یەکێک لە دەرکەوەتەکانی ئابووری ڕەش دایبنێین، چونکوو ئامارێکی باوەڕپێکراو لە ئارادا نیە و

دەتوانین بڵێین "8 تا 10" لەسەدی بەرهەمهێنانی ناخالسی ناوخۆیی لە ئێران، ئابووری مادە سەرکەرەکان دەگرێتەوە کە ئەم نموونە بۆخۆی زۆر بەباشی ئەوە دەسەلمێنێت ئەم ڕێژەیە چەندە کوشندەیە و چەندە دەتوانێت بنچینە ئەخلاقی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی ئەو وڵاتە لەناو بەرێت و بیرمێنێت.

بوونی گەمارۆ و تەحریمەکان و چالاکبوونی ئەم چەند ساڵەی پرۆسەی تەحریم، یەکێک لەو هۆکارانەن کە بە شێوەیەکی میکانیکی بەشی ئابووری ڕەش یان نارەسمی بوژاندەوە و تەنانەت لە بریک کاتدا دەوڵەت خۆی بووبە یەکێک لە گەورەترین بەرخۆری ئەم تیپ ئابووریە. چونکوو کاتێک بەشی ڕەسمی ئابووری بکەوێتە گەمارۆ و تەحریمەوە، نابێت گۆمان لەوە بکەین بەشی ئابووری نارەسمی نەکەوتووەتە کار یان ناکەوێتە کار و لە کاتی گەمارۆ یان تەحریمدا باشترین دەرفەت و مەجال بۆ سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی ئەم پەتایە، ئەو کاتەیە کە ئابووری ڕەسمی تووشی کێشە و گرفتی قووڵ و بنچینەیی دەبێتەوە. لە یادمان بێت کە ئابووری ڕەش بەشێکی جەوهەری و دانەبڕاوە لە ئابووری ئێران و شان بە شانی ئەم سیستمە درێژەی بە ژیانی خۆی داوە و تەنانەت لە هەندێک خولی مێژوویشدا "سەردەمی تەحریم" هەیکەل و قەبارەکەی گەلەک لە ئابووری ڕەسمی زلتر، زاڵتر و زەبەنتر بووە.

مەبەستی ئێمە لەئامادەکردنی ئەم یادداشتە، بەدەستەوە دانی کورتەیەک سەبارەت بە دۆخی ئابووری ئێران و بەرچاو ڕوونیەک بوو کە تا ماوەیەکی دیکە خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستانی تێدەکەوەێت، ئەویش

خولی دەیەمی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلسیە و ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ ئەم هەڵبژرادنەدا. چونکوو وەک هەمووان لێی بەئاگان، لە نەبوون و بزرێتی سیستمەمێکی دێمۆکراتێک و ئەقڵانیدایە کە لانیکەم لەڕووی ئابووریەوە، ئابووری ڕەش دەتوانێت تەشەنە بستێنێت و وەزی کار لە کەمترین ئاستی خۆیدا بکرێت و بە کاڵایترین شێوە لەگەڵیشدا مامەڵە بکات. کەواتە، بەئاگابوون لە شێوازی کارکردنی ئابووری وڵاتی ئێران بە ئاگابوونەوە لە کۆی ئەو لاوازیانەی دەوڵەت، کە بە دواهاتەکانی هیچ نین جگە لەناو بردن و تاڵانکردنی سەروەت و سامانی خەڵک و ئەو جۆگرافیا دیاریکراوە.

## ئابووریی سیاسی کۆمۆنیکەیشێن

### دەربارەی مۆنۆپۆلکردنی میدیا و سەردەمی تێکنۆشەمەنیزم

لەچەند دەیەی ڕابردوو و ئەم ساڵانەی دواییدا لەچەند وڵاتی جیهان بۆ نموونە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیتالیا، ئەڵمان و بریتانیا، لایەنگران و پشتیوانانی "لابردنی چاودێری" باس و لێدوانەکانیان دەربارەی ئایندەی میدیاکان هێدی هێدی جێگەی خۆیان کردەوە و گرینگی تایبەتی خۆیان وەرگرت. لایەنگرانی "لابردنی چاودێری" بەتووندی و قووڵ ڕەخنە و دژایەتی خۆیان لەو ئامراز و کەرەستە و پەیوەندیە گشتی و تایبەتانە گرت کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەت_نەتەوەدا کاردەکەن. زاڵبوون و باڵا دەستیی ئەم دیدە وای کردووە زۆرینەی ئەو تەفسیر و شرۆڤە دەوڵەت_تەوەرانە، میدیاکان بخەنە نێو قەیرانێکی گەورەوە و هەنگاو بە هەنگاو دەستی دەوڵەتی لێ کورتبکەنەوە و بەرەو بازاڕی ئازاد بیتلێنن. بۆ نموونە، پاش ڕژیمە کۆمۆنیستیەکانی ئەورووپای ڕۆژهەلات لە هەندێک وڵاتی وەک پۆلۆنیا و هەنگاریا و کۆماری فیدراڵی چێک و سلۆڤاکیا،

لیبرالیزمی بازاڕ لەناکاو بەشێوەیەکی بەرچاو کەوتە ڕۆژەڤەوە. لیبراڵەکانی لایەنگرانی بازاڕی ئازاد پێیان وایە زۆربەی ئەو سیاسەتە گشتیانەی کە چاپەمەنیەکان، بەتایبەت ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆن و پەیوەندییە کابلیەکان، بەشێوەیەکی بەربڵاو و توند لەگەڵ دیسکۆرسی کۆن کەوتە، بەپێی هەندێک دەستەواژەی وەک سانسووری دەوڵەتی، مافی هەڵبژاردنی تاکە کەسی، لابردنی چاودێری دەوڵەت و ڕەکابەری بازاڕدا بێچمیان گرتووە، لە پەیوەندیدایە و جۆشی خواردووە. لیبرالیزمی بازاڕی ئازاد پەیامهێنەری ئەو سەردەمەیە کە هەروەک ڕۆپێرت مێرداک _کە بۆ خۆی خاوەنی کۆمپانیایی فۆکسە_ دەڵێت، دروشمەکەی ئەمەیە: ***ئازادی و بژاردە، نەک چاودێری و کەمایەسی***".

وەک ئاشکرایە و هەموان کەم و زۆر ئاگادارنم، ژیان لە جیهانی هاوچەرخدا بەتەنها ژیان نیە لەسەر عەرز و هاتووچۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژانە لەگەڵ دامودەزگا جۆراوجۆرە دەوڵەتی و مەدەنیەکان، بەڵکوو مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە لە خراپترین حاڵەتیدا ژیانێک دەژین کە بەتەواوەتی و لەهەموو بارێکەوە نووقمە لە زۆنە فرە جۆرە سیاسیەکان و دیسکۆرسی باڵادەستدا و یەخسیرە لە ناو ئەو تۆڕە فرە جۆر و فرە ڕەهەندانەی لە ژێر ناوی بایۆ دەسەڵاتدا پۆلێن دەکرێن و لە باشترین حاڵەتیشیدا دووژیانێک دەژین کە یەکێکیان ڕۆژانە بەگۆشت و پێست و ئێسکی ڕاستەقینەوە لەگەڵیدا ڕووبەڕوودەبنەوە و ئەزموونی دەکەن و ئەویدیشیان ئەو جیهانە مەجازی و دووهەمەیە کە بەسانایی لە خۆیدا نووقمی دەکات و دەیتوێنێتەوە؛ ئەو دووژیان و دووجیهانەی کە باشترین پێناسەکەی هایپێر کۆمۆنیکەیشێن و هایپێر ڕیالیتیەکەی بودریارە.

## دیالێکتیک لە پەراوێزەکاندا[151]

سەردەمێک کە زەبەلاحترین قارەمان و ئەربابەکانی، شەریکە و کۆمپانیا چەند لقی و چەند نەتەوەیەکانە، سەردەمێک کە پاڵەوانان و ئەربابەکانی لە ڕێگەی تەختەدارەکەی پرۆکراتیسەوە درێژترین و کورتترین مرۆڤەکان لە ڕێگەی پێشکەوتووترین کەرەستەکانەوە لە قاڵبدەدەن و لەیەک ئاست و لەیەک سایزدا بەرهەمیان دەهێننەوە، سەردەمێک کە تۆڕە مولوکوولیە ڕۆژانەکانی دەسەڵات  و خاوەندارانی کەرەستە قەبەکانی بەرهەممهێنان، شوێنێکیان لە جیهاندا نەهێشتووتەوە ئاڵای سەرکەوتن و پێشکەوتنی خۆیانیان تیا هەڵ نەکردبێت و بەپانی بەم گۆرەخاکی و خڕەدا بڵاونەبووبێتنەوە، سەردەمێک کە تیایدا کۆمەڵێک دەستەواژە ئادرەسەکەیەتی و ئەم دەستەواژە و ئادرەسانەن بوونەتە چەقی زۆربەی باس و پرسە فیکریەکانی و بیرمەندان و فەیلەسووفانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە: تاکایەتی ئینفۆرماتیک، سەردەمی ئینفۆرمەیشێن، مرۆڤی دیجیتالی، کۆمەڵگای ئینفۆرماتیک، کۆمەڵگای شەبەکەیی و کۆماری ئێلێکترۆنیک.

زۆن و چاڵەقووتی مەسێج و پەیامە ڕەمزیەکان پاکیان پانتاکانی ژیان دەکەنە ئامانج و مەتێر و خوراکی هێزەکی میدیاکان و بە ئەرکی خۆیانی دەزانن ئەم پانتایانە هەڵبلووشن، خەڵک بەلێشاو دەبن بە ژێر شەپۆلە قایمەکانی وێنە و ڕیکلامەکانەوە. بۆنموونە، لە ئەمریکادا خەڵک بەشێوەیەکی مامناوەند ڕۆژانە دەکەونە بەر پەلاماری پۆمپاژی 1600وێنە و ڕیلامی جۆراوجۆرەوە. ئەگەرە هێزەکی و کردەکیەکانی ئەم ژیانە وای کردووە تاکەکان پانتای ژیانی تایبەتیشیان بخەنە بەر دیدەی بینەرەان و فرێندەکان و کاربەرانی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، لە ڕووبەرێکدا

زۆرن ئەو ستاتووس و پۆستانەی ئامادەیی ئەم جیهانە مەجازیە_بۆنموونە فەیسبۆک وەک کەشێکی تێکنۆشەمەنیستی_ دنەیان دەدات کە بچووکترین و پاژەکیترین کەڵکەڵەکانی ژیانی شەخسی ئینسانی ئێمەی تێدا بنوێنرێتەوە و حاڵی ئەو چرکەساتەیان لەگەڵ لایکچیەکانیان بهێننە گۆڕێ. کەم کەس هەیە ئەم ڕستانەیان هاوپێچ لەگەڵ وێنەکانیاندا نەدیبێت:خۆم و دۆکولێوەکەم، خۆم و بابام یێهۆیی، تامی سێلفی تەنیایی، ئەفسۆردەم، کوا لایکەکانتان، خۆم و عشکەکەم و باخچەکەم و گەرما، سێلفی پێش سیمینار و سێلفی پاش سیمینار، خۆم و دڵەکەم جێگەتان خاڵی و... لەڕووبەرێکی دیکەدا، پەکی خۆشبەختی و بەختەوەری لە 20 چرکە، ڕاە و ڕەوشی دانشمەندان بۆ بەختەوەری جەوانانی مانگی مورداد، زنجیرەی کەناڵە جادوویەکانی جێم و بێفەرمایید شام، کالێری مەمنووع و خەبەری خوب و ئەخباری بانووان، ڕەوشە ئاسانەکانی دڵداری و پڕۆتێزی مەخسووس بۆ سورەتهای بادامی، نەدیبێت و سەرنجیانی ڕانەکێشابێت؛ واتە ئەو دووژیان، دوو ڕووبەر و سەردەمەی کە کاپیتالیزم بەرهەمی هێناوە و وەک ئێمڤبێرتۆ ئێکۆ دەڵێت؛ کەوتۆتە جەنگێکی چریکی نیشانەناسانەوە لەگەڵمان و ئینسانی ئێمەی کردۆتە بەرخۆرێکی چابوک و خۆرەی تێلێڤیزیۆن. کەواتە، میدیا دەستێکی کارای هەیە لە داڕشتنەوەی جۆری ڕەفتاری خەڵک و مەسرەفی کالا ئاراستە کراوەکان لە لایەن میدیاوە.

بۆ ئەوەی تایبەتمەندی و ئێلێمانەکان و هەر وەها چوارچێوەی تیۆریک و مەفهوومیی ئەم وتارە بۆ خوێنەران ڕوون بکەینەوە، بە پێویستی دەزانین زۆر کورت پێناسەیەک لە ئابووریی سیاسی و هەر وەها ئابووریی سیاسی کۆمۆنیکەیشێن بەدەستەوە بدەین و ئەم پرسیارە سەرەتایی و

هەمیشیە بپرسین_هەرچەند کە نووسەری ئەم دێڕانە باوەڕی بەمەعریفەی پێناسە کردنی چەمکەکان و تێرمە فکریەکان، بەو جۆرەی کە لە قامووس و دیکشێنێریەکاندا باوە، نیە_ کە ئابووریی سیاسی چیە؟ بەپێی پێناسەیەکی زۆر گشتی، دەتوانین بڵێین ئابووریی سیاسی بریتیە لە: ***زانستی ئەو یاسایانەیە کەبەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کەرەستە مادیەکانی گوزەران و مەعیشەتی خولە جۆراوجۆرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆیەوە باڵادەستن؛ ئابووریی سیاسی خوێندنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانە***. لەڕووی مێژوویەوە، دوو بۆچوون سەبارەت بە ئابووریی سیاسی بوونی هەیە: خولی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یوونانی کەونینە و جیهانی کۆن کە بریتیە لەو پێناسە و دیدە ئاریستۆییەی پێیوایە ئابووریی سیاسی بە مانای ئیدارە کردنی ماڵ و ئابووری بنەماڵەیە و بۆچوونی دووهەمیش، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری و جیهانی نوێ و ئەو دوو پایە سەرەکیەی کە دەستێکی گەلەک کارایان هەبوو لە فۆرمپێدان و شکڵ گرتنی ئابووریی سیاسیدا: یەکەمیان بریتیە لە دێکارت و عەقڵگەرایی و دووهەمیشیان بریتیە لە فرانسیس بیکێن و ئەزموونگەرایی.

فەراهەمبوون و خۆشبوونی بواری سەرهەڵدانی ژێرخانی تیۆریک و فکریی ئابووریی سیاسی کۆمۆنیکەیشێنیش وەک لقێکی ئاکادێمیک، دانتێ گوتەنی، بەرهەمی جیهانێکە کە تیایدا تاقانەترینەکان، باشترینەکانن. واتە ڕێک پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووهەم تا نزیک ساڵی 1980 لە ئەمریکای باکوورەوە بۆ ئەورووپا داڕێژرا و گەشەی کرد. جیهانێک کە هەر وەک ئالێن میکسینزوود دەڵێت: لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی 1970 وە چۆتە نێو خولێکی مێژوویی نوێوە و هەر یەکە و بۆخۆی ئەم خولەیان بەشێوەگەلی

جۆراوجۆر تەعبیر کردووە. هەندێک کەس جەغد لە سەر گۆڕانکاریە کولتوورییەکان دەکەنەوە(پۆست مۆدێرنیزم)، لە حاڵێکدا هەندێک کەسی دیکە پشت بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری ئابووری، گۆڕانکاری لە بەرهەم هێنان و دۆزینەوەی بازاڕ یان گۆڕانی ڕێخستنی دارایی/ماڵیی و کۆمپانیاکان دەبەستن( کاپیتالیزمی دوایی، کاپیتالیزمی چەند نەتەوەیی، پۆست فۆردیزم، کەڵەکەکردنی نادەق بەستوو ( Flexible Accumulation) و لەم نموونانە). ئەم دەستەواژانە لەیەک خاڵدا هاوبەشن ئەویش کەڵەکەی هاوبەش و یەکسانیانە لەپەیوەندیدا بە تەکنۆلۆژیای نوێ، فۆرمە تازەکانی کۆمۆنیکەیشێن، ئینتێرنێت و... ئەم سەردەمە نوێیە، هەرچی بێت "***سەردەمی زانیاریەکان***"ە. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بدەین و لە درێژەی خوێندنەوەی ئەم وتارەشدا گریمانەکە ئەوە بێت کە کۆمۆنیکەیشێن تەنیا بەمانای گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکوو بەمانای ڕۆنانی کۆمەڵایەتی ماناشە؛ واتە کۆمۆنیکەیشێن لە مانا ئانترۆپۆلۆژیکی و مرۆڤناسیەکەیدا.

لیبراڵەکانی لایەنگری بازاڕ جەغد لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بازاڕی ڕەسەنی کۆمۆنیکەیشێن، بەلانیکەمەوە پێویستی بە دوو شتە: یەکەم ئەوەی بەرخۆرەکان بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر و ڕاستەوخۆ پێویستیەکانیان ئاشکرا بکەن و دەری بخەن و دووهەم، ئەوەی کە ئەو بەرهەم هێنەرانەی حەزیان لێیە و دەتوانن تێچووی بەرهەم هێنان دابین بکەن پێویستە دەستیان ئاوەڵا دەبێت و ئازاد بن تاکوو بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر بێنە نێو بازاڕەوە. وەک برێنێر و فۆلێر (کە هەردوویان ئەمریکی و لیبراڵن) پێیان وایە بازاڕەکانی پانتای کۆمۆنیکەیشێن نایاب و بێوێنەن لەبەرئەوەی: ڕەکابەری سازدەکەن، لە مپەرە ناسرووشتیەکانی ڕۆشتن بەرەو پانتای

ڕەکابەری لادەبەن، ڕێگە نادەن هیچ کۆمپانیایەکی یەکە نرخەکان کۆنترۆڵ بکات و بەرامبەرەکانی خۆیان وەلانێن و لە کۆتاییدا بازاڕەکانی پانتای کۆمۆنیکەیشێن، دۆخێک ڕۆدەنێن کە تیایدا، تا ئەو شوێنەی بکرێت، نرخی فرۆشی کاڵاکان لەنرخی بەرهەم هێنانەکەیان نزیک و هاوتەک بکرێتەوە.

| چەند نموونە لە گەورەترین کۆمپانیا میدیاییەکانی جیهان | | |
|---|---|---|
| مون (Mhon) | خاوەنداری کۆمپانیای گەورەی میدیایی | وڵاتی دانمارک |
| مەکسوێڵ (Maxwell) | خاوەنداری کۆمپانیای گەورەی میدیایی | وڵاتی بریتانیا |
| سپرینگێر (Springer) | خاوەنداری کۆمپانیای گەورەی میدیایی | وڵاتی ئەڵمان |
| بێرلۆسکۆنی(Berluconi) | خاوەنداری کۆمپانیای گەورەی میدیایی | وڵاتی ئیتالیا |
| لاگاردێر (Lagardere) | خاوەنداری کۆمپانیای گەورەی میدیایی | وڵاتی فەرانسا |

ژۆزێ ساراماگۆ لە _***یادداشتەکان***_یدا یادداشتێکی ناوازەی سەبارەت بە سیلڤیۆ بێرلۆسکۆنی هەیە کە بۆ نیگارکردنی دەسەڵات و بەدواهاتەکانی ئەم جۆرە کۆمپانیایانە لە نەوعی خۆیدا بێوێنەیە:

بەپێی ڕاپۆرتی مانگنامەی ئەمریکی فۆربێس(Forbes) سەبارەت بە دەوڵەمەندانی جیهان، سەروەتی بێرلۆسکۆنی دەگاتە 10 هەزار میلیۆن دۆلار. سەروەتێک کە هەڵبەت شەرافەتمەندانە بەدەستی هێناوە، بە بێ یارمەتی خەڵکیتر، بۆنموونە، خۆدی خۆم. من لەبەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم لە ئیتالیادا لەڕێگەی دەزگای بڵاوکاری ئیناودی (Einaudi)، کە خاوەنەکەی هەمان بێرلۆسکۆنی ناوبراوە، پارەیەکی زۆرم کردە نەسیبیان. دڵۆپێک لە ئۆقیانووسدا کە لانیکەم، بەم پێش گریمانەوە کە گەندەڵی تاقە عەیبی ئەو نییە، دەتوانێت جگەرە بەرگەکانی دابین بکات. جیا لەو شتانەی هەموان دەیزانن، شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە ژیان و موعجیزەکانی سیلڤیۆ بێرلۆسکۆنی، ئیلکاوالییر(il Cavaliere)، نازانم. گەلی ئیتالیا، کە ئەویان بۆ جارێک، دووجار، سێ جار، بردۆتە سەر کورسی فەرمانڕەواییەوە، بێگومان لە من باشتری لێدەزانن. هەنووکە، بەو جۆرەی زۆرجار دەگوترێت، خەڵک حاکمی ڕەهان و ئەوان نەک تەنیا حاکمی ڕەها کە عاقڵ و ژیریشن، بە تایبەت ئەوەی کە هەبوونی بەردەوامی مافە دیمۆکراتیکەکانیان ئەگەری ئەوەی پێداون هەندێک شتی سوودمەند لەم بارەوە فێر بن کە سیاسەت چۆن کار دەکات و کەرەستە جۆراوجۆرەکانی دەسگرتن بەسەر دەسەڵاتدا چۆنە. ئەمە بەو مانایە کاتێک گەل دەچنە پای سندووقەکانی دەنگدان بە باشی دەزانن چییان دەوێت. گەلی ئیتالیا سەبارەت بەم بابەتە تایبەتە، وێڕای ئەوەی هەنووکە

دەرکەوتووە لە سەر کێ دەدوێین( نۆبەی خەڵکی تریش دەگات)، هەستە نازکەکانی گەلی ئیتالیا لەپەیوەندیدا بە بێرلۆسکۆنیەوە، کە سێجار ئەمەیان کردووە، پەیوەندی بەهیچ تێبینیەکی ئەخلاقیەوە نییە. ڕاستیەکەی لە وڵاتی مافیا و کامۆرا(Camorra)دا1، سەلماندنی ئەوەی کە سەرۆک وەزیری وڵات، تاوانبارە گرینگیەکەی دەتوانێت چی بێت؟ لە وڵاتێکدا کە دادپەروەری ئەوەندە باوەڕپێکراو نەبووە، کێ گرینگی بەوە دەدات کە سەرۆک وەزیرەکەی کۆمەڵێک یاسا بچەسپێنێت کە ئامانجی پشتیوانیە لە بەرژەوەندیەکانی و پارێزگاری لێبکات بەرامبەر بەو هەوڵەی کە بیەوێت زێدەڕۆیی و بەکارهێنانە خراپەکانی دەسەڵات لێپێچینەوەی لێبکات؟

ئێسا دێ کوێریۆس2(Eca de Querios) دەیگوت ئەگەر ئێمە بە دەم هەر دامەزراوەیەکەوە پێبکەنین، ئەو دامەزراوانە لە بەریەک هەڵدەوەشێنەوە. ئەمە قسەی ئەوکات بوو؛ بەڵام دەربارەی قەدەغە کردنی ئەم دواییانەی نمایشی فیلمی دەبلیوو(W) بەرهەمی ئۆلیڤێر ئێستۆن، لە ئیتالیا_ بە بڕیاری بێرلۆسکۆنی_ دەتوانین چی بڵێین؟ ئایا دەسەڵاتی ئیلکاولیێر ئەوەندە پان بۆتەوە؟ چۆن ئەنجامدانی کردەوەگەلێکی لەم چەشنە مومکینە، سەرە ڕای زانینی ئەوەی دەیزانین کە بۆ هەر چەند جاریش بە کوویرینالێ (Quirinale) 3 پێبکەنین ئەو کۆشکە نارمێت؟ تووڕەیی ئێمە ئاساییە، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین تا لە ئاڵۆزی جەرگی مرۆیی تێبگەین. فیلمی دەبلیوو فیلمێکە هێرش دەکاتە سەر بووش و بێرلۆسکۆنی، پیاوێکی دڵناسک، هەر وەک ئەوەی کە زۆربەی سەرکردەی مافیاکان وان، ئەو دۆست، هاوکار و هاوڕێی پیاوێکە هەنووکە سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانە. ئەو دوو کەسە بەرامبەر بە یەکتر باشن.

ئەوەی لە بنەڕەتدا باش نیە ئەمەیە کە خەڵکی ئیتالیا بۆ چوارەمین جار بێرلۆسکۆنی بگەڕێننەوە بۆ دەسەڵات و سەر حوکم. ئەوکات هیچ ئاستێک لە پێکەنین ناتوانێت ڕزگارمان بکات.

بەپێی ئەم گوتانەی کە ساراماگۆ سەبارەت بە بێرلۆسکۆنی دەیهێنێتە ئاراوە، ئاسانە لەوە تێبگەین کە دەسەڵاتی ئەم جۆرە لە میدیا و کۆمپانیەکان چلۆن دەسکاریی جیهان دەکەن و دایدەڕێژنەوە. لێرەوە، سیاسەتە لیبرالەکانی بازاڕی ئازاد، گرۆیەتی و ئاراستەی کەڵەکەی سەرمایەی لە میدیاکاندا توندتر و تۆخترکردۆتەوە؛ بۆ سەلماندن و پشت ڕاستکردنەوەی قسەکانی ساراماگۆ باشترین نموونە بێرلۆسکۆنی و ئامادەیی خۆی و کۆمپانیاکانیەتی هەر لەو وڵاتەدا؛ بۆ نموونە، لە ئیتالیادا، کەوتن و لەناوچوونی هێدی هێدی ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆنی گشتی، لە ناوەڕاستی دەیەی 70 دا پرۆسەی کەڵەکە کردنی خاوەندارێتی لە بەستێنی میدیا جەمعیەکاندا تا ئاستێکی ئێجگار زۆر توندتر کردۆتەوە و هەنووکە لە ئیتالیا دا پتر لە 4200 وێسگەی ڕادیۆیی تایبەتی(خصوصی) و 1400 وێسگەی تێلێڤیزیۆنی تایبەتی(خصوصی) کار دەکەن و بوونیان هەیە. سەرباری ئەمە، "***لابردنی چاودێری دەوڵەت***" وای لەگرووپی بێرلۆسکۆنی کردووە ئێمپراتۆریاکەی_ واتە فاینەن ڤێست_گەلەک بێباکانە پەرە بدات. بۆ تێگەیشتن و کاکڵ و توخمی سەرەکی بەرقەرار کردن و پراتیکیی ئەم چەشنە ئێمپراتۆریایانە ***ئیدەی فیکس*** (idee fixe) و نەگۆڕی لیبرالەکانی لایەنگری بازاڕی ئازاد" ***لابردنی چاودێری***"یە. لیبرالەکانی لایەنگری بازاڕ لەو باوەڕەدان کە میدیاکان پێویستە هاوکات دوو کار ئەنجام بدەن؛ یەکەم دەستەبەر کردن و دابین کردنی بەرنامە بۆ بینەران و دووهەم، سازدان و

درووست کردنی به‌رده‌نگ بۆ کۆمپانیا ته‌بلیغیه‌کان. به‌م پێیه‌، ئه‌م گرووپه‌، خاوه‌نی سێ که‌ناڵی گه‌وه‌ره‌ی تێلێڤیزیۆنی سه‌راسه‌ری تایبه‌تیه‌ که‌ ئه‌م سێ که‌ناڵه‌ش به‌رنامه‌ بۆ که‌ناڵه‌کانی دیکه‌ به‌رهه‌م ده‌هێنن و ڕیکلامیان بۆ وه‌رده‌گرن و پێرسێنێلیان بۆ دابین ده‌که‌ن و ئه‌مه‌ش بۆخۆی ده‌سه‌ڵاتێکی ڕه‌های داونه‌تێ بۆ ئه‌وه‌ی به‌ باشترین شێوه‌ ڕکێف و ئاراسته‌یان بکه‌ن. وه‌کیتر، ئه‌م ئێمپراتۆریایه‌ خاوه‌ن کۆمپانیایه‌کی پڕداهات، دوو بڵاڤۆکی سه‌راسه‌ری، چه‌ندین گۆڤار، که‌ناڵێکی ڕادیۆیی، گه‌وره‌ترین کۆمپانیای بڵاو کاری ئیتالیایی و چه‌ندین که‌ناڵی تێلێڤیزیۆنی له‌ فه‌رانسا، ئه‌ڵمان و سپانیایه‌. فاینێن ڤێست هه‌روه‌ها له‌ به‌شی بیمه‌، بازاڕی دارایی/ماڵی، به‌شی ملّک و عه‌رز و موسته‌غێلات و بیناسازیشدا خاوه‌ن پشک و به‌شدارن. ئه‌م گرووپه‌ی بێرلۆسکۆنی خاوه‌نی کۆمه‌ڵه‌یه‌ک فرۆشگای یه‌ک له‌دوای یه‌ک و زنجیره‌یی ئێستاندای هه‌موو ئیتالیایه‌ و نزیک 1300 هۆڵی سینه‌ما و یاریگه‌ی تۆپی پێیه‌. به‌م پێیه‌، گرووپی بێرلۆسکۆنی 98 له‌سه‌دی کۆمپانی پشکداری فاینێن ڤێستی له‌به‌ر ده‌ستدایه‌ و خاوه‌نیه‌تی.

که‌واته‌، ڕکابه‌رێتی و هه‌وڵ بۆ له‌ناوبردنی به‌رامبه‌ره‌کانی له‌ باری ستراتێژیکه‌وه‌ پێشگریمانه‌ی سیستمی دابه‌شکاری بازاڕی ڕکابه‌رانه‌. سیستمی دابه‌شکاری بازاڕی ڕکابه‌رانه‌، سیستمێکی ناشه‌خسیه‌ و له‌ په‌یوه‌ندیدا به‌ به‌رخۆره‌کانه‌وه‌ هه‌ستیار و ئه‌مه‌ش ***له‌ خۆیدا و بۆخۆی*** وا ده‌کات سیاسه‌تی مۆنۆپۆلی و مۆنۆپۆل خۆی له‌ حوکمی گرژ بوونه‌وه‌ و توندتر کردنه‌وه‌ی ڕکابه‌ریدا بێت نه‌ک پێچه‌وانه‌ و دژه‌که‌ی. ده‌ره‌نجامی ئه‌م جۆره‌ له‌ ئابووری و ڕکابه‌رێتی و لابردنی چاودێری ده‌وڵه‌تی و

تایبەتیکردنەوە، لە کۆتاییدا هیچ نیە جگە ***تایبەتیکردنەوەی قازانج و نەتەوەیکردنەوەی هەژاریی.***

ئەگەر بمانەوێت بەکورتی ئاوڕێک لە ئامادەیی لیبرالیزمی بازاڕ و کاریگەریەکانی لە دەوڵەتە تۆتالیتێر و نادیمۆکراتیکان بدەینەوە، پێویستە بیرمان بێت لیبرالیزمی بازاڕ لە دەوڵەتە نادیمۆکراتیکەکاندا لە پەیوەندیدا بە میدیا و کۆمۆنیکەیشێنەوە، لە باری پراتیکیەوە لەو باوەڕەدایە ئەگەر ئازادیە مەدەنیەکان، بۆ نموونە ئەگەر ئازادی چاپەمەنی و بڵاڤۆکەکان بوونی هەبێت، بوارێک خۆش دەبێ نۆربێرت ئێلیاس گوتەنی: ***شێرەکان دەگوڕێنن و ڕێویەکانیش ئازادانە پەلەوەرەکان ڕاو دەکەن.*** لە ئێرانی هەنووکەیی کۆماری ئیسلامیدا دەقاودەق پەیڕەوی لەم سیاسەتە دەکرێت و قووڵیش پابەندین و بەگژیدا دەچنەوە و ڕێگری دەکەن لە سەرهەڵدان و باڵا کردنی؛ ئامادیی و حوزووری پڕاوپڕی ئەم چەشنە سیاسەتە لە ئێران و ڕەنگدانەوەی لە ژینگەی سیاسی و کولتووری و ڕۆژنامەگەری کوردستاندا، وای کردووە ئەزموون و نەریتی ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا نەکەوێتە سەر ڕایەڵەیەکی بەردەوام و درێژماوەی ناونشین و هەموار و بە بەردەوامی تووشی بچڕان و لێک ترازان و دابڕانی جۆراوجۆر ببێتەوە و نەتوانێت ژینگەیەکی هێور و ئازادی هەبێت کە تیایدا ڕۆڵ و دەوری شایستەی خۆی ببینێت و کاریگەری هەبێت لە فۆرم و شکڵدانی سابژێکتیڤیتی و گەشە پێدانی پێکهاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کوردستاندا. کەواتە ئەگەر بمانەوێت بەکورتی ئەزموونی ڕۆژنامەگەری کوردی لەڕستەیەکدا شێوەبەندی بکەین دەتوانین بڵێین؛

***نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی نووسینەوەی مێژووی سەرکوتی ڕۆژنامەگەری کوردیە.***

ئەگەر بمانەوێت بەدواهات و کاریگەریەکانی میدیای مۆنۆپۆلی یان بە واتایەکی دیکە کۆرپۆرەیت میدیا_میدیا بازرگانیە زەبەلاحەکان، واتە ئەو میدیایانەی کە بە کۆمەڵێک کۆمپانیای ئابووری_ بازرگانییەوە گرێدراون کە لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەن و لە ئاستێکی گشتی و جیهانیدا کار دەکەن_بخوێنینەوە، هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی دوو چەمکەوە درێژەی باسەکەمان ئاراستە و گەڵاڵە بکەین کە بریتین لە: یەکەم، ***کاڵاییکردنەوە*** (Commodification) و، دووهەم ***سڕینەوەی مەودا*** یان ***مەودابڕی*** (spatialization).

نیکۆلاس گارنهام دوو ڕەهەندی سەرەکی پرۆسەی کاڵایی کردنەوەی میدیاکانی بەم چەشنە نیگار کردووە: یەکەم، بەرهەم هێنانی ڕاستەوخۆی بەرهەمە میدیاییەکان و دووهەم کەڵک وەرگرتن لە تەبلیغات و ڕیکلام و پروپاگاندای میدیایی بۆ بە لووتکە گەیاندنی پرۆسەی کاڵایی کردنەوە لە کۆی پانتای ئابووریدا. ئارەزووی سەرەتایی سەرمایە ئەوەیە کە بەچ شێوەیەک بازاڕی بەرخۆری و کانسوومێریزم قۆرخ بکات و ببێتە تاقە سیمای دابینکەری سرووشتی و بەرهەمەکان. بۆ ئەوەی سەرمایە بتوانێت ئەم کارە بکات پێویستی بە کۆمەڵێک مێکانیزم هەیە کە لە ڕێگەیانەوە بتوانێت کۆنترۆڵی مۆنۆپۆلی و پاوانکارانەی بەسەردا بسەپێنێت و لە ڕێگەی ڕیکلام و تەبلیغاتەوە بۆ داهێنان و ئافراندنی ئەو کاڵایانەی کە پێیان وایە خەڵک دەبێت هەیانبێت لە هەوڵێکی بێوچاندایە. سەرمایە بۆ ئەوەی

بتوانێت بەهای زیادە(یان زێدەبایی) بەرهەم و بەرهەم بهێنێتەوە پابەندە بەوەی بەرخۆرەکان چەندە لە توانایاندایە و دەتوانن لە بەامبەر وەسوەسەی مەسرەفی کاڵاکاندا خۆڕاگر بن و دان بەخۆیاندا بنێن.

بەم پێیە، پرۆسەی دەستەبەرکردنی دانوستاندنەکی لە ناوەڕۆکی کۆمۆنیکەیشێندا، کۆمەڵەیەکی پڕ و تەژی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی وەک هێزی کار، کانسوومێر یان بەرخۆرەکان و سەرمایە دەهێنێتە نێو پانتای کاڵایی کردنەوە. ئاراستەی گشتی لەو توێژینەوەانەی کە سەبارەت بە کۆمۆنیکەیشێن ئەنجام دراون، پتر چڕبوونەوە بووە لەسەر ناوەڕۆک وەک کاڵا و لەم ڕێگەوە لە سەر پەیوەندی نێوان دۆخی کاڵایی ناوەڕۆک و ماناکەی. لە دەرەنجامدا، کۆمۆنیکەیشێن بۆ خۆی وەک کاڵایەکی تایبەت و بەهێز ڕەچاو دەکرێت، چونکوو سەرباری ئەو تواناییەی کە لە بەرهەم هێنانی بەهای زیادەدا هەیەتی، هەڵگری کۆمەڵێک هێما و وێنەیە کە فۆرم بە ووشیاری بەردەنگەکان دەبەخشێت و دیاری دەکات. وەک مۆسکۆ ئاماژەی بۆ دەکات: خوێندنەوە و توێژینەوە جۆراجۆرەکان لەم بارەوە ئاشکرایان کردووە کە میدیا گشتییەکان لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا، پرۆسەی بەرهەم هێنانی کاڵایان لە کۆمەڵێک ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، بۆ نموونە بەرهەم هێنانی ئەو مسێجانەی کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەن، زیاد کردووە.

سڕینەوەی مەودا یان مەودابڕی، کە تەرمێکە داهێنەرەکەی هانری لووفێڤرە، بۆ توێژەرانی ئابووریی سیاسی کۆمۆنیکەیشێن زۆر گرینگە، چونکوو کۆمۆنیکەیشێن یەکێک لەو کەرەستە سەرەکیانەیە بۆ سڕینەوەی

مەوداکان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پیشەسازی کۆمۆنیکەیشێن سەرنجێکی دوو ئەوەندەی پێ بدرێت.

بەڕای توێژەران و بیرمەندانی کلاسیکی ئابووریی سیاسیەوە، پێواندنی بەهای عەرز و کاتی کار و هەر وەها شێوازی تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان پەرەسەندنی بازاڕەکان و دابەشکردنی کار لەباری شوێنەوە، کۆمەڵیک پرسی گرینگ بووە. مارکس لە پەیوەندیدا بە چەمکی سڕینەوەی مەودا یان مەودابڕیەوە لە کتێبی ***گرۆندریسێ*** دا باس لە حەزی کاپیتالیزم بۆ ***"لابردنی شوێن لە ڕێگەی کات"***ەوە دەکات. مارکس پێیوایە سەرمایەداری گەشەکردنی سەرمایە و پەرەدان بە دەسەڵاتە ڕەهاکەی پابەندە بە بڵاو کردنەوە و پەرەپێدانی ئەگەر و توانستەکانی هاتووچۆ و پەیوەندیەکانەوە کە پێشگریمانەی سەرەکی ئەم کەم کردنەوەی کات و لابردنی مەودایەیە بۆ گواستنەوەی خێرا و زووبەزووی کاڵاکان. بەم پێیە، لەمپەرێکی گەورەی بەردەم سەرمایە، کە بریتیە لە مەودای مەکانی و شوێن لە ڕێگەی سڕینەوەی مەوداوە، لەناو دەبات و لەبەریەکی هەڵدەوەشێنێتەوە. بۆنموونە، دێیڤید هارڤی پێیوایە کە سیستمی بانکیی نێونەتەوەیی کە سەرباری کارەکانیتری، دەتوانێت بە ترلیۆن دۆلار، یۆرۆ و یێن لە ڕاستە هێڵە ئێلێکترۆنیکەکانەوە بگوازڕێنەوە و هاتووچۆیان پێبکرێت بە بێئەوەی شوێن دەورێکی تێدا بگێڕێت.

ئابووریی سیاسی کۆمۆنیکەیشێن بە شێوەیەکی تایبەت لە سەر مەودابڕی چڕبۆتەوە و بە شێوەیەکی تایبەتیتر وەک پەرەسەندنی دامەزراوەیی دەسەڵاتی کۆمپانیەکان لە پیشەسازی کۆمۆنیکایشێندا پۆلێنی

کردووە. هۆکاری سەرەکیی ئەم چڕبوونەوە لە سەر کۆمپانیاکان، بە پلەی یەکەم ئەمەیە کە ئاستی تێگەیشتنمان لە شێوازی کار کردنی سەرچاوەکانی دەسەڵات لە پیشەسازی کۆمۆنیکەیشێندا هەڵبکشێت و دووهەمیش ئەوەی کە بزانین تواندنەوەی کۆمپانیاکان و پێکداچوونیان لەیەکتردا بەدواهاتەکانی بۆ کۆمەڵگا چین. پێکداچوون و توانەوەی کۆمپانیاکان ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات بەرهەم هێنان، دابەش کردن و دانوستاندنی زانیاریەکان و پەیوەندیەکان هاسانتر مسۆگەر و هاوکات پانتای ڕکابەریی نێوان کۆمپانیاکان کز و لاواز بێت و پانتای فرە چەشن و فرە جۆری زانیاریەکانیش دابەزێت.

سادەترین فۆرمی تواندنەوە و چڕبوونەوە لەو کاتەدا ڕوودەدات کە کۆمپانیایەکی میدیایی گەورە، پشکی کۆمپانیایەکی دیکە، کە هەر لەو پانتایەدا چالاکە، دەیکڕێت. نموونەیەکی بەرچاوی ئەم تواندنەوە سادەیە، چەند ساڵ پێش ئێستا بوو کە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز بەشێکی گەورەی پشکی ڕۆژنامەی بووستۆن گلووپی کڕی. زۆر جاران شێوازی هەرە باوی ئەم جۆرە تواندنەوەیە بە سەر دوو شێوازدا دابەش دەکەن کە بریتین لە ***تواندنەوەی یان چڕبوونەوەی هۆرزینتاڵ*** (horizontal Concentration) و ***تواندنەوەی یان چڕبوونەوەی ڤێرتیکاڵ*** (Veritical concentration). بۆنموونە، لە ساڵی 2007 دا کۆمپانیای گووگڵ، کۆمپانیای پانۆرامیۆ، کە لە توانایدا بوو هەندێک کار و بەرهەمی نوێ لە بواری جوگرافیدا ئەنجام بدات، کڕی و هەر لەو ڕێگەیەشەوە توانی گووگڵ مێپس و گووگڵ ئێرت دابمەزرێنێت.

بۆ تەسککردنەوەی پانتای باسەکە و کۆکردنەوەی مەتێر و داتاکان لە لۆژیکێکی یەکەدا لەپەیوەندیدا بەم وتارەوە، گەڕاننەوە بۆ ڕستەیەکی ساراماگۆ شەرتی پێویستە: ***خودا بێدەنگیی جیهانە و مرۆڤ ئەو هاوارەیە مانا بەم بێدەنگیە دەدات.*** ئەگەر ئەم ڕستەیەی ساراماگۆ بەم شێوازەی خوارەوە داڕێژینەوە ڕەنگە یارمەتیەکی باشمان بکات بۆ وێنا کردنی ڕۆڵی میدیا و بارستاییە ماناییەکان و ڕووبەرەکانی ژیان لە جیهانی هاوچەرخدا؛ ***کاپیتالیزم بێدەنگیی جیهانە، و میدیاش ئەو هاوارەی مانا بەم بێدەنگیە دەدات.***

جیهانیکردنەوە و پاشان جیهانیکردنەوەی سەرمایە و سەرهەڵدانی پیشەسازی کۆمۆنیکەیشێن، لابردنی چاودێری دەوڵەت، خاوەندارێتی تایبەتی، ڕادەسکردنی بەشە دەوڵەتیەکان بۆ بەشە تایبەتەکان، مۆنۆپۆل و پاوانکردنی بازاڕەکان، کەڵەکە کردنی سەرمایە، لۆژیکی بەستووی کاڵایی کردنەوە، فێتیشیزم و بەشتکردنی مرۆڤ، لابردنی یارمەتیە دەوڵەتیەکان، ئازادی و بژاردە و... ئەمانە پاکیان بەرهەمی ئەو لۆژیکەن کە جیهانی ئەم سەردەمە ڕێک دەخەن و چرکە بە چرکە برهەمی دەهێننەوە بەبێ ئەوەی سەکتەیەک بکەوێتە بەردەوام بوونیە، جیهانێک کە تاقانەترینەکان بە شێوەیەکی بنەبڕانە باشترینەکانن بە بێ ئەوەی پێکەنینەکانی ساراماگۆ و ئێسا دێ کویرێۆس بتوانێت تەپۆڵکەیەکی کوێرینالی بجووڵێنێت و هەر وەک خۆیان دەڵێن:***چیتر هیچ ئاستێک لەپێکەنین چیتر ناتوانێت ڕزگارمان بکات.*** کەواتە، میدیا و لە سەرووی میدیاوە کۆمۆنیکەیشێن، ئەو ماشینە زەبەلاحە مانابەخش و ئەو سیستمە بەرینەی بڵاو کردنەوەی کاڵاکان و

بەرهەمەکانە کە لە ڕێگەیەوە حەزەکان و ژینمان ئاراستە دەکەن و مانا دەبەخشن بەمیکانیزمەکانی کاپیتالیزمی مەرکەز و نۆکەرەکانی.

**پەیوەست:**گرووپێکی توێژینەوە لە "زانکۆی ئەیالەتی سۆنۆما" لەکۆتایی مانگی ژوەنی ساڵی 2005 کۆتایی بە شیکردنەوەیەکدا سەبارەت بە گرووپی بەڕێوەبەری 10 ڕێکخراوی گەورەی میدیایی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا هێنا و لە دەرەنجامدا باسی ئەوەی کرد کە ئەندامانی بەڕێوەبەری 10 زلهێزی میدیایی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتین لە 118 کەس. لەڕاستیدا، لەم 10 زلهێزە میدیاییە، هەشتیان لەگرووپی بەڕێوەبەرایەتیەکەدا ئەندامەکانیان هاوبەشن" ئێن.بی.سی" و "واشینگتۆن پۆست" هەر دوویان خاوەن کۆمەڵێک بەڕێوەبەرن کە، لەهەمان حاڵدا، ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی "کۆکاکۆلا" و بانکی "جێی.بی. مۆرگان"نیشن، لەحاڵێکدا "کۆمپانیای تریبوون"، "نیۆیۆرک تایمز" و "گانت" هەموویان ئەندامیان هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا کە، لەهەمانحاڵدا، ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی"پێپسی کۆلا"شن_ ڕێک وەک بنەماڵەیەکی گەورەی بەختەوەر کە لەنێو خۆیاندا پەیوەندی ژن و ژنخوازیان تێدایە و خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشن. ئەم لیستەی لەخوارەوەدا پێشکەشتان دەکرێت تەنیا، وەک نموونەیەکی بچووک لە پێکداچوون و تێکەڵبوون و تواندنەوەی هۆریزینتاڵ و ڤێریتیکاڵ و پاشان بنەما و بەیسێکی گونجاو و بڕوا پێکرامان لە دەسەڵات و بڕستی ئەم کۆمپانیایانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستەوە دەدات.

| ناوی میدیا | ئەندامانی بەڕێوەبەر و بەرپرسی کۆمپانیاکان |
|---|---|
| NewYork Times | گرووپی کۆمپانیاکانی(Carlyle)، کۆمپانیای دەرمانسازی(Eli LillY)، کۆمپانیای(Ford)، کۆمپانیای دەرمانسازی و شمەکە پزیشکیەکان(Johnson & Johnson)، کۆمپانیای خزمەتگوزاریی ماڵیی(Hallmark)، کۆمپانیای خزمەتگوزاریی ماڵیی(Lehman Brothers)، کۆمپانیای قەڵەم و خامە و شمەکی ئیداری(Staples)، کۆمپانیای پیپسی(Pepsi). |
| Washington Post | کۆمپانیای چەک و تەقەمەنی(Lockheed Martin)، کۆمپانیای کۆکاکۆلا(Coca Cola) ، کۆمپانیای تیغی ڕیش تاشین(Gillette)، کۆمپانیای زانیاریە ئابووریەکان(Dun & Bradstreet)، کۆمپانیای سەرمایەگوزاری(GE Investments)، بانکی( J.P Morgan)، کۆمپانیای خزمەتگوزاری بۆ دانانی سەرمایە(Moody's). |
| Knight-Ridder | کۆمپانیای بەرهەمهێنانی شمەکی کۆمپیوتێری( Adobe Systems ) ، کۆمپانیایبەرهەمهێنانی شمەک بۆ کۆنترۆڵکردنی تۆڕەکان(Echelon)، کۆمپانیای خزمەتگوزاریی ماڵی و سیستمی باج(H&R Block) ، |

| | |
|---|---|
| کۆمپانیای بەرهەمهێنانی کاغەز و بەرهەمە کاغەزیەکان(Kimberly–Clark)، کۆمپانیای زنجیرە هۆتێلی(Starwood). | |
| کۆمپانیای بەرهەمە بەرینە شەخسی و ئیداریەکان (M 3) ، کۆمپانیای خزمەتگوزاریە ماڵیەکان و بیمە(Allstate)، کۆمپانیای بەرهەمهێنانی کەرەستەکانی بیناسازی و ڕێگەوبانسازی و سەرچاوە سرووشتیەکان(Caterpillar)،کۆمپانیای کرافت(Kraft)،کۆمپانیای پێترۆشیمی( Conoco Phillips)، زنجیرە کۆمپانیای مەکدۆناڵد( Mc Donalds)، کۆمپانیای پێپسی(Pepsi)، کۆمپانیای بەرهەمە خواردەمەنیەکان(کە بەشێکە لە کۆمپانیای پێپسی)(Quaker Oats)، کۆمپانیای دەرمانسازی( Shering Plough)، کۆمپانیای خزمەتگوزاریە بانکی و دانانی سەرمایە(Wells Fargo). | The Tribune (Chicago Tribune LA Times) |
| کۆمپانیای گەشتی ئاسمانی(British Airways) ، کۆمپانیای سەرمایەگوزاری( Rothschild Investments). | News Corp (Fox) |
| کۆمپانیای ئابجۆسازی، گەشتیاری و بەستەبەندی | GE (NBC) |

| | |
|---|---|
| (Anheuser-Busch)، کۆمپانیای شمەکی جوانکاری (Avon)، گرووپی پەیمانکاریی بیناکردنەوە (Bechtel)، کۆمپانیای نەوتی(Chevron Texaco)، کۆمپانیای کۆکاکۆلا (Coca Cola)، کۆمپانیای کۆمپیوتێری دێل(Dell)، کۆمپانیای سەیارەسازی جێنێڕاڵ مۆتۆرز (GM)، کۆمپانیای بەرهەم و کەرەستەکانی بیناسازی ناوماڵ (ناوخۆیی) (Home Depot)، کۆمپانیای(Kellog)، بانکی ( J.P. Morgan)، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت (Microsoft)، کۆمپانیای تێلیفۆنی مۆترۆلا(Motorola)، کۆمپانیای بەرهەمە تەندروستی و بێهداشتیەکان ( Procter & Gamble). | |
| کۆمپانیای فڕۆکە سەربازی و ناسەربازیەکان(Boeing)، کۆمپانیای هێڵە ئاسمانیەکان(Northwest Airlines)، کۆمپانیای شمەکی پاککەرەوە و دژەباکتری (Clorox)، کۆمپانیای شمەکی جوانکاری (Estee Lauder)، کۆمپانیای پەیکی tووندی ئاسمانی (FedEx)، کۆمپانیای تێغی ڕیش تاشین و کۆمپانیای ئەندازیاری (Halliburton)، کۆمپانیای فرۆشگا گەورەکان (Kmart)، کۆمپانیای بەرهەمە دەرمانی و پزیشکیەکان (Mc Kesson) ، | Disney (ABC) |

| | | |
|---|---|---|
| | | کۆمپانیای قەڵەم و خامە و شمەکە ئیداریەکان (Staples)، کۆمپانیای خزمەتگوزاریە ئۆنلاینەکان (Yahoo). |
| | Viacom(CBS) | کۆمپانیای کردیت کارتەکان(American Express) ، کۆمپانیای خزمەتگوزاری کارەبا و گاز(Consolidated Edison) ، کۆمپانیای دابینکردنی سۆفتوار بۆبەڕێوەبەرایەتی و پاراستنی زانیاری(Oracle)، کۆمپانیای کەرستەکانی بیناسازی(Lafarge North America). |
| | Gannett | کۆمپانیای ئاژانسی هەواڵنێری ئاسۆشیتێدپریس (AP) ، کۆمپانیای چەک و تەقەمەنی(Lockheed Martin)، هێڵە ئاسمانیەکان(Continental Airlines)، بانکی سەرمایەگوزاری و پشکداری(Goldman Sachs)، کۆمپانیای بیمە(Prudential)، کۆمپانیای خزمەتگوزاریە ئۆنلاینەکان(Target)، کۆمپانیای پێپسی(Pepsi). |

| | | |
|---|---|---|
| کۆمپانیای بانکداری، سەرمایەگوزاری و خزمەتگوزاریە داراییەکان(Citigroup)، کۆمپانیای شمەکە جوانکاریەکان(Estee Lauder)، کۆمپانیای تەندروستی و جوانکاریەکان(Colgate-Palmolive) ، کۆمپانیای هۆتێلەکانی(Hilton). | AOL TimeWarner (CNN) | |

**ژێدەرەکان:**

1 -رێکخراوێکی نهێنی کە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجە سیاسیەکان لە رێگەی سەپاندنی توندوتیژی، لە ناپێلدا پێکهات.

2 -(1845-1900)، گەورەترین رۆماننووسی ریالیستی پرتوگال.

3 -ناوی یەکێک لەو حەوت تەپۆلکەی شاری رۆمایە کە شوێنی فەرمی سەرۆکی دەوڵەتی ئیتالیایە. ئەم ناوە هەنووکە بۆ ئاماژەدان بە برۆکراسی دەوڵەتی ئیتالیا بەکار دەهێنرێت.

# سیاسەتی ڕزگارییبەخش، کەبوودوەند و هاواری فەلاقەکراوەکان

## دەربارەی دەوڵەتی بەنەوش و کلیلی مەجیک

**دواین وشەکانی باوکی بێکێت بۆ بێکێت لە سەرەمەرگدا: بجەنگە!بجەنگە!بجەنگە!**

**بە هەر ڕادەیەک گۆمەڵگا پشت بە پارە دەبەستێت، لەقازانجی ئێمە کەم دەبێتەوە.**

**مانیفێستی مانگرتنی پاریس، دێسەمبری 1955**

**ناتوانیت دڵۆپە خوێنی ئامریکاییەک بڕێژی مەگەر ئەوەی خوێنی هەموو دنیات ڕژاندبێت... خوێنی ئێمە وەک ڕووباری ئامازۆن وایە کە لە هەزاران خوڕەی پاک پێک هاتووە و هەموویان دەچنە یەک ڕووبارەوە. ئێمە نەتەوەیەک نین بە قەد پانتایی جیهان؛ مەگەر ئەوەی کە لامان وابێت دنیا هی پاشاکەمانە. ئێمە بێ دایک و بابین. ڕەچەڵەکمان لە ناو چووە... ئێمە میراتگری هەموو زەمەنەکانین، و میراتەکەمان لەگەڵ هەموو نەتەوەکاندا بەش دەکەین.**

**هێرمان مێلویل**

ئێرانی پۆست بەرجام یان باشتروایە بڵێین ئابووریی سیاسی ئێران پاش بەرجام، بەپێچەوانەی لێشاوەی ڕای عەقڵە لەرزۆک و ئەو خەڵکە

ڕووکەشی و ڕەشۆکیەی کە پێیان وابوو کرانەوەیەکی گەورەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لە دوای سازانی ئەتۆمیەوە دێتە ئاراوە و کۆی ئەو بەربەست و لەمپەرانەی دوو دەوڵەتە جادوویی و لاهووتیەکەی ئەحمەدی نژاد درووستی کردبوو تێکی شکاندووە نەک دەلاقەیەک بەڵکوو جیهانێکی تازەی بەڕووی ئێرانێکی تازەدا کردۆتەوە و نەک هەموو بەڵکوو زۆربەی پڕۆژە پەککەوتووەکان دەبووژێنەوە و بای بەهارە خووڕەمێکی بەپێت لە ناو کارگە و کارخانەکان، جادە و پڕۆژە بەرهەم هێنەرەکان، ئابووری کشت و کاڵ، بازاڕ، دەرمان، ملک و ماڵ و خزمەتگوزاریە گشتیەکاندا هەڵ دەکات. کەم نین ئەوانەی پێیان وایە ئەم جیهانە نوێیە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی بەنەوشە و کلیلی چارەسەریی جیهانێکی ناسووتیشی بەدەستە.

یەکێک لە عادەتە هەرە بەردەوام و هەمیشەیەکانی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی نزیک چوار دەیە تەمەنیدا ئەوەیە کە هەر کات و بە هەر ڕادەیەک کێشە دەرکیەکانی کەم ببێتە بە هەمان ڕادەش گوشارەکان لە ناو خۆی ئێراندا توندتر دەبنەوە و کەشەکە لەوەی کە هەیە سامناکتر و ترسناکتر دەکرێتەوە. پێویست بەوە ناکات بەڵگە بۆ ئەم حوکمە بهێنینەوە، هەر ئەوەندە بەسە لاپەڕەی گووگڵ بکەینەوە و ڕستەیەکی وەک دۆخی ئابووریی ئێران، ئاماری ئێعدام، دەسبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنی بێ سەر و شوێن، چالاکانی پانتای سیاسەتی ڕەسمی و ناڕەسمی، کوژرانی کۆڵبەران، سەرکوتی چالاکانی ژینگە پارێز و لە کۆتاییدا چەپاندنی خواستی بەرحەقی چالاکانی مانگرتووی مافی مرۆڤ و فەلاقە کردنی کرێکارانی پێ

بدەین بۆ سێرچ و چاو لەو لاپەڕە زۆر و زەبەندانە بکەین کە بۆمان دەهێنێت و بە بێ ترس و شەرم بۆمانی ڕیز دەکات.

ئاشکرا و ڕوونە کە ئابووریی سیاسی دەوڵەتی یازدەهەم و جووڵە و هەڵسووکەوتەکانیشی لە لایەکەوە درێژکراوەی دەوڵەتی سازەندەگی و بەڕێوەبردن و بەرقەرارکردنی هەرچی زیاتری بەرنامە و گەڵاڵەی ***تەعدیلی ساختاری***ە و کەڵک وەرگرتن لە ڕاوێژکاران و بەرپرسان و کارگێڕانی خول و بڕگەی سازەندەگیی و موقەدەسکردن و بەرهەمهێنانی بیرمەندان و پێغەمبەرانی تەعدیلی ساختاری و بازاڕی ئازاد و نیۆلیبراڵیزمی ئابووری و هاوکاری کردنی پێشڕەوانە و قووڵی سندووقی نێودەوڵەتی دراو، سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە و لە لایەکی تریشەوە گەڵاڵە کردنی سیاسەتە گشتیەکانی بەرنامەی شەشەمی تەوسەعە، لەهەناوی دەوڵەتی یازدەهەم و جەخدکردنەوە و بەدواداچوونی پەیگیرانەی خوسووسی/پووڵی کردنەوەی بەرپرسیارێتی و کارگێڕیە کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەت و کاڵایی کردنەوەی بەشی هەرە زۆری پانتاگەلێکی کۆمەڵایەتی وەک پەروەردە، بێهداشت، خزمەتگوزاریە گشتیەکان و هەگبەی خانەنشین کراوەکان و هەر وەها پێدا گرتنی ئۆرتۆدۆکسی لەسەر ڕکابەری کردنەوە و ململانێی نرخەکان، بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەم گۆڕانکاریانەن.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا حوکمیدانی جەزای نەقدی و فەلاقە کردنی 17 کرێکاری وەرزیی کانگای ئاڵتوونی ئاق دەرەی تێکاب، سەر بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کە لە ڕێگەی شوعبەی 110ی دادگای تاوانی تێکاب و شوعبەی پێدا چوونەوەی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاواوە دەرکرا، بە

هەڵپە و پەلە کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەو کرێکارانەی کە ڕێژەیان 350 کەس بوو لە مانگی بە فرانباری ساڵی 1393 لە ڕێگەی کۆمپانی پوویا (پەیمانکاری سەرەکی کانگاکە) زەڕکانەوە هەر کە گرێبەستەکەیان کۆتایی دێت دەردەکرێن. ڕۆژی شەشی بەفرانبار بەرامبەر کۆمپانیاکە گرد دەبنەوە و ناڕەزایەتی خۆیان سەبارەت بە دەرکردنیان لە سەر کارەکانیان دەردەبڕن و هاوکات پاسەوانەکانی کۆمپانیاکە پەلاماریان دەدەن و هێرش دەکەنە سەریان. لە سەر و بەندی ئەم مانگرتن و ناڕەزایەتیەدا لە نزیک کاتژمێر 8 دا یەکێک لە کرێکارەکان، کە بە هۆی ڕەفتاری دەمارگرژانە و توندی  پاسەوانانی کۆمپانیاکە و ئەو گوشارە ڕۆحی و دەروونیەی کە لە عەزرەت بێکار بوون و بێ هیوایی لەوەی کە ناتوانێت بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی دابینبکات، تووشی دەبێت هەوڵدەدات خۆی بکوژێت و گیانی لەم میحنەت و ئازارانەی کە پێوەی زنجیر کراوە بپسێنێت و کۆتایی پێبهێنێ. سیستمی دادوەریش وەک هەمیشە و بەپێی عادەتی لە مێژینەی خۆی، دەقاودەق حوکمی لەپێناو تاوانبار بوونی ئەم 17 کەسە، کە پێشتر خاون کارەکەیان و پاسەوانی کۆمپانیاکەوە سکاڵایان لە هەمبەر کرێکاران تۆمار کردبوو، دەرکرد. هەریەکە لەم کرێکارانە لە سەرەتای دادگایاندا بە 75 زەربە شەلاق و 5ساڵ زیندان مەحکووم کران و لە دادگای پێداچوونەوەدا حوکمەکانیان دابەزی بۆ 50 زەربە شەلاق و 37 مانگ حوکمی تەعزیری، کە لە داوا جاردا خاوەن کارەکەیان لە بەشێکی حوکمی کرێکارەکانی خۆش بوو و لەڕێگەی دەرفەتی لێبوردنی گشتیەوە، سزای زیندانکرانی کۆی کرێکارەکان سڕایەوە و تاوانی دانی بڕی پارەی 500 هەزار تمەن و شەلاقەکە پەسەندکرا و کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

وەحید یاری پارێزەری دۆسیەی ئەم کرێکارانە، ڕایگەیاند لە دادگای پێداچوونەوەدا تاوانبارابی ڕەدیفی یەکەم تا پێنجەمی ئەم دۆسیەیە 100 زەربە شەلاق و 37 مانگ حەبسی تەعزیری و تاوانبارانی ڕەدیفی شەشەم تا هەشتەم 50 زەربە شەلاق و 37 مانگ حەبسی تەعزیریان بۆ بڕاوەتەوە. ئەو خاڵانەی کە ببوونە جیگای سکاڵای خاوەن کارەکە بە گشتی بریتی بوون لەم خاڵانەی خوارەوە: بەرگیری کردن و پەژیوان کردنەوەی خەڵکەکە بۆ ئەوەی نەچنە سەر کارەکانیان لە ڕێگەی ئاژاوەنانەوە و ساز کردنی بشێوی، ئەتک کردنی پاسەوانی کۆمپانیاکە، دڕاندنی جل و بەرگی کار و وەستاندنی نایاسایی پاسەوانی کۆمپانیا، شکاندنی ئەنقەستی تابلۆی کۆمپانیا. هەر چەندە بە پێی بەڵگەنامەکانی (ILO) ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار، کە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی دانی پێداناوە، دەربڕینی ناڕەزایەتی و ڕێپێوانی کرێکاران مافی بێ ئەملاو ئەو لای خۆیانە و کەس بۆی نیە ئەم مافەیان لێ زەوت و پێشێلی بکات، بەڵام سەرباری ئاگاداری سیستم لەم بابەتە وەک هەموان لێی بە ئاگان سەرکووتی بزووتنەوەی کرێکاری گەیشتۆتە لووتکە و مونتەهای توودڕەوانە و ئێفراتی خۆی.

سەرەتای ساڵی 1395 و بەدیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران لەم ساڵەدا، دەنگ و هەرایەکی زۆر سەبارەت بە ناهاوتەریبی و هاوسەنگ نەبوونی بڕی دیاری کراوی لانیکەمی حەقدەست لەگەڵ هێڵی هەژاری و بژێوی ژیانی کرێکاراندا هاتە ئاراوە و وەک هەمیشە تێلیسمی سێ کۆچکە و موسەلەسی فۆرماڵی نوێنەری دەوڵەت و کارفەرماکان و کرێکاران لە ڕێگەی پاڵپشتیی قورس و قایمی سەرکوتی سیستماتیک و سیستمیکەوە توانی بەر بەتەقینەوەی شەپۆلی ناڕەزایەتی بزووتنەوەی کرێکاری و

ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکاریەکان بگرێت و نەهێڵێن نوێنەرانی ڕاستەقینەی کریکاران بێنە مەیدانەوە و سنووورە قایمەکان و تێلێسمی ئەم سێ کۆچکە شوومە بشکێنن. ئاسانە لەوە تێبگەین کە سەرکووتی وتەزای لانیکەمی حەقدەست بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتە و پایە ئایدیۆلۆژیکەکانی دەوڵەت و شێوازی ڕوانینی بۆ دونیا، بەشەکەی تری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابەزین و دێپرێسیۆنەی کە بەشێوەیەکی جەوهەری وەک خوێن بە شا دەمارەکانی ئابووری ئێراندا دەگەڕێت و دەوڵەت و سیستم دەیەوێت لە ڕێگەی سەرکوت و فەلاقە کردنی خەڵکەوە کپی بکات. فەرامەرز تۆفیقی، لە لێدوانێکی لەم پەیوەندەدا لە ڕێگەی ئاماژەدان بە ئاماری وەزارەتی بێهداشت سەبارەت بە مەترسیی گەورەی سترێس و کێشە ڕۆحی و دەروونیەکانی ئەوانەی حەقدەست وەردەگرن دەڵێت: هەنووکە 95 لە سەدی ئەوانەی حەقدەست وەردەگرن لە بەردەم کەڵکەڵە و هەڕەشەی دابینک ردنی بژێوی ژیانیاندان. هەوڵی خۆکوژی سێ کەس لە ناڕازیانی کۆمپانیای کانگای ئاڵتوونی ئاقدەرەی تێکاب، کە بەرپرسانی پەیوەندیدار نەچوونە ژێر زەختی پرسێکی واوە و ڕەتیان کردەوە، سەلمێنەر و دەرخەری ئەم واقیعە ترسناکەن؛ واقعێک کە بە دواهاتی ڕاستەوخۆی سیاسەتی نیۆلیبراڵین لەپانتای ئابووریی سیاسی دەوڵەتی بەنەوش و تەعدیلی ساختاری و دەمارگرژانەی هێزی کاری کۆمپانیای کانگای ئاڵتوونی ئاقدەرەی تێکاب و لە کۆتایشدا فەلاقە کردنیان.

ئێستە بابزانین دەوڵاتی بەنەوش و کلیلە مەجیکەکەی لەپانتای سیاسیدا چی پێیە پێشکەشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستانی بکات. زیاتر لە 9 ساڵ زیندان و زیاتر لە 23 ڕۆژە محەممەد سدیق کەبوودوەند(1)، چالاکی

مافی مرۆڤ و سەرۆکی ڕێکخراوی ماقی مرۆڤی کوردستان، مانی لە خواردن گرتووە و ژیانی تا دوا ڕادە لە بەردەم هەڕەشە و مەترسیەکی گەورە دایە و کەس نیە گوێ لە هاوار و خواستەکانی بگرێت و وڵامیان پێ بداتەوە. جێگەی ئاماژەیە لە سەرەتادا ئەو خاڵە ڕوون بکەمەوە کە لە دیدی نووسەری ئەم دێڕانەوە کەبوودوەند_لەسەردەمێکدا کە چالاکانی ماقی مرۆڤ، فەست تینکەر و بیرمەندانی فەوریی و فەوزەوی فەزای مەجازی و داڵە گەردشگەرە ئێلێکترۆنیکیەکان و بەرخۆرانی ئانلاینی کارەسات و لە سەرووی هەموویانەوە باڵای کورتی دیدبانانی حقووقی بەشەر، پێگەی نزم و بێڕێزکراوی مرۆڤ لەو جیهانەدا نابینن کە ڕۆژانە و تا دواڕادە، مرۆڤ و جیهانەکەی لە مونتەهای کاولکردنی خۆیان و یەکتردان و فۆرماڵیزمی مافی مرۆڤ، وەک بەتاڵترین و پووچترین چەمک لەپانتای سیاسەتی هاوچەرخ و باڵادەستی جیهانی، لەگەرووی مانگرتو و وشکەڵاتووی کەبوودوەندا غەرغەرە نەکەن و بەرگی ئەم مافە نیمچە بوورژواییە نەکەن بە بەری ئەم هەیکەلە تێکشکاوەی بەشەردا_ لەمێژە لانیکەم لەڕووی ناوەرۆکی مێژوویەوە، تا ئەو شوێنەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، چیتر لەو پۆلێنبەندی و چوارچێوەی بەرتەسک و ژێلاتینیەی مافی مرۆڤدا جێگەی نابێتەوە و بەرگی ئەم دەستەواژەیە لەبەریدا شیتاڵ شیتاڵبۆتەوە و سنوورەکانی ئەم دەستە واژەیەی ترازاندووە. کەبوودوەند پتر هێمای ڕەزمەندەیەکی پێشڕەوە کە پەیگیرانە لەبەر ژیان شان لە شانی مەرگ ئەسوێ، خەباتکارێکە جەستەی هاوتەک و جووتە لەگەڵ ناوەرۆکی مێژوویی خەباتێکی مێژوویدا، مێژوویەکە هاوتەک و جووتە لەگەڵ چەکەکانیدا، چەکێکە هاوتەک و جووتە لەگەڵ خەباتەکانیدا و لە کۆتاییدا

دەنگی پەیگیر و بە بڕستی فەلاقە کراوەکانی تێکاب و هاوبەندی و هاوشانە بێسەروشوێن و دەنگە کپکراوەکانیەتی. لاموایە لە مێژە میدیا و تێلێڤیزیۆن و ڕاگەیاندنە مۆنۆپۆلی و پاوانخوازە زەبەلاحە چەپ و ڕاستە باڵادەستەکانی مەرکەز و سەربە مەرکەز_بیبیسی و ڤیۆئەی و سایت و ماڵپەڕە جۆراوجۆرەکان_ بەم خاڵە جەوهەریەیان زانیوە و بەردەوام ئەم چەشنە هەواڵانە سەرکوت دەکەن و نایانەوێت بەرجەستە و زەقی بکەنەوە.

ئەگەر بمانەوێت دۆخی کرێکارانی ئاق دەرە و کەبوودوەند لە چەمکێکدا کۆوەکەین ئەو چەمکە هیچ نیە جگە وەلانان یان سەرپێچی (refusal). هێرمان مێلویل، چیرۆک نووسی ئامریکایی، چیرۆکێکی هەیە لە ژێر ناوی (***پێم باشە نەیکەم***)دا. ئەم چیرۆکە گەلەک بەناوبانگە و زۆربەی بیرمەندان و فەیلەسووفان لە سەری دواون و بۆتە جێگەی سەرنجیان و لە سەری نووسیویانە. ڕۆژێک خاوەن کارەکەی داوای لێدەکات بەڵگەنامە یان سەنەدێکی بۆ بەراوەرد بکات و ئەویش زۆر لە سەرەخۆ لە وڵامیدا دەڵێت: ***پێم باشە نەیکەم...*** ڕازی چیرۆکی کلاسیکی هێرمان مێلویل لە موتڵەقی و ڕەها بوونی سەرپێچی (refusal) دایە، کاتێک کە بەرپرسی بارتێلبی داوای لێ دەکات کە کارەکانی بەڕێوە ببات، ئەو بە ئارامی، پەیتا پەیتا دووپاتی دەکاتەوە:( ***پێم باشە نەیکەم***) کەسایەتیی ئەم چیرۆکەی مێلویل، پەڕاوپڕ لەگەڵ نەریتی دوور و درێژی سەرپێچی کردن لە کاردا دێتەوە و تەبایە. هەڵبەت هەموو کرێکارێک خوازیاری وەلانان و سەرپێچی کردنە لە باڵا دەستی و زاڵییەتی بەرپرسەکەی، بەڵام بارتێلبی ئەم خواستەی بە شێوەیەکی ئێفراتی و توندڕەوانە دێنێتە ئاراوە. ئەو ناچێتە ژێر باری ئەم یان ئەو بەرپرسیارێتیەوە، و هیچ هۆکار و بەڵگەیەکیشی نییە بۆ ئەم

وەلانان و سەرپێچیە، ئەو تەنیا لە ڕووی بە گرینگ نەزانین و هەر وەها بە شێوەیەکی تۆکمە بەرپرسیاریێتی وەلادەنێت و سەرپێچی لێدەکات. لە ڕاستیدا، ڕەفتاری بارتێلبی ئاشتی خوازانەیە، تا ئاستێک لەبەر ئەم هۆکارە کە گەلەک لەسەرەخۆ و بێدەنگە؛ بەڵام زێدەباری ئەمە لەبەر ئەوەی وەلانان و سەرپێچیەکەی ئەوەندە بێ سنوور، بێپەڕ و ناکۆتایە کە دەبێتە وەلانان و سەرپێچیەکی موتڵەق و ڕەها و بە تەواوەتی (نەکردن) بە باشتر دەزانێت.

بەپێی ڕەچاوکردنی ئارەزوو و ئاراستەی توندی مێلویل بۆ مێتافیزیک، جێی سەرسووڕمان نییە کە بارتێلبی هەڵگری کۆمەڵێک ڕاڤەی ئۆنتۆلۆژیکالیشە. وەلانانەکەی بارتێلبی ئەوەندە ڕەهایە کە بارتێلی بە تەواوەتی خاڵی و بەتاڵ دەردەکەوێت و دیارە، مرۆڤێکی بێ کەڵک و کەڵک براو، یان بەو جۆرەی کە فەیلەسووفانی ڕێنێسانس پێی دەڵێن مرۆڤی ڕووت (homo tantum). بارتێلبی لە پەسیڤیزم و کەمچووستی ڕووتی خۆیدا و لە وەلانانی کۆی پاژەکاندا لەگەڵ هەیکەلی بوونێکی جۆرەکیدا ڕووبەڕوومان دەکاتەوە، واتە بوون لە مانا وردەکەیدا نەک شتێکی فرە و زیاتر. (بارتێلبی) لە ڕەوتی چیرۆکەکە ئەوەندە لە خۆیدا خاڵی و بەتاڵ دەبیتەوە- گەلەک نزیکتر و نزیکتر لەم رۆڤی ڕووت، ( neked humanity) ژیانی ڕووت و بوونی ڕووت – کە وردە وردە وشک و سیس دەبێت و لە قووڵایی و بنەبانی ڕیسواکەری مەنهەتێن و تۆمبزدا لەناو دەچێت.

بۆ ئەوەی ڕەهەندێکی مانایی دیکە لە چەمکی سەرپێچی و وەلانان لە پەیوەندیدا بە دۆخی بابەتی، مانایی/مێژوویی کەبوودوەند بخەینە ڕوو، کەڵک لە ڕۆمانێک وەردەگرین کە لەڕووی ستراتیژیکەوە هاریکارێکی گەلەک بەهێزە بۆ دەربڕینی ڕوو و سیمایەکی دیکە لە سەرپێچی و خەیاڵدانی کەبوودوەند، بارتێلبی و ڕەچەڵەکی تووڕەیی فەلاقە کراوەکان و جەستەی ئەنجن ئەنجن کراویان.

ج.م.کۆێتزی، ڕۆمانێکی سەرەنج ڕاکێشی هەیە لە ژێر ناوی، ***ژیان و ڕۆژگاری مایکێل کاف***دا. مایکێل کاف بە کورتی جەستە یان هەیکەلی وەلانان و سەرپێچیەکی موتڵەق و ڕەهایە. لە حاڵێکدا کە بارتێلبی بە بێ جووڵە و تا ڕادایەک لە دۆخی پەسیف و کەمچووستی خۆیدا ون و سەر لێشێواوە، کاف بەردەوام ئامادە و بزۆزە. مایکێل کاف باخەوانە، مرۆڤێکی سادە و ساکارە کە پێدەچێ سەر بەم جیهانەش نەبێت. ئەو لە وڵاتێکی گریمان کراودا، کە لە بەر جەنگە ناوخۆییەکان دابەش و پارچەپارچەیە، لە نێوان قەفەسەکان و پەرژینەکاندا ڕاگیراوە و بەرپرسەکان سەیتەرە و وێسگەی پشکنینیان بۆ داناوە. مایکێل کاف تەنیا بۆ گەیشتن بە بزووتنێکی ئەبەدی ئەم لەمپەرانە وەلا نانێت. پەرژینەکان بە باشی ناتوانن بەر بە بزووتنی بگرن؛ وا دەردەکەوێت ئەم پەرژینانە ژیان دەوەستێنن و لێرەوە ئەویش بە تەواوەتی هەموویان وەلا دەنێت و سەرپێچیان لێ دەکات تاکوو ژیان بجووڵێنێت، ئەوەی کاف لە ڕاستیدا عەوداڵیەتی، ئەمەیە کە کوولەکەکانی گەورە بکات و بێستانە چۆڵەکان بژینێتەوە. وەلانانی باڵا دەستیەکان لە لایەن کافەوە بە هەمان ڕادەی وەلانانی ئەو (شت)انەیە کە لە لایەن بارتێلبیەوە ڕەها و موتڵەقە، و ئەم مووتڵەقی و ڕەهایێتیە گەشەکەر و

ساکارە نزیکی دەخاتەوە لە پاکایەتیەکی ئۆنتۆلۆژیکاڵەوە. هەر وەها نزیک دەبێتەوە لە؛ (ڕۆحێکی مرۆیی، لە سەر و لە ژێری هەموو پلە بەندییەکانەوە) کە لێرەوە و بەم پێیە دەبێتە homo tantum یکی تەواو.

ئەم مرۆڤە سادانە و هەر وەها وەلانان و سەرپێچیە ڕەها و موتڵەقەکانیان، نەفرەت و ڕەقی ئێمە لە باڵا دەستی دنەدەدەن و دەی ورووژێنن. وەلانانی کار و باڵا دەستی، یان لە ڕاستیدا وەلانانی کۆیلەیەیکی هەڵبژێردراو، سەرەتا و دەستپێکی سیاسەتی ڕزگاری بەخشە. ساڵەها پێش ئەوان، ئێتیێن دۆلابۆێتی ڕێک ستایشی سیاسەتی وەلانان و سەرپێچیەکی وەهای کردووە: ***( بڕیار بدە چیتر لەمە زیاتر خزمەت نەکەیت، و پاش ئەمە ئازاد دەبیت. نامەوێ تۆ ستەمکاران بتلێنیت و بخەیت، بەڵکوو چیتر پشتیوانیان لێ مەکە.[کاتی خۆی] دەیانبینیت، وەک بۆنەوەرێکی زەبەلاح کە کۆڵەکەکانی [ژێر پێی] لابراوە، پەیکەری سست بۆتەوە و پارچە پارچە دەبێت و لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە.*** دۆلابۆێتی پەی بە دەسەڵاتی سیاسی سەرپێچی و وەلانان بردبوو، (واتە) دەسەڵاتی ڕزگاری و دەرباز بوون لە پەیوەندییەکانی سوڵتە. لەم ڕێگەوە، دەرباز بوونی ئێمە، ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی کە ئەرباب و سەروەرمان بوو، تێک دەشکێنێت و وێرانی دەکات. بارتێلبی و مایکێل کاف سیاسەتی سەرپێچی و وەلانانی کۆیلایەتی هەڵبژاردەی دۆلابۆێتیان بە شێوەیەکی ڕەها درێژەدا. ئەم وەلانانە ڕێک سەرەتا و دەستپێکی  سیاسەتی ڕزگاری بەخشە، بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتا و دەستپێکە، وەلانان وەک خۆی بەتاڵە، بارتێلبی و مایکێل کاف ڕەنگە دوو ڕۆحی جوان بن، بەڵام بوونیان لە پاکایەتی ڕەها و موتڵەقی خۆیاندا لە لێواری خەرەندێک دایە. هێڵەکانی هەڵفڕین و

دەربازیان لە ئیقتدار و باڵادەستی، تەواو دەرهەست و ئەبستراکتە و بەشێوەیەکی بەردەوام هەنگاوێکیان ماوە بۆ خۆکوژی و کوشتنی خۆیان. هەر وەها لە مانا سیاسیەکەیدا، وەلانان و سەرپێچی لە خۆیدا (وەلانانی کار، وەلانانی دەسەڵات و وەلانانی کۆیلایەتی هەڵبژێردراو) ئەنجامەکەی تەنیا چەشنێک خۆکوژی کۆمەڵایەتیە، هەر بەو جۆرەی سپینۆزا دەڵێت، ***گەر ئێمە سەری ستەمکاری جەستەی کۆمەڵگا بپەڕێنین، دەبێتە جەستەیەکی بێشکڵ،***[کەواتە] دەبێت جەستەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ بسازێنن و بیخولقێنن، ئەمە پرۆژەیەکە کە بە تەواوەتی دەکەوێتە ئەو دیوی وەلانانەوە. هێڵەکانی فڕینی ئێمە، دەرباز بوونمان، پێویستە بونیاتنەر بێت و بەدیل و ئاڵترناتیڤێکی ڕاستەقینە بەدەستەوە بدات. هەر وەها لەو دیوی وەلانان و سەرپێچیی کامڵ و تەواوەتیەوە. دەبێت شێوازی نوێی ژیان و لە هەمووی گرینگتر، کۆمەڵگایەکی نوێ دابڕێژین. ئەم پرۆژە نەک دەرەنجامەکەی نابێتە ژیان و مرۆڤێکی پەتی و ڕووت (homo tantum) بەڵکوو دەبێتە ژیان و مرۆڤێکی زیادە یان زیادەمرۆڤ (homo homo)، و لێرەوەیە مرۆڤایەتی لە ڕێگەی ئەقڵی کۆیی و دەستەجەمعی و عەشق بە کۆمەڵگاوە بە پیت و زیادە، دەبێتە کۆمەڵگای زیادە.

بەم پێیە، چیرۆک و ڕۆژگاری کەبوودوەند و کرێکارانی فەلاقەکراو، بەتووندی و قووڵ پەیوەندیان بە جومگە و جەمسەرە دەرکەوتووەکانی کۆمەڵگای ئایندەوە هەیە و ڕەمز و ئادرەسی ڕۆشتنن بەرەو ئەو جیهانە نوێیە، نەخشە ڕێگای سازشناپەزیری ئەو جیهانەن کە داوای دەکەن، خەونی پێوەدەبینن و لەسەری سوورن و پێشڕەوانە بۆی دەجەنگن، مانای جیهانێکن کە تیایدا خەبات مانای ئەو جیهانەیە، زاتی سۆبژێکتیڤی

سیاسەتێکن کە جیهانێکی یەکسان بڕبڕەی پشتیەتی و بڕبڕەی پشتی جیهانێکن کە یەکسانیی خەونیەتی و لە کۆتایدا هەناسە و نەفەسی هەڵکشانی جیهانێکن کە پێش مێژووی جیهانێکی مێژووییە.

**ژێدەر:**

1_ چەند ساڵ لەمەوپێش، نووسەری ئەم دێڕانە وتارێکی بەناوی خوازراوی(خاتره نەوابی) هەر لەم مانگنامەیەدا (ئاسۆی ڕۆژهەڵات) لەژمارەی 83 (1391/5/11) لە ژێر ناونیشانی: ***جەستە، مانیفێستی خەبات و خۆڕاگری(کەبوودوەند و ئەگەرەکانی شۆڕش)***، بڵاو کردەوە کە بە پێویستم نەزانی ئەو وتارە دووبارە لەم بڵاقۆکەدا بڵاو بکەمەوە یان لەفۆرم و جۆرێکی دیکەدا ئایدیاکانی بکەمەوە و پەرەیان پێ بدەم بۆ ناو کۆمەڵێک پانتای مەفهوومی دیکە. بەڵام بەپێویستی دەزانم ئەو خاڵە ڕوون بکەمەوە کە ئەم دوو وتارە لە باری ستراتێژیک و تەنانەت سیاقی خوێندنەوە و پێکانی مەبەستدا، هاوشانی یەک نین و بەریەک ناکەون و یەکتر نابڕن، بەڵکوو لە درێژەی یەکتردان و پەیڕەوی لۆژیکێکی یەکەن.

# عەقڵی سینیک*، مەعیشەت و کەوتنی ئەخلاق

## یادداشتێکی سەرەتایی دەربارەی ئایدیۆلۆژیا

**تاقە ڕەفتاری بەرپرسیارانە ئەوەیە تاک حەزەر بکات لە بوونی تاکانەی خۆی بە ئایدیۆلۆژیایەک و تا ئەو شوێنەی دەکرێت درێژە بدات بە ژیانە تایبەتە بێدەنگەکەی بەبێ هیچ داواکاریەک_نەک لە بەر ئەوەی بەشێوەیەکی باش ڕاهاتووە، بەڵکوو لە بەر شەرم[و سەرشۆڕی]ی دۆزینەوەی هەوایەک بۆ هەناسەکێشان لەم جەهەننەمەی[کە تێدا دەژین].**

**تیۆدۆر ئادۆرنۆ، مینیما مۆرالیا**

لیۆن تۆلستۆی لە ڕستەیەکی ناوەزەی خۆیدا دەڵێت: [بینینی] گەڵای داران زیاتر لە ڕەگەکان شادمانمان دەکەن1. ئەم ڕستەیەی تۆلستۆی لە

زۆر ڕووەوە ئایدیاکانی ناو ئەم یادداشتە جومگەبەندی دەکات و یەکێک لە پێشگریمانە سەرەکیەکانی ئەم یادداشتەیە. لە یەکەم ڕوانین و لە سەرەتادا، ڕەنگە ئەم ڕستەیەی تۆلستۆی شتێکی ئەوتۆی یان ئەو هەوێنە تیا ئامادە نەبێت کە ئەم یادداشتەی خوارەوە بگیرسێنێتەوە، بەڵام دەشێت بەوردبوونەوە لە مانا و ڕەهەندە پاڵەکیەکانی ئەم ڕستەیە، توانست و پۆتانسیێلە ناوەکیەکانی کردەکی بکرێتەوە و ڕستەکە خۆی و ماناکان و ئایدیاکانی هەناوی ئەم یادداشتەشی پێ بابەتی بکرێتەوە. بۆ نموونە، جیاوازی نێوان ریفۆرم و ڕاپەڕین، فۆرم و ناوەرۆک، عەقڵی سەلیم (common sence) و عەقڵی ڕەخنەگر، ئۆپۆرتۆنیزم و پرسی پرەنسیپ، ڕواڵەت و جەوهەر، ژێرخان و سەرخان، کۆمەڵگا و مێژوو، دیتێرمینیزم و ئەخلاقی فۆرماڵ، پاژ/بەش و گشت و... کە لە درێژەی ئەم یادداشتەدا بە کورتی لە سەر چەند بابەتیان_ڕەنگە خوێنەری ئەم دێڕانە هەندێک پرسیاری لە لا درووست بێت کە ئایا دەکرێت ڕستەیەکی وەها، ڕستێک چەمکی لەم چەشنەی لە خۆیدا شاردبێتە و لە ڕوانگەی یەکەمدا نەبینرێت؟_هەڵوێستە دەکەین و بەپێی مەجال یان چوارچێوەیەک کە لۆژیکی ناوەکیی یادداشتەکە ڕێگەی پێدەدات، لە سەریان ڕادەمێنین و کاریان پێدەکەین. ڕەنگە ئەم ڕستەیەی تۆلستۆی لە ناوکۆیی یان زەمینە و باسێکی دیکەدا ڕەنگدانەوەی مانایی و مەفهوومیەکەی بە جۆرێکی دیکە بێت و یا خود لە زەمینە و ناۆکۆیەکی دیکەدا ڕەنگدانەوەی مانایی و مەفهوومی جیاوازی هەبێت و سرووشتی زەمینە و بەستێنەکانی تر ناوەرۆکی سرووشتیی ناوەرۆکی ئەم ڕستەیە بگۆرێت؛ کەواتە، ئەم ڕستەیە خۆی زادەی زەمینە و ناوکۆیەکی تایبەت بەخۆیەتی و فەکت و

هێنانەوەشی وەک نموونە یان تەنانەت وەک پێشگریمانە و تەمسیلێک، جیای دەکاتەوە لە ناوکۆیە سەرەکیەکەی و دەیکاتە پێشگریمانەی ئەو دەقەی کە بە نیازە کاری پێ بکات و کەڵکی لێ وەربگرێت.

لەڕوانگەی ئێمەوە، ئەم ڕستەیەی تۆلستۆی بڕبڕەی پشتی سینیسیزم و دوورنمای سیاسی و ستراتیژیکی عەقڵی سینکە لەم سەردەمەی ئێستادا و ئەم عەقڵەیە کە کۆمەڵگای ئێمە و تەنانەت کۆمەڵگای بەشەری و جیهانی هاوچەرخ ئاراستە دەکات و فۆرم دەبەخشێتە ووشیاری و دنیابینی ئینسانی ئەم سەردەمە. بە گوتەیەکی دیکە، هەر وەک ئادۆرنۆ و هوورکهایمێر لە کتێبی بەناوبانگی **دیالێکتیکی ڕۆشنگەری**دا دەڵێن: ***ئاراستە و گرۆیەتیە ئاشناکانی ئەم خولە دواییانە هەندێک جار بە شێوەیەکی پێشگوویانە لە دەڵی مێژووی کەونینە و غەریبدا کەشف دەکرێن و لەڕێگەی مەودای مێژوویەوە بەشێوەیەکی تۆخ ڕوون دەبنەوە.*** لەم ڕووەوە، ئەم سەردەمەی کە تیایدا دەژین، نیشانە و مۆرکی کەونینەی خۆیان بە شێوەیەکی تۆخ لەم خولە دواییانەدا نیشان دەدەن و ڕەنگ دەدەنەوە و کەشف دەکرێن. واتە، ڕەنگ دانەوەی سینیسیزم لە جیهانێکدا کە ئەم عەقڵە، واتە عەقڵی سینیکی، پێکی دەهێنێت و ڕێکی دەخات؛ ئەو جیهانەی کە تیایدا بینینی ڕواڵەتی و ڕووکەشیی کۆمەڵگا و نۆرمە کۆمەڵایەکان، بۆوێنە، خۆدزینەوە لە یاسا، پێشێلکردنی پرەنسیپە کۆمەڵایەتیەکان، فۆرسەت تەڵەبی و ئۆپۆرتۆنیزم سیاسی، هەراجکردنی بەها مێژوویەکان، پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیان، کوشتار و قەڵتوبڕی ڕۆژانەی ئینسان و بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەیان لەناو دنیابینی و ڕەنگ دانەوەیان لە کۆمەڵگا و ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، باڵادەست و

زاڵن. بۆ ئەوەی بزانین کە مێکانیزمەکانی عەقڵی سینک چین و ئەم عەقڵە چۆن کار دەکات و ڕۆژانە لە ئاستی پاژەکیی و لە ئاستی گشتیدا چلۆن خۆی دەردەخات و بەچ شێوەیەک چرکە بە چرکە کۆمەڵگا دادەڕێژێتەوە و لە باری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژوویەوە ووشیاری مرۆڤەکان ئاراستە دەکات، هەوڵ دەدەین، بە کورتی، ئاوڕێک بدەینەوە لەم چەمکە و سنوورە مەفهوومی و مانایەکانی دەست نیشان بکەین و پاشان لە ڕێگەی نموونەیەکی پاژەکی/لۆکاڵیەوە لەگەڵ ئەم چەمکەدا بکەوینە پەیوەندیەکی بەرامبەر و دیالێکتیکیەوە.

مێژووی سەرهەڵدانی فەلسەفەی سینیک دەگەڕێتەوە بۆ(445–365 پ.ز). دامەزرێنەر و داهێنەری ئەم چەشنە لە بیرکردنەوە، ئانتیستێنسە کە بۆ خۆی یەکێک لە قوتابییەکانی سوکرات بووە و هەر لەم ڕێگەیەشەوە فەلسەفەیەکی بونیات نا کە ڕەگەکانی بە شێوەیەکی قووڵ لە ئەندیشەی سوکراتدا ئامادەیە. یەکێک لە چەمکە پایەییەکانی فەلسەفەی سوکرات چەمکی قەناعەت، ڕازی بوون یان قەناعەت کردنە؛ واتە قەناعەتکردن و ڕازیبوون بە جیهانی سرووشتی و ژیانی سرووشتی لەم جیهانەدا کە پاڵپشتی سەرەکی و بنچینەکەی عەقڵە و عەقڵیش ڕێکیان دەخات و بەرابیان دەگرێت. هەر بە پێی ئەم چەمکە و ڕەهەندە ماناییەکانیەوە، بوو بە دامەزرێنەری فەلسەفەیەک کە خۆی بە تاقە نوێنەر و دەنگی ڕاستەقینەی پاکایەتی و فەزیلەت و حەزەر و خۆپاراستن لەو یاسا و ڕێسایانەی مرۆڤ دەخەنە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی کردەییەوە و ڕێگری لێ دەکەن ئەو جۆرەی شایانی ژیانیەتی، دەزانێت. نوێنەرانی یەک لەدوای یەکی ئەم ڕوانینە بۆ دنیا و ئەم تەعبیرە لە جیهان، سینیسیزمیان پێ ڕێگای گەیشتنە

بە ڕزگاری و بەختەوەری و مرۆڤ و مرۆڤایەتی. ئانتیستێنس پێیوایە کە دەبێت لەنێوان دوانەی لێکدژ و بەرامبەری سرووشت و کۆمەڵگادا سڕووشت هەڵ بژێرین و گرینگایەتیەکی ئەوتۆ و دووئەوەندە بە سرووشت و ژیانی سرووشتی بدەین؛ پێیوایە کە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای دەستکرد بوونیان هەیە کە ئەم یاسا و ڕێسایانە بە شێوەیەکی تووند مرۆڤیان دەورە داوە و لە ژێر ناوێکی جەعلیی وەک سرووشتی مرۆییدا ئەم بوونە سرووشتیە کۆنتڕۆڵ و مەهار دەکرێت و لە ڕێگەی شارستانی کردنەوەوە مرۆڤ لە خەسلەتە سرووشتیەکانی دوور دەخرێتەوە و دەیکات بە مرۆڤێکی پێدراو و داتاشراو و دەستکرد. بە باوەڕی ئەوان، ڕزگار بوونی سەرتاسەریی مرۆڤ لەم زەخت و بەربەستە کۆمەڵایەتیانە، پابەندە بە وەلانانی یەکجارەکی و بنەڕەتیانەوە. ئەوەی دەکەوێتە بەر نووکی پەیکانی سینیکەکانی جیهانی کەونینەوە و دەیانەوێت بێ ئەملا و ئەولا بیپێکن و لە ناوی بەرن، کوتان و هەڵتەکاندن یان دووری کردن و حەزەر کردنە لە کۆمەڵێک بەهای سیاسی و کۆمەڵایەتیی وەک دەسەڵاتی سیاسی، پلەی کۆمەڵایەتی و پارە و دژایەتیەکی بنەڕەتی و ڕماندنی کۆی یاسا و ڕێسا، داب و نەریتی داسەپاو، نۆرم و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە وڵات و پاشان نەتەوە و سەرجەمی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە کۆمەڵگای لە سەر بوونیات نراوە و بەلایانەوە ئەو بەها و بایەخە کۆمەمەڵایەتی و سیاسیانەن کە دەبێت لە ناو بچن و بشێوێندرێن.

ئانتیستێنس یەکێک بوو لە قوتابیەکانی سوکرات و بەم جۆرەش لایەنگری فەلسەفەی ئەخلاقی سوکراتی دەکرد. سوکرات لە دیدی سینیسیستەکانەوە بە کەسێکی سەربزێو و سەرکەش دادەنرا و هۆکارەکانی خۆشەویستی

کەسێکی وەک سوکراتیش، بە تایبەت لای کەسێکی وەک ئانتیستێنس، بە پلەی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ سەر بە خۆبوون و بەرز ڕاگرتنی ورەی فەلسەفی/ئەخلاقی و سەربەستی کەسایەتی و ئیرادەی پۆلایینی سوکرات. سەربەخۆیی و ورەبەرزی و دڵپاکی سوکرات بوو بەهۆی ئەوەی کە ئانتیستێنس بەرەو ئەم ئاراستەیە ببات کە بیر لە دارشتنەوەی سیستمێکی نوێی کردەکیی/ئەخلاقی بکاتەوە. بیرمەندانی سینیک و لە سەروی هەموویانەوە ئانتیستێنس، پێیانوابوو دەبێت بەرهەڵست و دژی فەلسەفەی بەرزەجێی جیهانی ئایدیالی ئەفلاتوونی ببنەوە و دژایەتی بکەن. بە باوەڕی بیرمەندانی سینیک، فەلسەفەی ئەفلاتوونی جیهانی ئەزموونەکی، بەرهەست و کۆنکرێت دەگوڕێت بۆ بابەتێکی وەهمی، سێبەر و خەیاڵی ئەشکەوتە بەناو بانگەکە و مرۆڤی خاوەن پێست و خاوەن گۆشت نابینێت و پێویستە بۆ خۆیان پێداگری لەسەر جیهانی بەرز و نەگۆڕ  و مرڤە ڕاستەقینە و واقیعە کۆنکرێتەکان بکەنەوە. ئەمە لەخۆیدا هاندەرێک بوو بۆ ئانتیستێنس تاکوو دژ بە گشتێتییە ئەفلاتوونیەکان بوەستێتەوە و ڕەخنەیان لێبگرێت. سینیکەکان لەو باوەڕەدابوون کە تەنیا پاژەکان یان پارچەکان ڕاستەقینە و کۆنکرێتن و بابەت و نموونە گشتیەکان پێیان لە سەر ئەرزی واقیع نیە و دەبێت بە توندی ڕەت بکرێنەوە. بیرمەندانی سینیک، ئەخلاقی سوکراتیان لە سەر ڕێچکەیەکی سەلبی و نەرێکارانە دامەزراند و لە ڕووی عەمەلیەوە ئەم فەلسەفەیان کرد بە فەلسەفەیەکی مەنفی و پاڵپشتی ستراتیژیکی کار و چالاکیەکانیان. لێرەوە، پێویستە جەغد لە سەر ئەوە بکەینەوە کە فەلسەفەی سوکراتی و سوکرات خۆشی لایەنگری دیالۆگ و گفتووگۆ و دامەزرێنەری دیالێکتیکی ئەخلاق بوو، بەڵام سینیکەکان ئاکار و ئەدگاری خۆیان دژی

ڕەوت و شێوازی سوکراتی و لە سەر سووکایەتی کردن بە ژیان و نەریتی لە مێژینەی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی خۆیان بە کار دەهێنا و بە هیچ جۆرێک بەرگەی ئەوەیان نەدەگرت ژیانی سرووشتیان بە دەستی ژیانی شارستانیەوە ڕکێف بکرێت و سنوورەکانی بەرتەسک ببێتەوە.

دیووژێن، وەک یەکێکیتر لە سیما ناسراوەکانی ئەندیشەی سینیک، کە لە زۆربەی کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەی گریکدا بۆ قسە کردن لە سەر سینیکەکان ئەو بە گووتەبێژ و دەم ڕاست و **سەگی ئاسمانی** 2بەرجەستەی ئەم ڕەوتە فەلسەفیە دەزانن، یەکێکی ترە لەو فەیلەسووف و بیرمەندانەی کە پتر لە مامۆستاکەی کاریگەری هەبووە لە سەر مسۆگەر کردن، ڕاست کردنەوە و تەخت کردنی ڕێگەی ناهەمواری بەردەم ئایدیا تێک دەرەکانیان و برەودان و کردەکی کردنەوەی هەرچی زیاتری پرەنسیپ و پتەو ڕاگرتنی ئیرادەیان بۆ جێبەجێ کردنی بۆچوونەکانیان. نموونەی ئەو کارانەی کە دیووژێن دەیکرد زۆرن و هێنانەوە ڕیزی هەموو کارەکانی ئەو و هاوڕێکانی نیە لە تاقەتی ئەم یادداشتەدا بەڵام دیووژێن ئەو کەسەیە کە؛ بە ڕۆژی ڕووناک بە مۆمێکەوە بە کۆڵان و شەقامەکانی شاردا دەگەڕا و دیگووت: **بۆ مرۆڤێکی پاک و سادق دەگەڕێم**3. دیووژێن کە ناوە دووهەمەکەی **سوکراتی شێت** یان **ئەو سوکراتەی کە تووشی جنوون هاتووە**، تووندترین هێرشی دەکردە سەر درۆ و تەزویر لە کولتووری گریکیدا و بە تاقە هێمای سینیکەکان بەناو بانگە و باڵی مەنفی و تووندڕەوی فەلسەفەی سوکرات بوو و لە ئاستی کەسایەتی و پێگەی فیکریشدا بە **کاریکاتێری مامۆستای مامۆستاکەی** (مەبەست سوکراتە)4 دادەنرا.

هەر چەندە دەکرێت باسی ئەوەش بکەین کە بنەڕەتی ڕاهێنان و پەروەردە کردنی پۆلاییینی ئەم قوتابخانەیە یەکێتی و وەفاداری بوو لە پێناو پرەنسیپەکانی خۆیاندا، نەک زانستی تیۆریک و فەلسەفی. بۆ نموونە، ئانتیستێنس بە ئەفلاتوونی دەگوت: ***ئێمە بوونەوەرێکی وەک ئەسپ ئەبینین بەڵام ئەسپێکی گشتی و هەمەگیر نابینین و ئەمەش لە خۆیدا شتێکی خەیاڵکردە.*** نموونەیەکی دیکەی ئەم دژایەتی کردنە دەگەڕێتەوە بۆ پەرتووکێکی ئەفلاتوون کە لەوێدا دەڵێت: ***مرۆڤ "بوونەوەرێکی دووپای بێ پەلە***"، دیووژێنیش پەل و پۆی مریشکێک دەکات و دەیباتە لای خەڵکەکە و دەڵێت فەرموون: **ئەمەش مرۆڤەکەی ئەفلاتوون5**. توندڕەوی و کردەگەرێتیە ئێفراتیەکەی دیووژێن، تەنانەت مامۆستا و هاو ڕیزەکانی دەدایە بەر تیری توانج و ڕەخنەوە بە جۆرێک کە ڕوو لە ئانتیستێنس دەڵێت: **ئانتیستێنس کەڕەنا و شەیپوورێکە جگە دەنگی خۆی هیچ دەنگێکی دیکە نابیستێت**.

ژیانی ڕۆژانەی سینیکەکان وەک دیکەی هاووڵاتیانیان نەدەچوو، ئەوان قەناعەتیان بە جۆرێک لە ژیان یان فۆرمێکی دیکەی ژیان هێنابوو، واتە ژیانێکی تاک خوازانە و بە دوور لە ژیانی ئاسایی ئەوانیدی و دژبە گشت یاسا و ڕێسای نێوان کۆمەڵگاکەیان بوون و خولیا و خەونەکانیشان لە دامەزراندن و ڕۆنانی چەمکی **فەزیلەتی سەلبی** یان نەرێنیدا دەبێنیەوە. سینیکەکان تا بۆیان دەکرا خۆیان لە کۆمەڵەکان و کۆمەڵگا، وەک یەکێک لە دەرکەوتەکانی شارستانیەت، بەدوور دەگرت و باوەڕیان بە ژیانی ڕۆژانەی بنەماڵەیی و هاوسەرگیری نۆرماتیڤ و دابین کردنی ژوورێک بۆ حەوانەوە و پشوو وەرگرتنێکی شارستانیانە نەبوو و خۆیان بە **شارۆمەندی جیهان6**

دەزانی و گرینگیان بەو کۆمەڵگای تیایدا دەژیان نەدەدا و چارەنووس و پرسە سیاسیەکانی وڵاتیان پێ گاڵتەجاڕ و مەسخەرە بوو.

هەر چەندە نابێت ئینکاری ئەوە بکەین کە سینیسیزم و بیرمەندانی سینیک، ووشیارانە یان ناووشیارانە لە ڕێگەی دامەزراندن و کار کردن بەم دنیابینە و پراکتیزە کردنەوەی لە پانتای ژیانی واقیعی کۆمەڵگای گریکیدا، توانیان کۆمەڵێک ڕەخنەی بنەڕەتیش لە شێواز و ستایلی ژیان، خستنە ژێر پرسیاری مۆڕاڵی ژیانی ڕۆژانە، کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و بڕووکراسی و شێوازی حوکمڕانی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کولتووری سیاسی باڵادەست و سەروەرانی ئەو کۆمەڵگای کەونینەی گریکیدا، بگرن و دەور و نەقشێکی گاریگەر و حاشا هەڵنەگریان هەبێت لە سەر کۆمەڵگای ئەو کاتی یوونان و بە جۆرێک، لە لایەکەوە دەستێکی کارایان هەبێت لە بزووتن و کاراتر کردنەوەی بیرمەندانی فرە چەشن و فرە جۆری بەرامبەر و دژبەریاندا و، لە لایەکی دیکەشەوە ڕچەشکێن بن بۆ قسە کردن و ڕەخنەی کردەیی و عەمەلیی توندڕەوانە لە سیستمی سیاسی و کولتوور و مێژووی زاڵ و کۆی دیتێرمیناتە مانایی و مینۆکیەکانیدا؛ دوا خەڵاتێکیش کە کولتوور و فەلسەفەی گریکی بەخشیان بە سینیکەکان، میدالیایەک بوو کە بە سەرەیەوە نووسراوە سینیسیزم "**فەلسەفەی پرۆلیتاریای یوونانی**"7یە.

لێرەدا و لە پەیوەندیدا بە سینیسیزم و دەرکەوتەکان و بەدواهاتەکانی لە جیهانی هاوچەرخدا و ڕەنگدانەوەی لە پانتای سیاسەت، کولتوور، ئابووری و ئەخلاقی و ژیانی ڕۆژانەدا، پرسیاری گرینگ بۆ گواستنەوەی

باسەکە و خوێندنەوەیەکی تر لەسەر سینیسیزم ئەوەیە کە ماناکان و ڕەهەندەکانی چین و توخمە پێک هێنەرەکانی کامانەن؟ سینیسیزم چۆن بۆتە سەرچەشن و سەرخەتی ئەخلاق و ژیانی ڕۆژانە لەم سەردەمەدا؟ سینیستەکانی جیهانی گریکی و سەردەمی کەونینە، خۆیان بە دژبەری کۆمەڵگا و بەهاکان و هەموو نەریتەکانی ئەو سەردەمە دەزانی و دژی دەوەستانەوە، بەڵام سینیسیزم لە مرۆدا سەرە ڕای هەموو ئەو گۆڕانکاریە مێژوویی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیانەی کە بە سەر کۆمەڵگای مرۆیی و جیهانی هاوچەرخدا هاتووە و بۆتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی ئەخلاقی چڕ و ئاڵۆز، چ لە باری ئەندیشە و بیرکردنەوە و چ لە باری پێداویستی و بەها بەشەریەکانی ژیانی ئینسانی ئەم سەردەمەوە، خەریکین قووڵ ساتەوەخت و چرکەساتە سینیکەکان ئەژین؛ ساتەوەختێک کە سیاسەت وەک تووخمێکی بنەڕەتی بۆ بینینی درووستی دونیا و مێتۆدێک بۆ خوێندنەوەی ڕاستەقینەی جیهان و وەک دەرفەتێکی ئەزەلی بۆ گۆڕینی دونیا و دامەزراندنی کۆمەڵگای ئایندە و ژیانێکی نوێ، تا دواڕادە و بەشێوەیەکی جادوویی و مەجیکاڵ وەلادەنرێت و لەڕێگەی تۆڕە جۆراوجۆرە مولووکوولیەکانی دەسەڵات (فووکۆ)، مودیریەت و بەڕێوەبەری (بەدیوو)، ئاپاراتووسە فرەجۆرە و فرەچەشنەکان ئایدیۆلۆژیکەکانی دەوڵەت (ئاڵتوسێر)ەوە، تا دوورترین سنوورەکان ڕاودەنرێت و دەچەپێنرێت؛ جیهانێک کە وەک کارل کوسیک، بەو پەڕی تیژی و وردبینیەوە، بەم چەشنە وێنا و نیگاری دەکات: **لە جیهانێکدا کە شکۆدارترین بەهاکان نەفرەتیان لێکراوە یاخود تەنیا وەک کۆمەڵێک ئایدیای وەدینەهاتوو بوونیان هەیە، پەیوەندی نێوان ئینسانەکان جۆرێکە لە وەلانان**

**و گوێنەدانی موتڵەق و ڕەها. لە جیهانێکدا کە بەختی ئەدگاری تاکەکان لەگەڵ هاتنەدی و مسۆگەربوونی خێردا لەناوچووە، ڕێسا ئەخلاقیەکان دەبنە درۆ و ناپاکی.**

بەباوەڕی نووسەری ئەم دێڕانە، جیاوازی نێوان عەقڵی سینیکی جیهانی کەونینە و عەقڵی سینیکی ئەم سەردەمە لەوەدایە کە یەکەمیان، بە پلەی یەکەم پشتی بە یەکێک لە عەقڵە بەهێزەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەستووە و بە پلەی دووهەمیش خاوەن بنچینەیەکی گونجاوی فیکری و فەلسەفیە و زادەی گوتار و دیسکۆرسێکە کە فەلسەفە دەورێکی کارای هەبووە لە جومگەبەندی کردنیدا. وەکیتر، نابێت ئەوە لە یاد بکەین و سەرنجی پێنەدەین کە وەک هێگل دەڵێت: **سینیکەکانی جیهانی کەونینە و گریکی خاوەن ڕاهێنان و پەروەردەیەکی فەلسەفی ئەوتۆ نەبوون و هیچکات نەیانتوانی سیستم یان زانستێک بەدی بهێنن و پاش ئەوان بوو کە ڕەواقیەکان ئەم سیستمەیان کرد بە لقێکی فەلسەفی.** لە کاتێکدا دووهەمیان، واتە سینیسیزمی هاوچەرخ، هیچ پاڵپشتێکی فیکری نیە و ڕەگی لە هیچ چەشنە تیۆرێکی هاوچەرخدا نیە، پشتی نەبەستووە بە فەلسەفەیەکی دیاریکراوەوە و هێچ کەسایەتیەکی فیکری بەناوبانگیش بەرایی ئەم ڕوانگەیەی نەگرتووە. سینیسیزم لە جیهانی هاوچەرخدا ژیانێک دەژی بەبێ ئایدیا، سینیسیستەکانی جیهانی کەونینە لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئایدیاوە دژایەتی بەها کۆمەلایەتی و سیاسیەکانیان دەکرد، سینیسیزمی مۆدێرن تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لە پراگماتیزم و کردەگەڕێتیەکی کوێر، سینیسیزمی هاوچەرخ ڕەگی لە هیچ ئایدیا و بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی وەک فەزیلەت، بەختەوەری، ڕزگاری، پاراستن و پێداگری لەسەر پرەنسیپەکان، ئیرادە و

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دابونەریت و یاسا و نۆرمە باوەکاندا نیە و بەرهەمێکی هیچ خاکێکی فەلسەفی و بەر و بوومی هیچ بوارێکی تیۆریک و تەنانەت پێدراو یان فیکرەیەکی مێژووی هاوچەرخی فەلسەفە نیە. سینیسیزمی هاوچەرخ و ڕەنگدانەوەی ڕۆژانەی لە ژیانی خەڵکدا، تەنیا پەیڕەوی لە لۆژیکی خۆبزۆزی ناوەکیی خۆی دەکات و پشتی بە کردە و کردەگەرێتی هەناوی خۆی بەستووە. ئەگەر بمانەوێت ئەم سینیسیزمە لە ڕستەیەکدا کۆوە بکەین دەتوانین بڵێین کە؛ **سینیسیزم کردەگەریە لەپێناو کردەگەرێتیدا، دووپاتکردنەوەی ئەم کردەیە لە کردیەکی دیکەدا، کردەیەکە کە دووپاتکراوەی کردەی پێشووە، کردەی دووپاتکردنەی کردەوەی پێشووە، دووپاتکردنەوەی مردووی کردەیەکە لە بەرگی کردەیەکی سواودا و ئەوەی لەم دووپاتبوونەوە یەک لەدوای یەکانەدا دیبینین دووپاتبوونەوەی دووپاتبوونەوەیە.** لێرەوە، دەتوانین و ئاسانە ناوی ئەم دووپاتکردنەوەی دووپاتکردنەوەیە بنێین **گەمژەیی** واتە، گەمژەیی وەک ڕایەڵێکی قورس و قایم بۆ درێژەدان بە دووپاتکردنەوە، ئەو گەمژەییەی کە کەسی سینیک ووشیارانە وەک تاکتیکێکی حازربەدەست، فیکس و ئامادە، یان گونجاوتر وایە بڵێین، کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی گەورە یان بچووک. بە مانایەکی دیکە، گەمژەیی وەک بڕوا یان ڕیچواڵێک کە پێشوەخت و بەر لە ئەنجامدانی کارێک بە باشترین شێوە دەزانێت کە ئەم کارەشی وەک کارەکانی دیکە دووپاتەکی و سواوە و هەمیسان دەیکاتەوە. پاسکاڵ بە تەکنیکیترین شێوە ئەم حاڵەتی دووپات کردنەوەی دووپاتەکی لە ڕستەیەی خوارەوەدا فۆرمووله کردووە: دۆخی پاڕادۆکسیکاڵی باوەڕێک پێش باوەڕ(the paradoxical status of a belief before belief)8.

لەم خاڵەدایە کە دووپاتکردنەوە بەتەنها دووپاتکردنەوەی کردەیەک یان کردەیەکی ناوازە نیە، کە دووپاتکردنەوەکەی تەنها بە هەڵەیەکی باو بزانین بەڵکوو مەبەست ئەوەیە دووپاتکردنەوەی کردەیەکی دووپاتەکی، ***لە خۆیدا و بۆخۆی***، دەبێتە بڕوا یان ڕیچواڵێک کە کۆی کردە دووپاتەکیەکانی تریشی ئەم ڕیچواڵ و بڕوایە ڕێکی دەخات و سەر لەنوێ فۆرمی پێدەبەخشێتەوە و وەک بڕوایەکی پێشوەخت و پێدراو ئارەزووەی بکەرەکە دنەدەدات و دەیبزوێنێت بۆ کردەیەکی دیکە؛ واتە، بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو کردەیەی کە پێشتر کردبووی.

## ئاپاراتووسە ئایدیۆلۆژیکەکانی عەقڵی سینیک

ئایدیۆلۆژیا لەلایەکەوە وەک چەمکێکی سیاسی، کە زۆربەی دەوڵەت و حیزب و گرووپ و دەستە و تاقمە جۆراوجۆرەکان کاری پێدەکەن و دەوری هەیە لە سازدان و سازماندانی خەڵکدا، گونجاوترین دەروازەیە بۆ ناسین و خوێندنەوەی شێوەبەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو گرووپ و دەستە و حیزب و هێزە سیاسیانەی کە کاریگەریان هەیە لەهەر سێ ئاستی دەوڵەت/ئابووری و کۆمەڵگادا و هەر لەم ڕێگایەشەوە دەتوانین بچینە ناو جیهان و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیانەوە، و لەلایەکی دیکەشەوە لەو چەمکانەیە کە لە مێژساڵە جێگەی موناقەشە و دیبەیت و تەفسیری جۆراوجۆرە و کەمتر کەسێک توانیویەتی پێناسەیەکی فیکس و نەگۆری لێبکات و سنوورە مانایەکانی دیاری بکات. بۆنموونە، لە شوێنێکدا دەڵێن ئایدیۆلۆژیا بە مانای: پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانا و نیشانە و بەهاکانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێن بە مانای: کۆمەڵێک ئایدیا و

فیکرە کە تایبەتە بە گرووپ یان چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتەوە. لای بیرمەندێک بریتیە لە: ئەو ئایدیایانەیە کە ڕەوایەتی و شەرعیەت دەبەخشن بە دەسەڵاتێکی سیاسی باڵادەست و لای بیرمەندێکی دیکە بریتیە لە: ئەو پەیوەندیانەی کە چرکە بە چرکە چەواشە دەکرێن. هەندێک کەسی دیکەش پێیان وایە ئایدیۆلۆژیا بریتیە لە:1- ئەوەی شوێنگە/ دەرفەتێک بۆ سووژە دەخولقێنێت 2- هەندێ فۆرمی بیرکردنەوە کە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی دەیان ورووژێنێت 3-هەمانی (identity) 4- وەهمی کۆمەڵایەتی پێویست 5- تێکەڵەی دیسکۆرس/گوتار و دەسەڵات 5- ئەو کەرەستەی کە تێیدا ئەکتەرە ووشیارە کۆمەڵایەتیەکان لە جیهانی خۆیان دەگەن و دەریدەبڕن 6- کۆمەڵەیەک باوەڕی کردەگەر 7- شێواندنی واقیعیەتی زمانی و فێنۆمێناڵ/دیاردەیی 8- ڕۆچن/بەستێنی (closure) نیشانەناسانە 9- کەرەستەی دەربڕینی پێویست بۆ ئەوەی تاکەکان پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ بونیاد و سترەکتۆری کۆمەڵایەتی بگەیێننە ئەنجام 10- پرۆسەیەک کە لە ڕێگەیەوە ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێتە واقیعیەتێکی سرووشتی 9.

ئەم ڕیزبەندیە دەتوانێت پتر لەمە درێژبکرێتەوە و بەردەوام بێت و تەنانەت قەناعەت بەم پێناسانەش نەکەین و بەردەوام بین لە پەرەدانی ئەم چەشنە پێناسانە. بەشی هەرە زۆری هەموو ئەم پێناسانە_ چ لە ئاراستەی ئەرێنی و چ لە ئاراستەی نەرێنی، دژ و بەرامبەریدا_ زادەی جیهانێکن کە تیایدا پێشڕەوانەترین تێرم و دەستەواژەکانی، **کۆتایی مێژوو** و **کۆتایی ئایدیۆلۆژیا** و **کۆتایی حیکایەتە گەورەکان** و ملکی موتڵەقی ڕاستی سیاسی و نیۆکانەکان و گەنجانی شیکاگۆیی و هێژێموونی و باڵادەستی نیۆلیبێڕالیزمە؛ ئەو نیۆلیبرالیزمەی کە بۆ خۆی بووبە ئایدیۆلۆژیایەکی هار

و بێ لەغاو و دڕندەی ئەم جیهانە و **گەورەترین حیکایەت**ی ئینسان و مێژووی ئەم سەردەمە.

سلاڤۆی ژیژێک، فەیلەسووفی چەپی سلۆڤێنیایی و یەکێک لەو بیرمەندانەی کە خۆی لەناو ڕەوتی چەپی مارکسیستیدا دەبینێتەوە و پلە و پێگەیەکی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە و پتر بە بیرمەند و فەیلەسووفێکی سەرکەش و سەرشێت بەناوبانگە، لە کتێبی **ئۆبژەی واڵای ئایدیۆلۆژیا**دا10 کۆمەڵێک ئایدیا و فیکرەی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ_کە ئەم هەمەڕەنگی و ڕەنگامەیە بەشێکە لە ستراتیژی فکری ئەم بیرمەندە_ دەهێنێتە ئاراوە کە تاوتوێ کردن و خوێندنەوەی ئایدیاکانی ئەم کتێبە نە لە تاقەتی ئەم یادداشتەدایە و نە بونیادی فیکری و مێتوود و تەفسیرەکەی لە فەلسەفەی ووشیاری یان سوننەتی ئایدیالیزمی ئەڵمانی و ئەو چەشنە خوێندنەوەیە بۆ نووسەری ئەم دێڕانە گرینگە. ئەم کتێبەی سلاڤۆی ژیژێک تا ئەو شوێنە بۆ ئێمە گرینگە کە پەیوەندی هەیە بە باسی سینیسیزمەوە و لەسەر ئەم چەمکە ڕادەمێنێت و ڕای خۆی لە ڕێگەی ڕا و تێرمی کۆمەڵێک بیرمەندەوە سەبارەت بەم چەمکە بە شێوزگەلی جۆراوجۆر_ کە بەشێکە لە پێرسۆنالیتیە فیکریەکەی و خەڵکانێکی کردۆتە تامەزرۆی خۆی و سەرنجی ئەهالی موتەفەننی فەلسەفە ڕادەکێشێت_ دەردەبڕێت و ئێمەش لەدرێژەدا هەندێک لەو بۆچوونانە دەخەینە بەر باسەوە و بەپێی مەجال لێیان ڕادەمێنین و هەلوێستەیان لە سەر دەکەین و دەپەرژێینە سەر ئایدیاکانی.

ژیژێک بۆئەوەی بتوانێت شوێنگە یان کەشێک دەستنیشان بکات کە ئایدیۆلۆژیا دەورەی نەدابێت و نەیتەنیبێتەوە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە

ئایا ئێمە لە سەردەمی کۆتایی هاتنی ئایدیۆلۆژیا یان بەتەعبیرێکی دیکە، لە سەردەمی پۆست ئایدیۆلۆژیدا دەژین یان نا، چونکوو قەناعەت کردن و قایلبوون بە تێزی کۆتایی ئایدیۆلۆژیا ڕێگەی ئەوە بە ژیژێک نادات ئەوجۆرەی بشێت دەرەنجامە بەرمەبەست و لۆژیکیەکانی هەڵهێنجێنێت. کەواتە، با لەڕێگەی ئەم پرسیارانەوە بچینە نێو جیهانی فیکریی ژیژێکەوە: ئایا لە جیهانی پۆست ئایدیۆلۆژیکدا، سنوورەکانی نێوان واقیع و ئایدیۆلۆژیا شێواون و ناکرێت لێکیان جوێ بکەینەوە؟ ئایا ئایدیۆلۆژیا کارکرد و کاریگەریەکانی لە جیهانی هاوچەرخدا چۆنە و بە چ شێوەیەک خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە؟ ئایا کارلێک و پەیوەندیە بەرهەم هێنەرانەکان کاریگەریان هەیە لە سەر هێزەبەرهەم هێنەرەکان؟ ئەگەر ئەم کاریگەریە بوونی هەیە، ڕۆڵ یان دەوری ئایدیۆلۆژیا چیە؟ ئایا ئەو جیهانەی کە ئایدیۆلۆژیا تێیدا باڵا دەست و زاڵە، زادەی کام شێوەبەندی و فۆرماسیۆنی ئابووریە؟ ئایا بەرهەم هێنان و بەرهەم هێنانەوەی دۆخی بەرهەم هێنان، دەچێتە خانەی ئایدیۆلۆژیاوە و هتد؟.

بەباوەڕی ژیژێک، ئێمە نەک لە سەردەمێکی پۆست ئایدیۆلۆژیکدا بەڵکوو لەسەردەمێکدا دەژین کە سەردەمی سوڵتە و باڵا دەستی ئایدیۆلۆژیای سینیسیزمە و ئەم ئایدیۆلۆژیایە پنت و خانە کۆمەڵایەتیەکانی ڕێک دەخات و پەڵەی چڵکن و گرژی ئاسمانی ئەم جیهانەیە؛ ئەو جیهانەی کە هەر وەک فێریدریک جیمسۆن دەڵێت درووشمە سەرەکیەکەی ئەمەیە: **لێگەڕێ واقعەکان خۆیان بدوێن**. ژیژێک بۆ ئەوەی بتوانێت توخمە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی ئایدیۆلۆژیا دەستنیشان بکات و پێکهاتەی هاوچەرخی ئەم چەمکە شی بکاتەوە، هەوڵ دەدات توخمە سەرەکیە پێکهینەرە

هاوچەرخەکانی ئەم چەمکە دیاری و دەستەبژێر و  لە سێ خاڵدا گردوو کۆ و بەرگی پێناسەی خۆی بە بەریدا و سنوورەکانی تەعبیری خۆی لەم چەمکە نیگار بکات. هەوڵ دەدەین بە کورتی بپەرژێنە سەر ئەم سێ خاڵە و لە ڕێگەی ئەم خاڵبەندیە مایرزیەوە لەم سێ توخمە بنەڕەتی و پێکهێنەرە ڕامێنین و هەڵوێستەیان لە سەر بکەین.

پێش ئەوەی لە پۆلێنبەندیەکەی ژیژێک ڕامێنین، پێویستە باسی ئەو تێزانە بکەین کە بەجۆرێک کاریگەری قووڵیان هەیە لەسەر بەرەنجامە دواییەکانی بۆچوونەکانی ژیژێک. ژیژێک، سەرەتا بە گووتەیەکی مارکسەوە دەست پێدەکات و ئەو ڕستەیە دەکاتە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی خۆی بۆ قسە و باس لە سەر سینیسیزم. بەڕای نووسەری ئەم دێڕانە، مارکس باشترین و گونجاوترین پێناسەی لە ئایدیۆلۆژیا کردووە و بە باشی سنوورە مانایەکانی کێشاوە و نەخشەیەکی کۆگنێتیڤ و ناسینەکی ستراتیژیکی تۆکمە و پوختی لەم  تاریکخانە و ئاتۆلیە بەراوەژووە داوە بە دەستەوە. هەڵبەت بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە لە دوای مارکس چەمکی ئایدیۆلۆژیا، کۆمەڵێک ڕەهەندی تازەی لەخۆ گرت و واتای نوێی  لێ هەڵهێنجرا. ئەم واتا، ڕەهەند و تەعبیرە نوێیانە لە ئایدیۆلۆژیا، بەگشتی دوو بێچم و فۆرمی تازەیان وەرگرت: یەکیان، تێگەیشتنێک لە ئایدیۆلۆژیا وەک گشتێتیەک لە فۆرمەکانی ووشیاری کۆمەڵایەتی، کە لە ڕێگەی چەمکی "سەرخانی ئایدیۆلۆژیک"ەوە هاتە ئاراوە و دووهەمیشیان، تێگەیشتنێک لە ئایدیۆلۆژیا وەک ئەو بیرکردنەوە سیاسیانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی چینێکدا هاوتەکە و لە پەیوەندیدان. مارکس لە کتێبی ***سەرمایە***دا دەڵێت: **ئەوان نازانن چ دەکەن، بەڵام ئەو کارە [دووپاتدەکەنەوە**

**و] ئەنجام دەدەنەوە** .11 (they do not know it, but they are doing it)

لەسەرەتادا، ژیژێک قەناعەتی بەم گریمان و پێناسەیەی مارکس هەیە و دەیکاتە بنەمایەک بۆ درێژەی باسەکەی و لە ڕێگەی ئەم ڕستەوە، لە لایەکەوە وتەزای سینیسیزم دەهێنێتە ئاراوە و لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم ڕستە بە یارمەتی چەن تەعبیر و داڕشتنەوەی دیکە بە سەر کۆمەڵگای هاوچەرخدا دەگشتێنێت. بە باوەری ژیژێک، یەکێک لەو کەسانەی کە ئەم ڕستەیەی بە باشی داڕشتۆتەوە و بە پانی لە سەری دواوە، فەیلەسووفی ئەڵەمانی، نووسەری کتێبی بەناوبانگ و دەورانسازی هاوچەرخ، **ڕەخنە لە عەقڵی سینک**ی پیتێر سلۆتێردایکە. سلۆتردایک ئەم پێناسەیەی مارکس بەم شێوەیە دادەڕێژێتەوە و واریاسیۆنێکی سینیسیستی تازەی لێ ساز دەکات: **ئەوان بەباشی دەزانن چی دەکەن،بەڵام هەر ئەو کارە [دووپات]دەکەنەوە** 12 (they know very well what they are doing, but stil,they are doing it.)

بۆ مارکس، بێگومان ئایدیۆلۆژیا بریتیە لە ووشیاری پێچەوانە_کە لە بنەڕەتدا چەمکێکی ئێنگێلسیە_ یان ووشیاری درۆیین و ووشیاری درۆیینیش هیچ نیە جگە هەمان درۆیین بوونی ووشیاری، بەڵام بە باوەری ئێمە چەند تەعبیر و پێناسەی دیکەش لە ئایدیۆلۆژیا لە ئارادان کە پێویستە گرینگیان پێ بدرێت و لێیان ڕامێن. هەرچەندە ئەم تەعبیر و پێناسانە کە لە درێژەی باسەکەدا ئاماژەیان پێدەدەین، بە جۆرێک لە جۆرەکان نەیانتوانیوە قووڵ و بنەبڕانە بازنەی پێناسەکەی مارکس لە ئایدیۆلۆژیا ببەزێنن و

تێیپەڕێنن و کۆی تێبینیەکانیان سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەک ئاخێزگەی فیکری/سیاسی. فێرێدریک جیمسۆن پێیوایە، ئایدیۆلۆژیا هەمان چەواشە کردنی نائایدیۆلۆژیایە و ڤیرژێنی بەراوەژووی ئەو واقیعەیە کە ئایدیۆلۆژیا هەوڵ دەدات لە واقیعیبوون و ڕاستەقینە بوونی بخات و بەراوەژووی بکاتەوە و وای بگۆڕیت کە سیما و ڕواڵەتەکەی لەوە نەچێت کە پێشتر بووە. بەڵام ئەوەی لە پێناسەکەی مارکس و سلۆتێردایکدا جێگەی ڕامانە، لایەنی سوبژێکتیڤ و بکەرێتی سووژەیە، کە سەرباری ئەوەی بە باشی دەزانن چی دەکەن، هەمیسان ئەو کارە دووپات دەکەنەوە. هەڵبژاردنی ووشیارانەی دووپات کردنەوەی کار/کردەیەک ئایدیۆلۆژیا و کارکردە تازەکانی بەرجەستە و ئاڵۆز دەکاتەوە، ئەوەی کە سووژە لە ڕووی زانین و ئاگادارانە کردەی دووپات کراو دووپات دەکاتەوە. سووژە بۆ خۆی دەزانێت و پەو پەڕی ووشیاریەوە دەڵێت: دەزانم کارەکەم واتادار نیە و بێ مانایە بەڵام سەرباری ئەمەش هەر دەیکەم و درێژە بەکارەکەی دەدات. ئەمە لەخۆیدا دەرخەری ئەم ئاڵۆزیە بێ وڵامەیە کە هەموان باسی یەکێتی دەکەن و هەر ئەو هەموانەش لەمپەر و ڕێگری سەرەکی بەردەم یەکێتین، هەموان باسی کەوتنی ئەخلاق دەکەن و هەر ئەو هەموانەش بنچینەکانی ئەخلاق دەلەقێنن، هەموان باسی مافی مرۆڤ دەکەن و خۆشیان سەرەکیترین پێشل کارانی ماڤی مرۆڤن، هەموان باسی دادپەروەری و عەدالەت دەکەن و بۆ خۆیان مرۆڤگەلێکی ناعادڵن و... لێرەوەیە ئەم ئاڵۆزیانە وا لە کەسێکی وەک سلۆتردایک دەکات لە کتێبێکی قەبەدا، سەرنجی باتێ و گرینگی ئاڵۆزیە مانایی و مەفهوومیەکانی ئاشکرا بکات و بیخاتە ڕوو.

وەک پێشتر باسی پۆلێن/خاڵبەندیە مایرزیەکەمان لە ڕوانگەی ژیژێک کرد، ئێستا دەپەرژێینە سەر ئەو سێ پۆلێنبەندیە و دوان لە سەر بۆچوونەکانی ژیژێک خۆی. ئەم خاڵبەندیە بریتیە لە: یەکەم، دۆکترین، دووهەم، باوەڕ و سێهەم، بڕوا.

1- دۆکترین (Doctrine): ئامۆژە یان دۆکترینی ئایدیۆلۆژیک دەپەرژێتە سەر تیۆر و باوەڕەکانی ئایدیۆلۆژیایەک. بۆ نموونە، بەشێک لە دۆکترینەکانی لیبرالیزم لەسەرەتادا لە ئایدیاکانی جۆن لۆکدا خۆی دەرخست و نیشاندا.

2- باوەڕ (belife): باوەڕی ئایدیۆلۆژیک دیارکەوتن/مانیفێستەیشێن و ئاپاراتووسە مادی یان دەرەکیەکانی دۆکترینی خۆی دیاری دەکات. بۆن موونە، دۆکترینی لیبرالیزم خۆی لە ڕاگەیاندن و بڵاڤۆکە سەربەخۆکان و هەڵبژاردنی دیمۆکراتیک و بازاڕی ئازاددا خۆی دەردەخات.

3- بڕوا (ritual): بڕوای ئایدیۆلۆژیک ئاماژیە بۆ ناوەکی و ناخەکی بوونەوەی دۆکترینێک، بە جۆریک کە ئەزموون کردنەکەی وەک بابەتێکی خۆڕسک یان سرووشتی وایە بە پێی بڕوا بەڕێوە دەچێت. بۆ نموونە، لە لیبرالیزمدا سووژەکان بە شێوەیەکی خۆڕسک و سرووشتی خۆیان بە کۆمەڵێک تاکی ئازاد دەزانن و پێیانوایە تاک و ئازادن13.

ژیژێک پێیوایە دەبێت بەم پرسیارەوە دەست پێبکەین کە ئایا ئایدیۆلۆژیا لە چ شوێن و لە کوێدا یان لە چ شوێنکاتێکدا سەر هەڵ دەدات و ئامادەیە؟ وەڵامی ژیژێک بەم پرسیارە ئەمەیە کە ئایدیۆلۆژیا ڕەگەکە لە زانین و

تیۆردا نیە بەڵکوو سەرچاوەکەی لە کردە و کرداردایە و لە کردەوەی کەسەکاندا ڕەنگدەداتەوە نەک لە گوتە و زانیاری و زانینی کەسەکاندا. بە گوتەیەکی دیکە، ئایدیۆلۆژیا ئەوەندەی پەیوەندی بە پانتای کردارەوە هەیە پەیوەندی بە پانتای زانینەوە نیە و ئایدیۆلۆژیا پتر لەو شوێنانەدا خۆی دەردەخات و دیار دەکەوێت کە کارێک ئەنجام دەدەین و کردەیەک پراتیکی دەکەینەوە. لێرەوەیە کە ژیژێک دەگاتە سەر ئەو باوەڕەی کە تێگەیشتنی ئێمە لە واقیع چەواشە کراو و وەهمە و ئەم چەواشەب وون و وەهمە پیشوەخت لە شوێنگە و چرکە جۆراوجۆرەکاندا ئامادەیە و بەپانی_ئەگەر بمانەوێت ئاڵتووسێری بدوێین_ لەڕیگەی ئاپاراتووسە ئایدیۆلۆژیکەکانەوە تیایدا گونجێندراوە. کەواتە، عەقڵی سینیک یا خود سینیکەکان بە پێی کردەوە و کرداریان سەریان تا دوا ڕادە نوقمە لە لیڵی و وەهمدا، بەڵام سەرباری ووشیاری و بەئاگایی لەم بارەوە هەمان کار دووپاتدەکەدەنەوە؛ ئایدیۆلۆژیا خۆی لە بیرکردنەوە و ئەندیشەی مرۆڤەکاندا حەشارنەداوە و خۆی نەشاردۆتەوە، بەڵکوو لە کردەوە و کرداردا شاراوەیە و دەشێت لەوێدا بیدۆزینەوە. بەم پێیە، ژیژێک لە ڕێگەی پیتێر سلۆتردایکەوە، ئەدگار و خدەی سینیسیزم بەم چەشنە دەردەخات و ئاشکرای دەکات: ***ئەوان بەئاگان لەوی لە کارەکانیاندا سەریان سپاردۆتە وەهمێک، بەم حاڵەشەوە سەر لەنوێ دووپاتیدەکەنەوە و هەمیسان دەستپێدەکەنەوە.*** بەم تەعبیرە، ئایدیۆلۆژیا دزەیکردۆتە ڕەفتارمانەوە و خۆی لە کردار و ئەکتەکانماندا حەشارداوە، واتە، کردن و ئەنجامدانی کارێک کە سەرچاوەکەی کرداری ڕووتە نەک بیرکردنەوە و تێگەیشتن لەو کارەی دەیکەین و بەردەوام لە چوارچێوە و دۆخ و کرداری جۆراوجۆردا دووپاتی دەکەینەوە. یان بە

جۆرێکی دیکە، کارێک کە ئەوەندەی سەر بە پێناسەی کردارە ئەوەندە قایل نیە بە بیرکردنەوە و تێڕامانەوە. هەر لەم پەیوەندە و تا ڕادەیەک نزیک لەم باسەی ئێمە، پوولانتزاس تێبینیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە. پوولانتزاس دەڵێت: ***کاری ئایدیۆلۆژیا ڕێک ئەمەیە کە ناکۆکیە ڕاستەقینەکان بشارێتەوە و، لە ئاستێکی خەیاڵیدا، گوتارێکی تاڕادەیەک هاوبەست و یەکپارچە، کە دەربڕی ئاسۆی ئەزموونەکی کەسەکان بێت، سەر لەنوێ بنیابکاتەوە.***

لەم پەیوەندیەدا ئەوەی گرینگە و پیویستە سەرنجی پێ بدەین ئەم وەهمە پێشوەخت و پێدراوەیە کە لە جیهان و واقیعدا ئامادەیە یان هەر وەک پوولانتزاس دەڵێت لە ئاستێکی خەیاڵ و فانتاسیکدا گوتارێکی هاوبەست و یەکپارچە، کە دەربڕی ئاسۆی ئەزموونەکی کەسەکانە، ێشوەخت ئامادەیە. واتە، فەراهەم کردن و فۆرمدانی جۆرێک لە سادەسازی و کاڵفامی و چەواشە بوونی تێگەیشتن سەبارەت بەو واقیعەی کە تیایدا دەژین و ڕۆژانە بەرهەم دێتەوە.کەواتە، لەم حاڵەتەدا، لەلایەکەوە ئامادەیی پتەو و بەستووی واقیع هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە تێگەیشتن و ڕوانگەی عەیبداری ئێمە بەرامبەر بەو واقیعەی کە بە جۆرێک چەواشەکراو و ناساغە. بەڕای ژیژێک، ئایدیۆلۆژیا ئەم چەواشە و عەیبداربوونەی تێگەیشتنی ئێمە لە واقیع لە فۆرم و کردە جۆراجۆرەکانی ئێمەدا دەردەکەوێت و لەوێدا خۆی دیار دەخات، بۆنموونە، ئێمە نازانین بە هاتووچۆکردنی ڕۆژانەمان بۆ زانکۆ بە جۆرێک پەروەردە دەبین کە چیتر ئەو سیستمە سەرمایەدارانە دەپارێزین و بەرهەمی دەهێنیەوە. بە ڕۆشتنی بەردەوامامان بۆ مزگەوت و شوێنە دینیەکان توندووتیژی و تێرۆریزم بەرهەم دەهێنینەوە، بە درۆکردن و تەزویر، پێگەی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی

لەق دەکەین، بە توونددوتیژی سیمای ئازادی خەوشدار دەکەین، بە فریوکاری و کڵاونانە سەر خەڵک ڕێگای بێ باوەڕی و بێ متمانەیی خۆش دەکەین، بە ناپەرپرسیاریێتی و گرینگی نەدان بە بەها و بەرژەوەندیە گشتیەکان بەها و بەرژەوەندیە گشتیەکان دەچەپێنین و لە بەها و کەڵکداریێتیان دەخەین. ژیژێک، لەڕێگەی ئە واریاسیۆنە تازەیەی سلۆتێردایکەوە بەو ئانجامە دەگات کە دەتوانین بڵێین هەموومان کۆمەڵێک سووژە و عەقڵی سینیکین؛ ئێمە وەک کەسێکی سینیک پێشوەخت دەزانین و لەوە بەئاگاین واقیع چەواشە کراوە بەڵام سەرمان بەم درۆ و وەهمانەوە قاڵکردووە و وەهمەکان بۆ ئێمە جێگای واقیعیان گرتۆتەوە و ئەم وەهم و هەڵە تێگەیشتنانە بەرایی عەقڵی ئێمەیان گرتووە و بە جۆرێک ڕکێفی دەکەن و بەرەو هەڵدێر تلی دەدەن.

لێردا، سەرەڕای خوێندنەوەکەی ژیژێک و تاوتوێکردنی ڕای چەند بیرمەندی دیکە، بە شێوەیەکی خێرا ئاوڕێکمان لەم تیۆرە دایەوە و تا ئەو شوێنەی ئەم تیۆر و ڕوانگانە پەیوەندیان بە باسەکەمانەوە بوو ڕوونمان کردنەوە و پلە بە پلە پیایدا تێپەڕاین و وەک یەکێک لە پرسە سەرەکی و گرفتە چارەنووس سازەکان باسمان کرد و گرینگمان پێدان. بەڵام ئەوەی کە لەم یادداشتەدا پێویستە بە کورتی هەڵوێستەی لە سەر بکەین، گرفتە تیۆریک و فیکریەکانی ژیژێک خۆیەتی، کە ئەو جۆرەی دەشێت نەیتوانیوە سینیسیزم لە گریمان و پێشگریمانە تیۆریکەکانیدا بگونجێنێت و ئەو سەرخەتە گرینگانە باس بکات کە عەقڵی سینیک و سینیسیزم بەرهەم و بەرهەمدەهێننەوە. لاوازە لەوەی باسی ئەو ناوکۆیی و زەمینە ئابووری و مێژوویە بکات کە بە شێوەیەکی مێژوویی بەرهەم هێنانەوەی سینیسیزم لە

قازانج و بەرژەوەندی کام هێز و کام لایەنی پشکدارە کە سینیسیزم بەشێکی گرینگە لە ئەندامەکانی لەشی و ئادرێسێکی سەر ڕاسەتە بۆ دۆزینەوەی ئەو ژوورانەی کە تیایاندا کۆنترۆڵ کردنی ژیان و داتاشینی شێواز و ستایلی ژیان لە ڕێگەگەلی ئاڵۆز و فەرە جۆرەووە دەکات و ئایدیۆلۆژیای پێشڕەویەتی. بە گوتەیەکی دیکە، ژیژێک ئەوە لەیاد دەکات کە: **ئایدیاکانی چینی باڵادەست لەهەر سەردەمێکدا ئایدیا باڵادەست و زاڵەکانن: واتە ئەو چینەی کە هێزی مادی کۆمەڵگایە، لەهەمان حاڵدا هێزی مینۆکی باڵادەستیشە. ئەو چینەی کە کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی مادی بەدەستەوەیە، ڕکێفی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی مینۆکیش دەکەن و بەگشتی ملکەچین. ئایدیا باڵادەستەکان هیچ نین جگە دەربڕینی فیکرەی پەیوەندیە مادیە باڵادەستەکان، ئەو پەیوەندیە باڵادەستانەی کە وەک ئایدیا پێمان دەگات؛ هەمان ئەو پەیوەندیانەی کە چینێکی باڵادەست و بەم پێیە ئایدیا باڵادەستەکانی ڕۆدەنێن. ئەوانەی کە چینی باڵادەست پێکدەهێنن خاوەن ووشیارین و کەواتە بیردەکەنەوە. بەم پێیە، ئەوانە تا ئەو جێگەی کە وەک چینێکی باڵادەست و شعووری سەردەمی مێژوویی دیاریدەکەن ئاشکرایە کە ئەوان ئەمە لە پانتا گشتیەکەیدا ئەنجامدەدەن و بەم پێیە ئەمانە وەک بیرمەند، وەک بەرهەمهێنەرانی ئایدیاکانیش حکوومەت دەکەن و دەسەڵاتدارن، و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئایدیاکانی سەردەمەکەیان تەنزیم و ڕێکدەخەن: بەمجۆرە، ئایدیاکانی ئەوان[چینی سەردەست و باڵا] ئایدیا باڵادەستەکانی سەردەمیش ڕۆدەنێن**14.

بەباوەڕی ئێمە، یەکێکی دیکە لە گرفتە سەرەکیەکانی **غوولەکەی لووبلیانا** لەوەدایە کە جیاوازی دانانێت لە نێوان سینیسیزمی بیرمەندانی جیهانی

گریکی و سینیسیزمی جیهانی هاوچەرخدا؛ بیرلەوە ناکاتەوە کە سینیسیزمی جیهانی گریکی سەرچاوەی هەڵسووکەوت و پراتیکی دژبەرانەیان، لە پێناو هەندێک ئایدیادا بوو و بەبێ ئەم چەشنە ئایدیایانە نەیان دەتوانی بچنە جەنگی جیهانێکەوە کە جیهانی ئایدیاکان بوو. ژیژێک، هەرچەند کە تا ئەو شوێنەی بۆ دەکرێت و بوخچەی ئایدیا و وێنەکانی ڕێگەی پێدەدات، هەوڵ دەدات ڕەنگدانەوە و کاریگەریەکانی ئەم فۆرمە نوێیە لە سینیسیزم شیبکاتەوە و لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بکۆڵێتەوە و بە ناخیاندا ڕۆبچێت، بەڵام بەڕای نووسەری ئەم دێڕانە، گرفتی سەرەکی ژیژێک لەوەدایە کە ناتوانێت ڕەگەکان ببینێت و سەرقاڵە بە بینینی گەڵای دارەکانەوە و لە دنیای گەڵاکاندا شادمانە و لە سەر ئەو خاکە نادوێت کە چەندە بە پیتە بۆ پەل و پۆ کوتانی فراوان و بەربەرینی ڕەگەکان؛ ژیژێک دەبوو لەم سەفەرە مەعریفی و فەلسەفیەی خۆیدا، ئەوەی ڕوونکربایەتەوە کە ئەم فۆرم یان ڤێرژێنە تازەی سینیسیزم، بەرهەم و بەدواهاتی کام فۆرماسیۆن و شێوەبەندی ئابووریە، بەدواهاتی کام کارلێکی و پەیوەندی بەرهەمهێنەرانەیە و زادەی کام قەیرانی ئابووری و کەڵەکەکردنی سەرەتایی سەرمایەیە.

کارڵ کوسیک بەشێوەیەکی جیاوازتر لەم باسە واتە لە سۆنگەی چەمکی بێبەختی و حەقیقەتەوە باسی گرفتە بنچینەییەکانی ژیان لە جیهانی مۆدێرندا دەکات و بە باوەڕی ئێمە دەرەنجامی باسەکەی ئەویش، جگە لە گریمانە تیۆریکەکانی، دەپەرژێتە سەر گرفت و کێشە جەهەریەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە و چەند پرسیارێکی جیدی دەهێنێتە ئاراوە کە

لەباری ستراتیژیکەوە مەبەستێک دەپێکێت کە ئەم وتارە لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە هەوڵدەدات لێی بدات.

کوسیک لە وتاری **دیالێکتیکی ئەخلاق و ئەخلاقی دیالێکتیک**دا دەڵێت: لەوێوە کە داواکاری و خواستی ئەخلاق لە مرۆڤ جیاوازە لەگەڵ خواست و داواکاریە ئابووریەکان، لەوێوە کە ئەخلاق دەیەوێت مرۆڤ چاک بێت و لەگەڵ ئەویدی وەک خۆی ڕەفتار بکات و بجووڵێتەوە [کەچی] ئابووری ناچاری دەکات بەرامبەرەکەی بە ڕکابەر و دوژمنی هێزەکی خۆی بۆ ئیمتیازە ئابووریەکان بزانێت، [کەواتە]ململانێی نێوان ئەخلاق و ئابووری ناچارەکی و حەتمی دەبێتەوە. هاوکات هەرکام لەم ململانێیانە سیمایەکی دیکە لە مرۆڤ نیشان دەدەن: هەندێکجار فێڵباز و هەندێکجار ئایدیالیست، بڕێجار لووتبەرز و بڕێجار مرۆڤدۆست و هتد. بۆ لە جیهانی مودێرندا ئینسانەکان بەختەوەر نین؟ ڕووسۆ لە وڵامدا دەڵێت: چونکوو کۆیلەی نارسیسیزمن؛ و ستاندال دەڵێت: چونکوو خۆگر و بەتاڵ پان. بەڵام وڵامی مارکسیزم، کە مێژوو  بە ئینسانیبوونەوەی جیهان دەزانێت، بەم پرسیارە چیە؟ ئایا مارکسیزم بەرپرسیارێتی هەموو ئەم بێبەختی و چارەڕەشیانە دەخاتە ئەستۆی سەقەتی مادییەوە؟ بەڵام ئەم جۆرە وڵامانە، ڕاشکاوانە، بەلگاندنی مارکسیزمە ڕەشۆکیەکانن؛ ئەم مارکسیزمە هیچکات مانا و پێگەی پراتیکی نەناسیوە و خەمۆکانە لەگەڕاندایە بەدوای نێوەنجیەکی ڕەسەن لەنێوان ئابووری و ئەخلاقدا. بەڕاستی بۆ ئینسانەکان لە جیهانی مۆدێرندا بەختەوەر نین؟ ئەم پرسیارە دەرخەری ناکۆکی نێوان  حەقیقەت و بێبەختیە: ئەو کەسەی حەقیقەت دەناسێت و واقێعیەت بەوجۆرەی کە هەیە دەبینێت، ناتوانێت خۆشبەخت و بەختەوەر بێت. بەختەوەر ئەو

کەسەیە کە حەقیقەت ناناسێت و لە پشت چاویلکەی بەڵێنەکان و درۆکانەوە واقیعیەت دەبینێت. دەبێت پراتیکی شۆڕشگێڕانە ئەم ناکۆکیە چارەسەر بکات.

بەپێی ئەم بۆچوونەی کوسیک و ئەم پێناسەیە بۆ مرۆڤی بەختەوەر و مرۆڤی نابەختەوە، جگە لە تێزی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەڕێگەی پراتیکی شۆڕشگێڕانەوە، جەوهەری جیهانێکی خستۆستەڕوو کە هیچ نیە جگە ئەم جیهانە سینکەی دووپاتکردنەوە بڕبڕەی پشتیەتی. لێرەوە، بینینی واقیعەکان لە پشتی چاویلکەی بڵێنەکان و درۆکانەوە باشترین سەرەتای بنەڕەتیە بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی ئایدیۆلۆژیا بەگشتی و عەقڵی سینیک بەتایبەتی.

وەک پێشتر بەکورتی باسکرا، یەکێک لە فاکتەرە بنچینەییەکانی سینیسیزمی هاوچەرخ و بڕبڕەی پشتی ئەم چەشنە لە بینینی دونیا، دووپاتبوونەوە یاخود کردەیەکی دووپاتەکیە. بەگوتەیەکی دیکە، سینیسیزمی بێ ئایدیا هەمان بێ ئایدیایی سینیسیزمە و دووپاتکردنەوەی کارێک هیچ نیە جگە دووپات کردنەوەی ڕووتی هەمان کار. ناوی ئەم دووپاتکردنەوە یەک لەدوای یەکانە لە تێرمینۆلۆژیای فەلسەفەی سیاسی و ئەدەبیاتی سیاسی مارکسیستیی هاوچەرخدا _وەک پێشتر باسکرا_ ئایدیۆلۆژیایە. گریمانەی ئێمەش بەپێی پۆلێنبەندیە مایرزیەکەی سەرەوە ئەوەیە کە سینیسیزم لە جیهانی هاوچەرخدا نە دۆکترینە نە باوەڕ، بەڵکوو سینیسیزم و باڵادەستی ئەم دنیابینی، ڕوانگەیە بۆتە بڕوا یان ڕێچواڵێک کە سازمان دەدات بە بکەرە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکیاندەخات، کە لە دواجاردا

لە کۆمەڵگادا هەڵسووکەوتیان چۆن بێت و چۆن لەو کۆمەڵگایەدا بجووڵێن و بەدواهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی بریتی بێت لە دووپاتکردنەوەی دووپاتکردنەوە، کردنی دووپاتکردنەوەیە بە دونیابینی، کردنی بە ئەخلاق و بەرهەمهێنانەوەی ڕۆژانەی هەمان ئەخلاق و لە کۆتاییدا بە ئایدیۆلۆژیا، بڕوا و ڕیچواڵ.

لێرەوە، ئاسانە لەوە تێبگەین کە جیاوازی بنەڕەتی سینیسیزمی جیهانی گریکی لەگەڵ سینیسیزمی جیهانی هاوچەرخدا لەوەدایە کە سینیسیزمی گریکی خاوەن ڕەهەند و ڕەگێکی ناڕازی و دژبەرانە بوو و بەردەوام خەونی دژبەرانەشی دەئافراند؛ پێوابوو دەبێت سەروەری بگەڕێتەوە بۆ سرووشت و ژیانی سرووشتی و حەیوانی و لە کردەوە و تیۆردا ئەم پرەنسیپەیان بە شێوەیەکی فاناتیک و سەرسەختانە ڕەچاودەکرد و وەفاداربوون بەو خەونانەی ڕۆژانە بە بەختەوەری و ڕزگاری مرۆڤەکانەوە دەیانبینی و یەکێتی کردە و تیۆر پرسێکی ئەخلاقی و سیاسی و ستراتیژیک بوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و پێیان وا نەبوو کە ئامانج پاساوی کەرەستەیە. بەڵام لە جیهانی هاوچەرخدا، لە جیهانێکدا کە لەغاوەکەی کەوتۆتە دەست ئەم چەشنە عەقڵە و ئەرکی سەرەکی خۆی بە مەعیشەت و دابین کردنی قووت و بژێوی لە ڕێگەی وەلانانی و سڕینەوەی سیاسەتەوە دەزانێت، یەکەم کاری سڕینەوەی سیاسەتە لە پانتا و خانە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و مێژوویەکاندا. سیاسەت لە دیدی ئەم عەقڵەوە، ئەو تاقە ڕێگا شکست خواردووەیە کە معقوول نیە پێیدا بڕۆیت و چارەنووسی خۆتی پێوە گرێ بدەیت، لەبەر ئەوەی سیاسەت نەک **هونەری ئەگەرداڕەکان** نیە بەڵکوو هونەری سەقەت کردن و

لەبار بردنی ئەگەرەکانە، نوقسان کردنی ئەو ئەگەرانەیە کە دەبوو لە دەرەوەی سیاسەت و کەشی سیاسیدا بهێنرێنە دی و ڕێگری لە سەقەت بوونیان بگیرابا، سیاسەت ئەو ئەگەرەیە کە تیایدا هەموو دەرفەتەکان پاکیان لەناو دەچن و لەناو چوون و هەبا بوونیان ئەرک و راسپاردەی هەمیشەیەتی. بەڵام ژیژێک لەم پەیوەندەدا ئەم دەرسە ئادۆرنۆیە لە یاد دەکات کە: **مێژووی ئەو ئایین و قوتابخانە کۆنانە، وەک مێژووی حیزبەکان و ڕاپەڕینە مۆدێرنەکان، دەتوانێت فێرمان بکات کە نرخ و باجی ماننەوە / [مەعیشەت] / بەقا دەستێکەڵکردن یان کەوڵاوکەوڵی و گۆڕینی ئایدیایە بۆ سوڵتە.**

**سیاسەت / وەهمی ووشیاری**

لە فەلسەفەی سیاسی ئاریستۆدا مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسی یان باشتر وایە بڵێین ئاژەڵێکی سیاسی و زماندارە. ئاریستۆ لای وایە سیاسەت بەشێکە لە نەست و ووشیاری تاکەکان؛ لێرەوە ئەو کەسەی کە لە سیاسەت وەک لفی بیرکردنەوە پاشگەز دەبێتەوە بەشێکی هەرە زۆری نەست و ووشیاری خۆی دۆڕاندووە و سارتر گوتەنی لەناو چوارچێوەی ***بوون-لە-خۆی*** و هەستی داخراوی خۆیدا قەتیس دەمێنێتەوە. ئەم نموونە سارتریەی کە ئاماژەمان پێدا، هاوتا و لفەکەی لە سیستمی فیکری هێگلدا چەمکێکە لە ژێر ناوی ***ووشیاری ناشاد***دا. ئەم جۆرە ووشیاریە هەرجارە و ڕووبەڕووی ئۆبژەیەک دەبێتەوە وا تێدەگات هەموو ڕەهەندەکانی ئۆبژەکەی ناسیوە و بەسەریدا سەرکەوتووە، بەڵام لە داواجاردا دەبینێت

بەو شێوەیە نیە و ڕوانینەکەی نەیتوانیوە سەر لە بەری ئۆبژەکەی بناسێت و دێتێرميناتە مانایی و مەفهوومیەکانی دیاری بکات.

ئەم چەشنە لە ووشیاری بەپلەی یەکەم لە یەک ڕەهەندەوە سەیری ئۆبژەکانی کردووە و لە یەک زاویەوە ئۆبژەکانی بینیوە. لەم ئاراستەیەدا، پێویستە سەرنجی ئەو خاڵە بدەین کە ووشیاری ناشاد بەشێکی گرینگی دیالێکتیکی سووژەیە لە لای هێگل بەڵام ووشیارەی ناشاد لە ئاستی سووبژێکتیڤدا وەک ووشیاریەکی بەئاگا ئاگادارە لە ناواقیعیبوونی ناسینەکەیدا و دیسانەوە هەوڵ دەدات لە هێڵێکی تازەتردا بگاتە ئاستی بابەتی بوونەوە و خۆی بابەتی بکاتەوە. هەڵبەت لەم ئاراستە و ئاستەشدا، ووشیاری ناشاد نەگەشتۆتە ئاستێک ئەم حەقیقەتە کەشف بکات، واتە لە کاتی کەشفی حەقیقەتدا زەین لە ئاستی ووشیاری ناشاد تێدەپەڕێت و دەچێتە قۆناغێکی بانترەوە. کەواتە، ئەگەر گریمانەکە ئەوە بێت کە سیاسەت وەک پانتایەک بۆ ئەکت سیاسی/مێژوویی یاخود وەک پانتایەکی فەننی بۆ/یان بیرکردنەوە لەبەرچاو بگرین، کاری سیاسەت ڕەخساندن و سازدانی جیاوازی و لێکجیایە لە دڵی واقیع/کۆمەڵگا و پانتای مەنفیدا؛ پانتایەک کە تیایدا نەفی کردنەوە بەشێکە لە کاکڵی بیرکردنەوە و ستارتی گۆڕینی دۆخی هەبوو یان **ئەوەی هەیە**. سیاسەت لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێرانی هەنووکەیدا، نە، بەخشینی دەنگە بە بێدەنگەکان (ڕانسیێر) و نە حوزوور و ئامادیی سووژەیە لە مێژوودا (بێنیامین) و نە چالاک کردنەوە و ئەکتیڤ کردنەوەی هێزە پەسیڤ و کەمچوستەکان، بەڵکوو داهێنانی کەشێکە کە تاقە ئامانج و تاقە بەهاکەی مەعیشەت و گوزەرانی ژیانە. تاقە ڕێگە و پاساویش بۆ دەستەبەرکردنی قووت و بژێوی ژیان،

دیالێکتیکی ئیکسپایری نێوان ئامانج و کەرەستەیە و ئەنجامی ئەم دیالێکتیکەش سەرکەوتنی هەمیشەیی ئامانج بووە و کەرەستەش بەردەوام لە هەرێمە چەپێنەرەکانی ئامانجدا قەتیس کراوە. لە سۆنگەی درێژەدانی ئەم لۆژیکەوە دەتوانین بڵێین ناوی ئەم قەتیسبوونە لای مارکس" ***وەهمی سەردەم***"ە. وەک خۆی دەڵێت: ئاراستە و هێزی هەڵخڕێنەری سەرمایە و چالاکیەکانی، دەسخستن و وەدەست هێنانی قازانجە. بەدەست هێنانی قازانجیش سەرمایداران ناچار دەکات لە هەوڵێکی بێ وچاندا بن لەپێناو دوو شتدا: **لە پڕۆسەی کار لە بەرامبەر کاردا جەخد لە سەر بەرهەمهێنانی بەهای زیادە یان زێدەبایی بکەنەوە و لە پڕۆسەی گەڕان لە بەرامبەر سەرمایدارانی دیکەدا جەخد لە سەر مسۆگەرکردنی بەهای زیادە بۆ قازانج بکەنەوە. لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کاردا ماشینیکردنەوە وەک فۆرمێکی بالادەست، زیادکردنی بەرهەمهێنانی زێدەبایی سەرهەڵدەدات و لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەرمایەدارنی بەرامبەریشدا کەمکردنەوەی تێچوونەکانی یەکەی بەرهەمهێنانە_ نرخەکانی تێچووی یەکە _کە وەک چەکی سەرەکی ڕکابەری سەرهەڵدەدات15**.

بەم پێیە، دەتوانین بڵێین ئەوانەی بەرهەمی کۆمەڵگای ئێمەن و هەڵقوڵاو و زادەی زەمینەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتین، بەشێکن لە پێکهێنەرانی ئەو گرووپە سیاسی، ئایینی، حیزبی، سێکت و دەستە و تاقم جۆراوجۆرانەی کە دەبنە نەیاری یەکتر و هەریەکە و لە شوێن و پێگەی خۆیاندا، دۆخی هەبوو بەرهەم دەهێننەوە؛ واتە هەرلایەن و دەستە و گرووپێک زیاترین هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی خۆی و گرووپ و دەستەکەی و دژایەتی و تەنانەت لەهەندێک کاتیشدا ئامانجە

ستراتیژیکیەکانیان ئەتکی دەستەوگرووپی بەرامبەر و لێدان و لەناوبردنیانە بەشێوەیەکی پێکهاتەیی.

## ئەقڵی سینیک یان وەهم وەک ڕیچواڵ: نموونەیەکی سەرەتایی

ڕووبەرەکانی واقیعی کۆمەڵگای ئێمە دووجۆرن: یەکەم، ئەو بنەما و بەهایانەی سیستم بە شێوەیەکی شەفاف و بەرچاو پەرەیان پێدەدات و لە ڕێگەی ئاپاراتووسە فرە جۆرەکانیەوە بە پانی پەرەیان پێدەدات و لایەنە شاراوە، ڕازاوی و ئاڵۆزەکانیەتی لە دامەزراوە و ڕێکخراوە تایبەتەکانی خۆیدا و پەرەپێدان و بەرهەم هێنانەوەی ئەو پێشگریمان و بەها و دۆخانەی سیستم لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیاوە بەکاریان دەهێنێت بۆ ئەوەی بگاتە ئامانج و ئەنجامی خۆی. ڕووبەری دووهەمیش بریتیە لە: شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ ئەم دام و دەزگا و دامەزراوە و ئاپاراتانەی کە سیستم ڕۆژانە موهەندسیان دەکات و وەک تۆڕێکی گەورە بە هەموو خانە و جومگە و پنتە کۆمەڵایەتی و دەوڵەتیەکاندا بڵاویان دەکاتەوە و هەوڵێکی بێوچانی بۆ دەدات ببێت بە بەشێک لە ڕوانین و دنیابینی خەڵک و لە کۆتاییدا ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر و ڕیچواڵێک کە ڕێکخەری ڕۆژانەی ژیان و ئاراستەکاری سەرەکی بێت؛ ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ سیستم و ڕۆنان یان ڕمانی ئەو بەهایانەی کە لەڕووی مرۆیی و مێژوویەوە، ئەندامانی کۆمەڵگا و خەڵک بەگشتی پێویستە بیپارێزن (دادپەروەری، ئازادی، بەرابەری، سەربەستی، ڕۆشنگەری، دیمۆکراسی و...).

با گریمانەکە ئەوە بێت کە سیفەتی بێگەرد و ڕووتی واقیعی چەواشەکراو و خەوشدار کە مرۆڤ یان سووژە بە شێوەیەکی دەرەکی لێی ڕادەمێنێت و بیری لێ دەکاتەوە، چۆن ووشیاریەکی نائایدیۆلۆژیک و بەتاڵ لە ئایدیۆلۆژیا مسۆگەر و ئەگەردار دەکاتەوە. بە باوەڕی مارکس، پراکسیسی شۆڕشگێڕانە تاقە ڕێگەی پاشەکشێ کردن و سەرکەوتنە بەسەر ئایدیۆلۆژیادا. پراکسیسی شۆڕشگێڕانە بە شێوەیەکی ڕیشەیی و ڕادیکاڵ ئەو دۆخە دەگۆڕێت کە کردەی بەرهەم هێنەرانە ناچار دەکات ئەو سیما و ڕواڵەتانەی کە ئاوەژوون و سەرلە سووژەکان دەشێوێنن و گومڕایان دەکەن لەناو بەرێت. بەواتایەکی دیکە، وەک مارکس خۆی دەڵێت: **ئەو کاتەی کە لە پەیوەندی بەرامبەر تێبگەین و فام بکرێت، هەر چەشنە باوەڕێکی تیۆریک بەپێی پێویستیی بەردەوامی دۆخی هەبوو پێش ڕمانی پراتیکی و عەمەلی ئەم دۆخە، لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و دادەڕمیت.**

نموونەیەکی سەرەتایی و خۆجێی یان لۆکاڵی بۆ سینیسیزم و باسەکەی ئێمە، پرۆژەی ڕیفۆرمیزمە لە ئێرانی پاش جەنگی هەشت ساڵەی کۆنەپەرەستانەی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ڕووخاوی بەعسی سەدام حسێن لە عێراق کە باشترین، لە بارترین و گونجاوترین نموونەیە بۆ ئەم یادداشتە ئێمە و لە لایەکی تریشەوە ئەو وەهم و سەرابەیە کە بۆتە بەشێکی جەوهەری و دانەبڕاویان لەپەیوەندیدا بە سیستمەوە و بۆتە بڕوا یان ڕیچواڵێک کە ڕەنگە تیگەیشتنی ئەوان لە سیستم بۆ خۆیان یان لای خۆیان بکات بەواقیع و ڕاستیەکی بەڵگە نەویست، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە بۆ کۆی کۆمەڵگاش ببێت بە ڕاستی و واقیعێکی حاشا هەڵنەگر. لەم پەیوەندەشدا، دیسان گەڕاننەوە و ئاماژەدان بە گووتەکەی تۆلستۆی لە

دەسپێک و سەرەتای ئەم یادداشتەدا بێکەڵک نەبێت و وەک ئێف ئێچ برادلی دەڵێت: **ئەو شوێنەی کە تێیدا هەموو شتێک بەدە، باشترین کار و چاکەکاری، زانین[و نیشاندانی] بەدترین شتە** و دوا بە داوای ئەمەش ئەم ڕستە تەواوکەرەی پێ زیاد بکەین کە بینینی گەڵای داران بەد و شادمانیش بەدترین. ریفۆرمیزم بە شێوەیەکی ئامپریستی لە دوای ڕووداوەکانیساڵی 88 دەبوو خەیاڵدان و فانتاسی خۆی ئەوەندە بخاتە ژێر زەبری گومانەوە کە وەهم و تەوەهومێکی بە پاشەکشێ بۆ پانتای یاسا نەمابایەتەوە و هەستی بە لاوازی و بێ جەنەمی خۆی بکردبا، بەڵام لەبری ئەو پێداچوونەوەیە، کەوتە هەوڵێکی تازەوە بۆ درێژەدان و بەردەوامبوون لەو وەهم و سەرابە تازەیەدا کە بە دەوڵەتی بەنەوش بەناوبانگە و یەکێک لە پارادۆکسیکاڵ و پێکناکۆکترینی ئەو دەوڵەتە یەک لە دوای یەکانەیە کە مێژووی ئەو وڵاتە ئەزموونیان دەکات، واتە پارادۆکسی دەوڵەتی نیمچە ریفۆرمیست و مەجلیسی ئۆسوولگەرا؛ ئەو وەهمەی کە قەوارە و پەیکەری سیستم لە ڕیگەی  دەوڵەتێکی نیمچە ریفۆرمیستیەوە  بیەوێت ئارەزووی پاڕلیمان و مەجلیسێکی ئۆسوولگەرا ئاراستە بکات. ئەمەیە ئەو پارادۆکس و وەهمەی کە پاڵنەر پرۆژەی ئیسلاحات و ریفۆرمە و لەسەرابێکەوە بۆ سەرابێکی دیکە دەیتلێنێت، ئەمەیە لووتکەی ئەو سینیسیزمەی کە ڕیچواڵ و بڕوای دووپاتکردنەوە بەردەوام جوومگەبەندی دەکاتەوە، ئەو دووپات کردنەوەیەی کە تەنیا دووپاتکردنەوەیە و هیچی دی. ئەمەیە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە دووپات کردنەوە دەکاتە مەبەستی دووپاتکردنەوەیەکی دیکە تەنیا لەبەر ئافراندنەوەی وەهمێک و ژیان بەرەو سەرابێکی دیکە.

گومانی تێدا نیە کە ڕێفۆرمیستەکان بۆ خۆیان لە هەمووان باشتر بە ئاگان و باشتر زەرفیەت و توانستەکانی ئەم سیستمە دەناسن و پتر لە هەمووان بەر پەلاماری یاسایی و تەنگ و چەڵەمە و ماشینی هاڕینی ئەم سیستمە کەوتوون و دوا نموونەش حەسری سەرکردە و پاشان ڕاونان و دەرپەڕاندنی بن کردەکانیان بوو. لێرەدا، دەبێت بیرمان بێت کە هەر بەپێی ڕوانگە مارکسیەکە، جەوهەر یاخود سرووشتی ئاوەژووی ووشیاری ئایدیۆلۆژیک، هاوتەک و جووتە لەگەڵ بەراوەژوویی ڕاستەقینەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا. کۆماری ئیسلامی بەهیچ جۆرێک پۆتانسیێل و توانستی ئەوەی تێدا بەدی ناکرێت کە ڕێفۆرم قبووڵ بکات و هەر چەشنە تێز و تیۆرێک_ جگە گۆڕان و هەڵتەکاندنی ڕادیکاڵ، ڕیشەیی و سەرتاسەری_ لەگەڵ مێکانیزمە ناوەکیەکانیدا نایەتەوە و جەستەی سیاسی ئەم پەیکەرە پتەو و بەستووە، هێقی دەکاتەوە. سیستمی ناوبراو قووڵ و بەشێوەیەکی بنەڕەتی و مەعریفی و ئیپیستمۆلۆژیک، ناکۆکە بە هەر چەشنە ڕێفۆرم و چاکسازیەک بە مەبەستی گۆڕانی قەوارەی سیاسیی و دنیابینیەکەی و بەشێوەیەکی ئامپریستی و ئەزموونەکی، نایەتەوە لەگەڵ هیچ چەشنە خەملاندن و جوانکاریەکدا، بەهیچ جۆرێک دان بە گۆڕان و داتاشین و تراشدانی مەخمەڵی و بێئازاردا نانێت. ڕیفۆرمیستەکان هەمان ئەو کەسانەن کە سەریان سپاردۆتە ئەو وەهمەی کە دەیانەوێت لە ڕێگەیەوە خشت لەسەر خشت، کۆمەڵگای ئایندە و بەرمەبەستیانی پێ بونیات بنێن. لە ڕوانگەی سلۆتردایکەوە، خۆدان بە دەست ئەم وەهم و لێڵیەوە، دەرەنجامەکەی هیچ نیە جگە سەراب، جگە هەدەردانی توانستە ڕاستەقینە و مادی و توانستە ناوەکیەکانی کۆمەڵگا بۆ گۆڕان و هەڵتەکاندنی

سەرتاسەریی دۆخی هەبوو و ئەو کۆمەڵگایەی کاری تێدا دەکەن و بۆی دەژین. کەواتە، ریفۆرمیستەکان پێویستە ئەم حوکمە بێکێتیە لە دادگای مێژوودا وەربگرن و عەمەلی بکەنەوە: **تۆ بۆ شەو دەگریای، ئێستا شەوە، کەواتە لە تاریکیدا بگری.**

جێگەی سەرنجە کە ئاماژە بەو خاڵەیش بدەین کە ئێمە لەم یادداشتەدا تەنیا لەڕووی تیۆریکەوە پەرژاینە سەر عەقڵی سینیک و پرسی سینیسیزم و هەڵوێستەمان لەسەر کرد، ئەگینا خوێندنەوەی لە ناوکۆیەکی تەکنیکی سیاسەت و هەر وەها لە ناوکۆیی ئەزموونی سیاسی و مێژوویی خەباتی شۆڕشگێڕانە، ڕزگاری بەخش و سۆسیالیستی کوردستاندا، دەتوانێت بە پانی کۆی ڕەهەندەکانی ئەم سەکتەیە لە ڕەوتی گۆڕانکاریە دەروونی و ناوەکیەکانی کوردستاندا دەربخات و دیاری بکات. بە گوتەیەکی دیکە، خەباتی سۆسیالیستی، ڕزگاریبەخش و شۆڕشگێڕانەی کوردستان، هیچکات دەرفەت و ڕێگای ئەوەی نەدا، داوێنی ئالوودە ببێت بەم وەهم و سەرابە و ڕێزی لە پانتای سیاسەتی ئێران و کوردستاندا لەکەدار بکرێت و مینای مێژوویی خۆی بشکێنێت و خەوشداری بکات. خەبات و سیاسەتی سۆسیالیستی لە کۆردستان بەردەوام توانیویەتی ئایدیای سیاسەت و ئایدیای خۆشبەختی لە خول و دەورانە جیاوازەکاندا ڕۆبنێتەوە و ئەم دوو ئایدیایە بکاتە یەکێک لە پایە سەرەکیەکانی سیاسەکردن و خەبات بۆ هێنانەدی و مسۆگەرکردنیان.کەواتە، خەباتی کوردستانیش ئەم حوکمە نیچەییە فەرامۆش ناکات کە: **تا گۆڕەکان هەن، ڕابوونێکیش هەیە.**

ریفۆرمێزم مەخلووقی خالقێکە کە بەدرێژایی مێژوو هەوڵ دەدات خەباتی خەڵکی کوردستان سەرکوت بکات و دەست لە بینی بەرنەدات و لەم نەبەردەدا سەرکەوێت، بەڵام ریفۆرمیزم و دەوڵەتە پاڵپشتەکانی، **نە توانیان دەریا فەلاقە بکەن و نە توانیان قامچی بدەن لە سینگی ئاسمان.** ریفۆرمیزم وەک ماشینێکی زەبەلاحی بەرهەم هێنان و بەرهەم هێنانەوەی سینیسیزم و ئەخلاقی کردەیی هاوشانی، لەم چەند ساڵەدا دەورێکی بێ هۆ و بێ مەبەست و چەواشەکارانەی هەبووە و لە ڕێگەی ئەم وەهمە ئایدیۆلۆژیکە سینیسیستیەوە، کە کۆمەڵێک پاشکۆی بچووکی ئۆپۆرتۆنیستی بێ ڕەبت و لووس و بێ تەربیەتی لێرەوە لەوێ تەربیەت کرد، ڕووی ڕاستەقینە و واقیعیی کۆمەڵگای ئێرانی چەواشە و خوار و ئاوەژوو کرد. بەواتایەکی دیکە، ریفۆرمیزم ئەو ئایدیۆلۆژیایە نییە کە ناڕاستەقینەیە بەڵکوو ئەمئەوێتی و هەمانیی ئایدیۆلۆژیایە بۆ هاوتەکبوون و کردنی  واقیعێکی ڕاستەقینە بە ناڕاستەقینە و لفی خۆی. لێرەوە، خاڵی بنچینەیی و پایەیی، بە پێی لۆژیکی ناوەکیی ئەم خوێندنەوەیە و سرووشتی ئەو نموونە سەرەتایەی کە هێنامانەوە، پێویستە دەرەنجامەکەی ئەمە بێت: ریفۆرمیزم جەغد کردنەوەی وەهمێکە لە وەهمێکی دیکەدا، سەرابێکە دەیەوێت تینوویێتیەکەی لە سەرابێکی دیکەدا بشکێت و لەوێدا داواکاری و خواستەکانی تێراو بکات. بە تەعبیرێکی دیکە، سەرابی سیاسەت و سیاسەتی سەراب، وەهمی سەراب و تینوویێتی وەهم و لەکۆتاییدا ماشینێکی گەورەی هەڵم و تەم و هەدەردانی توانستە.

هەر جۆرە ریفۆرمێکیش هیچ نیە جگە جەڕڕاحیەکی پلاستیکی، کە ئەگەر هەموو شوێنێکی جەستەی بکەوێتە بەر هەڕەشەی تیغی تیژی ئەم

جەرڕاحیە پلاستیکیەوە، هیچ شتێک لە نەفسی هەیکەلەکە ناگۆڕێت و جەوهەر یان ئێسێنسەکە وەک هەمیشە لە جێگای پتەو و کۆنی خۆیدایە و رێفۆرمیستەکان دەبێت لەوە تێبگەن کە حاکم نەچاوی هەیە بۆ بینین و نە گوێیشی هەیە بۆ بیستن؛ واتە، هەموو ڕێفۆرم یان گۆڕانێکی بەکاوەخۆ و مەخمەڵی_ کە بەڕای نووسەری ئەم دێڕانە ئەم کردەیەش وەک باقی کردە شکست خواردووەکانی ڕێفۆرمخوازان و عەقەبە مەفلووکەکانیان، دیسان وەک هەمیشە ***لەخۆیدا و بۆ خۆی*** نەکردەیە_ کۆمەڵێک ڕێفۆرم دەبن لە ئاستی درێژی و کورتی یان پانی و زەبەلاحی هەیکەلەکەدا و لە باری لۆژیکیشەوە، ئەم ئەکتە ڕێفۆرمیستیە ئەو پەڕەکەی دەچێتە خانەی ئەپیرێنس و عەرەزەوە نەک خانەی ئێسێنس و جەوهەرەوە. پڕۆژەی ئیسڵاحات و ڕێفۆفرم پتر پڕۆژەیەکی عەرەزیە تاکوو پڕۆژەیەکی جەوهەری و پایەیی؛ رێفۆرمیزم لەڕووی قەدەر و چارەنووسەوە دەبێت وەک بەلعەم باعوور حەقیقەت ببینێت و ناچاربێت لە بینینی حەقیقەت، ئەگینا ریفۆرمیزم بە پێی ئەزموون و بەرەنجامەکانی، تا هەنووکە لەتیۆر و بۆچووندا هەمیشە و بەردەوام بە بێمانایی گەیشتوون و لەکردار و پراتیکیشدا گەیشتوونەتە شکستی ڕووت. ئەمەیە حەقیقەتی رێفۆرم، ئەمەیە حەقیقەتی نوشووستی؛ ئەمەیە ئەنجامی رێفۆرمی حەقیقی، ئەمەیە نوشوستیی حەقیقی.

**ژێدەر:**

*سینیسزم ناوی قوتابخانەیەکی فیکری یوونانی کەونینە و فەلسەفەی گریکیە کە پشت و ڕەچەڵەکی ناوەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یوونانی کۆئۆن و کۆئۆنیش بەمانای سەگە. سینیکەکان لە بەر ئەوەی بە بێ شەرم و دەم دادڕاو ناوبانگیان دەرکردبوو و سڵیان لە هیچ چەشنە کارێک نەدەکردەوە و چیان پێ خۆش با و حەزیان لە چ کارێک کردبا، بە بەرچاوی هەموو خەڵکی شارەوە دیان کرد و کۆیان لە گەورە و بچووک، ژن و پیاو، دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات و فەیلەسووف و خەڵکی ئاسایی سەر جادە نەدەکردەوە و بە ئارەزووی خۆیان دەجووڵانەوە. لە زمانی فارسی و عەرەبی و تا ڕادەیەکیش لە زمانی کوردیشدا بۆتە باو کە لە بەرامبەر وشەی سیینیسیزم و سینیکدا کەڵک لە وشەی کەلبیگەری و کەلبی وەربگرن بەڵام ئێمە لەم یادداشتەدا بەرامبەرێکمان بۆ ئەم وشەیە دانەناوە و پێمان باش و گونجاوتر بوو کە، بەکارهێنانی لاتینیی ئەم وشەیە لە باری ئێستاتیکیشەوە، لەسیاقی ڕستەکاندا خۆی دەگونجێنێت و جێگەی خۆی دەکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**

1-متفکران روس، آیزایا برلین، نجف دریابندری، انتشارات خوارزمی.

2-متفکران یونان، تئودور گمپرتس، محمدرضا لطفی، انتشارات خوارزمی.

3-تاریخ فلسفه سیاسی، جورج کولسکو، خشایار دیهیمی، نشر نی.

4- فیلسوفان یونان، تئودور گمپرتس، محمدرضا لطفی، انتشارات خوارزمی.

5- تاریخ فلسفه سیاسی، جورج کولسکو، خشایار دیهیمی، نشر نی.

6- فیلسوفان یونان، تئودور گمپرتس، محمدرضا لطفی، انتشارات خوارزمی.

7-هەمان سەرچاوەی پێشوو

Slavoj Zizek-The Sublime Object of Ideology (Second -8 Edition) This edition published by Verso 2008.

9- درآمدی بر ایدئولوژی، تری ایگلتون، اکبر معصوم بیگی، نشر آگه.

Slavoj Zizek-The Sublime Object of Ideology -10 (Second Edition) This edition published by Verso 2008.

Ibid.p 24 -11

Ibid.p 25 -12

13-اسلاوی ژیژک، تونی مایرز، فتاح محمدی، انتشارات هزاره سوم.

14-لودویگ فوئرباخ و ایدئولوژی آلمانی، مارکس، انگلس، پلخانف، پرویز بابایی، نشر چشمه.

15- فرهنگ نامه اندیشه مارکسیستی، باتامور و دیگران، اکبر معصوم بیگی، انتشارات بازتاب نگار.

سینیسیزمی هاوچەرخ هیچ پاڵپشتێکی فیکری نیە و ڕەگی لە هیچ چەشنە تیۆرێکی هاوچەرخدا نیە، پشتی نەبەستووە بە فەلسەفەیەکی دیاری کراوەوە و هێچ کەسایەتیەکی فیکری بەناوبانگیش بەرایی ئەم ڕوانگەیەی نەگرتووە. سینیسیزم لە جیهانی هاوچەرخدا ژیانێک دەژی بە بێ ئایدیا، سینیسیستەکانی جیهانی کەونینە لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئایدیاوە دژایەتی بەها کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان دەکرد. سینیسیزمی مۆدێرن تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لە پراگماتیزم و کردەگەرێتیەکی کوێر، سینیسیزمی هاوچەرخ ڕەگی لە هیچ ئایدیا و بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی وەک فەزیلەت، بەختەوەری، ڕزگاری، پاراستن و پێداگری لەسەر پرەنسیپەکان، ئیرادە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داب و نەریت و یاسا و نۆرمە باوەکاندا نیە و بەرهەمێکی هیچ خاکێکی فەلسەفی و بەر و بوومی هیچ بوارێکی تیۆریک و تەنانەت پێدراو یان فیکرەیەکی مێژووی هاوچەرخی فەلسەفە نیە.